# پێشەکی

پەیوەندیی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، لایەنێکی دیار و گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد پێکدێنێت. چەندێتی و چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر داهاتوو و ئاراستەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا. هاوکات خستنەڕوی هۆشیاری لایەنە سیاسییە کوردییەکانە لە چۆنیەتی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئاراستەی ڕودا و مامەڵە کردنیانە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەدا کە وڵاتانی هەرێمی گرتوەتەوە لەم قۆناغەدا .

پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦ – ١٩٨٩)، لایەنێکی گرنگە لەمێژوویی (ی . ن . ك) وجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری لە باشوری کوردستان و دامەزراندنی (ی . ن . ك) و پێشەوەچوونی ئەم ڕێکخراوە، و ڕودانی چەندین ڕوداوی مێژوویی کە گرنگترینیان بریتییە لە : کۆتایی دەسەڵاتداری شا و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، و ژیانەوەی بزاڤی سیاسیی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، و دووبارە دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداریی لەم پارچەیەی کوردستان، و هەڵایسانی جەنگی (عێراق _ ئێران) و بەردەوام بوونی بۆ ماوەی هەشت ساڵ (١٩٨٠_١٩٨٨)، هەرلەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییەکانی (ی . ن . ك) پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیووە .

گرنگیی ئەم بابەتە لە وەدایە، کە تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە دەربارەی ( پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٦–١٩٨٩)، لەگەڵ باسکردنی مێژوویی سیاسی (ی . ن . ك) لەم قۆناغەدا هەوڵدراوە چۆنیەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندێتی هاوکارییکانی نێوانیانیان بخەینە ڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی کەم و کورتیەکانی پەیوەندیی نێوان هەردوولا بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوخۆیی و کاریگەرییان لەسەر ئەم پەیوەندییانە. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشك خستنەسەر هەوڵەکانی یەکێتی و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ یەکخستنی تواناکانیان بۆ ئەوەی لە نێوان بەرداشی ململانێ و جەنگی هەردوو دەوڵەتی (عێراق و ئێران)دا درێژە بە خەبات بدەن، سود وەرگرن لەکێشەی نێوان هەردوو وڵات بۆ بەرەوپێشبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم دوو بەشەی کوردستاندا. دواتر نیشاندانی کاریگەریی پەیوەندیی هەرێمایەتی یەکێتی و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان شلۆڤە کراوە.

هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەیەكی زانستی بەم ناونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە تا ئێستە و لە كاتی نوسینی لێكۆڵینەوە زانستییەكانی پێشوو دا، كە لەسەر مێژووی پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان نوسراوە، و بە وردی باس لە چۆنیەتی و شێوازی ئەم پەیوەندییانە نەكراوە، گەر كرابێتیش لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەی بابەتەجیاوازدا زۆر بەكورتی بووە. بەتایبەت پەیوەندیەكانی (ی . ن . ك) لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی رۆژهەلاّت تا ئێستە نەكراوە بە ناونیشانی توێژینەوەیەكی زانستی( ماستەر یا دكتۆرا). جگە لەمە بەدواداچوون بۆ خستنە رووی هەوڵی لایەن و كەسایەتییە سیاسییەكان بۆ یەكخستنی هێز و توانای جولاّنەوەی گەلی كورد لەڕابردوودا بۆ دەستپێكردنی خەباتێكی سەرتاسەری و كوردستانی لەچوارچێوەی كوردستانی گەورەدا، هۆكارێكی تر بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە .

لەكاتی جێبەجێكردنی ئەم توێژینەوەیەدا بەپێڕەوكردنی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستی ، هەوڵدراوە لایەنە دیار و نادیارەكانی ئەم بابەتە بخرێتەروو، و لەسەر بنەمای میتۆدی (مێژوویی – شیكاری) راڤەی هۆكار و دەرەنجامی رووداوەكان كراوە. بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی هاوسەردەمی رووداوەكان یان نزیكی رووداوەكان ، وەك یاداشت و گێڕانەوەی ئەو كاراكتەرانەی كە بەشدار و نزیكی روداوەكان بوون .

ئەم توێژینەوەیە لە رووی ناوەڕۆكەوە پێشەكی و سێ بەشی سەرەكی و ئەنجام لەخۆ دەگرێت ، وەك لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەكەین :

بەشی یەكەمی توێژینەوەكە تەرخانكراوە بۆ سەرەتای پەیوەندییەكانی (ی . ن . ك) و پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان لەماوەی سالاّنی دامەزراندنی (ی . ن . ك) بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، ئەم بەشەش دابەشكراوە بۆ چوار باسی سەرەكی ، باسی یەكەم هەڵوێستی (ی . ن . ك) بەرامبە جولاّنەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد لە بەشەكانی تری كوردستان نیشاندراوە ، لەباسی دووەمدا باس لە ئاڵوگۆڕەكانی ناوخۆی ئێران و كاریگەری و سیاسەتی ئەم ولاّتە لەماوەی دەسەلاّتداری شادا بەرامبەر بە(ی . ن . ك) كراوە و دواتریش باس لەو گۆڕانكارییانە كراوە كە لە ئەنجامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هاتووەتە كایەوە ، لەباسی سێیەمی ئەم بەشەدا باس لە ڕۆڵ وپێگەی (ی . ن . ك) كراوە لە راپەڕین و خۆپیشاندانەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان و بەشداری (ی . ن . ك) لە هاندان و بەدەنگەوەچونی خەڵكی رۆژهەلاّت ، باسی چوارەم تایبەتە بە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییەكانی (ی . ن . ك) لەگەڵ هێزە كوردییەكانی رۆژهەلاّت بەتایبەت (حدكا) و (كۆمەڵە) .

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە پەیوەندییەكانی (ی . ن . ك) و پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان لەماوەی سالاّنی (١٩٧٩ –١٩٨٢) ، ئەم بەشە سێ باس لەخۆدەگرێت ،

هەواڵنامەی كتێب

باسی یەکەم تایبەتە بەئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵوێستی (ی . ن . ك) لە ڕووداوانەدا، بەتایبەت لەهەڵایسانی جەنگ لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەسەڵاتدارانی نویّ ی ئێران و هەڵوێستی (ی . ن . ك). لەباسی دووەمدا باسی پەیوەندیی (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کراوە لە گەڵ هەردوو وڵاتی (عێراق و ئێران ) ، بارودۆخی وڵاتانی هەرێمی و پەیوەندیی نێوان (عێراق و ئێران) کاریگەرییان لەسەر پەیوندیەکانی (ی . ن . ك) و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، لە باسی سێیەمدا باس لە پەیوەندیی (ی . ن . ك) و هێز و لایەنەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کراوە لەم قۆناغەدا ، چۆنیەتی پێشەوەچونی ئەم پەیوەندیە خراوەتە ڕوو .

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بارودۆخی سیاسی (باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی (ی . ن . ك) لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٨٢-١٩٨٩) ، کە ئەم بەشە لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە ، باسی یەکەم تایبەتە بەرەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناردنی یارمەتی چەکداری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن (ی . ن . ك)ەوە بۆ هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆکار و دەرەنجامەکانی خراوەتە ڕوو . لە باسی دووەمدا باسی بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانی (ی . ن . ك) و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کراوە، بەشداری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا لە ڕووداوەکانی باشووردا شیکراوەتەوە ، باسی سێیەم تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٨٢ بۆ ساڵی ١٩٨٩ ، کە ئەم ماوەیە دابەشکراوە بۆ سەر دوو قۆناغ : قۆناغی یەکەم ساڵی ١٩٨٢ بۆ ساڵی ١٩٨٥ هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی (ی . ن . ك) لەگەڵ حکومەتی عێراق ، قۆناغی دووەم :ساڵی ١٩٨٥ بۆ ساڵی ١٩٨٩ هاوکاتە لەگەڵ کۆتایهاتنی دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حکومەتی عێراق و دروستبوونی پەیوەندیی نێوان (ی . ن . ك) و ئێران .

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن وسەرەکی بەستراوە کە دەتوانرێت تیشکیان بخرێتە سەر :

١- **ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان**

ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان بەتایبەت ئەرشیفی(ی . ن . ك) ، لەبەیان و بڵاوکراوە کە لەکاتی ڕوداوە گرنگەکاندا بڵاو بوونەتەوە ، هەروەها نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەی لایەنە سیاسییەکان، وەك (باری ئێستای خەباتمان ، بانگەوازی کوردایەتی) لە بڵاوکراوەکانی (ی . ن . ك) ، خیانەتەکانی قیادەی مووقت بەنەتەوەی کورد ،لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)، کە گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەبووە بۆ نوسینی توێژینەوەکە، و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی دابنرێت ، چونکە هاوکات و نزیکی

ڕووداوەکان بوون ، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها هەڵوێست و بۆچوونی لایەنێکی تێدا دەبینرێت یان هەندێك جار بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و لایەنگری بۆ حیزبێکی سیاسی بلاْوکراونەتەوە بۆیە بە وردی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. وەك( نامەی تاکەکەسی و بلاْوکراوە و بەیاننامە و ڕێکەوتننامەکان ).

### ٢- سەرچاوەی کوردی

سەرچاوە کوردییەکان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە زانیاری مێژوویی وردن و سودی زۆریان لێوەرگیراوە ، کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین ، وەك یاداشت و بیرەوەری ئەو کاراکتەرانەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ نزیکی ڕووداوەکان بوون ، بەڵام ئەمانیش بەهەمان شێوە بەپێی تێڕوانینی کەسی و هەروەها بۆچوونێکی سیاسیی تایبەت نوسراون بۆیە هەندێکیان بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە . بە شێوەیەکی گشتی سودی زۆرمان وەرگرتووە لە زنجیرە بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، خولانەوە لە ناو بازنەدا) کە بریتیە لە گێرانەوەی بەسەرهات و ژیانی نوسەر و هاوکات بەشێکی گرنگ لە مێژووی (ی . ن . ك) لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٨) ، هەروەها یاداشتی پێشمەرگایەتی ڕێباز (قەندیل بەغدای هەژاند) لەگەڵ بیرەوەرییەکانی پشکۆ نەجمەدین (ئەزمون ویاد) گرنگی و بایەخی گەورەیان هەبووە بۆ ئەم توێژینەوەیە ، لەگەڵ بیرەوەرییەکانی ( کەریمی حیسامی، خدر مەرەسە، ڕەفعەتی مەلا، محەمەدی حاجی مەحمود ... هتد) زۆرترین سودیان لێوەرگیراوە .

هەروەها سود لە چەندین پەرتوکی کوردی وەرگیراوە ، گرنگترینیان بریتین لە (برایم جەلال :چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، فاتح ڕەسول :هەرسێ بەرگی کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، هەرسێ کتێبی نوسەر بەهمەنی سەعیدی :سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە / خەبات بەرەو سەرکەوتن ،پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی)، حامید گەوهەری:ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا ، جەلیل گادانی پەنجا ساڵ خەبات ) ، لە گەڵ چەندین کتێبی تر کە نوسەرەکانیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆوە لە گەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە هاوسەردەمی ڕوداوەکان بوون ئامادەیان کردوون وەك (ئامادەکردن و کۆکردنەوەی محەمەد مێرگەسوری تروسکاییەك لەشەوەزەنگدا ، هەیاس کاردۆ :ئەزموون و خەبات، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولاْی حەسەن زادە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد :پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا)، جگە لەمانە چەندین کتێبی تر کە لە لایەن کەسانی بیانییەوە نوسراون و وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی وەك (نادر ئینتیسار :ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ئۆفرا بینگیۆ : کوردی عێراق)، هەر لەناو سەرچاوە کوردییەکاندا سودێکی زۆر وەرگیراوە لەو توێژینەوە زانستییانەی کە وەك کتێب بلاْوکراونەتەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا گەلێك لایەنی شاردراوەیان بە وردی خستووەتە ڕوو وەك (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر : یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ، فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولاْنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٥_١٩٨٩)، یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجولاْنەوەی ڕزگاریخوازی

نەتەوەیی گەلی کورد ( ١٩٣٩-١٩٧٩) ،هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەلاّتی کوردستانلێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد(١٩٧٩-١٩٨٩)، گرنگ و پڕ بایەخ بوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە .

### ٣- بە زمانی عەرەبی

هەر لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە چەند سەرچاوەیەك کە بە زمانی عەرەبی نوسراون یان وەرگێڕدراون بەکاربهێنرێن لەوانە:( صلاح الخرسان : التیارات السیاسیة ف کردستان العراق ، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ : الأنفال الکورد)، کە سودیان لێوەرگیراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

### ٤- بەزمانی فارسی

لە چوارچێوەی بە جێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا بەهەمان شێوە سود لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی فارسیش وەرگیراوە ، کە بریتین لە یاداشتەکانی (حسین مراد بیگی ( حمەسور )، تاریخ زینده کردستان ، گلرخ قبادی : شقایق ها بر سنگلاخ) ، نوسەرانی ئەم دوو یاداشتە راستەوخۆ لە ناو رووداوەکاندا بوون و تارادەیەکی باش توانیویانە وێنای ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان بگوازنەوە بۆ خوێنەر.

هەوراز نامەی کتێب

### ٥- سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی

هەر لەم توێژینەوەیەدا چەند سەرچاوەیەك بەزمانی ئینگلیزی بەکارهێنراوە ، بەلاّم لە چوارچێوەیەکی سنورداردا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لەم قۆناغەدا زۆر وردن و نوسەرانی بیانیش زۆری لەسەر ڕانەوەستاون ، گرنگترینیان بریتییە لە (Michael M. Gunter: Historical Dictionary) لەگەڵ وتارێکی عومەر شێخ موس کە بەزمانی ئینگلیزی بلاّوی کردووە تەوە بەناوی (Omar Sheikhmous, The Patriotic Union of Kurdistan in Iraq).

### ٦- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ

بە مەبەستی دەوڵەمەند کردن یان پشتڕاستکردنەوەی زانیارییە وەرگیراوەکانی ناو سەرچاوە بەکارهاتووەکان ، هەوڵدراوە چاوپێکەوتنی راستەوخۆ یان بەشێوەی گفتوگۆ زانیاری و بۆچوونی چەند کەسایەتییەك وەربگیرێت ، کەزۆربەیان ڕاستەوخۆ بەشدار و نزیکی ڕوداوەکان بوون ، و(١٧) چاوپێکەوتن

ئەنجام دراونو سەرجەمیان لای توێژەر پارێزراون وەك (چاوپێكەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار ، خدر مەعصوم ، عومەری ئیلخانی زادە ، عەبدوڵای حەسەن زادە ).

٧- رۆژنامە و گۆڤار

جۆرێكی تری ئەو سەرچاوانەی كە لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتوون بریتییە لە رۆژنامە و گۆڤار ، بە هەرسێ زمانی( كوردی و عەرەبی و فارسی ) . بەتایبەت زمانحاڵی پارتە سیاسییەكان ، رۆژنامە و گۆڤارەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەك رۆژنامەی (كوردستانی نوێ) ، گۆڤاری ( رێبازی نوێ ) ، گۆڤاری ( الشرارة )، رۆژنامەی (كوردستان) زمانحاڵی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران . جگە لەمانە سود لە رۆژنامەی (اطلاعات) وەرگیراوە كەزۆر لە رووداوەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانی لەخۆگرتووە . جگە لەم سەرچاوانەی ئاماژەی بۆ كرا چەند بابەت و بڵاوكراوەیەك لە رێگەی پێگە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

وەك هەموو كارێكی تری زانستی بێگومان لەماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەش رووبەڕووی چەندین رێگری و ئاستەنگ بوینەتەوە ، بەو پێیەی ئەم بابەتە بابەتێكی نوێ و هەستیارە تاڕادەیەك قسەكردن و خستنە رووی راستییەكان بێ كێشە نابن ، بەتایبەت لە ئێستادا (ی . ن . ك) پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران دا هەیە ، هەروەها پەیوەندییەكانی پارت و رێكخراوە سیاسییەكان لە قۆناغە جیاجیاكاندا لەبری دامەزراوەیەكی تایبەت زۆركات لەلایەن تاكە كەسێكەوە بەڕێوەبراوە،

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم/ هەڵوێستی (ی . ن .ك) بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی بەشەكانی دیكەی کوردستان

یەکێتی لە سەرەتای دروستبوونیەوە کاریگەریی زیاتر لەهێڵێکی چەپی لەسەر بوو، لەسەرووی هەموویانەوە بیری ماویزم[1] کەئەمەش بووە بناغەیەکی گرنگی خەباتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ی . ن .ك)[2]، بەوپێیەی بیری ماویزم لە پاڵ خەباتی چینایەتیدا دەرفەتێك بۆ خەباتی نەتەوایەتی دەهێڵێتەوەو هەردوو پرسی چینایەتی ونەتەوایەتی پێکەوە گرێدەدات [3]. ئەگەر چی تێڕوانینێکی فکری چەپ، کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی و هاوپەیمانیەکانی (ی . ن .ك) هەبووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی شۆڕشی نوێی کورد لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانیدا بووە پتر کار بۆ پرسە نەتەوایەتییەکان کراوە ، و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بووەتە بنچینەی

---

[1] ماویزم : بە بۆچوون و تیۆرە سیاسییەکانی ماو تسیٚ دۆنگ دامەزرێنەر و ڕێبەری پێشوی چین دەوترێت ، ئەم تیۆرە بریتییە لە پێکەوە گرێدانی مارکسیزم _ لینینیزم لەگەڵ نەریتەکانی چین ، ماو پێی وابوو ئەرکی شۆڕشی چین لەدەرەوە دژی ئیمپریالیزم و لە ناوخۆیشدا شۆڕشێکی دیموکراتییانە دژی دەرەبەگە گەورەکان ، بڕوای نەبڕاوەی بە پەیوەندیی نەبچڕاوەی نێوان سیاسەت و هێزی چەکدا هەبوو، گوندەکانی بە بنکە و بناغەی شۆڕش دادەنا بە پشتیوانی جوتیارەکان . چەندین بۆچوونی فکری و پراکتیکی لەگەڵ کۆمۆنیزمی سۆڤیەت جیای دەکردەوە . دروستبوونی ماویزم دەرەنجامی چەندین روداوی ناوخۆیی چینە لەوانە :خەباتی لە مێژینەی گەلی چین هەردوو روداوی شەڕی ناوخۆیی ١٩٢٨-١٩٣٤ و ڕێپێوانی ١٩٣٤-١٩٣٥ ، شەڕی ناوخۆیی ١٩٤٦-١٩٤٩ و سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان . بیرو بۆچونەکانی ماو چەندین ڕووداوی گرنگی تری بەدوای خۆیدا هێنا ، لەوانە بزافی سەد گوڵ ، ململانیٚ لەگەڵ سۆڤیەت بۆ ڕێبەرایەتی کردنی کۆمۆنیزم ، شۆڕشی کلتوری چین .( فەرهەنگی سیاسی ئارەش : وەرگێڕانی زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل ٦٨٧-٦٨٨).

[2] (ی .ن .ك): دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و هەموو کوردستانی گرتەوە ، زۆربەی ئەو تێکۆشەرە سیاسی و سەربازییانەی کە لە ڕیزی شۆڕشدا بوون ورەیان بەردابوو، و سەرانی رژێم و زۆربەی خەڵکی لەدوای هەرەسی شۆڕش پێیان وابوو جارێکی تر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناژێتەوە، ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە دروست بووە لە دوای هەرەس ناتوانرێت بەو خێراییە پڕبکرێتەوە. ( د.کەمال فوئاد : سەرەتاکانی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، گۆڤاری "ڕێبازی نویٚ"، ژمارە (١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٢٣-٢٤ ؛ د. دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی(ی .ن .ك) ی تێدا لە دایك بوو، گۆڤاری "ڕێبازی نویٚ "، ژمارە(١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٧) . لە (١٩٧٥/٥/٢٢) دا لەچاپخانەی (تولەیتولە)ی ناوچەی (ئەبو رومانە)ی دیمەشق، هەر چوارکەسایەتی(جەلال تاڵەبانی ، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد ، عەبدولڕەزاق عەزیز ) بڕیاری دامەزراندنی (ی . ن . ك) وەك ڕیکخراوێکی نویٚ درا ، ڕەشنوسی بەیاننامەی دامەزراندنی(ی . ن . ك) لەلایەن تاڵەبانیەوە نوسرابوو دوای داڕشتنەوەی لەلایەن دکتۆر فوئاد مەعسومەوە پەسەند کرا و هەمان ڕۆژ دەزگەکانی ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەیان بڵاوکردەوە .(د. فوئاد مەعسوم لە بیرەوەرییەکانیدا : یەکێتی و دانوستاندن و سەروەرییەکان ، گۆڤاری " کەلتور " ، ژمارە(٤) ساڵی دووەم ، تەموزی ٢٠١١، ل ١٥٢ ؛ عادل موراد : کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مێژوو و ئاسۆ (ئەڵقەی٩ )، ڕۆژنامەی "کوردستانی نویٚ" ، ژمارە (٥٢٠٨) ، ٢٠١٠/٦/٢٠، ل ٩) . دواتر لە (٢٧_١٩٧٥/٥/٣١) زنجیرەیەك کۆبونەوە لە (بەرلین)ی ڕۆژئاوا ئەنجامدرا ، و هەروەها بڕیاردرا بە دیاریکردنی دەستەی دامەزرێنەران کە پێکهاتبوون لە (جەلال تاڵەبانی ، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عومەر شێخ موس، دکتۆر کەمال فوئاد ، عادل موراد ، عەبدولڕەزاق فەیلی) و بەیاننامەی دامەزراندنی(ی . ن . ك) دوای دەستکاریکردنێکی کەم پەسەندکرا و لە(١٩٧٥/٦/١)دا بڵاوکرایەوە و (ی . ن . ك) وەك نیمچەبەرەیەك ڕاگەیەندرا. (نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لەژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس، چ ١، سوید ،٢٠١٠ل ١١٥-١١٦، ١١٨ ؛ دکتۆر فوئاد مەعسوم : دامەزراندنی (ی . ن . ك) لە ١٩٧٥/٥/٢٢ ئیعلان کرا ، بەڵام ... ، ڕۆژنامەی"کوردستانی نویٚ" ، ژمارە (٤٠٣) ، ساڵی دووەم ، ١٩٩٣/٦/١، ل ٢).

[3] ستران عەبدوڵلا : مەسەلەی توتنەکە (١) باسو خواسەکانی کوردایەتی (١٩٩١-٢٠١٠)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٠، ل٢٨.

پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك)[1]. هەر لەڕوانگەی دروشمی نەتەوەییەوە (ی . ن .ك) بەئاشکرا ئاماژەی بۆ داگیرکردن و دابەشبوونی کوردستان کردووە لەنێوان چەند دەوڵەتێکی فرە نەتەوەدا ، کە بێبەش کراوە لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی سەردەمییانە ، ئەگەرچی پێی وابووە ئەم دابەشبوونە بووەتە هۆی پچڕ پچڕ بوونی هێز و توانای، بەڵام دەکرێت لەداهاتوودا ئەنجامێکی باشی هەبێت و بەشەکانی کوردستان ببێتە بنکەی خەبات دژی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە[2].

(ی . ن .ك) لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هاوخەباتی و هاریکاری نێوان بەشەکان و ئەو بزووتنەوە مێژوو کردە ڕزگاریخوازە ڕەوایەی خەڵکی هەموو کوردستانی بەمەرجی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە و خۆی و شۆڕشی نوێ داناوە [3]، وەك لەبەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیدا بەڕوونی ئاماژە بۆ خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا کراوە ، و تێیدا جەختکراوەتەوە لەسەر هاوخەباتی وپشتیوانی (ی . ن .ك) بۆخەباتی گەلی کورد لەباکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی تورانیزم و ڕژێمی کۆنەپەرستی شا، لەپێناو بەدیهێنانی رزگاری نەتەوەیی ودیموکراتی تەواو ، بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لەبڕیاردان لەسەر ئایندەی خۆی بەوجۆرەی کە دەیەوێت، لەهەردوو ولاتی تورکیا و ئێراندا [4]. لەپلانی ڕزگاریدا ( الخطة رزگاری[5]) هاتووە شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق پابەندە بەهاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتن خوازە کوردستانییەکانی ئێران و تورکیا و خۆ ئامادە کردن بۆ هەر پێشهاتێکی جۆراو جۆر و نەخوازراو ، بەو پێیەی کوردستان نیشتیمانێکی بەشبەشکراوە و (ی . ن .ك) هەڵسانەوەی جەماوەر و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەیان بە ئەرکی هاوبەشی هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانییە پێشکەوتن خوازەکان دەزانێت [6]. هەر لە پەیڕەوی ناوخۆیی یەکێتی دا هاتووە کەخەبات دەکەن

---

[1] هـ . س ، ل ٣٣.

[2] گۆڤاری "ڕێبازی نوێ": ئۆرگانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ،خولی یەکەم ، ژمارە ( ١ ) کانونی دووەمی ١٩٧٦ ،ل٤ ؛ جەلال تاڵەبانی: جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ، لەبلاٌوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، نەورۆزی ١٩٨٠، ل ٦٨.

[3] هـ . س ، ل ٦٧.

[4] البيان الأول للاتحاد الوطني الكردستاني، جريدة "الشرارة" ، العدد ١، تشرين الثاني، ١٩٧٥، ص٢.

[5] الخطة رزگاری : ئەم پلانە لە ( ٢٣-٢٤/٥/ ١٩٧٦ )دا لەشام لە لایەن جەلال تاڵەبانیەوە پێشکەش کرا، لەلایەن کادرانی سەربازی و دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتییەوە پەسەند کرا، بووە یەکەمین پرۆژەی (ی . ن . ك) بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ، تێیدا ( ئامانجی پرۆژەکە ،بنەما سەرەکیەکانی، بناغەی کارکردن، هەندێ پیداویستی تایبەت بەپلانەکە) لە چەند خاڵیکدا ئاماژەی پێکراوە . بۆ دەقی ئەم پلانە بڕوانە: ( نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨، بەرلین ، ١٩٩٧، ل٨٧-٨٩ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرەتای کاروانەکە باری دوێنێی خەباتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگدا ١٩٧٥-١٩٨٠، چ ١ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ٢٠١١، ل ٢٣).

[6] نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرەتای کاروانەکە ،ل ٢٣ ؛ عادل موراد: کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مێژوو و ئاسۆ(ئەڵقەی ١٦)، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە (٥٢١٥) ، ٢٠١٠/٦/٢٨، ل ٩.

بۆ ((پێکهێنانی هاوکاری پتەو لەگەڵ بەشەکانی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوسدا [1])). هەموو ئەم دەستەواژانەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن (ی . ن .ك) ئەگەرچی وەك هێزێکی خاوەن شوناس و هەڵگری بیری چەپ دەرکەوتووە، هاوکات بڕوای تەواوی بە خەباتی بەشەکانی تری کوردستان هەبووە لەپێناو پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، مافی چارەنوس بۆ هەریەك لەو بەشانەی کوردستان بەڕەوا بینیووە .

(ی . ن .ك) لەئەدەبیاتی خۆیدا کەم تا زۆر ڕا و بۆچوون و تێڕوانینی سیاسی خۆی بەرامبەر بەشەکانی تری کوردستان بەمجۆرە خستووەتە ڕوو:-

١- وەك هێزێکی نیمچە بەرەیی هەڵگری پەیامی کوردستانی بوون پێی وابوو بەشەکانی دیکەی کوردستان قولایی ستراتیژین بۆ پرسی کورد، بۆیە پشتیوانی بزوتنەوەی گەلی کورد بوو لە بەشەکانی تری کوردستاندا[2].

٢- یەکێك لەبنەما و یاساکانی سەرکەوتنی شۆڕش بریتییە لەهاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لە بەشەکانی تری کوردستان ، بەڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی هەرپارچەیەك [3].(ی . ن .ك) بەئاشکرا ئامادەیی خۆی دەربڕیووە بۆ گرێدانی پەیوەندیی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسییە پێشکەوتووەکانی کوردستان، بەجۆرێك لەم پەیوەندییەدا چەند لایەنێك ڕەچاوبکرێت، لەوانە : سەربەخۆیی سیاسی هەردوولاو دورکەوتنەوە لەشوێنکەوتوویی و دەستکەوتنی یەك لایەنە و وازهێنان لەبیروباوەڕی کوێخایەتی کردن بەسەر بەشەکانی ترەوە وەك لە رابردوودا روویدا ، دەستوەرنەدان لە بارودۆخی ناوخۆییان، بەڵکو لەبری ئەوە هەماهەنگی و هاوکاری پێشکەشی یەکتر بکرێت لەئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و باسکردنی بابەت و رووداوە نەتەوەیی و هەرێمایەتییەکان لەپێناو چارەسەرکردنیاندا، لەدروستکردنی یەك هەڵوێستی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان بە بەشداربوونی هەمووان لەگەنگەشە کردنەکاندا ، بەپاراستنی سەربەستی و بیرکردنەوەی لایەنەکان[4].

٣- وەك لە خاڵی پێشتردا باسکرا هاوپەیمانی لەگەڵ پارت و رێکخراوە پێشکەوتووخوازەکان دەبێت نەك لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، چونکە مەحاڵە بەپشت بەستن بە داگیرکەری بەشێکی کوردستان مافی کورد وەربگیرێت ، کارەساتی شکستی ١٩٧٥ نمونەیەکی بەرچاوی هەڵەی ستراتیژی پشت بەستنە بە وڵاتانی داگیرکەر[5]. پێویستە پشت بەستن بە هێز و توانای گەل وەك سەرەتای پشت بەخۆبەستن گرنگی پێبدرێت ، ئەمە

---

(1) یەکێتی نیشتمانی کوردستان: پرۆژەی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان، ئەیلول ١٩٧٦، ل ٩.

(2) ستران عەبدوڵڵا :س . پ ، ل ٣٤ ؛ برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، چ ٣، ب،ش، ٢٠١١، ل ٢٣١.

(3) باری ئێستای خەباتمان : لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، کانونی دووەمی ١٩٧٦، ل٣٣.

(4) ﻫ . س ، ل ٣٣-٣٥.

(5) نەوزاد عەلی ئەحمەد: یەکەمین گوتاری جەلال تاڵەبانی لە شۆڕی نویٚ دا ، گۆڤاری ( K٢١ ) ، ب١ ، ژمارە (١٦) ، ٢٠١٢/١٢/١٢، ل١٥ ؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥ – ١٩٧٦ " لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی / سیاسیە "، سەرنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل ١٦.

مانای ئەوە نییە کە یارمەتی لەدەرەوە وەرنەگیرێت ، بەڵکو هەوڵبدرێت لە وڵاتانی کۆنەپەرست و داگیرکەری کوردستان خۆ بپارێزرێت و لەبری ئەوە پەیوەندیی پتەو دروستبکرێت لە گەڵ پارت و رێکخراوە پێشکەوتوخوازەکانی ئەم وڵاتانە و جیهان [1]. ئەگەرچی یەکێتی لەسەرەتادا زۆر هەوڵیدا پراکتیکی ئەم سیاسەتە بکات ، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی سیاسی وڵاتانی هەرێمی یەکێتی ناچارکرد کە بە پێی گۆڕانکارییەکان هەڵوێستی بەرامبەر وڵاتانی هەرێمی بەتایبەت (عێراق و ئێران ) بگۆڕێت[2]. وەك لە دواتردا بەڕونی ئەم گۆڕانکارییە دەبینرێت.

٤- (ی . ن .ك) پێی وابووە کە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە هەربەشێك لە بەشەکانی تری کوردستاندا پێکەوە گرێدراوە و ناتوانرێت لێك جیابکرێتەوە، سەرکەوتن یان تێك شکانی جوڵانەوەی گەلی کورد لەهەر پارچەیەك کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەبووە لەسەر بەشەکانی تری کوردستان[3]. بەوپێیەی گەشەکردن و پەرەسەندنی جوڵانەوەی کوردی پارچەیەکی تری کوردستان نەك نابێتە هۆی لاوازی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی باشوری کوردستان بەڵکو دەبێتە پشتیوانی وهاوکات بە جیهانیکردنی دۆزی کورد وسەرنجی جیهانی بۆ رادەکێشێت و دۆستی زیاتری بۆ پەیدا دەکات [4]. جەلال تاڵەبانی لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە نەورۆزی ١٩٨٠ دا بەشانازییەوە باس لەهەماهەنگی و هاوکاری (ی . ن .ك) دەکات بۆ پارت و رێکخراوە کوردستانییەکان و دەڵێت :(( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکەمین هێزی پێشکەوتنخوازی کوردستانە کە هاوخەباتی خۆی و هاوکاری خۆی لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان ئیعلان و جێ بەجێ کردووە بێ ئەوەی سڵەمیبێتەوە لەو مەترسییەی دەیهێنێتە سەرخۆی یان باکی ئەوەی بووبێت کە لە دەستی دەدات [5])).

جگە لەمە (ی . ن .ك) بانگەشەی دەکرد بۆ هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و گەلانی ناوچەکە دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و تۆڵەکردنەوە لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە. (ی . ن .ك) پێی وابوو کە (( بە بێ بوژاندنەوە و گەشە پێکردنی کوردایەتی لەسەر رێبازێکی شۆڕشگێرانە لە کوردستانی تورکیا و لە کوردستانی ئێراندا ، مەسەلەی سەندنەوەی مافی سەربەستی چارەنوسی نەتەوەی کورد زۆرتر دوا ئەکەوێت، کوردستانی عێراقیش هەمیشە لە ژێر مەترسی هاوکاری ئێران و

[1] باری ئێستای خەباتمان : س . پ ، ل ٢٦-٢٩.

[2] بڕوانە: باسی دووەم لە بەشی دووەم .

[3] گۆڤاری"رێبازی نوێ" : خولی یەکەم ، ژمارە ( ١ ) کانونی دووەمی ١٩٧٦ ،ل ٤.

[4] ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟ ، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣، ل ٤٧.

[5] جەلال تاڵەبانی : جۆشدانی خەبات ، ل ٦٧.

عێـراق و تورکیـادا ئـەبێت ))[1] . بـۆ دروسـتکردنی ئـەم پەیوەندییـە و هاوکـات ڕەواندنـەوەی مەترسـییەکانی هاوپەیمانێتی تورکیا و عێراق و ئێران (ی . ن .ك) بەجدی کەوتە هەوڵی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە ، بۆیە هەرلەسەرەتای دروستبوونیەوە تاڕادەیەك توانی بنەمایەك بۆ پەیوەندییەکانی دابنێت لەداهاتوودا. (ی . ن .ك) پێی وابووە بایـەخی خـەباتی مێژوویی بەشـەکانی تـری کوردسـتان ئەوەیـە جگە لـەوەی خـەباتێکی نەتەوەییە هاوکات یەکخستنی خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتە دژی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستی[2] .

وەك ئاماژەی پێکرا (ی . ن .ك) گرنگییـەکی گـەورەی بەهاوخـەباتی و هەماهـەنگی نێوان بەشـەکانی تـری کوردسـتان داوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەرلەسـەرەتای دامەزراندنیـەوە بـەکردار دەسـتی بـە ئامادەکاری کـردووە بـۆ دیـاریکردنی شـێواز و میکـانیزمی هاوکـاری و هەماهـەنگی نێـوان خـۆی و پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی بەشـەکانی تـری کوردسـتان ، بـەوەی لـەو زنجیرە کۆبونەوانـەی لـە (٢٧–٣١ ئایـاری ١٩٧٥ ) لەبـەرلینی ڕۆژئـاوا ئەنجامدران بۆ دامەزراندنی (ی . ن .ك)، هاوکات بڕیـاردرا بە دامەزرانـدنی دوو کۆمسیـۆن بۆ پەیوەنـدیکردن بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستانەوە، بەمەبەستی گەیاندنی پـەیامی دامەزرانـدنی (ی . ن .ك) و ڕاوێـژکردن لەگـەڵ پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی ڕۆژهـەڵات و بـاکوری کوردسـتان سـەبارەت بەدەستپێکردنی شۆڕش لەهەریەك لەو بەشانەی کوردستان، بەوەی لـەکاتی دەسپێکردنی خـەباتی چەکداری لـە ڕۆژهەڵات یان باکوری کوردستان ئەوا (ی . ن .ك) دەست بەخەبات ناکات[3]. بـۆ هەڵسـەنگاندنی دۆخـی سیاسی بەشەکانی تری کوردستان لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕ لەهەریەشێکدا هیچ لۆژیکی نییە دەستپێکردنی خـەبات لـە باشوری کوردستان بە دەستپێنەکردنی خەبات لە پارچەکانی تری کوردستانەوە ببەسترێتەوە .

(ی . ن .ك) بـە پێویسـتی زانیـوە کـە هاوخــەباتی و هاوکـاری نێـوان هێـزە شـۆڕگێڕەکانی کوردسـتان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەسەر بناغەیەکی پتەو دابڕێژرێت ، هـەروەها پێـی وابـووە کە پێویستە کۆبوونەوەیـەك ڕێکبخرێت بەئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو حیزب و کۆمەڵە و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان بۆ دانـانی ستراتیژی کوردایەتی و شێوە و جۆرەکانی هاوکاری نێوان هـەموو بەشـەکانی کوردستان[4] بـۆ بـەپراکتیککردنی تێڕوانینـی نەتـەوەیی و هاوخـەباتی لەگـەڵ بەشـەکانی تـری کوردسـتاندا بـە دەسپێشـخەری (ی . ن .ك) چـەند جارێك هەوڵدراوە بۆ بەستنی کۆبوونـەوەی سەرتاسـەری لـەنێوان پـارت و ڕێکخـراوە کوردستانییەکاندا، سـاڵی ١٩٧٦ پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەیەکی سەرتاسـەری بوون ، کە (ی . ن .ك) لە ڕێی نوێنەرەکانیەوە لە شاری دیمەشق تیایدا بەشداربوو. لـەم کۆبوونەوەیـەدا بڕیـاردرا

---

[1] باری ئێستای خەباتمان : ، ل ٣٦، ٣٩–٤٠.

[2] هـ .س ، ل ٣٧.

[3] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١١٥، ١١٧– ١١٨.

[4] جەلال تاڵەبانی: جۆشدانی خەبات ، ل ٦٩.

بە دروستکردنی کۆمیتەیەکی هەماهەنگی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بۆ هاوکاریکردن لە نێوانیاندا [١]، بۆ جاری دووەم لە (٢کانونی یەکەم ١٩٧٧ )دا لە ماڵی عادل موراد[٢] لەناوچەی ( ڕۆشە ) ی ( بەیروت ) دووەم کۆبوونەوەی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەسترا، ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، بەبەشداربوونی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی تری کوردستان، نوێنەرانی (ی . ن .ك) پێکهاتبوون لە( د. فوئاد مەعسوم، عومەر دەبابە [٣]، عادل موراد) بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە جگە لەنوێنەرانی (ی . ن .ك) ( ئەمیری قازی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ، پارتی پێشکەوتوخوازی چەپی کورد لەسوریە، عەدنان موفتی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق / لیژنەی

---

[١] گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس، لە ڕێگەی ( Skype) وە ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨. ( عومەر شێخ موس : ساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچکەی " عامودا " لە ڕۆژ ئاوای کوردستان لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ بنەماڵەکەی دەچێتە شاری " حەلەب" قۆناغەکانی خوێندن لەو شارە تەواو دەکات پاشان لە کۆلێژی ئەمریکی وەردەگیرێت . ساڵی ١٩٦٣ سوریا بە جێ دەهێڵێت لە بەریتانیا نیشتەجێ دەبێت لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی (پ . د . ك) لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی دەبێت ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە سوید. ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دکتۆرا ی بە دەست دەهێنێت دەبێتە مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانکۆی ستۆکۆڵم . ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و چەند هاوڕێیەکی دا یەکێتی دروست دەکەن ساڵی ١٩٧٦ لە ئەمریکا نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی لەوێ بەشێکی زۆر لە دیکۆمێنتەکانی یەکێتی وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی . ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ناوزەنگ نیشتەجێ دەبێت . لە نێوان باشووری کوردستان و ئەوروپادا چەندین بەرپرسیارێتی لە ناو یەکێتی وەردەگرێت . ساڵی ١٩٨٥ گەڕایەوە سوید وازی لەهەموو بەرپرسیارێتیەك هێنا .( لە دیمەشقەوە بۆ بۆبەرلین :سەرگوزشتەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی بیرەوەرییەکانی هۆمەر شێخ مووس ، گۆڤاری"کەلتور" ، ژمارە (٥) ساڵی سێهەم ، کانونی دووەمی ٢٠١٢، ل ١٥٢).

[٢] عادل موراد: ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا لە دایك بووە قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بەغداد تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٤ لە بەغداد پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی ( پ . د . ك ) کردووە ، ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٦٩ وازی لە خوێندن هێنا و بوو بە پێشمەرگە ، پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ لە کۆنگرەی ( ی . ق . ك ) بە سکرتێر هەڵبژێرا لە هەمان کاتدا بووە بەجێگری سکرتێری یەکێتی نیشتمانی خوێندکارانی عێراق ، ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە سوریا یەکێکە لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ، لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ گەڕایەوە کوردستان لە "ناوزەنگ" گیرسایەوە تا ١٩٨١ پەیوەندیی کرد بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە یەکێتی کردەوە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی تا ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی بوو پاشان بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە سوریا ، ساڵی ٢٠٠٤ بووە باڵوێزی عێراق لە ڕۆمانیا ، ساڵی ٢٠١٢ بوو بە لێپرسراوی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی تا ئێستە بەردەوامە .( عادل موراد : لە سکرتاریەتی قوتابیانەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند، گۆڤاری"کەلتور" ، ژمارە (٦)،ساڵی سێهەم ، ئایاری ٢٠١٢، ل ١٤١).

[٣] عومەر مستەفا (دەبابە / کاکی کاکان ): ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کۆیە تەوا و کردووە ، دواتر چووەتە شاری کەرکوك و بووەتە ئەندامی حیزبی "هیوا" دواتریش ئەندامی (ژ .ك) ، ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٤ چوەتە کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا و هەر لەوێش بووەتە ئەندامی حیزبی "ڕزگاری"، دوای دامەزراندنی(پ . د .ك) بوەتە ئەندامی چالاکی ئەم پارتە، دوای ساڵی ١٩٥٨ لێپرسراوی ڕێکخستن و ڕێکخراوی دیموکراتی و لاوان و ژنان بووە، ساڵی ١٩٦١ دا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە دەکات، و دەبێتە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شاری هەولێر، لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی بووە ، دوای هەرەس ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا و دواتر چوونە پاڵی (ی . ن . ك)، بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە ناو(ی . ن . ك) عومەر دەبابە لە ناو (ی . ن . ك)دا ماوەتەوە ، دوای ڕاپەڕین و لە کۆنگرەی یەکی یەکێتیدا و لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا لە ڕۆژی ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٩٢ بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کردووە کاکە مەم بۆتانی : کاکی کاکان خەباتی سیاسی عومەر دەبابە (ژیاننامە)،ب١، هەولێر ، ١٩٩٨ ؛ ( کورتە ژیانی سیاسی شەهید مامۆستا عومەر مستەفا ، ڕۆژنامەی " کوردستانی نوێ " ، ژ(٥) ساڵی یەکەم ، ٣٠ کانونی دووەمی ١٩٩٢ ، ل ١).

**ئامادەکردن، عومەر چەتین نوێنەری ڕێکخراوی ( D.D.K.D ) ، حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حەمید دەروێش نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)، لەم کۆبونەوەیەدا دوای لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی کوردستان، بەتایبەت باشوری کوردستان بڕیاردرا بەوەی کە لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن بەشداربووانەوە بۆ کۆبونەوەی داهاتوو ئامادەبکرێت لەسەر: یەکەم / هەڵسەنگاندنی ڕەوشی بزوتنەوەی کورد بەتایبەت لە باشوری کوردستان لە ڕابردوودا ، دووەم / بارودۆخی ئێستەی بزوتنەوەی کورد، سێیەم/ لێکدانەوەی بارودۆخی ئەووڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، چوارەم / هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی نێودەوڵەتی بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، پێنجەم/ بڕیاردرا لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەی دواتر لە (نیسانی ١٩٧٨) لەباشوری کوردستان بگیرێت بەڵام نەگیرا ، شەشەم / پشتگیری شۆڕشی کورد کە لەوکاتەدا لە باشوری کوردستان دەست پێکردبوو ، چەندین لایەنی تر [1]. کەریمی حیسامی ئاماژە بۆ بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە دەکات کەلەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملوو[2]وە نوسراوە و لە کۆبوونەوەکەدا پێشکەشکراوە [3]، ئەم کۆبوونەوەیە دووگرفتی هاتە پێش بەوەی (ی . ن .ك) دەیویست مافی ڤیتۆی هەبێت لە ڕێگریکردن لە چەند لایەنێکی کوردستانی بۆ بەشدارنەبوون لەو کۆبوونەوەیە و هاوکات دەیویست ناوەندی خەبات و ستراتیژی نەتەوەیی بۆ ئەم بەرەیە**

---

[1] هەیاس کاردۆ : ئەزموون و خەبات ئاوڕێك لەژیان و خەباتی عەبدوللای حەسەن زادە ، چ ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ، ٢٠١١، ل٣٨٥ ؛ ئەمیری قازی : لەبیرەوەرییەسیاسییەکانم ، چ ٢ ، سلێمانی ، ٢٠١٤، ل ١٩١ ؛ کەریمی حیسامی: پێداچونەوە (بزوتنەوەی نیشتیمانی کورد لەکوردستانی ئێران ١٩٤٧–١٩٧٨)، ب٢، سوید، ١٩٩٧ ، ل٢٨٣– ٢٨٥.

[2] دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو: لە شەوی ٢٢_١٢/٢٣/١٩٣٠ لە شاری ورمێ لەدایك بووە ، کوڕی محەمەد ئاغای (وثوق الدوله) یە . قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری ورمێ و تاران تەواو دەکات . سەرەتای کاری سیاسی لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکرای کوردستان لە ورمێ دەستپێدەکات ، دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە زانکۆی "پراگ" لە "چیکۆسلۆڤاکیا" لە ١٩٥٢ دا بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابوری سیاسی دا بەدەست دێنێت ، لەسەردەمی دەسەڵاتی (د.موسەدق)دا دەگەڕێتەوە ئێران و سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" ی دەکرد کە زمانحاڵی (حدکا) بوو ، لە ١٩٦٢دا دکتۆرای لە زانستی ئابوریدا لە زانکۆی "پراگ" وەرگرت و لە هەمان زانکۆ بوو بە مامۆستا، ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی بەغداد وانەی مێژووی کورد دەڵێتەوە و دەبیتە ئەندامی "کۆڕی زانیاری کورد". هەروەها لەم ماوەیەدا هەوڵیدا بۆ ژیاندنەوەی (حدکا) لە کۆنفرانسی سێی (حدکا)دا لە ١٩٧١ لە کۆیە وەك سکرتێری گشتی (حدکا) دەستنیشاندەکرێت. ساڵی ١٩٧٦–١٩٧٨ مامۆستا بووە لە زانکۆی "سۆربۆن" لە فەڕەنسا ، لە کۆتایی ١٩٧٨ دا و لەسەروەختی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردیدا درەوشایەوە ، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩بۆ ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ، لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە " ڤیەننا " پایتەختی نەمسا بە ناوی گفتوگۆوە و لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە تیرۆر دەکرێت .بڕوانە :( هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠–١٩٨٩ توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، هەولێر، ٢٠٠٧ ؛ قاسملوو _ تایبەت نامەی یادی ٢٢ ساڵەی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"ژمارەی تایبەت (٢٢٠)پوشپەڕی ١٣٩٠ ؛ بلال غازی کاك أمین: دیپلۆمات و سیاسەتمەداری گەورەی کورد شەهیدی نەمر د . عبدالرحمانی قاسملوو ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ " ئەڵقەی یەکەم ، ژمارە (١٧٣)، ساڵی یەکەم ،(١٩٩٢/٨/٢٤)، ل٣).

[3] کەریمی حیسامی : پێداچوونەوە ، ب٢، ل ٢٨٥. بۆ ڕەشنوسی ئەم کۆبوونەوەیە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١) .

باشوری کوردستان بێت لەکاتێکدا ئەندامانی کۆبوونەوە پێیان وابوو باکوری کوردستان بێت [1]. دیارە روونە مەبەستی (ی . ن .ك) لە بەشدارنەبوونی هەندێ لایەنی کوردستان سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) [2]ە، چونکە لەوکاتەدا ناکۆکییەکی قوڵ لە نێوان (ی . ن .ك) و سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك)دا هەبوو. پێدەچێت ئەم دوو گرفتە هۆکارێن بۆ گرێنەدانی ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیاربوو لە نیسانی ١٩٧٨ گرێبدرێت لە نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا.

لێرەدا ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت (ی . ن .ك) پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سوریا هەبوو و یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی (ی . ن .ك) لە سوریا ئەنجامدراوە ، سوریا سەرچاوەیەکی سەرەکی یارمەتیدانی (ی . ن .ك) بوو بەتایبەت چەك و تەقەمەتی، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بانگەوازەیە کە یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکرد بۆ گرێنەدانی پەیوەندی و وەرنەگرتنی یارمەتی لە وڵاتانی داگیرکەر [3]، بەتایبەت وڵاتی سوریا کە بەشێکی خاکی کوردستانی لەژێردەستدابوو، بۆیە لە ئەدەبیاتی یەکێتی دا بەڕوونی ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەی بۆ نەکراوە. ئەگەرچی پەیوەندیی لەگەڵ چەند لایەن و کەسایەتییەکی سیاسی ڕۆژئاوا کراوە، بەڵام بەگشتی (ی . ن .ك) لەباسکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی حکومەتی سوریا لەم پارچەیەی کوردستان خۆی پاراستووە، لەکاتێکدا یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری (ی . ن .ك) ( عومەر شێخ مووس )خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] ئەمیری قازی : س . پ ، ل ١٩١.

[2] سەرکردایەتی کاتی پارتی: دوای هەرەسی ١٩٧٥ کۆمەڵێك کادیری دڵسۆز و دیاری (پ .د.ك) لە ئێران و لە ئەوروپا بڕیاریاندا بە سودوەرگرتن لەو توانا دارایی و مرۆییەی (پ . د .ك) هەیەتی درێژە بە خەبات بدەن ، بۆ ئەم مەبەستە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ بڕیاری دامەزراندنی سەرکردایەتی(پ .د.ك) درا ، ئەم ڕێکخستنە چەندین کەسایەتی لە خۆدەگرت لەوانە( مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی ، سامی عەبدولڕەحمان ، جەوهەر نامیق، عارف تەیفور، کەریم سنجاری ، ئازاد بەرواری ... چەندین کەسایەتی تر)، لەماوەیەکی کەمدا توانیان بەسوود وەرگرتن لە ڕێکخستنەکانی پێشوی (پ .د.ك) ڕێکخستنەکانیان دروستبکەنەوە ، دواتر لە ١٩٧٦ دا بزافی چەکدارییان دەستپێکردەوە ، یەکەم کۆنفرانسی خۆیان لە ١١– ١٥ ئابی ١٩٧٦ لە بەرلین و بە ئامادەبوونی (٨٠) ئەندام بەست ، دوای جێگیرکردنی ڕێبەرانی سەرکردایەتی کاتی (پ .د.ك) کە هەمان ئەو کەسانەی پێشوبوون ، ڕاپۆرتێکی سیاسی دەربارەی ئەم کۆنگرەیە بلاوکرایەوە. بڕوانە: (طریق الحرکة التحرریة الکوردیة : التقریر السیاسي للقیادة المؤقتة للحزب الدیموقراطي الکوردستاني والمصادق علیه من قبل کونفرانس الحزب المنعقد من ١١ ألی ١٥آب /١٩٧٦ والمتضمن تقییم ثورة أیلول والبرنامج الجدید للحزب الدیموقراطي الکوردستاني)، سەرکردایەتی کاتی پارتی تا بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی(پ .د.ك) لە (٤–١١/ ١٩٧٩/١١) لە "شنۆ" بەردەوام بوو ، لەم کۆنگرەیەدا مەسعود بارزانی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا وسەرکردایەتی کاتی کۆتایی پێهات و ناوی پێشوو (پ .د.ك)دانرایەوە. (د . جەمال فەتحوڵلا تەیب : بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (٢١/٣/١٩٧٥– ٢٨/١١/ ١٩٨٠) ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل ٧٥ ؛ فاتح رەسولً : بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان ، چ ٢ ،سلێمانی ،٢٠٠٥، ل ٣٥٦ ؛ سامي عبدالرحمن : البدیل الثوری في الحرکة التحرریة الکوردیة (التقریر السیاسي للمؤتمر التأسیسي لحزب الشعب الدیموقراطي الکوردستاني المعقد من(٢٦الی٣٠) تموز ١٩٨١، ص ١٩–٢٢).

[3] باری ئێستای خەباتمان : س . پ ، ل ٢٦–٢٩.

سەرەڕای ئەوەی یەکێتی لە ئەدەبیاتی خۆیدا ئاماژەی بە هاوخەباتی و هەماهەنگی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان داوە ، و جەختیشی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە نەگاتە ڕادەی دەست تێوەردان لە کاروباری هەرپارچەیەکی تری کوردستان ، بەڵام لە قۆناغی دواتردا زۆر بەڕونی دەستتێوەردانەکانی (ی . ن . ک) لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینرێت [1].

---

[1] بڕوانە باسی سێیەم لە بەشی دووەم ، ل٩٢.



هەواڵنامەی کێتێر

## باسی دووەم /کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی ئێران لە سەر (ی . ن .ك) (١٩٧٦-١٩٧٩)

(ی . ن .ك) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە دژایەتی خۆی بۆ دەسەڵاتی شای ئێران نەدەشاردەوە، لەبەیانی یەکەمیدا هێرشی کردە سەر ڕژێمی شا وبەناوەندی کۆلۆنیالیزم و بەدوژمنی کورد و گەلانی ناوچەکەی ناوبرد[١]، ڕژێمی شای بەتەواوکەرو ئەندامی ئەوپیلانە هەرێمایەتیە دەزانی کە بۆ لەنێوبردنی بزاڤی نەتەوەی کوردی لەباشوری کوردستان دانرابوو[٢]. جگە لەمە بانگەشەی (ی . ن .ك) بۆ هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و گەلانی ناوچەکە دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و تۆڵەکردنەوە لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێوانیاندا دابەشکراوە، بووە هۆی توڕەبوونی ئێران[٣].

دوای ئەوەی (ڕێکەوتنی جەزائیر)[٤] لە ٦ ئازاری ١٩٧٥دا لەنێوان حکومەتی عێراق و شای ئێران مۆرکرا ، بەندی سێیەمی ئەم ڕێکەوتنە تایبەت بوو بەهەوڵدانی هەردوو دەوڵەت بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوری نێوان هەردوو وڵات، مەبەست لێی بڕینی یارمەتی وداخستنی سنوری ئێران بوو لەجوڵانەوەی کورد لەباشوری کوردستان[٥].

لە ١٣ حوزەیرانی ١٩٧٥ دا عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران و سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق لەبەغداد پرۆتۆکۆڵی سێیەمی ڕێکەوتنی جەزائیر بۆ ئاسایشی سنوریان واژۆکرد ، لەم پرۆتۆکۆڵەدا چەند لایەنێکی تێدا دیاری کرابوو لەوانە گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر جموجۆڵی یاخیووەکان لەسەر سنور و ڕێگریکردن لەهەر کاریکی تیکدەرانە و ئاژاوەگێڕی لەلایەن هەڵگەڕاوەکانەوە، رادەستکردنەوەی یاخیبووە دەستگیرکراوەکان بە وڵاتەکەی تر، هەردوو وڵات ڕێکدەکەون لەسەر دیاریکردنی ناوچەی قەدەغەکراو بۆ مەبەستی ڕێگری کردن لەکاری یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە ، هەردوو وڵات هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنە وچەند لیژنەیەکی بۆ دروست دەکرێت[٦]. لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) حکومەتی عێراق بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتنی جەزائیر دەستیکرد بە دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بە درێژایی

---

[١] جریدة "الشرارة" ، البیان الأول للاتحاد الوطني الكردستاني ، ، العدد ١ ، تشرین الثانی ، ١٩٧٥، ص٢ ؛ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ، ژمارە (٢) ئابی ١٩٧٨ ، ل ١-٤.

[٢] هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (٢) ، ل ١-٤ .

[٣] باری ئێستای خەباتمان ،ل ٣٩-٤٠.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( کامەران جەمال بابان زادە: ڕێکەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد ، سلێمانی ، ٢٠١٣).

[٥] د.حامد محمود عیسی، القضیة الكردیة في العراق من الإحتلال البریطانی إلى الغز و الأمریکی ١٩١٤-٢٠٠٤ ، ط١، دار العربیة للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٣٧٣-٣٧٦ ؛ عمار علي السمر ، شمال العراق ١٩٥٨_١٩٧٥ دراسة السیاسیة ، ط١ ، بیروت ، ٢٠١٢، ص ٤١٩ .

[٦] کامەران جەمال بابان زادە، س . پ، ل ١٢٦-١٢٨ ؛ فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان( ١٩٧٥_١٩٨٩)، سلێمانی ، ٢٠١٤ ، ل ٨٨- ٨٩ .

**سنورەکانی باکور، بە چۆڵکردن و ڕامالینی ئەو ناوچەیە [(١)]. ئێران بەڕاشکاوانە سیاسەتی خۆی دیاری کردووە بەهیچ جۆرێك رازینابێت کە ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لەئەنجامی کۆتایی بزاڤی چەکداری لەباشوری کوردستان دروست بووە بە پارتێکی چەپی (مارکسی _ لینینی) پڕبکرێتەوە کە مەترسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت . لەلایەکی تریشەوە (ی . ن .ك) بەبێ ڕەزامەندی ئێران شۆڕشی دەستپێکردبوویەوە [(٢)] . جگە لەمە ئێران زۆربەوردی چاودێری جموجۆڵەکانی کوردی باشوری دەکرد، چونکە پێشەوەچوونی بزاڤی کوردی لەباشووری کوردستان یان هەرسەرکەوتنێك کاریگەریی لەسەر بەشە رۆژهەڵاتییەکەی دادەنا ، بێگومان ئەمەش جێی قبوڵکردن نەبوو لە لای شای ئێران [(٣)]. بۆیە دەسەڵاتداری ئێران هەڵسا بەپراکتیزەکردنی سیاسەتی نەیارانەی خۆی دژ بە(ی . ن .ك)، بۆ وێنە : سەرەتای پێشوازیکردنی شا لەدامەزراندنی (ی . ن .ك) بریتی بوو لەڕادەستکردنەوەی چەند سەرکردەیەکی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کملك)[(٤)] کەباڵی سەرەکی ناو (ی . ن .ك) بوون بەحکومەتی عێراق ، دوای ئەوەی ڕێکخستنی**

---

(١) میدڵ ئیست وۆچ : جینۆساید لە عێراقدا .. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ، و : محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق ، سلێمانی ،٢٠٠٤، ل٩١.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم رەئوف، کۆیە، ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل٩٤ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕوداوەکانی ( ٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦_١٩٩٦، ب١ ، چ١، سلێمانی ،١٩٩٩، ل١٧٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعسوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣. (د. خدر مەعسوم : لە ١٩٤٧/٣/٣ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، هەرلە شاری کۆیە و دواتر لە شاری بەغداد قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، پاشان لە ١٩٧٣ دا کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی قاهیرە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ بووە بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتر بووە بە ئەندامی(پ . د . ك) . لە ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی (ی . ن . ك)، لە تەموزی ١٩٧٧ دا لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە بەشداری شۆڕشی نوێ دەکات و سەر بە باڵی هێڵی گشتی دەبێت ، دواتر دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی (ی . ن . ك) و بەرپرسی لقی سێی هەولێر، دواتر دەبێتە بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی تاساڵی ١٩٨٦ لەکارەکەی بەردەوام دەبێت ، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، و لە چوونی نوێنەرانی (ی . ن . ك) بۆ بەغداد و دانوستاندنی ١٩٨٤ بەشداردەبێت و ، دواتر دەچێتە بەریتانیا بۆ درێژەدان بە خوێندن. دبلۆمی پزیشکی لە زانکۆی لیڤەر پوڵی بەریتانی و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن لە بواری (بۆماوە زانی) بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ساڵی ٢٠١٥سەرۆکی زانکۆی کۆیە بووە . چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو، کۆیە، ٢٠١٥/٢/١٣.

(٣) فاروق محەمەد محەمەدئەمین : س .پ ، ل ٨٩ .

(٤) کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کملك): لەکۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتادا رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، لەم چوارچێوەیەدا ،(کملك) وەك رەوتێکی فکری بە دەستپێشخەری (شەهاب شێخ نوری، فازل مەلا مەحمود ، فەرەیدون عەبدولقادر ) گەڵاڵە کرا، پاشان داوا لە جەلال تاڵەبانی کرا سەرپەرشتی ڕێکخراوەکە بکات ، پاشان (کملك) لە (١٩٧٠/٦/١٠) لەبەغدا بە بەشداری هەریەکە لە ( جەلال تاڵەبانی ، شەهاب شێخ نوری ، فەرەیدون عەبدولقادر ، محەمەد میرزا سەعید ، جەعفەر عەبدولواحید ، ئاوات عەبدولغەفوور) دامەزرا ، جەلال تاڵەبانی بوو بەسکرتێری (کملك)، وبۆ ماوەی پێنج ساڵ خەریکی بنیاتنانی کاری ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژی و فکری و سیاسی خۆی بوو، توانی ژمارەیەك کادر پێبگەیەنێت و ئۆرگانەکانی خۆی فراوان بکات و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا چالاکی هەبێت. (فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلاّ :بارودۆخی سیاسی کوردستان – عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠– ١١ی مارتی ١٩٧٤ توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، چ١ ، چاپخانەی منارە ، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١١٤ ؛ عومەر سەید عەلی : هەندێ لایەن و ڕەوتی مێژوویی و سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ،گۆڤاری "ڕێبازی نوێ"،ژمارە (١٩) حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٤٥،

نهێنی(کملك)بەهۆی دانپێدانانی ئەندامێکی بزوتنەوەی ئیشتراکی عەرەبی لەسەر ئەنوەر زۆراب [١] زۆربەی نهێنی ڕێکخستنەکانی (کملك) ئاشکرا بوو، بۆیە بەشێك لەسەرکردایەتی (کملك) لە ئەیلولی ١٩٧٥ رویان کردە ئێران تا بتوانن لەوێوە بچنە سوریا بۆ لای جەلال تاڵەبانی، بەڵام لە لایەن ئێرانەوە دەستگیرکران و دواتر لە ١ کانونی دووەمی ١٩٧٦ دا ڕادەستی عێراق کرانەوە، کە بریتی بوون : (شەهاب شێخ نوری[٢] ، فەرەیدون عەبدولقادر [٣]،

---

٥٠) لە کۆتایی ١٩٧٥دا سەرکردایەتی (کملك) توشی پەلاماریکی حکومەتی عێراق بوو زۆربەی سەرکردایەتی کەوتە زیندان و هەریەکە لە (شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید وئەنوەر زۆراب) لە (١٩٧٦/١١/٢١) دا لە سێدارە دران ، دواتر شاسوار جەلال (ئارام) لەگەڵ هەریەکە لە (نەجمەدین عەزیز – سالار و ئازاد هەورامی و عەبدلرەزاق محەمەد، حیکمەت محەمەد کەریم – مەلا بەختیار ) سەرپەرشتی دووبارە ڕیکخستنەوەی (کملك) یان گرتە ئەستۆ و کۆمیتەی هەرێمەکانیان پێکهێنا بۆ سەرکردایەتیکردنی (کملك). بڕوانە: ( ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر : ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان کۆمەڵە وەك نمونە (١٩٧٠–١٩٨٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ، تێزی دکتۆرا (بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئەدەبیات _ زانکۆی صەلاحەدین _ هەولێر، ٢٠١٤).

[١] ئەنوەر زۆراب : ساڵی ١٩٥٠ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە ، لەسەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندی بە (کملك)وە کردووە، ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە ئەندامی "کۆمیتەی ئەستێرەی سور " کە بەسەرکردایەتی جەعفەر عەبدولواحید دروستکرابوو ، بوو بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەغدا و خانەقینی (کملك)، لە دوای هەرەس و هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ پەیوەندیکردن بەسەرکدایەتی شۆڕشەوە لە سوریا ، بەڵام بەهۆی دانپێدانانی ئەندامێکی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیەوە کە پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو دەستگیردەکرێت و بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کە لەماڵەکەیدا گیران بووە هۆی ئاشکرا بوونی سەرکردایەتی (کملك)، لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٧٦ دا لەگەڵ شەهاب و جەعفەر عەبدولواحێد لەسێدارە درا.( ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: چ٢ ، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ب . ش، ب . س، ل ٦٤).

[٢] شەهاب کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ سالح: لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری سلێمانی دەستپێکردووە و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن رووەدەکاتە شاری بەغداد.لە تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندیی دەکات بە (پ . د .ك) وە ، گرنگی و بایەخی زۆر دەدات بە بیری سۆسیالیستی و کاردەکات بۆ برەودان بەسۆسیالیزم لە ناو ڕیزەکانی پارتیدا ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی (کملك) ، و دوای چونە دەرەوەی جەلال تاڵەبانی خاڵە شەهاب وەك سکرتێری (کملك) دیاریکرا، دوای هەرەسی ١٩٧٥ خاڵە شەهاب و چەند کەسایەتیەك لە سەرکردایەتی (کملك) ویستیان لە ڕێگەی ئێرانەوە بچنە سوریا و بۆ پەیوەندیکردن بە تاڵەبانییەوە ، بەڵام لە لایەن ئێرانەوە دەستگیرکران و رادەستی حکومەتی عێراق کرانەوە، دواتر هەریەکە لە خاڵە شەهاب و ئەنوەر و زۆراب لە (١٩٧٦/١١/٢١) دا لە سێدارە دران . ( هـ . س ، ٤٦٠).

[٣] فەرەیدون عبدالقادر فەرەج : ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی " ئیمام قاسمی " شاری کەرکووك لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٤٨ دەچنە شاری سلێمانی ، سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٥ لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی موستەنصریەی بەغداد وەرگیراوە ، بوو بە ئەندامی ( پ . د . ك ) و ساڵی ١٩٦٤ بووبە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی ، ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ (شەهاب شێخ نوری ، فازل مەلا محمود ) کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانیان دامەزراند، بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی شاری کەرکووکی کۆمەڵە ، هەر هەمان ساڵ لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە دوای ئاشکرابونی ڕێکخستنەکانیان ڕوویان کردە ئێران و لەوێ دەست گیرا کران و سەری ساڵی ١٩٧٦ ڕادەستی حکومەتی عێراقی کرایەوە و لە زینداندا مایەوە تا ساڵی ١٩٧٩ هەمان ساڵ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد لە " ناوزەنگ "، ساڵی١٩٨١ لە یەکەم کۆنفرانسی "کۆمەڵەی رەنجدەران" دا بوو بەئەندامی سەرکردایەتی "کۆمەڵەی رەنجدەران"، دوای ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ، دوای ساڵی ١٩٩٦ چەندین بەرپرسیارێتی وەرگرتووە وەك بەرپرسی مەڵبەند و پارێزگاری سلێمانی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگە کوردستان و مەڵبەندی پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ، ساڵی ٢٠٠٥ –٢٠٠٦ ئەندامی

جەعفەر عەبدولواحید، عومەر سەید عەلی ، ئاوات عەبدولغەفور، عەلی بچکۆل [1]، ئەرسەلان باین[2]. دواتر لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هەرسێ سەرکردە شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید[3] ز ئەنوەر زۆراب لە ٢١ تشرینی دووەم ١٩٧٦ لە سێدارەدران و ژمارەیەکیان حوکم دران، ئەمەش نمونەیەکی بەرچاوە بۆ هاوکاری هەردوو ولات بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنی جەزائیر[4]. جگە لەمە هەماهەنگی تەواو هەبوو لەنێوان هەردوولادا بۆ رادەستکردنەوەی پێشمەرگەی (ی . ن .ك) بەحکومەتی عێراق و چەندین پێشمەرگەشیان رادەستکردبوونەوە[5]، هەروەها لە گوندی "نشکۆلان" کە لەدیوی رۆژهەلاتی کوردستانە چەند پێشمەرگەیەکی (ی . ن .ك) دەستگیردەکرێن و دواتر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارەدەدرێن[6]، ژمارەیەك لە کوردانی باشور کە دوای

---

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو بەشدار بوو لە نوسینەوەی دەستووری عێراقی و دواتر دەستی لە هەموو کارێکی سیاسی کێشایەوە.( چاوپێکەوتن لەگەلْ ناوبراو، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.

[1] عەلی بچکۆل لە سالی ١٩٤٣ لە گوندی "عەسکەر" لە ناوچەی ئاغجەلەر لەدایك بووە ، سالی ١٩٦٣ پەیوەندیدەكات بەشۆڕشی ئەیلولەوە و دەبێتە پێشمەرگە ، سالی ١٩٦٤ دوای سەرهەلْدانی ناکۆکی ناوخۆیی (پ . د . ك) لایەنگری بالی مەکتەبی سیاسی بووە ، سالی ١٩٧١ پەیوەندیی بە (کملك) وە کردووە و بووە بە بەرپرسی رێکخستنەکانی چەمچەمالْ و سەنگاو و بازیان و قەلاسێوکە ، سالی ١٩٧٥ و دوای هەرەسی شۆڕش بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی (کملك) . لە ئەیلولی هەمان سالْ لەگەلْ بەشێك لە سەرکردایەتی (کملك) کە بەنیازبوون بە ئێراندا بچنە دەرەوەی ولات لەلایەن ئێرانەوە دەستگیردەکرێن و رادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە و تا سالی ١٩٧٩ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دوای ئازادبوونی سالی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێ وە دەكات ، سالی ١٩٨٢ بوو بە بەرپرسی هەرێمی دووی یەکێتی ، تا سالی ١٩٩٠ چەندین بەرپرسیارێتی لە رێزەکانی (کۆمەلەی رەنجدەران) و یەکێتی دا وەرگرتووە ، سالی ١٩٩٠ دەچێتە دەرەوەی ولات و لە ولاتی پاکستان نیشتەجێ دەبێت ، سالی ١٩٩٩ دەچێتە ولاتی نیوزلاند وسالی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێی یەکێتی دا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی.( چاوپێکەوتن لەگەلْ ناوبراو، سلێمانی، ٢٠١٥/٥/٢٨).

[2] عەلی بچکۆل: کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لە گەلْ خالە شیهاب و هاورێکانیدا ، چ١، ب.ش، ٢٠٠٨، ل ٢١–٥٣ ؛ کۆمەلە لە سێدارەوە :ل ١١٤– ١١٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلْ فەرەیدون عەبدولقادر: سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.

[3] جەعفەر عەبدولواحید : سالی ١٩٤٥ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، بەشی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی موستەنصریە لە بەغداد تەواو کردووە، سەرەتای کاری رێکخراوەیدا بووە بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و دواتر دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەبێت ، سالی ١٩٧٠ یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی (کملك)، لێپرسراوی رێکخستنەکانی هەولێری ئەم کۆمەلەیە بووە ، سالی ١٩٧٤ دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی ئەستێرەی سور ، لێپرسراوی رێکخستنەکانی کەرکوك ، هەولێر، موصل لە ئەستۆ دەگرێت ، سالی ١٩٧٥ و دوای شکست رووداوەکات ئێران ، بەلام لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە لە گەلْ چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیدا رادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە و دواتر لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٧٦ دا لەسێدارە دەدرێت. ( ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: چ٢ ، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ب . ش، ب . س، ل ٢٠٢).

[4] هەوالْنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە ( ١ ) مایسی ١٩٧٨، ل ٢٩ ؛ کۆمەلە لە سێدارەوە : ل٢٢٨ ؛ جريدة "الشرارة" ، العدد (٥) ، كانون الاول ١٩٧٦، ص٢ .

[5] محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژمێری پێشمەرگەیەك ، ب١ ، ل١٧٤ ؛ رێباز :قەندیل بەغدای هەژاند یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦_١٩٨٠ ، بەشی یەکەم ، هەولێر ،١٩٩٣،ل ١٢٤.

[6] خدر مەرەسەنە : ئاوێنەی راستیەکان ، ب١، چ ٢ ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل ١٣٨.

شکست لەئۆردوگاکانی ڕژێمی ئێراندا دەژیان و لەڕێکخستنەکانی یەکێتیدا کاریان دەکرد، دوای ئاشکرا بوونیان لەلایەن دەزگە سیخوڕییەکانی ئێرانەوە لە ٢٠ ئابی ١٩٧٨ دا دەستگیرکران و ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوە، دواتر لە ٤ تەموزی ١٩٧٩ دا حکومەتی عێراق لە سێدارەی دان[(١)].

لە ١ کانونی یەکەمی١٩٧٧ دا عزەت دوری پێشوازی وەفدێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی ئێرانی کرد بەسەرۆکایەتی (محەمەد مەهدی عەباسی)، بۆ پتەوترکردنی پەیوەندیی ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات و ڕێگریکردن لە هەر جموجۆڵێکی گوماناوی[(٢)]. لەساڵی ١٩٧٨ دا جەنەڕاڵ ئەزهاری سەردانی عێراقی کرد لەگەڵ سەرکردەکانی سوپا و بەتایبەت سەرکردەی فەیلەقی یەك کۆبوویەوە، بۆ دروست کردنی لیژنەی هەماهەنگی سەربازی لەشارە سنورییەکان لەقەسری شرین و خانەقینەوە تاسیدەکان، گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر جوڵانەوەی کوردی لەنێوانیاندا و ڕادەستکردنەوەی پێشمەرگەی (ی . ن .ك)، ئێران ڕێگەی دا بەوەی کە زەوی و ئاسمانی وڵاتەکەی بەکاربهێنرێت لەلایەن عێراقەوە دژی پێشمەرگە بۆ پەلاماری لەناکاو و ڕاگوێزانی گوندەکان[(٣)].

هەماهەنگی سوپایی و هەواڵگری ئێرانی بۆ پەلاماری سوپای عێراق یەکێکی تربوو لەسیاسەتی نەیارانەی ئێران بەرامبەر بە(ی . ن .ك)، دوای ئەوەی لەخووڵی دووەمی کۆبونەوەی ١٩٧٨دا سەرکردایەتی (ی . ن .ك) بڕیاریدا بنکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ناوچەی "برادۆست" کە ساڵی پێشووتر لەوێ بوون ، ئەمەش ناوچەیەکی سنوری نێوان هەرسێ پارچەی باکور و باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، شوێنێکی ستراتیجی گرنگە هاوکات بۆ دروستکردنی هێڵێکی هاتووچۆ بۆ دەستگەیشتن بەسوریا بۆ هێنانی چەك و یارمەتی بۆ شۆڕش . ئێران زۆر بەوردی لە ڕێگەی دەزگای ساواکەوە چاودێری هێزەکانی (ی . ن .ك)ی دەکرد ، زۆرجار کوردی سیخوڕی دەنارده ناویان هەواڵ و زانیارییان دەگەیاندە ئێران . لەلایەکی دیکەوە بەفڕۆکە و تانك و تۆپ لە هێزی پێشمەرگەی دەدا و لەناوچەکانی "کێلەشین" ژمارەیەك لەپێشمەرگە کوژران و بریندارکران [(٤)].

مەلا بەختیار[(٥)] لەکتێبی یاخی بوون لەمێژوو دا ئاماژە بۆ پلانێکی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك)و ئێران دەکات کە ویستویانە (ی . ن .ك) ڕابکێشنە ناو گۆڕەپانێك کە دور لە دەسەڵاتی (ی . ن .ك) بێت و لە بارەگاکانی

---

(١) شاخەوان عەباس : سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠ ، چ ٢، سلێمانی ، ٢٠١٢ ، ل ١٦٠ .

(٢) جريدة "الشرارة "، العدد ٨ ، كانون الثاني ، ١٩٧٨، ص ٥.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەکەناری دانوبەوە ، ل ١٨٩ .

(٤) هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ، ژمارە (٢) ئابی ١٩٧٨، ل ٢ .

(٥) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) : ساڵی ١٩٥٤ لە شاری خانەقین لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی (کملك) ەوە، دوای گیرانی سەرکردایەتی (کملك) ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ئارام (شاسوار جەلال) و سالار عەزیز و ئازاد هەورامیدا سەرکردایەتییەکی کاتی بەناوی (کۆمیتەی هەرێمەکان) بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ڕیکخستنەکانی (کملك) پێکدەهێنن . هەمان ساڵ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات لە بەری قەرەداغ ، لە کۆبوونەوەی یەکەمی سەرکردایەتیی یەکێتی دا لەساڵی ١٩٧٧ دا لەبرادۆست بەشداردەبێت و بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی ، ، ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی کۆمەڵەوە

خۆیان دووربخەنەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ڕێگری ئەوەیان کردووە کە بە ئۆتۆمبێل بە ناو خاکی ئێراندا بڕۆن بەڵام زۆرجار ڕێگەیان بەوە داوە کە لە سنور بپەڕنەوە تا بەردەوام بن لە ڕۆیشتن[1] . (ی . ن .ك) بەشێك لە تاوانی ئەم کارەساتەی لەئەستۆی ئێراندا دەبینی کە بەشێك بووە لەو پلانەی نێوان عێراق وئێران وتورکیا وسەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بۆ لێدانی (ی . ن .ك) .

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق هەوڵیدا سود لەو بارودۆخە وەربگرێ کە (ی . ن .ك) پێیدا تێدەپەڕێت . دوابەدوای ڕوداوی هەکاری[2] و لەگەرمەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (کملك) دا و لە شەوی ٨–٩ تشرینی دووەمی ١٩٧٨ دا سوپای عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچە سنورییەکان لە هەڵەبجەوە تا حاجی ئۆمەران، بەتایبەت ئەو ناوچەیەی کەبارەگای سەرکردایەتی یەکێتیی لێبوو لەگوندی "شێنێ "و "دەشتی زەڵی و خڕی ناوزەنگ"، لەسەری مامەندە بۆ ناوچەی "بێ دەلان"، ئەگەرچی سوپای عێراق نەیتوانی سەرکەوێت، بەڵام ئەم هێرشە لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی و کارئاسنی زۆری پیشکەش کرا، ئەفسەرانی سوپای ئێرانی لەدیوی ئێرانەوە نیشانیان بەفرۆکە و تۆپهاوێژە ئێرانیەکان دەدا و فرۆکەکانی عێراق لەدیوی ئێرانەوە بۆ لێدانی

هەواڵنامەی کتێب

---

سەرۆکایەتی باڵێکی جیاوازی لە سەرکردایەتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کرد و ، دواتر ئاڵای شۆڕش (ئاش) یان پێکهێنا ، هەمان ساڵ لەلایەن یەکێتیەوە دەستگیردەکرێت تاساڵی ١٩٨٩ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دواتر سەرقاڵی کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستن بوو لە ناو (ئاش) ، دوای ساڵی١٩٩١ دوای ڕاپەڕین و ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکیان گرتەوە و ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتی و بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی ڕیکخراوە دیموکراتییەکان ، ساڵی ٢٠١٠ بوو بە بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ، سەرپەرشتی دەرکردنی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کردووە . (چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو ، سلێمانی،٢٥/١١/ ٢٠١٥).

[1] مەلا بەختیار : یاخی بوون لە مێژوو( لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی ڕاستیەکان ) ، ب . ش ، نەورۆزی ١٩٩٨، ل ١٧٥_ ١٧٦.

[2] کارەساتی هەکاری :یەکێتی دەیویست کەپێش ئەوەی حکومەتی عێراقی پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنور دەست پێبکات کە بە نیاز بوو لە(١/٦/١٩٧٨ ) دەستپێبکات، بارەگای سەرەکی بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی پارێزراوتر، هەروەها مەبەستێکی تری یەکێتی بریتی بوو لە بردنی دەستەی چەکداری یەکێتی بۆ ناوچەی بادینان بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو ناوچەیە بە چەکداری خۆی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی کە پێشتر بە هۆی سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە توشی یەکێتی ببوو لەو ناوچەیە، پاککردنەوەی ناوچەکە لە سەرکردایەتی کاتی پارتی ئەگەر بونە ڕێگری یەکێتی، نزیکبونەوە لە (دە.دە.کا.دە DDKD) لەسنوری باکوری کوردستان.( ڕێباز : س.پ، ب١، ل ١١٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە ، ل ٢٦٦_٢٦٧ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك ، ب١ ، ل ١٧٧). هەڵەی سەرکردایەتی یەکێتی لەپلان و هەڵبژاردنی کاتی بەڕێکەوتن و چۆنیەتی بەڕێکەوتنی ئەم هێزە گەورەیە لەگەڵ چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی وایکرد یەکێتی توشی شکستێکی گەورە بێت کە لە مێژووی یەکێتیدا بە کارەساتی هەکاری ناودەبرێت، هێزی یەکێتی کە لە (١٠٠٠ )پێشمەرگەی چەکدار و بێ چەك پێکدەهات ، بڕیاردرا ئەم هێزە بە سێ ڕەتڵ بەڕێبکەون هەردووڕەتڵی یەکەم و دووەم نزیکی(٨٠٠ ) پێشمەرگە دەبوون بەهۆی پەلاماری سوپای عێراق و ئێران وچەکدارانی سەرکردایەتی پارتی و هۆزە کوردەکانی سنوری تورکیا عێراق کە سەر بە میت و سەرکردایەتی کاتی پارتی بوون پەرتەوازە بوون و تەنها هەشت پێشمەرگەیان لێگەڕانەوە، ژمارەیەکە زۆریان کوژران یان ڕەقبونەوە یان کەوتنە دەست ئێران و سەرکردایەتی کاتی یان خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، سێ فەرماندەی یەکێتی عەلی عەسکەری و دکتور خالید و حسین باباشێخ شەهیدکران(صلاح الخرسان : م . س ، ص٣٧٣_٣٧٩).

پێشمەرگە دەسوڕانەوە بە کۆپتەر سەربازیان دادەبەزاند، ئێران فرقەی (٢٨)ی خۆی هێنابوویە سەرسنور و ئابلۆقەی ناوچەکەیان دابوو [١].

هاندان و یارمەتی دانی ئێران بۆ سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) لایەنێکی تر بوو بۆ توڕەبوونی (ی . ن .ك)، سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بە یارمەتی ئێران تەواو جموجوڵیان فراوان ببوو، تەنانەت ئێران دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیریش هاوکاری تەواوی پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتیان دەکرد کە بەئاشکرا لەسنوورەکانەوە هاتوچۆ بکەن و لەلایەن ساواکەوە هەموو کارئاسانییەکیان بۆ دەکرا [٢]. گۆڤاری ( الشراره ) لەوکاتەدا بەم جۆرە ئاماژە بۆ ئەو هاوکارییە دەکات و نوسیویەتی (( دوای هەڵایسانی شۆڕش لەکوردستانی عێراق بەیارمەتی دەزگای ساواك سەرلەنوێ سەرکردایەتی بارزانی گەڕانەوە گۆڕەپانەکە [٣]))، هەروەها بنکە و بارەگایی ئاشکرایان لە" نۆکان" و "دزڵی " دروست کردبوو، ئەمەش وایکرد (ی . ن .ك) بەچاوی گومانەوە بڕوانێتە ئێران بەوەی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بەشێکە لەپلانی ئێران بۆ لێدان و لاوازکردنی (ی . ن .ك) ودروستکردنی ئاژاوە و دووبەرەکی لە ناوخۆی بزاڤی کوردیدا[٤].

بەڵام لەسەرەتایساڵی ١٩٧٨ وە هەلومەرجی ناوخۆیی ئێران لەبەرژەوەندی بزاڤی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان و بەتایبەت (ی . ن .ك) ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، سیستەمی پاشایی لە ئێران دوای ٢٥٠٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی لەئەنجامی بەرفراوان بوونی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران لە کۆتایی نزیك دەبۆیەوە ، لە کاتێکدا کە خاوەنی سوپایەکی بەهێز و سەرمایەیەکی زۆر و زەبەند بوو بەڵام نەیتوانی پێگەیەکی راستەقینەی جەماوەری بەهێز بۆ خۆی بنیات بنێت تا بتوانێت لە ڕێیەوە لە مانەوەی خۆی دڵنیا بێت ، روخانی شا بووە لاپەڕەیەکی گەشی خەباتی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی زۆرداری و دیکتاتۆر لەوڵاتدا[٥]. دواساڵەکانی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی لەبەڕێوەبردنی وڵات لەبوارەکانی ( سیاسی ، ئابووری ، ئاینی ، کۆمەڵایەتی ، نەتەوەیی ... هتد ) پێشینەیەکی لەباریان دروست کرد بۆ توند بوونی ناڕەزاییەکان، و ئێرانی

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] ڕێباز : س. پ ، ب١ ،ل ١٣٣–١٣٨ ؛ برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٢٣٥–٢٣٨ ؛ ئاوات قارەمانی : ڕێگا باریکەکان یاداشتە رۆمان رووداوەکانی (١٩٦٣_١٩٩٩)، چ ٢، سلێمانی ،٢٠٠٩، ل ١٥٥–١٥٦ ؛ صلاح الخرسان :التيارات السياسية ف كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦–٢٠٠١ ،ط١، بيروت ٢٠٠١، ص ٣٨٦.

[٢] محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك ، ب١، ل١٧٤.

[٣] مەبەست لێی دروستبوونەوەی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك)ە ، ("الشرارة" ، العدد ٨ ، كانون الثاني ، ١٩٧٨، ص ٢).

[٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ١٨٩–١٩٠ ؛ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (١) مایسی ١٩٧٨، ل٦.

[٥] د. یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجولآنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩–١٩٧٩) ، چ ٢ ، سلێمانی ، ٢٠١١، ل ٥٥٢.

کردە خاکێکی بەپیت بۆ گەشەکردنی تۆوی پشێوی سەرتاسەری و سەرەنجام شۆڕش لەسەرانسەری وڵاتدا سەرەنجام کۆتایی دەسەڵاتی شا لە ئێراندا [١].

شۆڕشی گەلانی ئێران بووە جێگای ئومێدی (ی . ن .ك) و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ناوچەکە، لەدوامانگی ساڵی ١٩٧٨ گۆڕانێك لەگوزەرانی شۆڕشی نوێ لە باشوری کوردستانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دروستبوو، بووە خاڵی وەرچەرخان بۆ شۆڕشی باشوری کوردستان، دەستگرتنی کۆمەڵانی خەڵك بەسەر دام و دەزگەکانی شادا لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو بۆ شۆڕشی کوردانی باشور و ئیدی تادەهات بەرخودان زیاتر پێشکەوتنی بەخۆوەدەبینی، بەتایبەت (ی . ن .ك) لەهەموو لایەنەکان زیاتر سودیان لەم دۆخە نوێیە وەرگرت ، چونکە (ی . ن .ك) پەیوەندییەکی فرە ڕەنگ و زۆریان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیوی ئێراندا هەبوو[٢]. عومەر شێخ موس لەسەر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە دەڵێت :((سەرهەڵدانەکانی پایزی ساڵی ١٩٧٨ و دواتر روخانی شا لەشوباتی ١٩٧٩ هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ پاراستنی (ی . ن .ك) لە کەوتن و هاوکات پاراستنی لە توشبوون بە کارەسات و دەرەنجامی خراپتر [٣] ))، گۆڕانی دۆخی سیاسی ئێران دڵخۆشکەر بوون بۆ (ی . ن .ك)، چونکە ئێران نەیاری نەتەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەت (ی . ن .ك) بوو[٤]. ئەم گۆڕانکارییەش لەچەند لایەنێکەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر پێشەوەچوونی (ی . ن .ك) ، بۆ وێنە :

ئەوگەمارۆیانەی کە لەسەر (ی . ن .ك) بوون بەگۆڕانکارییەکان و کۆتایی هاتنی شا ئەویش کۆتایی هات ، چونکە (ی . ن .ك) لەدوای دروستبوونیەوە گەمارۆیەکی گەورەی کەوتبۆیە سەر. رژێمی شا ئەندامێکی سەرەکی و کارای ئەو هاوپەیمانییە هەرێمایەتی و ناوچەییەبوو کە لەنێوان (حکومەتی عێراق ، ئێران ، تورکیا) دا بەسترابوو، گەمارۆیەکی گەورەی خستبووەسەر بزاڤی سیاسی باشوری کوردستان و بەتایبەت (ی . ن .ك)، لەو ڕووەوە ئێران هاوکارییەکی زۆری عێراقی دەکرد لەهەمان کاتیشدا هاوکاری سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بوو، بەڵام بەڕووخانی شا کەلێنێك کەوتە نێوان ئەو دوو وڵاتە و حکومەتی عێراق هاوپەیمانێکی سەرەکی لەدەستدا، سەرکردایەتی کاتی(پ . د . ك) یش لاوازبوو ئەو دەسەلات و ڕێگریکردنەی نەما کەپێشتر بەرامبەر بە(ی . ن .ك) پەیڕەوی دەکرد[٥].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فاکتەرەکانی روخانی دەسەڵاتداری شاهانشاهی ئێران بڕوانە :( د.یاسین سەردەشتی : العوامل الأساسية في اندلاع الثورة وسقوط النظام الشاهنشاهي في ايران، مجلة " زانکۆی گەرمیان"، العدد (٩)، ٢٠١٦).

(٢) پشکۆنەجمەدین : ئەزمون و یاد ئالای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان ١٩٧٨– ١٩٨٣ ، ب١ ، چ ٣ ، ب.ش ، ٢٠١١، ل٩١،٦٨ ؛ ئەحمەد بانیخێلانی: یادەوەرییەکانم ،چ ٢ ، سلێمانی ،٢٠١٤، ل ٣٢٨ ؛ ڕێباز ، س.پ ،ب١، ل ١٤٤،١٤١.

(3) Omar Sheikhmous, the Patriotic Union of Kurdistan in Iraq: Origins, Ideologies, Visions and Realities, April, 2009.p7.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ٣٤٩–٣٥٠ .

(٥) هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ، ژمارە ( ٤ ) مارتی ١٩٧٩ ، ل ١ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٦٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ( ئەبوشەهاب ) ، سلێمانی ، ٢٠١٥ /٥/١٢ . (ئیحسان نەجم /ئەبوشەهاب) : لە

دەسەڵاتی نوێی ئێران کە لە ٩ ی شوباتی ١٩٧٩ دا دامەزرا چەندین گرفتی گەورەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبوو، لەوانە دەرکردنی خومەینی[١] لە عێراق کە ئەمەی هەر لەدڵدا مابوو، لە دواتریشدا پەشیمان بوونەوەی ڕژێمی عێراق لەڕێکەوتنی جەزائیر، هاندانی عێراق لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە دژی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ناکۆکی وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە گەڵ ئێران گەیشتە بنبەست، هەروەها وەڵامی خومەینی بۆ (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆکی عێراق کە لە کۆتایدا نوسیبووی ((السلام علی من اتبع الهدی _ سەلام لەوانەی کەڕێگەی ڕاست دەگرن)) زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئاڵۆز کرد[٢]. جگە لەمە زۆبەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەسەڵاتی شا بەتایبەت هێزە ئێرانییەکان بەئیسلامی وچەپ و نەتەوەییەوە شوێن خومەینی کەوتبوون و بەچاوی دوژمن لەڕژێمی عێراقیان دەڕوانی[٣]. عێراقیش لای خۆیەوە دەترسا لەپەرینەوەی پریشکی شۆڕشی ئێران و بزاڤی شیعەگەرا بۆ عێراق بەتایبەت ڕێژەیەکی زۆری شیعە لەعێراق دەژین[٤]. (ی . ن .ك) دەیتوانی سود لەم ناکۆکیە وەربگرێت بۆبەرژەوەندی خۆی و دۆزینەوەی پشتیوانی و بەهێزکردنی پێگەی خۆی دژی ڕژێمی عێراق، بەوپێیەی (ی . ن .ك) پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەك چریکی فیدائیانی خەڵکی ئێران[٥] و سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە[١] چ لە پێش یان لەدوای ڕوخانی شا[٢].

هەواڵنامەی کتێب

---

ساڵی ١٩٤٨ لە کەرکوك لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتای لە شاری کەرکوك تەواو کردووە ، دەرچوی پەیمانگای نەوتە . یەکێك بووە لە کادیرە باڵاکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ، لە ڕیزەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) و لە ناو هێزی پێشمەرگەدا چەندین بەرپرسیارێتی پێ سپێردراوە ، لە کۆنگرەی یەکی (ی . ن . ك) دا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی ، و ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٦ بووە بە پارێزگاری کەرکوك ، ئێستە لە شاری سلێمانی دەژێت).

(١) روح الله سەید مستەفا موسەوی: ناسراوە بە (ئایەتوڵڵا خومەینی) ، ساڵی ١٩٠٢ لە شارۆچکەی (خومەین) لەبنەماڵەیەکی ئاینی لەدایك بووە ، سەرەتاکانی خوێندنی ئاینی لە حەوزەی (اراك)دا خوێندووە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ شاری قوم، ، سەرەتای دەرکەوتنی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ و دەرکەوتنی وەك کەسایەتییەکی نەیاری دەسەڵاتی شا ، دوای ساڵی ١٩٦٤ دەچێتە تورکیا و دواتر دەچێتە عێراق و بۆ ماوەی سیازدە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە ، دوای ڕێکەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ دا لەژێر فشاری شادا عێراق جێدەهێڵێت ، بەردەوام دەبێت لە هەڵوێستی نەیارانەی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی شا ، لەگەڵ شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ئێران ١٩٧٨-١٩٧٩ لە ڕێگەی پەیامەکانیەوە بەهۆی (کاسێتی دەنگییەوە) دەیناردەوە بۆ ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە هاندانی خەڵکی دژی دەسەڵاتی شا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەك ڕابەری باڵی ئاینی جڵەوی شۆڕشی گرتەدەست ، تا مردنی لە حوزەیرانی ١٩٨٩ وەك رابەری شۆڕش ناسرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ( أحمد مهابة : ایران بین تاج والعمامة ، ط١، ب . م ، ١٤١٠هـ-١٩٨٩م ، ص ٢١٩).

(٢) برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٣٠٧ ؛ ڕێباز : س.پ ، ب١، ل ١٤٤.

(٣) ڕێباز : س.پ ،ب١، ل ١٤١ .

(٤) هـ . س ، ل ١٤١. ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل٣٥٠ .

(٥) چریکی فیدائیانی خەڵکی ئێران : چریکەی فیدائیانی خەڵکی ئێران : ئەم ڕێکخراوە لە١٩٦٥ دا و لەلایەن ( مەسعود ئەحمەد زادە و بیژەن جەژنی)یەوە دروستکرا ، لایەنگرانی ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا پێکدەهات لە خوێندکاران و کارمەندان ... ، کە خۆیان بە پێڕەوانی قوتابخانەی مارکسیزم – لینینزم دادەدەنا ، بڕیاریاندا هاوشێوەی خەباتی شیوڕشەکانی ئەمریکای باشور و ناوەڕاست

ئیدی لەوە بەدوا ئێران بووە کەناڵێکی گرنگ بۆ پەیوەندیەکانی (ی . ن .ك) لە دەرەوە و ناوخۆدا. لەوکاتەدا (ی . ن .ك) لەلایەن دوو وڵاتی عەرەبیەوە هاوکاری دەکرا کە دوژمنی ڕژێمی عێراق بوون ئەوانیش سوریا و لیبیا بوون، لەلایەکی دیکەوە دەرفەت بۆ (ی . ن .ك) دروست بوو بۆ پەیوەندیی کردن بەجیهانی دەرەوە و بۆ گەیشتنی ئەو یارمەتییانەی کەلەلایەن لیبیاو سوریاو فەلەستینیەکانەوە بۆ (ی . ن .ك) دەنێردران . لەهەمان کاتیشدا ئێران پەیوەندیەکی باش و پتەوی لەگەڵ هەردوو وڵاتی سوریا و لیبیادا هەبوو، یەکێتیش توانی سود لەو پەیوەندییە لێوەربگرێ[٣] . ئێران گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت بووە دەروازەیەکی گرنگ بۆ (ی . ن . ك) پەیوەندیکردن بەجیهانی دەرەوە، هەر لەم هەلومەرجە نوێیەدا چەند ئەندامێکی (ی . ن .ك) لەدەرەوە بوون لەڕێگەی ئێرانەوە گەڕانەوە کوردستان، وەك (عومەر شێخ موس، عومەر مستەفا، فوئاد مەعسوم، کەمال خۆشناو، سالار عەزیز، عادل موراد)[٤] . لەناوخۆی کوردستانیشدا زۆرجار بۆ پەیوەندیی کردن و هاتوچۆ لەگەڵ سەرکردایەتی (ی . ن .ك) بەناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوچۆیان دەکرد، بەتایبەت لەناوچەی شارەزور

---

و شۆڕشی کاسترۆ لە کوبا و بە شێوەیەکی نهێنی دەست بە خەبات بکەن ، (مصطفی ایزدی و دیگران: تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور، کتاب سوم،چ١، چاپخانه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، ١٣٨٦ ، ص ٢٣) ، ساڵی ١٩٧١ جموجوڵی چەکدارییانەی خۆیان دەستپێکرد ، دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە وەك دوو تیۆریستی خاوەن بیرو باوەڕی شەڕی پارتیزانی چەندین کتێبیان دەربارەی چۆنیەتی شەڕی پارتیزانی و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکیدا بڵاوکردەوە ، کاریان زیاتر پەلاماری دەزگەکانی حکومەت و تیرۆری سیاسی بوو . (د . علي محافظة :إيران بين القومية الفارسية والثورة الإسلامية ، ب .م ، ب . س ، ص ٨٩).

[١] سازمانی شۆڕگێڕی حیزبی تودەی ئێران : حیزبی تودەی ئێران هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی ئەندامانی خۆی بێلایەن بکات لە ململانێی نێوان هەردوو پارتی کۆمۆنیستی چین و سۆڤیەت ، لەکاتێکدا پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا دابەش ببون ، بەڵام هەوڵەکانی حیزبی تودە شکستی هێنا و زۆرینەی ئەندامە باڵاکانی ئەم حیزبە بەتایبەت لە ئەڵمانیا و ئەوروپای رۆژئاوا کەوتنە ژێرکاریگەریی بیری ماویزمەوە ، لە ژێرکاریگەریی ئەم ململانێیە و بارودۆخی ناوخۆی ئێران ژمارەیەك لە ئەندامانی ناڕازی حیزبی تودە کە لەئەوروپای ڕۆژئاوا بوون وەك ( محسن ڕەزوانی، کورش لاشایی،مهدی خانبابا تارانی، سیاوش پارسا نەژاد ، عەتا کشکولی چەندانی تر) لە کۆتایی نیسانی ١٩٦٢ دا و لەشاری میونخ لە ژێر دروشمی (جولانەوەی چەکداری تەنها ڕێگەی ئازادی گەلانی ئێرانە) (سازمانی شۆڕگێڕی حیزبی تودە)یان دامەزراند، لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و دەستەیەکی ڕێبەرایەتی بۆ ئەم ڕێکخراوە دروستکرا کە پێکهاتبوو لە (ڕەزوانی و لاشایی و بیژەن حکمت) . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(حەمید شەوکەت : روانینێك لە ناوەوە بۆ بزوتنەوەی چەپی ئێران (هەڤپەیڤین لەگەڵ :مێهدی خانبابا تارانی ، و : شۆڕش گوڵکار ،چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٢٤ ،١٢٧ ؛ سیامك لطف اللهي – سازمان انقلابـــــی حـــــزب تــــوده ایــــــران در خــــــارج از کشـــــور،بخش اول، https://www.enghelabe-eslami.com/component/content/article/21-didgagha/tarikhi/8057-2014-04-02-20-54-(10.html

[٢] برایم جەلال:چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٣٠٨.

[٣] هـ .س ، ل٢٣٢، ٣٠٩.

[٤] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٦٧ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩_ ١٩٨٣، چ ٣ ، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٨.

**و هەورامانەوە دەچونە پاوە و مەریوان و لەوێوە بەئۆتۆمبێل دەچونە سەردەشت و پاشان بۆ سەرکردایەتی (ی . ن .ک)[1].**

**بەدروستبوونی پشێوییەکانی ئێران، رۆژهەڵاتی کوردستانی بووە قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ خەباتی باشوری کوردستان، سنورەکان بەڕووی پێشمەرگەی یەکێتیدا کرانەوە کە بە ئازادی بچنە گوند و شار وشارۆچکەکانی رۆژهەلات و ببێتە پەناگەیەك بۆ پشودان لە خواردن و خۆشتن و پەیداکردنی پێداویستییەکانیان، لەناردنی بریندار بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران و دەستکەوتنی دەرمان، هەندێك لەبریندارەکان لەلای پزیشکە کوردەکان دەرمان دەکران و هەندێکیان دەبرانە نەخۆشخانەکانی ناوەند لە تەوریز و تاران ، هەروەها کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی لەناو جەماوەری خەڵکی رۆژهەڵات و دەستکەوتن و کڕینی چەك[2]. (ی . ن .ك) زۆر بە ئاسانی دەیتوانی نێردراوی بنێرێت بۆ لای دۆست ولایەنگرانی خۆی بۆ شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بۆ ئەوەی یارمەتی و هاوکاری کۆبکەنەوە بۆ (ی . ن .ك)، بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو کە خەڵکی لەترسی دام ودەزگەکانی شا نەیاندەوێرا خۆیان نزیکی (ی . ن .ك) بکەن ، (ی . ن .ك) توانی سودێکی زۆر لەم هاوکارییانە وەربگرێت[3]. عومەر شێخ موس لەسەر هاوکاری گەنجان و خەڵکی رۆژهەڵات دەڵێت :((**

---

**[1] مستەفا چاوڕەش : یادەوەرییەکان ، چ١ ، چاپخانەی سەردەم ،٢٠١٤، ل ١٦١ ؛ پشکۆنەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٩٢ ؛ .چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢(محمد حاجی محمود : ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی گوڵەخانەی ناوچەی شارەزوو لە دایك بووە ، سەرەتایی خوێندنی بە خوێندنی ئاینی دەستی پێکردووە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا و ساڵی ١٩٧٠ لە ڕیزەکانی ( پ . د . ك ) وەرگیرا ، ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەسی شۆڕش پەیوەندیی بە ڕیزەکانی " کۆمەڵەی رەنجدەران " ەوە کردووە ، لە نیسانی ١٩٧٦ و دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری یەکێك بوو لەو پێشمەرگە بەراییانەی کە مەفرەزە سەرەتاییەکان پێك هێنا و شۆڕشی چەکدارییان دەست پێکردەوە، هەر هەمان ساڵ بوو بە جێگری فەرماندەی مەفرەزە ، لەنیسانی ١٩٧٨ وازی لە " کۆمەڵەی رەنجدەران " هێنا ، دوای ڕوودانی کارەساتی هەکاری خۆی و ٧ پێشمەرگەی تر توانی بگەڕێتەوە ناوچەکانی ژێر دەستی یەکێتی ، دواتر کرایە فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان ، پاشان ساڵی ١٩٨٠ لە ڕیزەکانی یەکێتیدا نەما پەیوەندیی کرد بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستدا بوو ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی ، ساڵی ١٩٨٥ بوو بە لێپرسراوی عەسکەری حزبی سۆسیالیست، ساڵی ١٩٨٨ دوای دامەزراندنی بەرەی کورستانی بوو بە ئەندامی سەرکرادیەتی بەرە ، دوای یەکگرتنەوەی ( پ . د . ك ) و( حسك) بوو ساڵی ١٩٩٣ بوەو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( پ . د . ك ) ، لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤ حزبی سۆسیالیستی کوردستانی دروست کردو بوو بە سکرتێر ، تا ئێستەش سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستانە).**

**[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢ ؛ پشکۆنەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٦٨ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ١٦٣.**

**[3] ئاوات قارەمانی : س . پ ، ل ١٥٩– ١٦١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦ (جەلیل حاجی ئەحمەدی (جەلیل گادانی) : لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری مەهابد لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٧٢ بەکالۆریۆسی لە زمانی فەڕەنسی لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە ، ساڵی ١٩٤٨ بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، لەسەردەمی دەسەڵاتی شادا بۆ ماوەی (١٣) ساڵ لە زینداندا بوو ، دوای ساڵی ١٩٧٩ و روخانی دەسەڵاتی شا چەندین بەرپرسیارێتی لەناو (حدکا)دا وەرگرتووە ، پاشان لە نەورۆزی ١٩٨٨دا جەلیل گادانی بوو بە سکرتێری**

ڕۆژێك لە دەمم دەرچوو بەچەند گەنجێکم وت کەسەردانیان کردبووین، وەزعی پارە و ئازوقەمان خراپە، سێ هەفتەی پێنەچوو بەشالاْو ئازوقە و شتی تریان بۆ هێنایین [1] )). جگە لەمانە (ی . ن .ك) توانی سود لەهەلومەرجی نوێی ئێران و ڕۆژهەلاْتی کوردستان وەربگرێت بۆ دەستکەوتنی چەندین پارچە چەك و کەل وپەلی سەربازی چ بەوەی لەلایەن خەڵکەوە لەبازاڕ دەفرۆشران یەکێتی لێی دەکرین، یان لەلایەن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە بە (ی . ن .ك) دەدرا ، هەندێ جاریش یەکێتی خۆی لە پەلاماردانی بنکەکانی سوپای ئێرانیدا پاشماوەی دەسەلاْتی شا دەستی بەسەردا دەگرت[2].

(ی . ن .ك) دەرفەتێکی بۆ دروستبوو بۆ لێدانی نەیارەکانی بەتایبەتی سەرکردایەتی کاتی( پ . د . ك ) کە دوای کارەساتی هەکاری ناکۆکی نێوان هەردوو لا گەیشتە لوتکە، (ی . ن .ك) لەشاروشارۆچکەکانی ڕۆژهەلاْتی کوردستان دەستیان کرد بە هاندانی خەڵکی بۆ دژایەتیکردنی سەرکردایەتی کاتی( پ . د . ك ) [3]، بێ گومان هەڵوێستی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بەرامبەر بەخەباتی کوردانی ڕۆژهەلاْت لەهەموو سەردەمەکاندا باش نەبوو ، ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی ئەرێنی بوو کە پێگە وجەماوەری (ی . ن .ك) لە ڕۆژهەلاْت بەهێزکرد [4]. لە ڕوویەکی دیکەوە ئەم گۆڕانکارییانە دەرگای والاْکرد بەرووی قوڵبوونەوەی کێشە ناوخۆییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ، و گواستنەوەیان بۆ ڕۆژهەلاْتی کوردستانیش، بەجۆرێك نەتوانرا سود لەم بارودۆخە نوێیە وەربگیرێت .

بەڕزگاربوونی ڕۆژهەلاْتی کوردستان بڕوا و متمانەی خەڵك لە باشوری کوردستان بەشۆڕش بەهێزبوو، ترس لە ڕژێمی عێراق کەمبووەوە ، ژمارەیەکی زۆر پەیوەندییان کرد بە یەکێتییەوە، بەچەك و جلوبەرگ و پێداویستی خۆیانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لەکارەساتی هەکاریدا لای سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) دیل بوون یان ئەوانەی کە وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنابوو گەڕانەوە ریزی شۆڕش[5]. لەژێرکاریگەریی گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەلاْتی کوردستاندا توانا و وەرەی پێشمەرگە زیادی کرد بەجۆرێك توانیان سنوری

---

باڵی جیاوەبووی (حدکا) بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، تا یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی (حدکا) سکرتێر بووە ).

[1] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٤٤.

[2] لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی : نیو سەدە بۆ نێشتیمان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٤٥٧–٤٦٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٣٤ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، س.پ ،١٦٨.

[3] پشکۆ نەجمەدین: ئەزمون و یاد ، ل٨٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ،٢٠١٥/٣/٣٠. (لە شاری بۆکان لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، پاشان چوەتە ریزەکانی (کۆمەڵە) وە دوای دروستبوونی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ) لە ریزەکانی کۆمەڵە دەچێتە دەرەوە ، ناوبراو تا ئێستە وەك شیکەرەوەی سیاسی بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژێت )

[5] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٦٦–١٦٧.

چالاكییەكانیان بەرفراوان بكەن و تەنانەت گەیاندیانە ناوجەرگەی شارەگەورەكانی وەك ( سلێمانی، سەید سادق، سەنگاو، قەڵادزێ ،...)[١].

سەرەڕای هەموو ئەو كاریگەرییە ئەرێنیانە بێگومان كاریگەری نەرێنیشی هەبوو ، یەكێك لەكاریگەرییە نەرێنییەكانی روودانی شۆڕشی گەلانی ئێران جیابوونەوەی باڵێكی گەورەی یەكێتی بوو لە ٢١ ئازاری ١٩٧٩ دا بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان [٢] جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی توانی سود لە بارودۆخی نوێی ئێران وەربگرێت بتوانێ پشتیوانی و سەرچاوەی یارمەتی پێویست بۆ مانەوە و بەردەوام بوون دەستەبەربكات. چ لەلایەن دەسەڵاتی نوێی ئێران چ لەلایەن پارت و ڕێكخراوەسیاسیەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانەوە بەتایبەت (حدكا) [٣].

[١] وەرگیراوە لە : (فاروق محەمەد محەمەدئەمین : س .پ ، ل ٩٣) .

[٢] دوای هەرەس بە مەبەستی درێژەدان بە شۆڕش زنجیرەیەك چاوپێكەوتن و كۆبوونەوە لە نێوان كادیرانی(پ . د. ك) دا ئەنجامدرا ، لە نیسانی ١٩٧٥ دا لە شاری " ورمێ" لە ماڵی (عومەر مستەفا – دەبابە) كۆبوونەوەیەكی چارەنوسساز ئەنجامدرا ، بەشداربوانی ئەم كۆبونەوەیە پێكهاتبوون لە (عەلی عەسكەری، دكتۆر خالید ، رەسوڵ مامەند ، ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا ناسیح ، عەلی هەژار، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، تاهیر عەلی والی بەگ ، چەندین كەسایەتی تر ) لەم كۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا مەیدانی خەبات چۆڵنەكەن و سود لە لێبوردنی حكومەتی عێراق وەربگرن وبگەڕێنەوە بۆ باشوری كوردستان، چونكە حكومەتی شای ئێران ڕێگە نادات هیچ جوڵانەوەیەكی سیاسی ئەنجامبدەن، دوای گەڕانەوەیان پەیوەندیان بەیەكەوە هەبێت و هەوڵبدەن بۆ دروستكردنی ڕێكخستنێكی فراوان، بەڵام نابێت پەلە بكرێت لەدروستكردنیدا. (ئەحمەد حەمەد ئەمین : بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان (١٩٧٥– ١٩٨٢) توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە ، گۆڤاری "كەلتور"، ژمارە (٩) ساڵی چوارەم، نیسانی ٢٠١٣، ل٢٢). دواتر كانونی دووەمی ١٩٧٦ دا لەكۆبونەوەیەكدا بە ئامادە بوونی (عەلی هەژار، كاردۆ گەلاڵی ، سەعدی گچكە ، سەید كاكە) پێشنیاری دروستكردنی ڕێكخراوێكی سیاسیی كرا، دوای هەندێك پەیوەندیی و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەوكاتەی كوردستان بە دەستپێشخەری ساڵەح یوسفی و بەشداری ژمارەیەك لە كادیر و سەركردەی هەردوو باڵەكەی (پ . د .ك)،(بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان) دامەزرا، دەستەی دامەزرێنەران پێكهاتبوو لە(ساڵەح یوسفی ، عەلی عەسكەری، د. خالید سەعید ، سەعدی گچكە، عەلی هەژار، كاردۆ گەلاڵی، رەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی ، سەید كاكە، مەلا ناسیح) و لە (١٩٧٦/٨/٨)دا بەیاننامەی دامەزراندنی (بزوتنەوە) ڕاگەیەندرا.(سەلام عەبدولكەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری كوردستان ١٩٧٥–١٩٩١ سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حیزبی سۆسیالیستی كوردستان ، چ١ ، ب . ش ، ٢٠١١ ،ل ٢٤).

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل ٤٤.



هەواڵنامەی كتێب

## باسی سێیەم/ پێگەی جەماوەریو ڕۆڵی (ی . ن .ك) لەڕوداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان

(ی . ن .ك) لە دروستبوونیەوە گرنگی و بایەخی رۆژهەلاتی کوردستانی هەست پێکردووە ، بۆیە هەر زوو توانی لەدڵی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستاندا جێگەی خۆی بکاتەوە . دامەزراندنی یەکێتی لەناو چین و توێژە جیاوازەکاندا دەنگی دایەوە و هاوسۆزی دانیشتوانی رۆژهەلاتی کوردستانی بەدەستهێنا. هەر لەسەرەتاوە کاتێك یەکێتی لەدەرەوەی وڵاتدا دامەزرا ، کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان لەتاراوگە بەدەنگی بەیانی دامەزراندنی یەکێتیەوە چوون و توانای خۆیان خستە کار بۆ یارمەتیدان و سەرخستنی ئەم ڕێکخراوە نوێیە لەوانە (حەسەنی قازی، محەمەدی موهتەدی، ئەمیری حەسەن پور، کەمال کەریمی، هاشمی ئەحمەد زادە، سەلیم بابان )، بەتایبەت حەسەنی قازی بەوەرگێڕانی بلاوکراوە وبەڵگەنامە گرنگەکانی یەکێتی بۆ فارسی خزمەتێکی گەورەی پێشکەشی یەکێتی کرد ودواتر هەموو ئەم بابەتانەی کرد بەکتێبێك و لەژێرناوی (ئینتشاراتی شەریفزادە)دا بلاوی کردنەوە پاشان دوای روخانی شاش جاریکی تر چاپی کردەوە، ئەم کارە بایەخی تایبەتی هەبوو بۆ ناساندنی (ی . ن .ك) لەناو کوردانی ئێران و ئێرانیەکاندا[1]. لەناوخۆیی ئێرانیشدا ئەو گەنجانەی کەخاوەن رۆشنبیریەکی چەپ بوون لەرۆژهەلاتی کوردستان و شارەکانی تری ئێران کەهێشتا لەژێر کاریگەری شکستی شۆڕشی (١٩٦١– ١٩٧٥ ) باشوری کوردستاندا کاس ببوون زیاتر لە(ی . ن .ك) نزیکبوونەوە و هیوا و خەونی خۆیان لەسەر ئەم پارتە هەڵچنی، چێژێکی زۆریان دەبینی لە ئەدەبیات و بلاوکراوەکانی (ی . ن .ك)[2].

(ی . ن .ك) ناوبانگێکی باشی هەبوو لە رۆژهەلاتی کوردستان و خۆشەویست بوو لەلایەن گروپە جیاجیاکانی رۆژهەلاتی کوردستانەوە یارمەتی و هاوکاری زۆری پێشکەش دەکرا[3]، پتەوی پێگەی (ی . ن .ك) لەڕۆژهەلاتی کوردستان بەجۆرێك بوو وەك عەبدولای حەسەن زادە[4] لە چاوپێکەوتنێکدا باسی شاری مەهاباد دەکات و دەڵێت :(( لەبیرمە وەختێکی ئێمە لەغەریبایەتی ڕا گەڕاینەوە وڵات ( مەبەستی کۆتایی ساڵی ١٩٧٨)، ئەمن لە مەهاباد دانرابووم . داوای هاوکاریم لەهەرکەس دەکرد ، دەیان گوت پێوەندیتان لەگەڵ یەکێتی

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ٧١ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٣٠.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ، ٣٠/ ٣/ ٢٠١٥.

[3] Omar Sheikhmous; Op. Cit. p7.

[4] عەبدولاّ حەسەن زادە : ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی "سیسێر" لە ناوچەی سەردەشت لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی ئاینی لە گوندەکەی خۆیان دەستی پێکردووە و بووە بە فەقێ و دواتر بووە بە مەلا، ساڵی ١٩٥٣ لە ریزەکانی (حدکا) دا وەرگیراوە ، بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێبەرانی جولانەوەی ساڵی ٦٧–٦٨ دەکەوێتە زیندان و دوای ئازادبوونی رودەکاتە عێراق ، ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)، ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە رۆژهەلاتی کوردستان و لەساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٩١ بەشداری شۆڕشی چەکداری رۆژهەلاتی کوردستان دەبێت ، ساڵی ١٩٩٥ دەبێتە سکرتێری (حدکا) و تا ساڵی ٢٠٠٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کوێستان نەستانی : عەبدوڵلاّ حەسەن زادە، ژیان و ڕۆڵی سیاسی و فەرهەنگی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ١٩٣٨–١٩٩٧، چ ١، سلێمانی ، ٢٠٠٨).

نیشتیمانی چۆنه ... ، لەواقیع دا پێیان دەگوتین کەسێك یان حیزبێك کە موخالیفی یەکێتی نیشتیمانی بێ ، ئێمە قەبوڵی ناکەین ))[١]. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ دا جەلال تاڵەبانی گەشتێکی بەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد ، لە شارەکانی سەردەشت و بانە پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی لێکرا ، چەندین دروشمی جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی(ی . ن . ك) وەك " یەکێتی نیشتمانی .. پشتیوانی گەلانی " دەوترانەوە، کە سەلمێنەری پێگەی جەماوەری (ی . ن . ك) بوو لەرۆژهەلاتی کوردستان[٢].

چەند لایەنێکی گرنگ هەن کەهاوکاری (ی . ن .ك) بوون بۆ پتەوبوونی پێگەی جەماوەری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ، لەوانە : یەکێتی لە ئەدەبیاتی خۆیدا کەم تا زۆر ڕا و بۆچوون و تێڕوانینی سیاسی خۆی بەرامبەر بەشەکانی تری کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کودستان خستووەتە ڕوو، بە هاوخەباتی و پشتیوانی (ی . ن .ك) بۆخەباتی گەلی کورد لەباکور و رۆژهەلاتی کوردستان دژی تورانیزم و ڕژێمی کۆنەپەرستی شا، لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیاندا لەهەردوو ولاتی تورکیا و ئێراندا[٣]. بەم جۆرە ستراتیژی (ی . ن .ك) بۆ فراوانکردنەوەی گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەهاوهەڵوێستی و درێژکردنی دەستی هاوکاری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانی زیاتر خۆی لەجەماوەری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان نزیکبکاتەوە.

دروستبوونی (ی . ن .ك) لەهەلومەرجێکی سەختدا و راستەوخۆ چەند مانگێك دوای شکستی ١٩٧٥ کە بێ هیوایی و شکست باڵی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، لەگەڵ دامەزراندنی دەستەی چەکداری پارتیزاندا بوونی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی و چەکداریدا لەشاخ سەلماند ، ئا لێرەدا جۆریك لە خۆشەویستی و هاوسۆزی لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرامبەر بە (ی . ن .ك) دروست بوو[٤]. پێشمەرگەکانی (ی . ن .ك) کەوتبوونە بەر پەلاماری حکومەتی عێراق و هاوکات گەمارۆ و تۆپبارانی ئێران[٥].

(ی . ن .ك) هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەوڵیدا وەك لایەنێکی سیاسی جیاواز لە (پ . د . ك) دەربکەوێت ، ناکۆکیەکانیش لە نێوان هەردوولایاندا هەرلەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە دەرکەوتن . (ی . ن .ك) لە ئەدەبیاتی خۆیدا پارتی بە کۆمەڵێك هەڵوێستی نا کوردستانیانە تۆمەتباردەکرد، وەك : تەنها کێشەی کورد لە عێراقدایە و نابەسترێتەوە بەبەشەکانی ترەوە ، هەروەها پارتی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی نەتەوەی کوردی دابەشکراوی کوردیان پشتگوێ خستووە و بەخراپ مامەڵە کردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلات ئەویش بەدەست وەردان لەکاروبارەکانیان و گۆڕینی ڕێبەرایەتییەکانیان و نانەوەی دووبەرەکی لەناویاندا، ئەمە

---

[١] هەیاس کاردۆ : س. پ ، ل ٣٨٢.

[٢] بەهمەنی سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن دیدارێك لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵە و کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی چەپ ، ب٢، چ٣، کوردستان ، ٢٠١٢، ل ٦٠٩" چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠.

[٣] بڕوانە باسی یەکەمی ئەم بەشە، ل ٧ .

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

[٥]سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتمانی ی ، ل١٧٣.

**وێڕای ڕاونان و کوشتنی کادر وسەرکردەکانی ڕۆژهەڵات بەنمونەی کوشتنی سەرکردەکانی جولانەوەی (١٩٦٧–١٩٦٨ )[١] ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك سولەیمانی موعینی[٢] و ڕێبەرانی باڵێکی (حدکا) و ڕادەستکردنەوەی زیاتر لە چل ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی (حدکا) بە فەرمانی مستەفا بارزانی بە دەسەلاتدارانی ئێران [٣] ، لەکاتێکدا ئەم باڵەی (حدکا) نزیکی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی (باڵی جەلالی) بوون[٤]، بەجۆرێك پەیوەندیی کەسییان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و چەند کەسایەتییەکی تردا دروستکردبوو، ئەمەش وایکرد لە داهاتوودا زۆربەی لایەنگرانی ئەم باڵەی (حدکا) پەیوەندیی باشیان هەبێ لەگەڵ (ی . ن .ك) . نەك تەنها ئەمە بەڵکو لەڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ڕێگری لەکوردی ڕۆژهەڵات دەکرا لەڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوە لە لایەن پارتییەوە [٥].**

---

[١] جولانەوەی (١٩٦٧–١٩٦٨) : جولانەوەیەکی چەکداربوو لەلایەن باڵی کۆمیتەی شۆڕگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، لە ژێر کاریگەریی بیری چەپی ماویزمدا بڕیاریاندا بە دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بۆ ئەم مەبەستە گروپێکی چەکداریان نارده ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گروپێکی سیاسیشیان بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیاسی دەستکەوتنی یارمەتی سەربازی لە سلێمانی مانەوە ، ئەم جولانەوەیە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا هەبوو لەبەکرەجۆ ، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هاوکاریدەکران ، بەلام ئەم جولانەوەیە تەنها هەژدە مانگ بەردەوام بوو ، لەلایەن دەسەلاتدارێتی شاوە و بە هاوکاری باڵی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و دەزگەی پارستنی ئەم حیزبە ، ئەم جولانەوەیە سەرکوتکراو زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەم جولانەوەیە کوژران وژمارەیەکیشیان هەلاتن بۆ عێراق ، لە گرنگترین ڕێبەرانی بریتی بوون (سلێمانی موعینی ، سمایلی شەریفزادە ، مەلا ئاوارە ،مەلامەحمودی زەنگەنە ،خەلیل شەوباش). بڕوانە:( د. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا) و جولانەوەی چەکدارانەکەی سالانی ١٩٦٧–١٩٦٨ لەکوردستانی ئێران ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ؛ جەلیل گادانی :پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،ب١، چ ٢، دهۆك ، ٢٠٠٨،ل ١٤٩–١٧٠)

[٢] سولەیمانی موعینی: کوڕی میرزا حەمەدەمینی موعینیە ، لە ساڵی ١٩٣٥ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، باوکی لەکۆماری دیموکراتی کوردستاندا وەزیری ناوخۆ بووە، لەدوای روخانی کۆمار دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنەوەی تەشکیلاتەکانی حیزبی دیموکراتدا، دوای پەلاماری دەسەلاتی ئێران بۆ سەر ئەندامانی (حدکا) لە ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە باشوری کوردستان، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی دەکەن بە شۆڕشی باشوری کوردستانەوە، لە ١٤ ئەیلولی ١٩٦٦دا کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتیان لەلایەن (سولیمانی موعینی ، مەلا ئاوارە ، سمایلی شەریفزادە، مەلامەحمودی زەنگەنە ، عەبدولای موعینی ....هتد) وە دامەزرا ، یەکێك بوو لە ڕێبەرانی جولانەوەی چەکداری ٦٧–٦٨، دوای ئەوەی لەلایەن دەزگەی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیردەکرێت، لە( ١٩٦٨/٥/١٥) دا بەفەرمانی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دەکوژرێت و تەرمەکەی رادەستی ئێران دەکرێتەوە : (ئەمیری قازی : س . پ ، ل ٣١٣ ؛ محەمەدی خزری :کورتە ژیاننامە و یادێك لە موعینیەکان، سوید، ٢٠٠٩/٦/٢٠، ل ١٢ ؛ سیامەند موعینی : کورتەیەك لە ژیانی هەرگیز نەمر شەهید سولەیمانی موعینی ،http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=8658؛سیامەند موعینی: جولانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٧/١٩٦٨و سولەیمانی موعینی ، ب.ش ، ب.،س، ( www.rojhalat.de .

[٣] فەریدە کوهی کەمالی : ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی ، و: د . یاسین سەردەشتی : سلێمانی ،٢٠١٣، ل ٣٩٢.

[٤] ئیبراهیم جەلال : خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١–١٩٧٥،چ ٣، سلێمانی ،١٩٩٩، ل ٢٣١.

[٥] گۆڤاری "ڕێبازی نوێ" : خولی یەکەم ، ژمارە ( ١ ) کانونی دووەمی ١٩٧٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل موراد ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٦/٢١. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی شۆڕش و شۆڕگێڕانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە سالانی (١٩٥٥–١٩٧٠) . بڕوانە: (شەریف عەلی ،هەژاری : ڕامانێك لە تراژیدیای براکان !، چ١، سلێمانی ،٢٠١٠).

هەرەسی شۆڕشی باشوری کوردستان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی توشی جۆرێك لەبێ ئومێدی کرد، خۆبەدەستەوەدانی مستەفا بارزانی سەرۆکی (پ . د . ك) بەبێ هیچ مەرجێك و چەکدانانی هێزی پێشمەرگە کە زۆربەیان خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، خۆ ڕادەستکردنی ژمارەیەکیان لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەرژێمی شاهانەی ئێران و نیشتەجێبونیان لەشارو ئۆردوگاکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خراپی گوزەرانی ئەم پەناهەندانە لەسایەی دەسەلاتی شاهانەو دەزگەی ساواك دا ، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارتی و سەرۆکەکەیانی بە هۆکار دەزانی ، لەم دۆخەدا کە توشی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور هاتبوو، و پارتییان بەجێبەجێکەری پلانی ساواك دەزانی، ناوی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بێزرا وبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە پشتیوانی یەکێتی یان کرد وەك بزوتنەوەیەکی پێشکەوتن خواز کە جیاواز لە پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەستیان بە خەبات کرد[1]. بەو پێیەی کە (ی . ن .ك) وەك هێزێکی سیاسی هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕژێمی شا نەبوو بە پێچەوانەی پارتی[2].

لەلایەکی دیکەوە لایەنە چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکاریکردن و ناساندنی یەکێتی دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی باشیان گێرا ، وەك تەشکیلاتی (کۆمەڵە) و چریکی فیدائیانی خەڵکی ئێران ، چریکەکان ئەندام و لایەنگریان هەبوو لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ، پێشتر لە دەرەوەی وڵات لە لوبنان پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ (ی . ن .ك) [3]، هەروەها سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە کە باڵی جیابوەوەی حیزبی تودەی ئێران [4]بوون، پەیوەندیی (ی . ن .ك) و سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندییە

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ، ٣٠/ ٣/ ٢٠١٥.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣(ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی عەبابەیلی لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٧١ لە کۆلیجی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی کرد بە ڕیزەکانی (کملك)وە ، ساڵی ١٩٧٨ بۆتە پێشمەرگە ساڵی ١٩٨١ لە کۆنفراسی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کرایە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی هەڵبجەی کۆمەڵە و هەر ئەو ساڵە گوازرایەوە بۆ هەرێمی ٣ ی شارباژێر ، ، لە ماوەی ساڵی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ لێپرسراوێتی ڕێکخستەنەکانی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزووری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی پێ سپێردرا، ساڵی ١٩٨٥ بەشداربوو لەدامەزراندنی ئاڵای شۆڕش، هەمان ساڵ لەلایەن یەکێتیەوە دەستگیردەکرێت تا ساڵی ١٩٨٨ و دواتر روو دەکاتە ئەوروپا .ساڵی ١٩٩٢ وازی لەکاری حیزبی هێناوە ).

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. خدر مەعسوم ، کۆیە ، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥ .

[4] حیزبی تودەی ئێران : دوای هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆئێران وکۆتایهاتنی دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی ودروستبوونی جۆرێك لە ئازادی سیاسی ودەستپێکردنەوەی ژیانی پارتایەتی ، ئەم حیزبە لەم هەل و مەرجەدا و لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ دا لەلایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیری مارکسی و کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکرات وکەسانی میللی و ئازادیخوازەوە دامەزراوە ، لە ساڵی ١٩٤٢ بەدواوە ئەم حیزبە بەردەوام لە گەشەکردندا بوو ، ساڵی ١٩٤٦ دا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو ، چەند وەزارەتێکی لە حکومەتدا هەبوو ، بەڵام ساڵی ١٩٤٧ بۆ ساڵی ١٩٤٩ نفوزی ئەم حیزبە لەژێرکاریگەریی چەند هۆکارێکی دەرەکی و ناوخۆیدا بەردەوام لە پاشەکشەدابوو، ساڵی ١٩٧٩ بۆ ساڵی ١٩٨٣ بە دوا قۆناغی سیاسی ئەم حیزبە دادەنرێت ، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ و جێپێ قایم کردنی باڵی ئاینی ، ساڵی ١٩٨٣ حیزبی تودە روبەروی پەلامارێکی سەرتاسەری و لەناکاو بوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبە و (کیانوری) ڕێبەریان دەستگیرکرا . بڕوانە : (د. یاسین سەردەشتی : هەڵوێستی حیزبی توودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل ١٦).

كەسايەتييەكانى جەلال تاڵەبانى سكرتێرى (ى . ن .ك) لەگەڵ كەسايەتييە بالأكانى ئەم حيزبە ( كۆرشى لاشايى[١]، ئيرەج كەشكۆڵى قەشقايى، عەتاكەشكۆڵى، خەسرەوى سەفايى، عەلى سادقى، محسن خاتەمى، سيامەك پرسا نەژاد )[٢]. ئەم پەيوەندييە گرنگيى گەورەى هەبوو ، بەردەوام بوو تادامەزراندنى (ى . ن .ك) و دواتريش هاوكاريى و يارمەتى باشيان پێشكەش بە(ى . ن .ك) كرد لەئێران و رۆژهەڵاتى كوردستان لەرێى ئەندامەكانيانەوە[٣]. هاوكات بوونى ئەمانە لەسلێمانى رێگەى خۆشكرد بۆ دروستبوونى جۆرێك لەپەيوەنديى لەگەڵ كۆمەڵێك لاوى چەپى ماوى كە لەزانكۆكانى ئێراندا دەيانخوێند، ئەمەش بووە پێشينەيەكى باش بۆ دروستكردنى پەيوەندييەكى پتەو لە داهاتوودا[٤].

بوونى بۆشاييەكى سياسى رێكخراوەيى لەرۆژهەڵاتى كوردستان بەتايبەت دواى سەركوتكردنى جووڵانەوەى كورد لە رۆژهەڵاتى كوردستان لەساڵى ( ٦٧-٦٨) ، وايكرد خەڵكى رۆژهەڵاتى كوردستان بەچاوى ئومێدەوە بڕواننە (ى . ن .ك) وەك زيندووكەرەوەى بزاڤى نەتەوەيى كوردى و بەپشتيوانى خۆيانيان دەزانى، بەتايبەت چالاكييەكانى هێزى پێشمەرگەى (ى . ن .ك) دەنگدانەوەى باشى هەبوو لەناو كوردى رۆژهەڵاتى كوردستاندا [٥]، خدر مەرەسەنە دەڵێت: (( بەم شێوەيە جارێكى ديكەش دەنگ وڕەنگى پێشمەرگە هيواو ئومێدێكيان بۆ گەلى كورد زيندوو كردەوە ))[٦] .

(ى . ن .ك) بۆ ڕاپەڕاندنى كارەكانى و پڕكردنەوەى پێداويستييەكانى پێويستى بەكەسانێك هەبوو لە باكور و رۆژهەڵاتى كوردستان كە پەيوەندييان لە گەڵ ببەستێت، ئەگەرچى لەڕۆژهەڵاتى كوردستان هيچ رێكخراوێكى سياسى ئەوتۆى لێنەبوو كە (ى . ن .ك) بتوانێ پەيوەندييان لەگەڵ ببەستێ، بەڵام سەرەڕاى ئەوە توانى

---

[١] كۆرش لاشايى : يەكێك بوو لە دامەزرێنەر و ڕێبەرانى كۆميتەى شۆڕشگێڕى حيزبى تودەى ئێران ، لەسەر داواى دكتۆر كەمال فوئاد ساڵى ١٩٦٨هاتوەتە كوردستان ، لە بەكرەجۆدا وانەى ماويزم و ماركسيزمى بە چەپەكان وتوەتەوە ، هاورێى نزيكى جەلال تاڵەبانى بووە ، لە ڕێگەى جەلال تاڵەبانيەوە و لە نزيك بارەگاكانى باڵى (مەكتەبى سياسى پارتى ) نيشتەجێ بوون .(مەلا بەختيار : چۆن چەپكێك و كام مێژووى كۆمەڵە ؟!خوێندنەوەيەكى مێژوويى بۆ (چەپكێك لە مێژووى كۆمەڵە)، ب١، چ١ ، ب . ش ، ٢٠١٢، ل ٨٤ ؛ سيامك لطف اللهي: م . پ ).

[٢] چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ ئيحسان نەجم ، سلێمانى ، ٢٠١٥/٥/١٢ . لەسالأنى نيوەى دووەمى شەستەكان لەبەكرەجۆ چەندين بازنەى ڕۆشنبيرى گيرا بۆ ئاڵوگۆڕكردنى بيرى چەپ لەنێو بەشداربواندا بە تايبەت بيرى (ماويزم) چەند كەسايەتييەك ئامادەى ئەم كۆڕانە دەبوون وەك ( جەلال تاڵەبانى، فەرەيدون عەبدول قادر، نەوشيروان مستەفا، خاڵە شەهاب، مەحمودى مەلا عيزەت ، ئاسۆى شێخ نورى ) ئەمانە زۆربەيان لەسالأنى دواتردا چونە سەركردايەتى (ى . ن .ك) . (كۆمەڵە لە سێدارەوە ، ل ٧٢- ٧٣ ).

[٣] چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ ئيحسان نەجم ، سلێمانى ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[٤] چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ عادل موراد ، سلێمانى ، ٢٠١٥/٦/٢١.

[٥] چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ د. خدر مەعسوم ، كۆيە ، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥.

[٦] س . پ ، ب١، ل ١٣٦.

لەرۆژهەلأتی کوردستان پەیوەندییەکی پتەو دروستبکات و کەسانێك ببنە پشتیوان و هاوکاری (ی . ن .ك)[1].
وەك پێشتر باسکرا گەنجانی رۆشنبیری چەپی ڕۆژهەلأتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە نزیك و هاوسۆزی (ی . ن .ك) بوون و بە نهێنی بلأوکراوە وێنە و چالاکی پێشمەرگە و سەرکردەکانی یەکێتی بە دەست دەنوسییەوە و لەنێو خۆیاندا بلأویان دەکردەوە ، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ دروستبوونی جۆرە هاوسۆزیەك بۆ (ی . ن .ك)، چەندین گەنج لە شوێنەجیاجیاکانی رۆژهەلأتی کوردستانەوە پەیوەندییان کرد بەڕیزەکانی یەکێتییەوە لەشاخ، کەهەندێکیان چوونە ڕیزەکانی یەکێتییەوە لەرێکخستنەکاندا ڕێکخران یان بوونە پێشمەرگە، ژمارەیەك لەم گەنجانەی ڕۆژهەلأت کە لەلایەن تەشکیلاتی (کۆمەڵە)وە نێردرابوون ، وەك ساعید وەتەن دۆست[2] و جەعفەری شەفیعی[3] دواتر چونە سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) [4].

لەکۆتایی رژێمی شادا (ی . ن .ك) لەناو ئەو کوردانەی عێراق کە لەڕۆژهەلأتی کوردستان و شارەکانی ئێراندا پەناهەندە بوون سەدان کەسی لەرێکخستنەکانی خۆیدا ڕێکخست کە دواتر بوونە هاوکار و پشتیوانی گەورەی (ی . ن .ك) [5]. جگە لەمە لە شارەکانی (شنۆ ، ورمێ ، مهاباد ، خانە ،سەردەشت ، بانە ، مەریوان ، پاوە و چەندین ناوچەی تر) رێکخستنی دروستکرد، یارمەتییەکی زۆریان ( لەکڕین و گوێزانەوەی کەل وپەل ، ئارد و

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەکەناری دانوبەوە ، ل ٣٣٤.

[2] ساعید وەتەن دوست :ناسراو بە (مامۆستا برایم ) ،لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری سنە لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارەدا تەواو کردووە ، دواتر خوێندنی ئامادەیی و زانکۆیی لە تاران خوێندووە ، بڕوانامەی لە کۆلێژی تەکنیکی لە ئەندازیاری لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە ، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تەشکیلات دواتر لەناو (کۆمەڵە)دا بەردەوام بووە ، ساڵی ١٩٧٨ لەسەر داوای (کۆمەڵە) دەچێتە ناو ڕیزەکانی (ی . ن . ك) .( ئەحمەد بەهرامی : یاخیبوون لە مێژووی کۆمەڵە کارێکی ئاسان نیە ، چ ١، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل ٤٥٨ ؛ شەیما سەعید حمەلاو : س . پ ، ل ٦١).

[3] دکتۆر جەعفەری شەفیعی : ساڵی ١٩٥١ لە شاری بۆکان لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەرگرتنی دبلۆم هەر لە بۆکان تەواوکردووە ، ساڵی ١٩٧٠ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری تەورێز و لە زانکۆی تەورێز لە بەشی پزیشکی دەخوێنێت . لەگەڵ چونی بۆ زانکۆ بە خەباتی سۆسیالیستی و بزوتنەوەی چەپ ئاشنا دەبێت و دەبێتە بە یەکێك لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی خوێندکاری لەو زانکۆیە ، ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن ساواکەوە دەستگیردەکرێت بۆ ماوەی شەش مانگ ، دوای ئازادبوونی لە کاری سیاسی بەردەوام دەبێت ، دواتر لە ساڵی ١٩٧٧دا خوێندن تەواو دەکات ، لەسەر بڕیاری کۆمەڵە دەگەڕێتەوە کوردستان ، دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی خەڵکی ئێران دژ بە شا، ڕێبەرانی کۆمەڵە وەك هەوڵێك بۆ دروستکردن و دروستکردنی باڵی چەکداری کۆمەڵە بڕیاردەدات بە ناردنی چەند ئەندامێکی خۆی بۆ باشوری کوردستان بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی ، ساڵی ١٩٧٨ دکتۆر جەعفەر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ ئەم کارە هەڵبژێردراون و ماوەیەك لە نێو ڕیزەکانی یەکێتی دا مانەوە . دکتۆر جەعفەر لەناو ریزەکانی یەکێتی بەناوی (د. عەزیز) خزمەتێکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەی کردووە ، شەفیعی لە ساڵی١٩٧٩ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ دا بوو بە بەرپرسی ڕادیۆ و سەرنوسەری گۆڤاری پێشڕەو بۆ ماوەی شەش ساڵ سەرپەرشتی و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بوو ، دکتۆر جەعفەر لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٨٧ بە روداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد. (http://www.komala.com)

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ، ٣٠/ ٣/ ٢٠١٥ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س . پ ، ب١ ، ل ٢٤٩.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. خدر مەعسوم ، کۆیە ، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥ .

هەواڵنامەی کتێب

خێوەت و جل وبەرگ و کاغەز و مەرەکەبی ڕۆنیۆ، دەرمان و گواستنەوە و تیمارکردنی پێشمەرگە ... هتد) پێشکەش بە (ی . ن .ك) کرد، کارئاسانی باشیان بۆ هاتوچۆپێکردنی کادرانی (ی . ن .ك) لەناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد[١]. پشکۆنەجمەدین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەمانە وەك لایەنگری (ی . ن .ك) بوون نەك ئەندامی (ی . ن .ك)[٢]. بەڵام هەرچۆنێك بێت یارمەتی و هاوکارییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو بۆ بەردەوام بوونی شۆڕش و پێشکەوتنی (ی . ن .ك). بەتایبەت ناوچەسنورییەکان وەك خدر مەرەسەنە دەڵێت: (( خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ناوچە سنورییەکان بۆ پێڕاگەیشتن بە شۆڕشگێڕانی کورد و دابین کردنی ژیانیان قۆڵی کوردایەتییان هەڵماڵی شەو و ڕۆژ لە خزمەتی پێشمەرگەدابوون و بەشداربوونی خۆیان لە شۆڕشی نوێدا بەکردەوە سەلماند. .... خزمەتێکی زۆری شۆڕشی کوردیان کرد و، بەپێی توانا هاوکاریان دەکردن و ئازوقە و خواردەمەنیان دەگەیاندە بنکە و بارەگاکانی یەکێتی لە خڕی ناوزەنگ [٣])).

لەسەروبەندی دروستبوونی ناڕەزایی و پشێوییەکانی ئێراندا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارامیدا بوو، تا ئەو کاتەش ڕێکخراوێکی بەهێزی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو کەخاوەن ڕێکخستنێکی سیاسی بەهێز بێت و توانای ڕێکخستن و هاندانی خەڵکی هەبێت دژی ڕژێمی شا، ئەمەش جۆرێك لەبۆشایی سیاسی دروست کردبوو. زۆربەی ئەندام و کادرە باڵاکانی (حدکا) لە دەرەوەی وڵات لە بەغداد یان ئەوروپا بوون نەگەڕابوونەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٤]، (کۆمەڵە) ئەو هێز و جموجوڵەی نەبوو تەنها وەك ڕێکخستنێکی نهێنی بچووك کاریان دەکرد و نەیاندەویست ئاشکرا بن [٥]، جگە لەمە گەلی کورد زۆربەی توانا و وزەی خۆی لەجوڵانەوەی دە ساڵ پێشتردا واتە لەجوڵانەوەی ساڵانی١٩٦٧– ١٩٦٨ دا بەخەرج دابوو ؛ زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی یان کوژرابوون یان لەزیندانەکاندا توندکرابوون ، ژمارەیەکیشیان کە لە عێراق بوون بەهۆی ڕێکەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێرانەوە دەست و پێیان بەسترابوویەوە[٦]. لەلایەکی دیکەوە جیاوازی مەزهەبی لایەنێکی تر بوو بۆ دابڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووداوەکانی ئێران بەو پێیەی زۆرینەی کورد سوننەن و ناڕەزایی و ڕاپەڕینی ئێران

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ٣٣٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣.

[٣] س . پ ، ب١ ، ل١٣٦– ١٣٧.

[٤] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل ١٢٨ ؛ حامید گەوهەری : ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا ١٩٧٨–١٩٨٨، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر ،٢٠١١، ل ١٩.

[٥] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (شەیما سەعید حمەلاو : کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران –کومەڵە(سازکا) ١٩٦٩–١٩٨٨( توێژینەوەیەکی مێژوویی _ سیاسییە) ، ماستەر نامە (بلاْونەکراوە) ، زانکۆی سلێمانی ، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان / بەشی مێژوو ، ٢٠١٤ ، ل ٥٩–٧٠).

[٦] د . یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران، ل ٥٦٨.

لەلایەن پیاوانی شیعە مەزهەبەوە بەڕیوە دەبران، ئەم جیاوازییە مەزهەبییە وایکرد کە بانگەوازەکانی خومەینی و ڕێبەرە شیعەکانی تر کەمتر کاریگەرییان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت [١]. زوڵم و زۆر و توندوتیژی ڕژێمی شا لەڕابردوودا بەرامبەر بەگەلی کورد جۆرێك لە ترس و تۆقاندنی دروست کردبوو لای کورد بەوەی کە دڵنیا نەبوون لەکەوتنی شا [٢]. پەرتەوازەیی و نەبوونی یەکڕیزی لە نێوان میللەتی کورد ، دروست نەکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی خاوەن بەرنامەی پتەو وایکرد کە کورد ئامادەی ئەو پێشهات و گۆڕانکارییە نوێیە نەبێت ، چ لە ئاستی ناوخۆ وەك هێزی سیاسی چ لەگەڵ لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی[٣]. هەموو ئەم هۆکارانە وایکرد بەشداری کورد لەسەرەتای ڕاپەڕین و ناڕەزاییەکانی ئێراندا سست بێت یان درەنگتر بەشداربن .بەڵام گومان لەوەدا نەبوو کە دژ بەڕژێمی شا و بۆ نەهێشتنی ئەودەسەڵاتە ، کورد لەبەرەی هەرە پێشەوەی گەلانی ئێراندا بوو، چونکە پتر لەنیو سەدە کورد ژێردەستەو چەوساوەی دەستی ئەو ڕژێمە بوو، دوای ساڵانێك لە سەرکوتکردن شتێکی سروشتی بوو کە گەلی کورد بە گەرمی پشتیوانی شۆڕش بکات ، لە ڕاستیشدا خەڵکێکی جۆراوجۆر لە هەموو ئاستێکی جەماوەری بەشداری شۆڕشیان کرد[٤] .

سەرەتای ڕاپەڕینەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێنانەوەی تەرمی( عەزیزی یوسفی[٥]) بۆ مەهاباد لە ١٥ حوزەیرانی ١٩٧٨ دەستی پێکرد ، لەگۆڕستان جەلیل گادانی لە وتارێکدا ژیاننامەی عەزیزی یوسفی خوێندەوە وزانای ئاینی و سیاسی کورد شێخ عزەدینی حوسێنی[٦] و ئەندامانی (حدکا) و ژمارەیەکی زۆر خەڵك

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل٣٥١– ٣٥٢ ؛ د . هۆشمەند عەلی مەحمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٤٥.

[٢] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،ل ٤٦ – ٤٧.

[٣] ه . س ، ل٤٦ ؛ سەعید کاوە (کوێستانی ) : ئاوڕێك لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب . ش ، ١٩٩٦، ل ١٨٠.

[٤] نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی ، و : عەتا قەرەداخی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل ٧٠.

[٥] عەزیزی یوسفی : ساڵی ١٩٢٦ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە ، دوای کۆتایی پێهێنانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ خەباتی سیاسی دەستپێکردووە ، و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوەکانی (حدکا) زیندوو دەکەنەوە ، دواتر لەلایەن دەسەڵاتی شاوە دەگیرێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دوای ئازاد بوونی دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) پاشان ساڵی ١٩٥٤ دوو ساڵی تر زیندانی دەکرێت ، بەڵام بۆ کۆتا جار لە ساڵی ١٩٥٨ دەگیرێت و ئەم جارە بۆ ماوەی نۆزدەساڵ لەزینداندا دەبێت ، واتە لە تێکرا تەمەنی خۆیی نیوەی تەمەنی بە هۆی بوونی ئەندامێتی لە ناو (حدکا) لە زینداندا دەبێت ، دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ ئازاد دەکرێت و دوای ساڵێك بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە: (ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی : یادێك لە تێکۆشەری ناوداری کورد هاوڕێ عەزیز یوسفی ، ب. ش ، ٢٠١٣) .

[٦] شێخ عزەدینی حوسێنی: کوڕی قازی شێخ ساڵحە ، لە ساڵی ١٩٢١ لەشاری بانە لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی ئاینی لای باوکی دەستپێکردووە ، دواتر لای چەندین مەلای شارەزا خوێندویەتی و دواتر بووە بە مەلا ، ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی ( ژ . ك)ەوە ، زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاوە ، وەك مامۆستایەکی ئاینی خزمەتێکی زۆری کردووە . دواتر وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی مەهاباد بووە، ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی (حدکا)وە کردووە ، لە شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە هاندانی خەڵکیدا ، دوای هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری شۆڕشی کردووە و دەفتەرێکی سیاسی تایبەت بەخۆی دروستکردووە ، پەیوەندییەکی ناوخۆیی و دەرەکی فراوانی هەبووە ، دواتر ڕوودەکاتە وڵاتی سوید تا لە ١٠شوباتی

بەشداربوون ، دوای ئەوەی بە هەوڵی ئەندامانی (حدکا) و حیزبی تودە و ژمارەیەك لەلاوانی شاری مەهاباد لەدوای سێ ڕۆژ لەپرسە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی گوڕدرا بۆ ڕێوڕەسمێکی نەتەوەیی، ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە"مەهاباد" و شارەکانی تری کوردستان تێیدا ئامادەی بوون ، چونە سەرگۆڕی شەهیدان (سلێمانی موعینی، مەلامەحمودی زەنگەنە ) و دواتر دروشم و ڕێپێوان دەستی پێکرد[1]. دوای خۆپیشاندانی شاری مهاباد خۆپیشاندان و ناڕەزایی شارو شارۆچکەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە وەك (ورمێ، بانە، سنە، بۆکان، نەغەدە، سەردەشت، پاوە، مەریوان ... هتد)، کەسانی ئاینی و کەسانی چەپ و نەتەوەیی تێیدا بەشداربوون، تەنانەت لە تارانی پایتەختیش گەلی کورد دوای دروستکردنی (کۆمەڵەی کوردانی دانیشتوی تاران) بەشداری خۆپیشاندانەکان بوو، لەرێپێوانەکاندا سرودی نەتەوەییان دەوتەوە و لەزۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بانگدەکران و وتاری خۆیان دەخوێندەوە [2] . بەرونی دیار بوو کە خۆپیشاندانەکان لە کوردستان جیاواز بوو لە ناوچەکانی تری ئێران، خۆپیشاندەران داوایاندەکرد زیندانە سیاسییەکان ئازاد بکرێن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئازادیەسەرەتاییەکان ، لایەنێکی تر لە جیاوازییەکان ئەوەبوو کە لە ناوچە کوردییەکان هیچ سیمایەکی ئاینی بە خۆپیشاندانەکانەوە دیار نەبوو[3] . ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ شکاندنی بێدەنگی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر بەسیاسەتی نەیارانەی شا لەکوردستان ، ئەگەرچی لەرووی کاتەوە لەچاو خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی تری شارەکانی ئێران درەنگتر بوو، بەڵام توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئەم درەنگکەوتنە قەرەبوو بکاتەوە و هەڵوێستی خۆی بخاتە پاڵ دەنگە ناڕازییەکانی دیکەی گەلانی ئێران.

(ی . ن .ك) تامانگی شوباتی ١٩٧٩ زۆرترین کارەکانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخ موس دەکەن بە بەرپرسی پەیوەندی (ی . ن .ك) لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەن جەعفەری شەفیعیەوە کە وەك نوێنەری ( کۆمەڵە ) لای یەکێتی بوو هاوکاریدەکردن[4]. (ی . ن . ك) بەپشتبەستن بەو پێگە جەماوەرییەی کە هەیبوو لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا پلانی خۆی هەبوو بۆ بەشداری کردن لەگۆڕانکارییەکانی ئێران ، بە هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و یارمەتیدانی هێزە سیاسییەکانی

---

٢٠١١دا کۆچی دوایی کردووە .( سنەوبەر سەردار ستار : شێخ عیزەدینی حوسەینی(١٩٧٩_ ١٩٨٩) ، توێژینەوەیەکی مێژوویی _ سیاسییە، ماستەرنامە (بلأونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی ، سکولی زانستەمرۆڤایەتییەکان / بەشی مێژوو، ٢٠١٦).

[1] جەلیل گادانی: س . پ ، ب١، ل٢١٩–٢٢٠ ؛ سەعید کاوە (کوێستانی )، س . پ، ل ١٧٦ ؛ حامید گەوهەری : س . پ ، ب١، ل ٢١– ٢٣ ؛ گۆڤاری"کۆمەڵە "، ژمارە (١) ، ل ١٣.

[2] د . یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران ، ل ٥٧٩ ؛ جەلیل گادانی: س . پ ، ب١، ل٢٢٥.

[3] Martin van Bruinessen ; The Kurds Between Iran and Iraq ;MERIP Report, No. 141 (July-August 1986), p 9.

[4] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٤٣.

**تری ئێران دژی شا [١]، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوولەهاندانی خەڵك و ڕێنمایی کردنیان دژی رژێمی شا و هێرش کردنە سەر دامودەزگەکانی حکومەت لەشارەکاندا، بەڵام (ی . ن .ك) لەهەموو کاتێکدا نەیەویست لەرێزی پێشەوەی ناڕەزاییەکاندا دەربکەوێت، چونکە ئەمە دەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی ئێران لە داهاتوودا[٢].**

**لەسەروبەندی دروستبوونی پشێوییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرکردایەتی (ی . ن .ك) فەرماندەکانی پێشمەرگەو کادرەباڵاکانی خۆی ئاگادارکردەوە کە لەناوچەکانی خۆیانەوە بەکاری خۆیان هەڵبسن بۆسەرخستنی ڕاپەڕینی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان [٣] ، مستەفا چاوڕەش لەوکاتەدا جێگری ئامرهەرێمی شارباژێر بوو ئاماژە بە نامەیەکی جەلال تاڵەبانی دەکات و دەڵێت :(( مام جەلال نامەیەکی بۆ نوسیبووم دەربارەی جوڵانەوەی ئێران، نوسیبووی لە هەرکات و ساتێکدا کوردەکانی ئێران پێویستییان پێتان هەبوو، خۆتان بە پێشمەرگەی ئەوان بزانن و لە خزمەتیاندا بن [٤] )) ، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەك پێشمەرگە و فەرماندەی (ی . ن .ك) خۆیان بێ ئاگاداری سەرکردایەتی (ی . ن .ك) لە سنور دەپەڕینەوە وتێکەڵاوی خەڵکی رۆژهەڵات دەبوون و بەشدارییان دەکرد لە رووداوەکاندا [٥] . (ی . ن .ك) ئەگەرچی توانای دارایی و چەك تەقەمەنی کەم بوو بەڵام لەزۆر رووی ترەوە دەیتوانی هاوکاری پێشکەش بەرۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بەتایبەت هاندانی خەڵك بۆ بەشداری لە ڕاپەڕین و هاوکاری لە هاندان و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان، هاندانیان بۆ بەشداربوون لە کاری سیاسی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، هاوکاری چەکداری [٦].**

**لە هەفتەکانی پێش روخانی شادا پێشمەرگەی (ی . ن .ك) لە شارو گوندەکانی کوردستاندا دەبینران، لە لایەن خەڵکییەوە بەگەرمی پێشوازی دەکران ، گۆڤار و بڵاوکراوەکانی (ی . ن .ك) و (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کملك)/ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەران) [٧] ) بە دەنگ و بە نوسراو لەناو**

---

**[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.**

**[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعسوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سیلێمانی ٢٠١٥/٣/٣٠.**

**[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢.**

**[٤] مستەفا چاوڕەش : س. پ ، ل ١٥٧ .**

**[٥] گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.**

**[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.**

**[٧] وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە (کۆمەڵەی رەنجدەران ) کورتکراوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە ، زیاتر بەکارهێنانی (کۆمەڵەی رەنجدەران) لە دوای ئایاری ١٩٧٩ وە ڕاستترە ، چونکە تا ئەو کاتە ئەم ڕێکخراوە ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کملك) بوو ، بەڵام دواتر بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کملك) ، لە ١ ئایاری ١٩٧٩ دا و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگوندی "شێنی " ، لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەی کە لە رۆژهەڵاتی**

روناکبیران و تێکۆشەرانی سیاسی کوردستاندا دەست بەدەست دەگەڕان [١] ، خۆیان دەپاراست لەدام و دەزگەکانی شا بەڵام دوای هەڵاتنی شا پێشمەرگە و کادری سیاسی (ی . ن .ك) بەشێوەی ئاشکرا کەوتنە هاتووچۆکردن، چوونە ناو شارەکانی ڕۆژهەڵات تێکەڵ بوون لە گەڵ خەڵکی، لەکۆبونەوە جەماوەرییەکاندا بەشداردەبوون ، بەشێوەی گروپی جۆراوجۆر دەچوونە ناوچە سنوورییەکان ( پاوە، نەوسود، مەریوان ، خانێ، سەقز ، بانە، سەردەشت ) لەشارو گوندەکاندا کۆبوونەوەیان بەخەڵك دەکرد و هانی خەڵکیاندەدا بۆ بەشداربوون لەشۆڕش دژی شا، لەهەندێ شوێن دەبوونە پاسەوانی کۆبوونەوەکان، (ی . ن .ك) خۆی بەپشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەزانی[٢].

ئەگەرچی پریشکی ڕاپەڕینی ئێران بەتەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەگرتبوویەوە ، بەڵام بەردەوام و بەشێوەی نهێنی سەدان گەنجی شۆڕشگێڕ لەسنوورەکانەوە سەردانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەی (ی . ن .ك) و (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) یان دەکرد ، ئەمانە ببونە جێی ئومێدی (ی . ن .ك) و هەموو هاوکارییەکی دەکردن[٣]. زۆرکات داوایان دەکرد لەڕیزەکانی (ی . ن .ك) و (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) دا وەربگیرێن و ببنە پێشمەرگەی (ی . ن .ك) ، بەڵام لەلایەن یەکێتییەوە ڕەتدەکرانەوە و تەنها بەلایەنگری (ی . ن .ك) قبوڵ دەکران ، ئەگەرچی لەناو (ی . ن . ك) دا بۆچونێك هەبوو بۆ ئەوەی کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان (ی . ن .ك) سود لەو پێگەی جەماوەرییە وەربگیرێت و (ی . ن .ك) لە ڕۆژهەڵاتیش دروست بکرێت ، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفاوە ڕەتکرایەوە[٤]، چونکە لەهەردوو باری سەرکەوتن یان شکستدا (ی . ن .ك) نەیدەویست دەست بخاتە ناو کاروباری سیاسی ڕۆژهەڵات ، بەتایبەت (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) وەك باڵێکی ناو(ی . ن .ك) پێی وابوو کە هەر پارچەیەك لە بەشەکانی کوردستان هەلومەرج و زەمینەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی تایبەت بەخۆیان، هاوکات پەیوەندیی پتەوی هەبوو لەگەڵ ( کۆمەڵە ) بۆیە بەپێویستی نەدەزانی ئەم کارە بکات[٥]. (ی . ن .ك) گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هاندەدا بۆ کارکردن لە ڕیزی لایەنە

---

ناوەڕاستدا هاتبۆیە پێشەوە، بەتایبەت ڕوودانی شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩ دا ، بڕیاردرا بە گۆڕینی ناوی ئەم ڕیکخراوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) . (ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر : ڕەوتی چەپ ، ل ١١١).

[١] ئەحمەد ئەسکەندەری : گەلاڵەی ٨ ماددەیی مەهاباد، قیادە موەقەت و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠١٥/٢/٢١، http://nnsroj.com/article.aspx?id=٨٣٩٧&ID_map=٢٥&outhorID

[٢] مستەفا چاوڕەش : س. پ ، ل ١٥٧–١٦٠ ؛ پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٨٧.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعسوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٦٨ ؛ شاخەوان عەباس: س . پ ، ل١٩٤.

[٤] ئاوات قارەمانی : س. پ ، ل ١٥٩، ١٦١.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. خدر مەعسوم ، کۆیە ، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

سیاسییەکانی رۆژهەلاّت، بەتایبەت ئەوانەی کە چەپ بوون ڕێنوێنی دەکران بۆ ئەوەی بچنە ریزەکانی (کۆمەڵە)وە ، ئەوانەشی کەئیسلامی و تاڕادەیەك مەیلی ئاینییان هەبوو هەوڵدەدرا لە شێخ عزەدینی حوسێنی نزیکی بکەنەوە کە ئەمەش جارێکی تر ناردن بوو بۆ ریزەکانی ( کۆمەڵە)، چونکە وەك ئاشکرایە کە شێخ عزەدین زۆر نزیکی (کۆمەڵە) بوو، هەرچی ئەوانی ترە هاندەدران بۆ کارکردن لە ڕیزەکانی (حدکا) [1]. ئەگەرچی (ی . ن .ك) مەبەستی بوو ڕێژەی بەشداربووان لە پرۆسەی سیاسی لە رۆژهەلاّتی کوردستان بەرزبێتەوە، هاوکات پلەبەندی یەکێتی بۆ بەشداری خەڵکی لە رۆژهەلاّتی کوردستان بەڕوونی دەردەکەوێت کە یەکێتی زیاتر هەوڵیداوە خەڵکی رۆژهەلاّت لەڕیزەکانی (کۆمەڵە)دا رێکبخرێن، ئەمەش پتەوی پەیوەندیی یەکێتی و (کۆمەڵە) دەردەخات.

لەبواری چەکداری و پێشمەرگایەتییەوە (ی . ن .ك) هاوکاری پێشکەشی دۆست ولایەنگرانی خۆی بەتایبەت هێزە چەپەکان دەکرد، لەچەندین شوێن چەکی سوکی وەك دەمانچەی بۆ رێکخراوە ئێرانی و کوردییەکانی رۆژهەلاّت نارد[2] ، ئەندامان و سەرۆکی گروپە چەپەکانی ئێران دەهاتنە بارەگاکانی یەکێتی بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و مەشق و ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چەك و فێربوونی شەڕی پارتیزانی تەنانەت تەقاندنەوەش[3]. لەگەڵ کردنەوەی خولی پێشمەرگایەتی بۆ پارت و رێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان، بەتایبەت چریکی فیدائیان و (کۆمەڵە) [4]. جگە لەمانە (ی . ن .ك) لەرووی سەربازیشەوە بەشداربوو لەهێرشکردنە سەر دام ودەزگەکانی ڕژێمی شا، چەندین بەرپرس و پێشمەرگەی خۆی نارد بۆ هاوکاریکردنی خەڵك و پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان[5]، لەکاتی هێرش و پەلامارەکانی خەڵکی رۆژهەلاّتی کوردستان بۆسەر دام و دەزگەکانی رژێمی شا، (ی . ن .ك) بەهەماهەنگی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاّت بەشداری کارای هەبوو لەگرتنی دەیان پادگادا، وەك پادگاکانی سوپای ئێران لە (خانێ و مەهاباد و سەقز و چەندین شوێنی تر)، و پادگاکانی سەرجادەی مەهاباد وگوندەکانی وسەردەشت وبانە وسەقز و بۆکان وناوچەی پاوە ونەوسود ومەریوان)[6]. بۆ ئەو مەبەستەش چەند فەرماندەیەکی (ی . ن .ك) وەك

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

(2) مستەفا چاوڕەش : س. پ ، ل ١٥٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢ .

(3) شاخەوان عەباس: س . پ ، ل ١٩٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢ .

(4) نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٦٩.

(5) ه . س ، ل١٤٣.

(6) حامید گەوهەری : س . پ ، ب١، ل ٩٥ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٦٨ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩:( برایم جەلال مەجید : ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری ڕانیە و دواتر لە سلێمانی تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلولەوە ، دواتر لە ناکۆکی نێوان هەردوو باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی پارتیدا دەبێتە لایەنگری باڵی

(ملازم عومەر لە مەهاباد، عەلی شیعە لەسنە ، عەلی ئامەخان لە سەردەشت ... چەندینی تر) هاوکاری پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلآت بوون [1]، ئەگەرچی (ی . ن .ك) هەولی دەدا کە بەشداری پێشمەرگەکانی بە نهێنی بمێنێتەوە ، بەلآم بەردەوام هەوالی بەشداری (ی . ن .ك) دەگەیشتە کاربەدەستانی تاران و هەر زوو لەرۆژنامەکانی ئێراندا دەنگیدایەوە، بەوەی لایەنگرانی تالەبانی هێرشیان کردووەتە سەر چەند سەربازگەیەك لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای ئێران [2]. بۆ نمونە : لە (٢٧ دی ماه ١٣٥٧ -١٨ کانونی دووەمی ١٩٧٩ ) دا لەرۆژنامەی ئیتلآعاتدا هاتووە کە (٦٠) کەس لەلایەنگرانی جەلال تالەبانی دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی ئێران و پەلاماری پادگانی "قورەیش"یان داوە لەسەردەشت ، ئەگەرچی سەربازگەکەیان بۆ نەگیراوە، بەلآم گەمارۆیانداوە[3]. هەر لەهەمان ڕۆژنامەدا هەوالی ئەوە بلآوکراوەتەوە کە جەلال تالەبانی و چەند پێشمەرگەیەکی چوونەتە ناو شاری مەریوان و لە خوێندنگەیەکی ئەو شارەدا جێگر بوون، بوونەتە هۆی نائارامی لە ڕۆژهەلآتی کوردستان [4].

سەبارەت بەو پەیوەندی و هاوکارییە، دەسەلآتدارانی نویَ ی ئێرانی چەندجارێك بەنوێنەرانی (ی . ن . ك) یان ڕاگەیاندووە و ئاگاداریان کردوونەتەوە لە دەست وەرنەدان لەکاروباری ڕۆژهەلآتی کوردستان [5]. بەلآم یەکێتی بەردەوام هەموو ئەو هەوالآنەی ڕەتکردووەتەوە، ڕۆژنامەی " کەیهان " لە (١٣٥٧/١٢/٣– ٢٢ شوباتی ١٩٧٩)دا نامەیەکی سەرکردایەتی یەکێتی بلآوکردووەتەوە ، کە تێیدا هەموو ئەو هەوالآنە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەبەشداریکردنی یەکێتی دەکات لەپشێوییەکانی ڕۆژهەلآتدا، هەر لەو نامەیەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە یەکێتی دلسۆز و دۆستی گەلانی ئازادیخوازی ئێران و پشتیوانی خەباتی گەلانی ئێرانن بە سەرۆکایەتی

---

مەکتەبی سیاسی تا سالی ١٩٦٨، سالی ١٩٧٠ بۆ باشوری عێراق دوردەخرێتەوە ، لە حوزەیرانی ١٩٧٠ دەبیتە ئەندامی (کملك)، سالی ١٩٧٨ دەچێتە شاخ و پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە دەکات ، لەو ماوەیەدا چەندین بەرپرسیارێتی لە ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیدا پێسپێردراوە ، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن (ی . ن . ك)ەوە، چەندین جار دەنێرێتە ڕۆژهەلآتی کوردستان بەتایبەت بۆ لای (کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، سالی ١٩٨٧ لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) دەچێتە دەرەوەی ولآت ، دواتر لە کۆنگرەی سێیەمی (ی . ن . ك) دا سالی ٢٠١٠ وەك ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند و جێگری دووەمی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەلبژێردرا).

[1] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆلەمێشدا ، ل ١٤٤.

[2] شەریف هەژاری : ڕۆژهەلآتی کوردستان (١٩٧٩–١٩٨٠) لە بەلگەنامەکانی بەریتانیادا ، و : ڕەزا فەتحوللآنژاد ، ب . ش ، ب . س ، ل ١٧.

[3] روزنامه "اطلاعات" ، شماره ١٥٧٦٣ ، پنجشنبه ٢٧ دی ماه ١٣٥٧، ص ٢. بۆ دەقی ئەم هەوالە لە ڕۆژنامەی ئیتلآعاتدا بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

[4] روزنامه "اطلاعات"، شماره ١٥٧٨٩، سه شنبه ، اول اسفند ماه ١٣٥٧، ص ٧.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلّ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

خومەینی [١]. هەروەها ( داریۆشی فروهەر) وەك نوێنەری دەوڵەت لەلایەن حکومەتەوە نێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی رۆژهەلأت لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئیتلاعات) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تاڵەبانی و لایەنگرەکانی هۆکارنین بۆ پشێوییەکانی ناوچە کوردیەکان [٢]. نوێنەری یەکێتی لە "بەیروت" بە ناوەندی هەواڵی فەرەنسای راگەیاندووە، کە یەکێتی بە هیچ جۆرێك بەشداری نییە لە رووداوەکانی ئێران، ئاماژەی بە ئەوە کردووە کە نوێنەرانی یەکێتی لە فەرەنسا سەردانی ئیمام خومەینیان کردووە و داوای هەماهەنگی و هاوکاریان لە ئیمام کرددوە، جگە لەوە ئەم نوێنەرەی یەکێتی داوای کردووە کە دەسەلأتدارانی نوێی ئێران مافی نەتەوەی کوردانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا بە فەرمی بناسێت و دانی پێدا بنێت[٣]. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە هەڵوێستی یەکێتی لەشاردنەوەی راستیەکان لە رێگەی چاپەمەنی و بلأوکراوەکانەوە کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی ئەم رێکخراوە و ئێران . هەروەها شێخ عزەدینی حسێنی لەرۆژنامەی (ئێتلأعات)دا بەهەمان شێوە رەتی دەکاتەوە کە لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی هۆکاربن بۆ پشێوییەکانی سنوری نێوان (ئێران ، عێراق ، تورکیا)[٤]، گومانی تێدا نییە هاوکارییەکانی (ی . ن .ك) بۆ لایەنەکانی رۆژهەلأت کاریگەری هەبوو لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی یەکێتی بەنزیکبوونەوەی زیاتری لەرۆژهەلأتی کوردستان ، هاوکات کاریگەریی نەرێنی هەبوو لە سەر پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ رژێمی نوێی ئێران لەداهاتوودا.

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] مداخله (جلال طالبانی ) در مناقشات کردستان تکذیب شد ، روزنامه "کیهان" ، ١٣٥٧/١٢/٣ ، وەرگیراوە لە (بهزاد خوشحالی : کردستان وانقلاب) . http://www.mijoo.blogfa.com/post-192.aspx ) روزنامه "اطلاعات" ،جلال طالبانی ایجاد نارحتی نکرده است ،شماره (١٥٧٩٠) ، ص ٢ .

[٢] روزنامه "اطلاعات"، شماره ١٥٧٩٧، پنجشنبه، ١٠ اسفند ماه ١٣٥٧، ص٧.

[٣] روزنامه"اطلاعات"، دولت : براوضاع کردستان تسلط کامل داریم ، شماره (١٥٧٩٢)،شنبه ، ٥ اسفند ماه ١٣٥٧،ص ١، ٢.

[٤] روزنامه "اطلاعات" ، شماره (١٥٧٩٣)، یکشنبه، ٦ اسفندماه ١٣٥٧،ص٢.

## باسی چوارەم / سەرەتای پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

یەکێك لەبەرنامەکانی (ی . ن .ك) وەك لە ئەدەبیاتەکەیدا ئاماژەی پێکراوە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بایەخدان بووە بەهاوخەباتی و هەماهەنگی نێوان بەشەکانی تری کوردستان بەتایبەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان. لەم ڕووەوە لە زنجیرە کۆبوونەوەکانی ٢٧-٣١ ئایاری ١٩٧٥ دا دوو کۆمسیۆن دروست دەکرێت بۆ پەیوەندیکردن بەپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستانەوە و عومەر شێخ موس دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی(ی . ن .ك) لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەلات [1].

دوای کۆتایی جوڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵانی (٦٧-٦٨) ڕۆژهەلاتی کوردستان کەلەلایەن باڵێکی حیزبی دیموکراتەوە ڕابەرایەتی دەکرا، شکستی کارەساتباری جوڵانەوکە وەك کوشتنی ژمارەیەك لەڕێبەرانی و زیندانی کردنی ئەندامانی ئەم حیزبە و هەلاتنی بەشێکی تریان بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەت بۆ (عێراق و ئەوروپا)، جوڵانەوەی گەلی کوردی لەڕۆژهەلاتی کوردستان توشی ئیفلیجی کرد [2]. بەلام سەرەڕای ئەمە لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا چەند ڕێکخرا و کۆمەڵە و گروپی جیاواز هەبوون کە (ی . ن .ك) هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە لە هەوڵدا بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵیاندا، بەوێنەی (حدکا) و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران(کۆمەڵە )[3].

دوای ئەو لێدانە کوشندە و بەهێزەی لە ١٩٦٨بەر(حدکا)کەوت ، ئیدی ئەندامانی ئەم حیزبە لەعێراق و باشوری کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا بەردەوام بوون لەخەبات، بەلام نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستان دابنێن[4] . لایەنگر و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی (حدکا) بەسەرکردایەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە دروشمیان دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو وەك ڕەوتی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەناسران [5]، تا ناوەڕاستی پایزی ١٩٧٨ لە دەرەوەی وڵات بوون ، لەگەڵ فراوانبوونی خۆپیشاندان

---

[1] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١١٥، ١١٧- ١١٨.

[2] د. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران ، ل ٥٢٩ ،٥٣٣.

[3] (کۆمەڵە) لە سەرەتای دامەزراندنیدا لە ژێر ناوی تەشکیلاتدا وەك ڕیکخراوێکی نهێنی کاریدەکرد، تا ( ١٥ ی شوباتی ١٩٧٩) بەشێوەیەکی فەرمی خەباتی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند لەژێر ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی و زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران . (شەیما سەعید حمەلاو: س . پ ، ل٦٨-٦٩ ).

[4] بۆ زانینی زیاتر دەربارەی ڕەوشی ناوخۆیی و خەباتی (حدکا) لەساڵانی ( ١٩٦٨- ١٩٧٩ ) بڕوانە: (جەلیل گادانی: س . پ ، ب١، ل١٦٣-٢١٠ ؛ عبداللە حسن زادە : نیوسەدە تێکۆشان ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، چ١ ، لەبڵاوکراوەکانی کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب . ش ، گەلاوێژی ١٣٧٤هەتاوی/ ١٩٩٥، ل٥١-٧٦ ؛ د . یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران ، ل ٥٣٣-٥٥١).

[5] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٤٩.

**وگۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، جۆرێك لەفشاری مەعنەویان لەسەر دروستبوو بۆ گەڕانەوەی ئەندامانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای گەڕانەوەی سکرتێری حیزب عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە ١٥ ئەیلولی ١٩٧٨دا لە ئەوروپاوە بۆ بەغداد، گروپێکی هەشت کەسییان بەناوی (کۆمیتەی زاگرۆس[1]) ناردەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان [2]، ئەم کۆمیتەیە دوای ئەوەی لەعێراقەوە گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە قاسملوو کەچووە تاران ئەوانی دی بەشارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاوبوونەوە، بەڵام کار وچالاکییەکانیان سنورداربوو. یەکەم بەیانی خۆیان بەنهێنی لەساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان دا بڵاو کردەوە کەئەمەش دەبێتە یەکەم بەیانی فەرمی (حدکا) دوای گەڕانەوەی بۆ ناو وڵات، پاشان حیزبی دیموکرات لە ٢ ئازاری ١٩٧٩ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراواندا دوای ٢٦ ساڵ لەخەباتی نهێنی، خەباتی سیاسی ئاشکرای خۆی دەستپێکردەوە[3].**

**(کۆمەڵە) وەك پارتێکی چەپی مارکسی لینینی لەژێر کاریگەریی هزری ماویزمدا لە پایزی ١٩٦٩ دا بەناوی تەشکیلات دامەزرا [4]، واتە شەش ساڵ پێش دامەزراندنی (ی . ن .ك)، ( کۆمەڵە ) دووەمین هێزی سیاسی بوو لەدوای (حدکا)، کەزۆربەی ئەندامانی لەنێوان ( ١٩-٢١) ساڵیدابوو کە زۆربەی کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون و زانیاری شارەزابوون لەخەباتی ڕێکخراوەیی و خوێندکاری تەرخانکردبوو . خەباتی تەشکیلات بۆ ماوەی نۆ ساڵ بەشێوەی نهێنی بەردەوام بوو و جگە لەناوی تەشکیلات هیچ ناوێکی تری نەبووە، تا لەدوای روخانی شا و لە ١٥ی شوباتی ١٩٧٩دا خۆی بەناوی ( کۆمەڵە) ڕاگەیاند،[5]. لەسەروبەندی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەوتی چەپ و مارکسییەکان خۆیان لە لایەنگر و ئەندامی ڕێکخستنەکانی**

---

(1) کۆمیتەی زاگرۆس : ئەم کۆمیتەیە لەسەرەتادا حەوت کەس و دواتر بوو بەهەشت کەس کە پێکهاتبوو لە ( د. عەبدولرەحمان قاسملوو، عەبدوڵای حەسەنزادە، ئەمیری قازی، هاشمی کەریمی، سەلیم بابان زادە، سەید رەسوڵی دێهقان – سەید رەسوڵی بابی گەورە، مەلاحەسەنی شیوەسەڵی، حەمەدەمینی سیراجی، ).بڕوانە:( عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل ١٢٠ ، ١٣٨ ؛ جەلیل گادانی: س . پ ، ب١ ، ل ٢٢٤ ؛ حامید گەوهەری : س . پ ، ب١، ل ٦٢-٦٣).

(2) عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل١٢٠ ؛ جەلیل گادانی: س . پ ، ب١ ، ل ٢٢٤ ؛ کەریمی حیسامی: لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٥-١٩٧٩ ، ب٥ ، ستۆکهۆڵم ،١٩٩١، ، ل ٢٤١.

(3) عبداللە حسن زادە: س . پ ، ل ١٣٧-١٣٨ ؛ حامید گەوهەری:س.پ ، ب١، ل ٦٣، ١٣٠ ؛ ئەمیری قازی: س . پ ، ل ٢٠١ ؛ د.هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل ٥٨.

(4) شەیما سەعید حمەلاو: س . پ ، ل٦٨-٦٩ .

(5) د. یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران، ل٦٠٢ ؛ د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٥٨. دامەزرێنەرانی (کۆمەڵە) بریتی بوون لە هەریەکە لە (فوئاد مستەفا سوڵتانی، سدیق کەمانگەر ،محەمەد حسین کەریمی، ئیرەج فەرزاد، موسڵح شێخ الاسلام ، یەدوڵا بێگلەری، عەبدوڵای موهتەدی ، ساعید وەتەن دۆست ، شوعەیبی زەکەریایی، فاتیح شێخ الاسام ، حسێن موراد بێگی، ئیرەج فەرزاد). بڕوانە : (شەیما سەعید حمەلاو: س . پ ، ل ٦٩،٦٨)

(کۆمەڵـە) دا دەبینیـەوە کـە لـە لایـەن ( فوئـاد مسـتـەفا سـوڵتانی[1] ) یـەوە سـەرکردایەتی دەکرا، و ( کۆمەڵـە ) بـۆ ئـەوەی ئەنـدامانی لەئاشـکرابوون و گـرتن بپارێزێـت، لـەبری رێکخراوێکـی گشـتگیر و سەرتاسـەری چـەندین رێکخراوی بەناوی جیاجیاوە لە شارەکانی رۆژهەڵاتدا دروست کرد وەك ( کۆمەڵەی بەرگری لەمافی گەلی کورد – ورمێ، کۆمەڵـەی رێگـای رزگـاری زەحمەتکێشـان لـە کوردسـتانی ئێـران – مهاباد ، یـەکێتی جوتیـارانی مـەریوان، ...هتد) ئەم ڕێکخراوانە لەزۆر رووە وە یەك هەڵوێست بوون و بەیەك ئاراستە کاریان دەکرد[2].

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا و لەکاتی دروستبوونی پشێوییەکانی رۆژهەڵاتدا جگە لـەم دوو ڕەوتـەی باسـکرا رەوتـی ئـاینی نەتەوەیشیان هاتـە پـاڵ ، شێخ عزەدینی حوسێنی وەك کەسایەتی سیاسـی و ئـاینی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، دەفتـەری سیاسـی تایبـەت بـەخۆی دروسـت کـرد بۆکۆکردنـەوەی جـەماوەر لـەدەوری دیدوبۆچـوونە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکانی، (فـاتیح شێخولئیسـلام[3]) بـوو بەسـکرتێری ئـەم دەفتـەرە کەناوەندەکـەی لـە شـاری مـەهابادبوو و لـە زۆربـەی شـار و شارۆچـکەکانی تـری کوردسـتان بنکـەی کـردەوە[4]. هـەروەها( شـێخ جـەلالی حوسێنی[5] )، (سازمانی خـەباتی نەتـەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران _ سازمانی خـەبات ) ی دروستکرد[1].

---

[1] فوئاد موستەفا سوڵتانی : ساڵی ١٩٤٨ لەگوندی "ئەڵمانە" ناوچەی مەریوان لەدایك بووە ، سەرەتاکانی خوێندنی لەشاری سنە بەسەرکەوتویی بڕیوە ، دواتر لە زانکۆی شەریفی لە تاران خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٧١ بووە بە ئەندازیاری (کارەبا)، ساڵی١٩٦٩ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تەشکیلات و دواتـر ساڵی ١٩٧٩ بـوو بـە (کۆمەڵـە) ، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ساڵی ١٩٧٨ لە زیندانـدا بـوو ، رۆڵێکـی بەرچاوی هـەبوو لـە خۆپیشـاندانەکانی خـەڵکی دژی دەسـەڵاتی شـا ، لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٧٩ دا لـە بۆسـەیەکدا کـوژرا. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە : (کاك فوئاد رێبەر، سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی (١٩٤٨_١٩٧٩)، سوید ، ٢٠٠٦).

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٤ ؛ د. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران ، ل٦٠٣.

[3] فاتیح شێخ وئیسلام : کوڕی سەید ئەحمەدی شێخ ئیسلامە، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەریوان لەدایکبووە ، سـەرەتای خوێنـدنی لـە شاری مەریوان و ناوەندی و دوا ناوەندی لە شاری سنە تـەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٠ چوەتە زانکۆی تاران بۆ خوێنـدنی لاهـوت ، پاشان ماستەری لە بەشی ئەدەبیات بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان خوێندووە ، هـەر لەسـەرەتاوە پەیوەندیی کردووە بە تەشکیلاتی (کۆمەڵە) وە ، ساڵی ١٩٩١ لەگـەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئێران کـەوتووە، لـە ساڵی ٢٠٠٤ وە لەگـەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئێران _ حیکمەتیست دایە و سکرتێری کۆمیتەی مەرکەزی ئەم حیزبەیە، ئێستە لـەولاتی سوید دەژێـت . وەرگیراوە لـە: (شەیما سەعید حمەلاو: س . پ ، ل ٦٩)

[4] د. یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران ، ل ٦٠٩.

[5] شێخ جەلالی حوسینی: جەلالەدین حوسێنی کوڕی شێخ ساڵحی واژەیی بەرزنجەیە ، لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری بانە لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی ئاینی لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە و دواتر زۆربەی شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵات گەڕاوە بۆ خوێندن و خوێنـدنی ئـاینی تـەواوکردووە ، بـۆ مـاوەی ٢٤ سـاڵ سـەرەڕای مەلایـەتی وانـەی ئـاینی وتووەتـەوە لـە بانـە ، لەسـەرەتای کـاریی سیاسـیدا پـەیوەنـدیی کـردووە بـە کۆمەڵـەی ( ژ .ك) وە ، لـە کـاتی ڕاپـەڕینی گـەلانی ئێرانـدا لـە شـاری بانـە و دەوروبـەری رۆڵێکـی بەرچـاوی هـەبووە ، دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گـەلانی ئێـران لـە دەفتـەری سیاسـی شـێخ عزەدینـی برایـدا کـاریکردووە ، لـە (١٩٨٠/٨/٢٧) دا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی سازمانی خەباتدا و تا کۆنگرەی سێی ئەو حیزبە سکرتێربووە ، پاشان لە کۆمیتەی ناوەندی ئەو کۆمەڵەیە لـە خـەباتی سیاسی بـەردەوام بووە دواتر لـە تشرینی یەکـەمی ٢٠١٢ لـە شاری هـەولێر کۆچی دوایـی کـردووە. (مامۆسـتا شـێخ جـەلالی حوسـێنی لەدیمانەیـەکی تایبەتـدا ، گۆڤـاری " K٢١ "، ژمـارەی جمـك (٢–٣) ، ٢٠٠٨، ل ١٦٠–١٧٣ ؛ د.هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل ٥٠) .

هەروەها هەر لەناو ئەو کەسایەتیە سیاسی و ئاینیانە (ئەحمەدی موفتی زادە[٢]) لەشاری مەریوان دواتر لەسنە (مەکتەبی قورئان)ی وەك دامەزراوەیەکی ئاینی مەزهەبی بەهاوکاری چەند مامۆستایەکی ئیخوانی دروست کرد، کەلەمانگەکانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بناغەیان دروستکردبوو، بەڵام لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧ سەرەتای ١٩٧٨ دا دەرکەتن [٣] ، لەشارەکانی سنە، کرماشان، سەقز، بۆکان لایەنگری زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە، دوژمنی سەرسەختی لایەنە چەپەکانی وەك (کۆمەڵە) و (چریکی فیدائیان) بوو، خوازیاری چارەسەری کێشەی گەلی کورد بوو لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا و پەیوەندیی لەگەڵ ئایەتوڵا مونتەزری و مەهدی بازرگان هەبوو[٤] .

(ی . ن .ك) ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٩ ) توانی تاڕادەیەك پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بەتایبەت (حدکا) و ( کۆمەڵە ) ، لیرەدا هەوڵدەدرێت سەرەتای پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵات لەساڵانی ١٩٧٥ بۆ سەرەتای ١٩٧٩ بخرێتە روو:

## یەکەم / پەیوەندیی (ی . ن .ك ) لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران( حدکا ):-

پەیوەندیی (ی . ن .ك) لەگەڵ حیزبی دیموکرات بۆ سەرەتای دامەزراندنی (ی . ن .ك) دەگەڕێتەوە ، جەلال تاڵەبانی لەرێگەی نامەوە پرس و ڕاوێژی بە عەبدولڕەحمانی قاسملوو کردووە سەبارەت بەدامەزراندنی (ی . ن .ك)، لەوەڵامدا قاسملوو هانیداون بۆ ئەو کارە[٥]، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) لەڕێگەی بەیانی ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە ئاگاداری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بوون ، دواتر لەمانگی تەموزی ١٩٧٥دا واتە مانگێك دوای دامەزراندنی (ی . ن .ك)، کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) لەبەرلینی رۆژئاوا لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: رۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٥٠، ٢٦٦.

[٢] ئەحمەدی موفتی زادە : لەساڵی ١٩٣٤ لە شاری سنە لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی بە خوێندنی ئاینی دەستپێکردووە لە حوجرەی سنە، کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ و لە ریزەکانی (حدکا)دا دەستپێکردووە ، لەسەر کاری سیاسی لە لایەن دەسەڵاتی شاوە زیندانی کراوە ، ساڵی ١٩٧٠ (مەکتەبی قورئان) دروستدەکات و دەبێتە رێبەرێکی دیاری رەوتی سوننە لە ئێران ، بەشدارییەکی بەرچاوی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی گەلانی ئێران بووە دژی دەسەڵاتی شا، دوای ساڵی ١٩٧٩ بەشداری کارای جولانەوەی سیاسی بووە ، ساڵی ١٩٨٢ دەکەوێتە زیندانی کۆماری ئیسلامی و تا ساڵی ١٩٩٢ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دوای ئازادبوونی و ساڵی ١٩٩٣ و بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات . بروانە: (سەروەت عەبدوڵا : کاك ئەحمەدی موفتی زادە ، دەروازەیەك بۆ ناساندنی کەسایەتی و خەباتێکی نەناسێنراو ، کتێبی یەکەم ، چ٣، چاپخانەی سیما، سلێمانی ،٢٠١٤).

[٣] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: رۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٥١ ؛ مەولود بەهرامیان : بزوتنەوە ئیسلامیەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، گۆڤار "دۆسیەی ئێران _سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی "، ژ(١٧)، ئازاری ٢٠١٠، ل ١١-١٢.

[٤] د. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل ٦١١ .

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال ، رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢، ل ٦.

کەمال فوئاد [١] و عەبدولخالق مەعروف کۆبونەوەو وردەکاری دامەزراندنی یەکێتییان پێڕاگەیەنرا [٢]. بەلاّم عومەر شێخ موس کە لەوکاتەدا راسپێردرابوو بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کوردانی رۆژهەلاّت ، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە لەولاّتی سوید لەماڵی ئەمیری قازی لەگەڵ سکرتێری و ئەندامانی دەفتەری سیاسی (حدکا) عەبدولڕەحمانی قاسملوو و کەریمی حیسامی و محەمەدی موهتەدی و حەسەن شەتەوی کۆبونەتەوە و وردەکاری دامەزراندنی (ی . ن .ك) بۆ باسکردوون، و داوایان لێکردوون کە هاوکاری هەبێت لە نێوانیان ، و پشتیوانی یەکتر بن و ئەو پەیوەندییە خراپەی کە پێشتر هەبوو لە نێوانیاندا چاکیبکەنەوە و بەرەو پێشی ببەن[٣]. مەبەست لە پەیوەندی نێوان شۆڕشی باشوری کوردستان و رۆژهەلاّتی کوردستانە.

لەنێوان (ی . ن .ك) و (حدکا) دا تادوای رووخانی شا هیچ رێکەوتنێکی دووقۆڵی بەدیناکرێت کە لەنێوانیاندا بەسترابێت ، تەنها رێکەوتنێك کەهەبووبێت لە نێوانیادا ، ئەوەی کە لەم ماوەیەدا هەبووە تەنها لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی پارت و رێکخراوە کوردستانییەکاندا بووە ، بەتایبەت هەردوو کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٧٦ لە (دیمەشق) و ٢ ئازاری ١٩٧٧ ناوچەی (رۆشە – بەیروت )[٤].بەلاّم تەنها لەسەر کاغەز بوو نەك پراکتیك.

لەلایەکی ترەوە بەهۆی پەرتەوازەیی و دابەشبوونی (حدکا) وە لە نێوان (ئێران – عێراق – ئەوروپا) پەیوەندییەکانی یەکێتی و (حدکا) چەندین شێوەی جۆراو جۆری لەخۆ دەگرت کە دەتوانین بیانخەینە روو :–

سەبارەت بەپەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) و (حدکا) لەئەوروپا بەوپێیەی بەشێك لەئەندامە بالاّکانی (حدکا) و قاسملو سکرتێری (حدکا) لەئەوروپا دەژیان دۆخی پەیوەندییەکان جیاوازبوو، لە ساڵی (١٩٧٥–١٩٧٨) (ی . ن .ك) پەیوەندیەکی زۆرباشی لەگەڵ قاسملودا هەبوو، بێگومان ئاشنایەتی پێشووی نێوانیان رۆڵی خۆی هەبوو

---

[١] کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد : ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتاکانی خوێندنی لەشاری سلێمانی تەواوکردووە ، لە تەمەنی پازدە ساڵیەوە نزیکی بیروباوەڕی چەپ و پێشکەوتن خواز بووە و دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە کردووە . ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە شاری بەغداد بۆ خوێندنی ئەندازیاری ، ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە ناو (پ . د . ك) ، هەمان ساڵ دەچێتە ئەڵمانیای رۆژئاوا و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زمانی کوردی بەدەستدەهێنێت ،لەسالاّنی شەستەکاندا یەکێك بوو لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، ماوەیەکیش بوو بە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە . ساڵی ١٩٧١ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغداد دامەزراند . دوای هەرەسی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی (ی . ن . ك)، و لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٧٧ دا بەئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی . ن . ك) هەڵبژێردرا لەسەر هێڵی گشتی ، ساڵی ١٩٨٢ بەشداربوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕان ، ساڵی ١٩٩٢ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، ساڵی ٢٠١٠ چووەتەوە ئەڵمانیا و لە (٢٠١٤/١١/١٥) لە شاری بەرلین کۆچی دوایی کرد.(شەش دەیە خەبات پاشکۆیەکی تایبەتی کوردستانی نوێ یە بۆ ڕێز لێنان لەزیاتر لەنیو سەدە لەخەباتی د. کەمال فوئاد، رۆژنامەی"کوردستانی نوێ"، ژمارە(٥٩٨١)ساڵی بیستەم ،٢٠١٣/١/٢٠).

[٢] هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل٣٨١.

[٣] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١١٨ ؛ لە دیمەشقەوە بۆ بەرلین ، س . پ ، ل ١٦٥.

[٤] بڕوانە باسی یەکەم لە بەشی یەکەم ، ل٧.

لەم پەیوەندییەدا ، کە بێگومان ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە سەر زیادبوونی فشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر ئەندامانی (حدکا) کە لەعێراق دەژیان [١]. بەڵام فشاری حکومەتی عێراق کەمتربوو لەسەر ئەندامانی (حدکا) لە ئەوروپا، پەیوەندیی هەماهەنگی نێوان هەردوولا باشتربوو، بەهاوکاریکردنی یەکتر لەرووی کاری رێکخراوەیی و بلاوکراوە و کاری ڕاگەیاندن. بۆنمونە: گۆڤاری (the spark) کە (ی . ن .ك) لەئەوروپا دەریدەکرد نیشانی عەبدولرەحمانی قاسملوو دراوە و پرس و راوێژی پێکرا [٢]، هاوکات دوای کارەساتی هەکاری عومەر شێخ موس هەوڵیدا لە ڕێی قاسملوو و کامەران عالی بەدرخانە[٣]وە داوا لە مستەفا بارزانی بکەن بۆ پاراستنی گیانی علی عەسکەری[٤] و دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ کە لای سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) گیرا بوون [٥]، بەلام وەك لە دواتردا دەرکەوت کە ئەوانیش نەیانتوانی هیچ کاریگەرییەکیان لەو مەسەلەیەدا هەبێت .

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان (ی . ن .ك) وئەندامە بالاکانی (حدکا) لە عێراق تارادەیەك ئاسایی بوو، بەلام لەهەمان کاتدا سنوردار و نهێنی بوو، چونکە زۆربەی ئەندامە بالاکانی (حدکا) و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان بەخێزانەوە لەعێراق دەژیان، بۆیە پەیوەندییان لەگەڵ (ی . ن .ك) بەنهێنی مایەوە[٦]. بێگومان

---

[١] د . هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی:س .پ ، ل ١٥٤ ؛ کەریمی حیسامی : پێداچونەوە ، ب٢، ل ٢٨٢.

[٢] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا، ل ١٣٣ ؛ گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

[٣] کامەران عالی بەدرخان : ساڵی ١٨٩٥ لە دیمەشق لەدایك بووە، ساڵی ١٩٢٢ بۆ خوێندن دەچێتە ئەڵمانیا و لەساڵی ١٩٢٤ دکتۆرای لە صفوف وەرگرتووە ، ساڵی ١٩٤٧ لە فەرەنسا (سەنتەری توێژینەوەی کورد)ی دامەزراند، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧–١٩٧٠ وانەی ئەدەب و زمانی کوردی لەە بەشی زمانەکانی رۆژهەلاتدا دەوتەوە. ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی و نورەدین زازادا کۆمەڵەیەکی خوێندکاریان دامەزران بەمەبەستی هاوکاریکردنی ئەوقوتابیانەی کە تازە دەگەیشتنە ئەوروپا، ساڵی ١٩٦١ هەوڵێکی زۆریدا بۆ ناساندنی شۆڕی کوردی بە جیهان ، ساڵی ١٩٧٠ چووە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە ، و ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە .( یوسف ئەحمەد مەنتیك : بەدرخانییەکان ماڵبانێکی خەباتکار ، هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ٥٢–٥٣).

[٤] عەلی عەسکەری : کوڕی شێخ عەبدولاو برازای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیە ، ساڵی ١٩٣٧ لەگوندی عەسکەر لەدایك بووە ، ئەوکاتی کەخوێندکاری ناوەندی بووە لەشاری کەرکوك (١٩٥٦–١٩٥٧) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانەوە دەبێتە بەرپرسی لیژنەی قوتابیان ، هەمان ساڵ بوو بەئەندامی ( پ . د .ك) ، ساڵی ١٩٥٩ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ، ساڵی ١٩٦٠ و لە کۆنگرەی پێنجی پارتیدا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، ساڵی ١٩٦٢ بوو بەبەرپرسی هێزی خەبات ، دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی و تا ساڵی ١٩٧٠ چونەوە ناو پارتی ، پاشان عەلی عەسکەری تا کۆتایی شۆڕش وەك بەرپرسی هێزی پێشمەرگە و رۆڵی باشی بینی لە بەڕێوەبردنی هێزی پێشمەرگەدا ، و لەگەڵ ئەوەدا بوو کە شۆڕش درێژە پێبدرێت . دوای هەرەس و لە هاوینی ١٩٧٥دا بەشداربوو لە دروستبوونی(بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) و دواتر بوو بە باڵێکی ناو یەکێتی ، عەلی عەسکەری لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوخۆیی ولات ساڵی ١٩٧٧ بوو بە بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ، دواتر لە کارەساتی هەکاریدا و لە تەموزی ١٩٧٨ دا لە لایەن سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) وە شەهیدکرا .( ساڵەح بێچار : عەلی عەسکەری پیاوێك بوو کەڵەگەت ، رۆژنامەی"کوردستانی نوێ" ، ژمارە (٦٤٢٥) ساڵی بیست وپێنجەم، ٢٠١٤/٧/٤ ؛ کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید: پیاونامە گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری ، ئامادەکردنی : حەمەنوری تۆفیق ، چ ١، سلێمانی ،٢٠٠٤، ل ٥٠ ).

[٥] نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا، ل ١٣٧.

[٦] خدر مەرەسەنە، س . پ، ل ١٢٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، رۆژنامەی"کوردستانی نوێ"، ژمارە (١٢٩٨)،١٩٩٦/٦/٢،ل٦.

حکومەتی عێراق کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەم پەیوەندییە بەتایبەت لە ناوخۆی عێراقدا، دەزگەی هەواڵگری عێراق فشاری زۆری خستبووە سەرکۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بۆ ئەوەی دژی جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی بلاوکراوە بلاو بکەنەوە و کردەوەی ئێستە و ڕابردوویان مەحکوم بکەن، هاوکات نارەزایی خۆیان نیشان دابوو لەسەر پەیوەندییەکانی قاسملوو وەك سکرتێری (حدکا) لەگەڵ نەیارانی حکومەتی عێراق کە مەبەستیان (ی . ن .ك) و لایەنەکانی تر بوو، بەجۆرێك حکومەتی عێراق بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی (حدکا)یان ڕاگەیاند گەر بە مەرجەکانیان ڕازینەبن ئەوا پێویستە لە عێراق بچنەدەرەوە، بەلام (حدکا) ڕازینەبوو بە داواکارییەکانی حکومەتی عێراق ، بۆیە حکومەتی عێراق (حدکا)یان بەناردنی چەك و هاریکاری بۆ (ی . ن .ك) تاوانبار دەکرد[1]. بەلام نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەکاریگەری حکومەتی عێراق دەکات لەسەر ئەندامانی (حدکا) و دەڵێت: (( حیزبی دیموکرات بو ئەوەی دڵی عێراقی لێ نەرەنجێ خۆی لەهەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەل یەکێتی ئەبوارد. جگە لەوە هیچ ڕێخستن و نفوزێکیشی لەناو کوردستانی ئێراندا نەبوو تا ئێمە کەڵکی لێوەربگرین [2] )).

لەڕاستیدا حکومەتی عێراق و ئێران نەبوون بەرێگری لەدروستبوونی پەیوەندیی نێوان (ی . ن .ك) و ئەندامانی (حدکا) لە ناوخۆیی رۆژهەلاتی کوردستان کە لە دوای ساڵی ١٩٧٧، بارەگاو بنکەی سەرکردایەتی (ی . ن .ك) لەخرەی ناوزەنگ بوو، بگرە بێ گوێدانە حکومەتی عێراق و ئێران هەمیشە پەیوەندیی پتەویان هەبوو لەگەڵ (ی . ن .ك) و دڵسۆز و لایەنگری خەباتیان بوون. چەند ئەندامێکی (حدکا) لەرۆژهەلاتی کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتی (ی . ن .ك) دروستکردبوو، جگە لە پێشکەشکردنی یارمەتی لەکەڵ و پەل و پێداویستی رۆژانە لەخۆراك و ئازووقە ، هاوکات زانیاری لەسەر جموجۆڵی سوپاو ئەرتەشی ئێرانی دەدا بە (ی . ن .ك) [3]. بۆ نموونە: ئەندامانی (حدکا) لەناوچەی "سەردەشت" پەیوەندییەکی پتەویان هەبوو لەگەڵ (ی . ن .ك)، کە توانیان بەهاوکاری (ی . ن .ك) هەندێك چەك و تەقەمەنییان دەست بکەوێت ، هاوکات (ی . ن .ك) هاوکاریکردن بۆ پەیداکردنی تایپێکی دەستی ، دواتر توانیان رۆژنامەیەکی دولاپەرەیی بەناوی (دیسان خەبات) دەربکەن ، بەلام تەنها سێ ژمارەی لەناوخەڵکدا لێ بلاوکرایەوە [4].

پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) و (حدکا) لەسەر یەك هێڵی ڕاست بەردەوام نەبوو بەڵکو هەندێك هۆکار ئاڵۆزی خستە نێوان پەیوەندییەکانی هەردوولا، بۆ نموونە : لە ٢١ ئەیلولی ١٩٧٧ دا دوو ئەندامی (حدکا) (کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی) لەلایەن دەستەیەك چەکداری (بزوتنەوەی سۆسیالیستی)ەوە کەباڵێکی ناو (ی . ن .ك) بوو

---

[1] کەریمی حیسامی : لە بیرەوەرییەکانم ، ب٥ ، ل ١١٩–١٢٠ ، ١٣٣ ؛ هەیاس کاردۆ ، س. پ ، ل ٨٧.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ٣٣٤.

[3] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل ١٣٧–١٣٨ ؛ گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

[4] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل١٤٠.

دەستگیر دەکرێن و رادەستدەکرێنەوە بەحکومەتی ئێران و تا روخانی ڕژێمی شا لە بەندیخانەدا دەمێننەوە، بۆیە(حدکا) لە ١ تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ دا بەیاننامەیەکی ناڕەزایی بۆ شەرمەزارکردنی ئەم تاوانە بڵاوکردەوە [١]، هەرچەندە یەکێتی لە وەڵامی (حدکا) دا ڕایانگەیاند کە سزای ئەو کەسانەی داوە ، بەڵام (حدکا) لە ١٥ ئازاری ١٩٧٨ بەیاننامەی دووەمیان بڵاو کردەوە ، تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە یەکێتی لەگەڵ ئەوەی سزای ئەم کەسانەی نەداوە بەڵکو لەبارەگاکانی خۆیاندا پەنای داون. (حدکا) (ی . ن .ك) بەدەست تێوەردان لەکاروباری ناوخۆی (حدکا) و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێبەرایەتی حیزب تۆمەتباردەکر[٢]. بەڵام بەردەوام هەوڵدراوە بۆ نەهێشتنی گرژی و ئاڵۆزی نێوان هەردوولا بۆ ئەم مەبەستە لە ٥ ئەیلولی ١٩٧٨ دا لە "سۆفیا" کەمال خۆشناو داوا لە کەریمی حیسامی دەکات کە هەوڵبدات بۆ نزیککردنەوەی (ی . ن .ك) و (حدکا) ، کەمال خۆشناو ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەو ڕووداوانەی کە لە نێواندا ڕویانداوە سیاسەتی تاکە کەسە نەك سیاسەتی (ی . ن .ك)، هەروەها کەریمی حیسامیش پێی ڕایدەگەیەنێت کە (حدکا) پشتیوانی هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەی بزوتنەوەی گەلی کوردن لە هەموو بەشەکانی کوردستان [٣].

لەپایزی ١٩٧٨ دا زۆربەی ئەندامانی (حدکا) و عەبدولڕەحمانی قاسملو لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو ناوچە سنوریانەدا تێپەڕین کە لەژێر دەستی (ی . ن .ك) یان نزیکی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی . ن .ك) بوون، تەنانەت شەوێك لە گوندی زەڵێ مابوونەوە ، جگە لەمامۆستا هێمنی شاعیر هیچ ئەندامێکی تری (حدکا) لاینەدایە بارەگای (ی . ن .ك) و سەردانیان نەکردن[٤]. ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێك بوو بۆ خۆ دورخستنەوەی (حدکا) لە (ی . ن .ك)، بیانووی عەبدوڵای حەسەن زادە بۆ سەردان نەکردنی بارەگاکانی (ی . ن .ك) ئەوەیە کە خۆی و ئەمیری قازی بەنهێنی و دوور لەچاوی ڕژێمی عێراق گەڕاونەتەوە دوای بڕینی چەندین کاتژمێر بە ناوبەفردا ڕێکردن ون بوون پاشان گەیشتونەتە ڕۆژهەڵات [٥]، بەڵام گەر ئەم بیانووە بۆ ئەم دووئەندامەی (حدکا) لەجێی خۆیدابێت ئەوا بۆ ئەندامانی تری (حدکا) ناکرێت، بەتایبەت زۆربەی ئەندامانی (حدکا) و خودی قاسملۆ حکومەتی عێراق خۆی هێناونی بۆ قەڵادزێ و دواتر بۆ زەڵێ پاشان بۆ دیوی ڕۆژهەڵات [٦]. ئەوەی تێبینی دەکرێت پەیوەندیی هەردوولا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ بە شێوەیەکی سارد و جۆرێك لە گرژی لە پەیوەندییدا بەردەوام بوو .

---

[١] کەریمی حیسامی: لە بیرەوەرییەکانم ،ب٥ ل ١٦٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەکەناری دانوبەوە ،ل ٢٠٢ ؛ هەیاس کاردۆ: س . پ ، ل٣٨٢ ؛ خدر مەرەسەنە: س . پ ، ل ١٤١– ١٤٢

[٢] بۆ دەقی ئەم دوو بەیاننامەیە بڕوانە : پاشکۆی ژمارە (٣).

[٣] ه . س ، ل ٢٤٠ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەلیل گادانی ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

[٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٧ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا ، ل ١٤٤.

[٥] هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل ٣٨٨–٣٨٩ ؛ ئەمیری قازی : س . پ ، ل ١٩٤.

[٦] حامید گەوهەری : س . پ ، ب١ ، ل ٦٣.

**دووەم / پەیوەندیی نێوان (ی . ن .ك) و كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران (كۆمەڵە):-**

ئەنـدامانی تەشـكیلاتی (كۆمەڵـە) لەڕێگـەی بڵاوكـراوە سـەرەتاییەكانی (ی . ن . ك) وە ئاگـاداربوون لـە دامەزراندنی ئەم ڕێكخراوە نوێیە، جیاوازی نێوان ئەم ڕێكخراوە نوێیە لەگەڵ سەركردایەتی جوڵانەوەی پێشووی باشوری كوردستان بووە هۆی سەرنج ڕاكێشانی ئەندامانی تەشكیلات [1]. (ی . ن .ك) بەتایبەت (كملك) وەك باڵێكی سەرەكی ناو (ی . ن .ك) و هێزێكی چەپی خاوەن ئایدۆلۆژی ماركسی خەباتی دەكرد ، بەڵام بیری ماویزمی بەدروستتر دەزانی بەڕەچاوكردنی سروشتی كۆمەڵگەی كوردستان بەوپێیەی پێكهاتەی كۆمەڵگەی كوردی زیاتر سروشتێكی جوتیاری هەبوو هاوشێوەی كۆمەڵگەی چینی، هاوكات بیری ماویزم دەرفەتێكی بۆ بیری نەتەوەیی هێشتبوویەوە و ئەم بیرەش زیاتر برەوی هەبوو لەوڵاتانی جیهانی سێ دا [2]. دروستبوونەوەی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی كوردی لە باشوری كوردستان بەشداری لایەنێكی چەپی وەك (كملك) لە هەناوی یەكێتی دا [3]، و هاوكات (كۆمەڵە)ش لەژێر كاریگەری هزری ماویزمدا لەپایزی ١٩٦٩ دا بەشێوەی تەشكیلات دامەزرا[4]، واتە شەش ساڵ پێش دامەزراندنی (ی . ن .ك). بێ گومان ئەم لێكچوونە فكری و ئایدۆلۆژیەی نێوان ئەم دوو لایەنە كوردییە بناغەیەكی باش و كاریگەر بوو بۆ لێكنزیكبوونەوە و دروست بوونی پەیوەندیی لەنێوان هەردوولادا لە داهاتوودا، بەڵام ئەم دوو ڕێكخستنە (ی . ن .ك) و (كۆمەڵە) بەهۆی جیاوازی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی عێراق و ئێران، هاوكات پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و سیاسی هەردووبەشی كوردستان هەندێك جیاوازییان هەبوو ، هەرچەندە لەسەرەتادا لەڕووی فكر و ئایدۆلۆژی سیاسییەوە زۆر لەیەكتر نزیكبوون [5]. لەهەمان كاتدا جەلال تاڵەبانی ویەكێتی جیاواز لەسەركردایەتی (برژوای – خێڵەكی) خەباتی دەستپێكردبوویەوە [6]. لەلایەكی

---

[1] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢ .

[2] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەكێتی ی نیشتمانی ی ، ل ١٠٥-١٠٦ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.( ئاسۆ نوری ڕەزا باباشێخ : لە دایكبووی ١٩٤٧ ی سلێمانی ، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە یەكێتی قوتابیانی كوردستانەوە كرد و لەو ڕێگەیەوە بوو بە ئەندام لە پارتی دیموكراتی كوردستان. لەساڵی ١٩٦٤ لایەنگری باڵی مەكتەبی سیاسی بوو . ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی كردوە بە كۆمەڵەوە ، لە ئابی ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٩ لەزینداندا دەبێت ، ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە شاخ. لە ساڵی ١٩٨٧ كرایە بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییەكانی (ی . ن .ك) لە شاری پاوە ،دواتر دەگوازرێتەوە بۆ تاران، لە ساڵی ٢٠١٠ بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. (ئاسۆی شێخ نوری : تروسكاییەك لەشەوەزەنگدا گێڕانەوەی مێژووی شۆڕشێك، ئامادەكردن و كۆكردنەوەی محەمەد مێرگەسوری ، سلێمانی ، ٢٠١٣ ؛ ئینسكلۆپیدیای یەكێتی ، ل ٢٧٨-٢٧٩) .

[3] بەهمەن سەعیدی: پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سكرتێری كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران (وتووێژێكی تایبەت بە مێژووی (٤٠ ) ساڵەی كۆمەڵە، كوردستانی ئێران، حیزبی كۆمۆنیست، بزوتنەوەی چەپ و داهاتووی ئێران)، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، ٢٠١٠، ل ٥٨.

[4] شەیما سەعید حمەلاو:س . پ ، ل ٦٧.

[5] ه . س ، ل ٢١٠.

[6] حسین مراد بیگی ( حمەسور ): تاریخ زینده كردستان ،چپ و ناسیونالیسم ، ب . م ، ٢٠٠٤، ص ٦١.

دیکـەوە ئاشـنایەتی جـەلال تاڵـەبانی وەك سـکرتێری (ی . ن .ك) و سـەلاح موهتـەدی [1] ڕۆڵـی باشـی گێـڕا لـە نزیککردنـەوەی (کۆمەڵـە) ویـەکێتی دا، سـەلاح موهتـەدی بـرای عەبـدوڵای موهتـەدی[2] یـەکێك لەدامەزرێنـەرانی (کۆمەڵە) و لەناو تەشکیلاتدا کەسێکی گوێ لێگیرا و بوو[3]. سەلاح موهتـەدی کاریگـەریی باشی دەبێت لەسـەر دروسـتبوونی ئـەم پەیوەندییـە ، بـەردەوام باسـی کاروچالاکییەکانی (ی . ن .ك) بۆ تەشـکیلات کـردووە ، دواتـر داوایـان لێـدەکات بـۆ سـود وەرگـرتن لـە ئـەزمونی (ی . ن .ك) و راهێنـانی ئەنـدامانی (کۆمەڵـە) پێویسـت چـەند کەسێکیان بنێرنـە نـاو(ی . ن .ك)[4]. سـەبارەت بـەو پەیوەندییانـە جـەلال تاڵـەبانی خـۆی ئاماژەی بـۆ دەکـات و دەڵێـت: (( لـە کوردسـتانی ئێـران پەیوەنـدیمان هـەبوو بەوبرادەرانـەی کـە دوایـی بـوون بـە (کۆمەڵـە)، دیـارە ژمارەیـەکی زۆریـان لـە زینـدان بـوون ، بـەڵام ئێمـە بـەهۆی کـاك (صـلاح الـدینی موهتـەدی) کـە دۆسـتێکی دێرینـی خۆمـە و کـورد پـەروەرێکی ناسـراوە لـە کوردسـتانی ئێـران، بـەهۆی ئـەوەوە پەیوەنـدیمان کـرد بـە کوردسـتانی ئێرانـەوە ))[5]. حسـێن مـراد بێگـی (حەمـە سـور)[1] یـەکێك لـە دامەزرێنـەرانی (کۆمەڵـە) ئامـاژە بـۆ سـەرەتای

---

[1] سەلاح موهتەدی : کوڕی حاجی ئەوڕەحمانی موهتەدییە ، ساڵی ١٩٣٩ لەشاری بۆکان لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە تەبرێز و تاران تەواو کردووە ، دەرچوی کۆلێژی یاسایە ، هەرلەتەمەنی لاویەوە تێکەڵاوی کۆمەڵە و ریکخراوە شۆڕشگێڕی و چەپەکان بووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ڕابەرایەتی ئەم ڕێکخراوە بووە ، ساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی ڕێکخستنی تارانی (حدکا) ، ساڵی ١٩٦٣ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) و رابەری ئەم کۆمەڵەیە بووە ، لە ساڵی ١٩٨٣ وە لە وڵاتی سوید دەژێت . بڕوانە: ( سلاحدین بایزیدی : فیراز و فرودهای چپ در کردستان و ایران در گفتوگو با صلاح الدین مهتدی ، http://diyalog.blogfa.com/post-103.aspx )

[2] عەبدوڵای موهتـەدی : لـە ساڵی ١٩٤٩ لـە شـاری بۆکـان لـەدایك بووە ، خوێنـدنی لـە شـاری تـاران دەسـتپێکردووە ، هـەر لەتەمەنی لاوییەوە تێکەڵاوی بەکاری سیاسی بووە ، لـە ١٩٦٩دا یـەکێك بووە لـە دامەزرێنـەرانی تەشکیلات ، و ساڵی ١٩٧٩ بەشـداربووە لـە دامەزرانـدی (کۆمەڵـە) ، هـەروەها رۆڵـی هـەبووە لـە دروسـتکردنی (حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران / حکـا ) و تێکەڵاوکردنی (کۆمەڵـە) بـەم حیزبـە و یەکـەم سکرتێری ئـەم حیزبـە بـووە، ساڵی ٢٠٠٦ لـە ( حکـا) جیابووەتـەوە و (کۆمەڵـەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێرانـی) دامەزرانـدووە و بووەتـە سـکرتێر. بڕوانـە:( بەهمـەن سـەعیدی: پێـنج سـاڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی، ل ٣٨٧).

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[4] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتمانی ی ، ل ١٧٣.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال ، رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢، ل ٦ ؛(پەیوەندیی جەلال تاڵەبانی و سەلاح موهتەدی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٦٢ ، کاتێك سەلاح موهتەدی لەم ساڵەدا پەیوەندیی دەکات بە شۆڕشی ئەیلولەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دەبێنە ئاشنا و دواتر لەجیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی پارتی( جەلالی و مەلایی ) دا لایەنگری جـەلال تاڵـەبانی دەبێت، سـەلاح موهتـەدی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵـە ( تەشکیلات) لەژێرکاریگـەریی بیرو بۆچونەکانی سـەلاح ی موهتەدیدا لایەنگری جەلال تاڵەبانی دەبن ، بێ ئەوەی ئاگاداری ناوەڕۆکی کێشەکە بن ، بەم شێوەیە سەلاح موهتـەدی دوای ئەوەی دەگەڕێتـەوە ئێران . دوای جووڵانەوەی ( ٦٧-٦٨ ) لەلایـەن حکومـەتی ئێرانەوە دەستگیردەکرێت ،دواتر بەئازادبوونی لەڕێگەی نامەوە پەیوەندییەکانی بەردەوام دەبێت لەلەگەڵ جەلال تاڵەبانی ، (حسین مراد بیگی ( حمەسور ): م . پ ، ص ٦١ ؛ شەیما سەعید حەمەلاو: س . پ ، ل٨٣).

پەیوەندیی تەشکیلاتی(کۆمەڵە) و (ی . ن .ك) دەكات ، كە لەڕێگەی سەلاّح موهتەدییەوە ئاگاداری دروستبوونی (ی . ن .ك) و شۆڕشی نوێ بوون بەڕابەرایەتی جەلال تاڵەبانی، تاڵەبانی لە ڕێگەی كەسایەتییەكەوە بەناوی محەمەدی مەلا عەلی هەواڵی شۆڕش و (ی . ن .ك) دەگەیاند بە سەلاّح موهتەدی، هەروەها دەڵێت: ((سەلاّح موهتەدی هاندەربوو بۆ ئەوەی ئێمە پەیوەندیی بكەین بە یەكێتییەوە ، زۆربەی ئەندامانی تەشكیلات ڕەزامەند بوون بۆ دروستكردنی پەیوەندیی لەگەڵ (ی . ن .ك)، دیارە ئامانجی سەلاّح موهتەدی ئەوە بوو كە پەیوەندیی بكەین بە جەلال تاڵەبانی و (ی . ن .ك) و جوڵانەوەی كوردی لە باشوری كوردستان [٢] )).

سەرەرای ئەوەی لە ڕێگەی سەلاّح موهتەدییەوە دەنگوباس و هەواڵی یەكێتی دەگەیشتە (كۆمەڵە) ، بەڵام دوای دامەزراندنی (ی . ن .ك) بەتایبەت لەساڵی ١٩٧٧ بەدواوە (كۆمەڵە) كەوتە كۆكردنەوەی زانیاری و دەنگوباس لەسەر یەكێتی بەمەبەستی دروستكردنی پەیوەندیی و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی هەماهەنگی و هاوكاری لەنێوان هەردوولا [٣]، بۆیە (كۆمەڵە) هەوڵیدا پەیوەندیی بە یەكێتیەوە بكات ، سەرەتا بڕیاریدا لە دەرەوەی وڵاتەوە پەیوەندییەكە دروستبكات ، بۆیە هەستا بە ناردنی حەمە سور و هاوسەرەكەی بۆ ئەوروپا، لە ئەڵمانیا چاویان دەكەوێت بە كەمال فوئاد ، پاشان هەوڵدەدەن لە سوریاوە بگەڕێنەوە باشووری كوردستان ، بەڵام ئەم هەوڵەیان شكست دەهێنێت ، بۆیە (كۆمەڵە) بڕیاردەدات ڕاستەوخۆ لە كوردستانەوە پەیوەندیی بكات بە یەكێتیەوە [٤]، دواتر بڕیاری دا بەناردنی سەعید موعینی(خانە) [١] كەیەكێك بوو لەكادرە پێشكەوتووەكانی

هەواڵنامەی كتێب

---

[١] حسێن مرادبێگی(حەمە سور) : ساڵی ١٩٥١ لە شاری بۆكان لەدایك بووە ، سەرەتاكانی خوێندنی لە شاری بۆكان و پاشان لە تەورێز خوێندووە، لە ڕێگەی عەبدوللاّ موهتەدی هاوڕێیەوە فوئاد مستەفا سوڵتانی ناسیوە و یەكێك بووە لە ئەندامە سەرەتاكانی تەشكیلاتی(كۆمەڵە) ، دوای دامەزراندنی (كۆمەڵە) دەبێتە بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی ئەم ڕێكخراوە ، یەكێك بووە لە ئەندامانی كۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران ، ساڵی ١٩٩١ دا پەیوەندیی دەكات بە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێرانەوە (حسین مراد بیگی (حمەسور ) : م . پ ، ص ٩-١٠)

[٢] حسین مراد بیگی ( حمەسور ): م . پ ، ص ٥٩، ٦٠.

[٣] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشكۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٤٥ ؛ شەیما سەعید حەمەلاو: س . پ ، ل٨٣. پێشتر سەلاّح موهتەدی بەناوی خوازراوی ( ئازاد ) و جەلال تاڵەبانی بەناوی ( زانا ) نامەكانیان لە ڕێگەی ( محەمەد مەلا عەلی) موە ، ئاڵوگۆڕ دەكرد ، كە زۆربەی ئەندامانی تەشكیلات لە نامەكان ئاگاداربوون و بەتایبەت ئەو نامانەی سەلاّح موهتەدی دەیناردن بۆچون و راوێژی ئەندامانی تەشكیلاتی لەسەر بوو كە زۆربەیان تایبەت بوو بە دەستكەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر (ی . ن .ك) (حسین مراد بیگی ( حمەسور ): م . پ ، ص ٦١).

[٤] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢ .( ئیبرایمی عەلیزادە : ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی "غوس ئاوباد" لە نێوان بۆكان و مەهاباد لەدایك بووە ، قۆناغەكانی خوێندنی لە شاری مەهاباد خوێندووە و دواتر بەشی كارەبای لە كۆلێژی تەكنیكی زانكۆی تەورێز تەواو كردووە و بووە بە ئەندازیاری كارەبا، بەشداری جوڵانەوە خوێندكاریەكان بووە لەم زانكۆیە ، دواتر بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك خولی سەربازی بینیوە ، ساڵی ١٩٧٤ بووە بە ئەندامی تەشكیلات ، ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی (كۆمەڵە) ، بەشداری كۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بووە ، ئێستە سكرتێری (ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران_كۆمەڵە)یە.

خۆی بۆلای (ی . ن .ك)، چونكه خانه له بنەماڵەیەكی ناسراوی رۆژهەلاّتی كوردستان بوو، پێشتر له باشوری كوردستان ناوبانگی گەورەیان هەبوو هاوكات خۆشی بەهۆی بەرگری كەم وێنەی بەرامبەر بەئەشكەنجەی ساواك زۆر ناسراوبوو ، بۆیه دەیتوانی ببێته جێی متمانه و ئەركی خۆی بەباشی جێبەجێ بكات، خانه لەڕێگەی محەمەدی مەلا عەلییەوه گەیشتبووه لای ئەحمەد فەتحولاّ جێگری فەرماندەی هەرێمی سێ تا بیگەیەنێته سەركردایەتی (ی . ن .ك) بەلاّم خانه نەگەیشته سەركردایەتی (ی . ن .ك) و له ٢١ حوزەیرانی ١٩٧٨ دا لەپەلامارێكی سوپای عێراقدا بۆسەر پێشمەرگەكانی (ی . ن .ك) لەنزیك گوندی (دڕی) خانه وچەند پێشمەرگەیەكی (ی . ن .ك ) كوژران[٢]. خانه دوای گەیشتنی بۆ ناو پێشمەرگەكانی (ی . ن .ك) بەنامه یەكەم ئەزمونی خۆی بۆ تەشكیلاتی (كۆمەڵە)دەنێرێتەوه[٣]. لەساڵی ١٩٧٨دا دوای كوژرانی خانه تەشكیلاتی (كۆمەڵە) بڕیاردەدات كەجێگەی چۆڵ نەكات و نێردراوی خۆی هەبێت لای (ی . ن .ك) ، بۆیه دوو نوێنەری خۆی دەنێرێت لای (ی . ن .ك)، كه ئەوانیش ساعید وەتەن دۆست ناسراوبه (مامۆستا برایم ) و.جەعفەری شەفیعی ناسراوبه ( د.عەزیز ) بوون ، مامۆستا برایم بڕی پێنج هەزار دیناری لەگەڵ خۆی بردبوو وەك هاوكاری بۆ (ی . ن .ك)، دكتۆر عەزیز وەك پزیشك دەست بەكاربوو بڕێك لەداودەرمانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەكاتێكدا (ی . ن .ك) لەسەركردایەتی تەنها یەك برینپێچی هەبوو ئەویش ئەندامی سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەبوو، هاوكات مامۆستا برایم بوو بەبەرپرسی پارێزگاریكردن لەسەركردایەتی (ی . ن .ك)[٤] . دوای ئەمان (ئیبراهیمی عەلیزادە) دەچێته قەندیل بڕێك یارمەتی (كۆمەڵە) دەگەیەنێت به (ی . ن .ك) [٥]، حەمەسور كه ناسراوبوو به

---

[١] خانەی موعینی : كوڕی میرزاحەمەدەمینی موعینیه،ناسراو به خانه، ساڵی ١٩٥٠ لەمەهاباد لەدایكبووه، برای شەهیدان سلێمانی موعینی و عەبدوڵای موعینیه، دوای تەواوكردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دەچێته شاری تاران بۆ خوێندنی ئامار و ئینفۆرماتیك، لەوێ لەگەڵ چەند تێكۆشەرێكی كورد ئاشنای بیری چەپ دەبێت، له تاران لەلایەن دەزگەی ساواكەوه دەستگیردەكرێت بۆ ماوەی سی ساڵ له ئازار و ئەشكەنجه له ١٩٧٧ دا ئازاد دەكرێت ، دواتر وەك نوێنەری كۆمەڵەی رۆژهەلاّت دەچێته لای (ی . ن .ك) (بەناوی قادری ئەمینی ) دەبێته پیشمەرگه له هەرێمی (٣) شارباژێر ، بەلاّم زۆر ناخایەنێ له(٢١/٦/١٩٧٨) دا له سەر كانی بیشوو نزیك گوندی دڕی لەلایەن حكومەتی عێراقەوه شەهید دەكرێت و دەبێته یەكەم شەهیدی كۆمەڵەی رۆژهەلاّت (محەمەدی خزری :كورته ژیاننامه و یادێك له موعینیەكان، سوید، ٢٠/٦/٢٠٠٩، ل ١٢ ؛ ئینسكلۆپیدیای یەكێتی ، ل ٢٧٨-٢٧٩).

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەكەناری دانوبەوه، ل ٣٣٥ ؛ مستەفا چاوڕەش: س . پ ، ل ١٤٢-١٤٤ ؛ نوسین و كۆكردنەوەی مەلەكه، رەزاو حیشمەت مستەفا سوڵتانی : كاك فوئاد مستەفا سوڵتانی كێ بوو ، ئامانجی چی بوو ، چۆن گیانی بەختكرد؟، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١٢٥-١٢٧ ؛ بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزاده سكرتێری كۆمەڵه (دیدارێكی تایبەت به مێژووی سی ساڵەی كۆمەڵه و كوردستانی ئێران و بزوتنەوەی چەپ )، ب . ش ، ٢٠٠٩، ل ٦٦-٦٧.

[٣] بەهمەن سەعیدی: پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل ٥٥.

[٤] مەلەكه، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل ٨٦ ، ١٢٥-١٢٧؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەكەناری دانوبەوه، ل٣٣٥ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشكۆیەك له خۆڵەمێشدا ، ل ١٤٦چاوپێكەوتن لەگەڵ مام جەلال ، رۆژنامەی "كوردستانی نوێ" ژماره (١٢٩٨)، ٢/٦/١٩٩٦، ل ٦.

[٥]چاوپێكەوتن لەگەڵ مام جەلال ، رۆژنامەی "كوردستانی نوێ" ، ژماره (١٢٩٨)، ٢/٦/١٩٩٦، ل ٦.

(ئیسماعیل) وهاوسەرەکەی شاهین (رووناك) دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەچێتە قەندیل، بۆ ئاگاداربوون لەرەوشی (ی . ن .ك) و هاوکات هاوکاریکردنیان (حەمەحوسێنی کەریمی[١] و حەمەسور ) بەدرێژایی سنوری خانێ بۆ سەردەشت دانرا ، لەبانە و سەقز و مەریوان، بەکری حاجی سەفەر پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ فوئاد مستەفا سوڵتانی و چەند کەسێکی تر کەبەردەوام سەردانی بارەگاکانی یەکێتییان دەکرد[٢]. جەلال تاڵەبانی گرنگییەکی زۆری دەدا بە نوێنەرانی (کۆمەڵە) ، دوای رووداني کوژرانی(خانە) جەلال تاڵەبانی راستەوخۆ نوێنەرانی (کۆمەڵە)ی لە نزیك خۆی هێشتەوە لەبارەگاکانی سەرکردایەتی، حەمەسور دەڵێت: (( کاتێك من لە ئەوێ بووم ( مەبەستی بارەگاکانی یەکێتییە) ، جەلال تاڵەبانی ومەحمود عوسمان وساعید وەتەن دۆست و جەعفەری شەفیعی و من لەیەك چادردا لەدامێنی چیایەکی قەندیل دا دەژیاین [٣] )) .

ئامانجی (کۆمەڵە) لە پەیوەندیکردن و ناردنی نوێنەری خۆی بۆلای (ی . ن .ك) ئەوەبوو کەئەوەندەی بتوانرێت لەهەموو بوارێکەوە یارمەتی (ی . ن .ك) بدرێت [٤]، عومەر شێخ موس دەربارەی یارمەتیەکانی(کۆمەڵە) دەڵێت :(( چەند باسی بکەم هێشتا هەرکەمە ! بەتایبەتی یارمەتی و هاوکاری و پشتیوانی کردنیان لە(ی . ن .ك) ، بە مادە و بەمەعنەوی، بە پارە ، بەشتومەك ، بەکادری سەرکردایەتی، بەهێنان وبردنی چەك وتەقەمەنی و درووستکردنی پەیوەندی بۆمان، هەروەها لە یارمەتیدان و حەواندنەوەی بریندارەکانمان لەکاتێکی سەختدا[٥]))، یارمەتییەکانی (کۆمەڵە) بەجۆرێك بوو کەئەندامانیان پارەی پاشەکەوت کراوی خۆیان و ئەوەی لەخەڵکانی نیشتیمانپەروەر کۆیاندەکردەوە دەیاننارد بۆ (ی . ن .ك)، بەتایبەت دوای کارەساتی هەکاری یارمەتییەکانی (کۆمەڵە) بەهانای یەکێتییەوە هات، توانیان تارادەیەکی بەرچاو ببنە هاریکاری هەڵسانەوەی (ی . ن .ك)[٦]، هەروەها لە کاتی هێرش و پەلاماری حکومەتی عێراق و ئێراندا بۆ سەر سەرکردایەتی (ی . ن .ك) لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ دا ئیبراهیمی عەلیزادە بەیارمەتی عومەری ئیلخانی زادە کە لەیەکێك لە پادگانەکانی سنور لە "جلْدیان" لەئەرکی سەربازی خۆیدابوو هاوکات لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە) وە لە "نەغەدە و

---

[١] حەمەحوسێنی کەریمی: لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سەقز لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری سەقز و دواتر کۆلێژی ئەندازیاری کشتوکاڵی لە زانکۆی کەرەج تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٩ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تەشکیلات ، بەڕێوەبەری کتێبخانەی تەشکیلات بووە ، ساڵی ١٩٧٠ دەکەوێتە زیندان و بەڵام نهێنی هاوڕێکانی دەپارێزێت ، بەشداری شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بوو دژی رژیمی شا ، لەکاتی پەلاماری شارەوانی سەقزدا بریندارەبێت و دواتر لە ١٥ شوبات ١٩٧٩ دا کۆچی دوایی دەکات ، ئەم رۆژەش لەلایەن ئەندامان و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەوە بە رۆژی کۆمەڵە ناسراوە.( رەشاد مستەفا سوڵتانی: ئەندازیار حسەینی کەریمی ، سیمایەکی درەوشاوە، http://www.komala.com ؛ ئەحمەد بەهرامی : س . پ ، ل ٤٣٩) .

[٢] نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٤٦ ؛ مەلەکە، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل٨٧.

[٣] حسین مراد بیگی ( حمەسور ) : م . پ ، ص ٦٤.

[٤] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: س . پ ، ل ١٧٣.

[٥] وەرگیراوە لە : (نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٤٥).

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ،٢٠١٥/٣/٣٠.

شـنۆ" وە یارمەتیـەکانی کـوردانی ڕۆژهـەڵاتی لـە خـواردن و کـەل پـەل و جلوبـەرگ ڕۆژانـە دەگەیانـد بەپێشمەرگەکانی(ی . ن .ك)[1]. شـایانی باسە باس لەوە دەکرێـت (فوئـاد مسـتەفا سـوڵتانی) وەك کەسـایەتی سەرەکی ناو (کۆمەڵە) دوای ئازادبوونی لە زیندان خۆی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی کۆمەك لەناوشاری مەریوان بۆ (ی . ن .ك) ، ئەندامانی (کۆمەڵـە) بـە فرۆشـتنی موڵـك و ماڵ و ئۆتۆمبێـل و ناردنی پاشـەکەوتی خۆیان بۆ یارمەتیـدانی (ی . ن .ك) دریغییان نـەکرد[2]، و (کۆمەڵـە) لـەڕوی ڕاگەیاندنیشـەوە کارئاسـانییان بـۆ (ی . ن .ك) دەکرد ، محەمەدی موهتەدی و حەسەنی قازی کە دواتر بوونە ئەندامی (کۆمەڵە) هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە یارمـەتی زۆریـان پێشکەش کـرد بـەوەرگێڕانی بڵاوکراوەکانیـان بـۆ زمـانی فارسـی، کە ڕۆڵـی باشی هەبوو لەناساندنی (ی . ن .ك) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات بەشێك لە بڵاوکراوەکانی (ی . ن .ك) لەلایەن ( کۆمەڵە) وە لەرۆژهەڵاتی کوردستان چاپ دەکران[3].

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا (ی . ن .ك) توانیبووی لە ناو دڵی گـەنجانی خاوەن بیر و باوەڕی چەپ و کەسانی نیشتیمان پـەروەردا جێگـەی خـۆی بکاتـەوە ، تامـەزرۆی زانینـی هـەواڵی (ی . ن .ك) و خوێندنـەوەی ئـەدەبیات و بڵاوکـراوەی (ی . ن .ك) بـوون، ڕێکخسـتنەکانی ( کۆمەڵـە ) ڕۆڵێکـی گـەورەیان هـەبوو لـە ناسـاندنی (ی . ن .ك) بەگەنجانی ڕۆژهەڵات و گەیاندنی بڵاوکراوەکانی (ی . ن .ك) بە خەڵکی ڕۆژهەڵات [4] .

مەبەستێکی تری نێردراوانی ( کۆمەڵە ) بۆلای یەکێتی فێربوونی کاری پێشمەرگایەتی و ڕاهێنانی سەربازی و بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی بوو[5]. (کۆمەڵە) پێی وابوو پێویستە ئەزموونی خەباتی چەکداری لە یەکێتییەوە وەربگرن، چونکە درەنگ یا زوو شۆرش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەستپێدەکات [6]. (ی . ن .ك) لەبارەگاکانی

---

[1] ڕێباز : س . پ ،ب١، ل ١٣٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦. (عومەری ئیلخانی زادە : ساڵی ١٩٥٢ لە شاری بۆکان لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لەبۆکان و قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی لە شاری تاران تەواو کردووە ، دواتر لە زانکۆی تەوریز بەشی جیۆلۆجی خوێندووە ،هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە چووەتە نێو کاری سیاسییەوە، ساڵی ١٩٧٩ ئاشنا بووە بە(کۆمەڵە)، ساڵی ١٩٨٠ لە کۆنگرەی دووەمی ئەم ڕێکخراوەدا بووە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ، دواتر لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بووە ، بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوەی لەکۆنگرەی نۆیەمی(حیزبی کۆمۆنیست)دا ساڵی ٢٠٠٠ (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) بەسەرکردایەتی عەبدوڵای موهتەدی جیابوویەوە عومەری ئیلخانی زادەی لەگەڵدابووە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٧ و لەکۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیدا عومەری ئیلخانی زادە سەرکردایەتی ڕەوتێکی چاکسازیکردووە ،دواتر لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و بوو بە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە نوێیە) .( ئەحمەد بەهرامی : س . پ ، ل٤٦٩ ؛ بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل ٤٠٨).

[2] ڕەشاد مستەفا سوڵتانی: س . پ ، ل ٣٤٩ ؛ بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل٥٧.

[3] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: س . پ ، ل ١٧٣ ؛ بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل ١٣٢.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[5] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر:س . پ ، ل ١٧٣.

[6] بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی، ل ٥٥.

خۆی هەڵدەستا بەکردنەوەی خولی پێشمەرگایەتی بۆ نوێنەرانی ( کۆمەڵە ) ، ئیحسان نەجم ( ئەبو شەهاب ) وەك بەرپرسێکی پێشمەرگەی (ی . ن .ك) سەرپەرشتی خولێکی کردووە بۆ نوێنەرانی ( کۆمەڵە ) لەوبارەیەوە دەڵێت: (( ئیمە فێری کاری پێشمەرگایەتی و شێوازی شەڕی پارتیزانی و بەکارهێنانی چەك و دروستکردنی تەقینەوە و کاری تەقاندنەوە مان دەکردن، تەنانەت ئەرکیشیان پێ دەسپێررا وەك راهێنانێك بۆ شارەزابوون لەکاری ریکخستنی پێشمەرگەدا[1] )) ، هەر بەمەبەستی وەرگرتنی راهێنان و رێنمایی چەند مانگێك لە ناو (ی . ن .ك) دا دەمانەوە و لەلایەن خودی جەلال تاڵەبانییەوە راهێنانیان پێدەکرا[2] .هەڵبەت مەبەست لەکردنەوەی ئەم جۆرە خولانە ئامادەکردنی کادری سەربازی بوو بۆ (کۆمەڵە) تا بتوانێت سوودیان لێوەربگرێت لەداهاتوودا ، وەك ئیبراهیمی عەلیزادە ئاماژەی پێکردووە کە چونی کادریرانی (کۆمەڵە) بۆ لای (ی . ن .ك) بۆ مەشق و ڕاهێنان و کەڵك وەرگرتن لەئەزموونی پێشمەرگایەتی ئەوان یارمەتیدەربوو بۆ ئەوەی (کۆمەڵە) زوتر دەستبەکاربێت بۆ دروستکردنی هێزی چەکدار[3]. لێرەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکانی (ی . ن .ك) و (کۆمەڵە) پەیوەندییەکی پتەوتربوو بەراورد بە پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) و (حدکا)، بەتایبەت بوونی پێشینەی پەیوەندیی کەسایەتی جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی . ن .ك) لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیاری رۆژهەلات و هاوکات بوونی باڵێکی مارکسی لەناو (ی . ن .ك) رۆڵی گرنگیان هەبوو لەنزیککردنەوەی هەردوولادا.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[2] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: رۆژهەلاتی کوردستان ، ل٣٦٢ .

[3] بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، ل ٨٠ .

هەواڵنامەی کتێب

**باسی یەکەم / هەڵوێستی (ی . ن .ك) بەرامبەر بە رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩- ١٩٨٢ :**

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا (ی . ن . ك) وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ رووداوەکانی ئێران و ئەو بارودۆخە نوێیەی هاتبووە پێش چەند رێوشوێنێکی گرتە بەر ، لەوانە گرێدانی کۆبوونەوەیەکی گشتی سەرکردایەتی لە شوباتی ١٩٧٨ دا، بە ئامادەبوونی ( عومەر شێخ موس، کەمال خۆشناو، عومەر دەبابە، عادل موراد، فوئاد مەعسوم) [1]. دوابەدوای ئەمەو بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر لە ساڵی ١٩٧٩دا زنجیرەیەك کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی . ن . ك) ئەنجامدران، کە چەندین هۆکار هەبوون بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبونەوانە، لەوانە:- بوونی ململانێی توندی نێوان باڵەکانی ناو (ی . ن .ك)، جگە لەبوونی ناکۆکییەکی توند لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا، هاوکات شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو سەرکەوتن دەچوو، و ژمارەیەکی زۆر فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون بۆ یارمەتیدانی خەڵکی رۆژهەڵات ، وێڕای ئەوەی رۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی بارەگاکانی یەکێتییان دەکرد[2]. هۆکارێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوانە بریتی بوو لە : پێداچونەوە بە دۆخی ناوخۆیی یەکێتی ، و بەرفراوان بوونی ئەرك و کارە جۆراوجۆرەکانی (ی . ن .ك) ، دروستکردنی سەرکردایەتییەکی بەهێز و دابەشکردنی کارەکان ، دووبارە دروستکردنەوەی لقەکانی یەکێتی و دابەشکردنەوەی بەرپرسیارێتی لقەکان، بەتایبەت دوای کارەساتی هەکاری بەشێکی زۆر سەرکردایەتی (ی . ن .ك) لەناوچووبوون . لەم کۆبونەوانەدا بەتایبەت باس لە بارودۆخی نوێی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ، و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رەوشە نوێیەدا کرا ، لەگەڵ پەیوەندیی کردنی یەکێتی بە دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانی بەتایبەت خومەینی و سەردانکردنی[3]. لایەنێکی تری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە هەڵوێست بەرامبەر بە سەرکردایەتی کاتی پارتی (پ . د . ك) کە بارەگاکانیان لەناو رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو بەتایبەت دوای هەڵاتنی شا و بێدەسەڵاتبوونی دەزگەی ساواك کە پشتیوان و هاوکاریان بوون[4].

سەرکەوتنی شۆڕی گەلانی ئێران کاریگەریی گەورەی هەبوو لە گەشەکردنی(ی . ن .ك) لەروی رێکخستن و چەکدارییەوە، ژمارەیەکی زۆر لەکادیرانی لە شار پەیوەندیان بەڕیزەکانی یەکێتییەوە کرد، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییەکانی شۆڕشی باشوری کوردستان و یەکێتی بە جیهانی دەرەوە کرایەوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە نوێیە بۆ یەکێتی تاسەر بەخۆشی نەگوزەرا ، چونکە رووبەڕوی چەندین گرفتی نوێی ناوخۆیی بۆیەوە ، لەوانە:

---

[1] برایم جەلال : چەپکێك لەمێژووی کۆمەڵە ، ل ٢٤٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٨ ، ١٥ ؛ عادل موراد : لە سکرتاریەتی قوتابیانەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند ،گۆڤاری"کەلتور" ژمارە (٦) ، ل ١٦٣.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵە مێشدا، ل ١٤٣-١٤٤.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩ ؛ گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

[4] برایم جەلال : چەپکێك لەمێژووی کۆمەڵە ، ل ٢٤٣ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك ، ب١، ل ٢٥٠.

جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی وەك باڵێكی ناو یەكێتی ، نەوشیروان مستەفا لەوبارەیەوە دەنوسێ: ((ئێمە لەخۆشی روخانی شا و سەركەوتنی گەلانی ئێراندا بووین، هەزار و یەك هیوای سەوز و سورمان لەسەر هەڵچنی بوو، لەپر یەكێتی دەلاقەیەكی تێكەوت [١] )) . بزوتنەوەی سۆسیالیستی وەك باڵێكی سەرەكی ناو (ی . ن . ك) لەشەوی ٢١– ٢٢/ ئازاری ١٩٧٩ دا لەژێر كاریگەریی چەندین هۆكاردا[٢] لە (ی . ن .ك) جیابوویەوە ، بارەگای خۆیان لە گوندی "زەڵێ" و "ناوزەنگ"ەوە گواستەوە بۆ "گۆڕەشێر" لەرۆژهەڵاتی كوردستان ، بەم جۆرە ریزەكانی (ی . ن .ك) توشی لێكترازان بوو[٣] . یەكێك لە هۆكارەكانی جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست ئەوەیە كە (حدكا) رۆڵی هەبوو لەهاندان و پشتیوانیكردنی بزوتنەوە بۆ جیابوونەوە لە یەكێتی ، لەكاتی جیابوونەوەیەشدا یارمەتیان پێشكەش كردن [٤]، كە پێدەچێت ئەم كارەی (حدكا) كاردانەوە بێت بۆ هەڵسوكەوتی یەكێتی لە رۆژهەڵاتی كوردستان . هەروەها ململانێی كەسی و فكری ناوخۆی (كۆمەڵەی رەنجدەران) پشی گرتبوویەوە . بۆیە لەدۆخێكی ئاوهادا رۆژهەڵاتی كوردستان وەك قوڵاییەكی ستراتیژی بۆ

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل ٣٢.

[٢] ئەم جیابوونەوەیەش لەژێركاریگەریی چەندین لایەندابوو لەوانە :– ١– (ی . ن . ك) هەر لەسەرتای دروستبوونیەوە وەك رێكخراوێكی سیاسی لە سێ باڵی خاوەن هێزی چەكدار و رێكخستنی سیاسی جیاواز پێك هاتبوو ، دوای كارەساتی هەكاری و كوژرانی چەند سەركردەیەكی بزوتنەوە (عەلی عەسكەری و د . خالید سەعید) بووەهۆی لاوازبوونی باڵی لایەنگری تاڵەبانی لە ناو بزوتنەوە دا ، بەرامبەر بەمە باڵی لایەنگری (پ .د . ك) بەهێزبوو . هەروەها تاڵەبانی بۆ پتەوكردنی پێگەی خۆی لە ناو(ی . ن . ك) دا لایەنگری لە(كملك) دەكرد ، هەروەها بزوتنەوە پێچەوانەی (ی . ن . ك) دروشمی روخانی حكومەتی عێراقی بەرزنەكردبوویەوە . ٢– بزوتنەوە لە (سۆسیالیست ، دیموكرات، نەتەوەیی ، ماركسی _ لینینی ، خێڵەكی پێكدەهات ، ئەمەش ببوو بەهۆی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز و بەتایبەت لەمانەوە لەناو (ی . ن . ك) دا ، ٣– ناكۆكی نێوان بزوتنەوە و (كملك) تەواو پەرەی سەندبوو، هەرلایەنە و لە هەوڵی بەهێزكردنی خۆیدابوو ، ئەم جیاوازی وململانێیە لە سەركردایەتییەوە بۆ نزمترین ئاست و ناو پێشمەرگە و رێكخستنی هەردوولا شۆڕ ببوویەوە، ٤– لایەنێكی تری جیاوازییەكان بریتی بوو لە هەڵوێست بەرامبەر سەركردایەتی كاتی (پ .د.ك)، بزوتنەوە دەیویست خەتی سێیەم بێت لە نێوان (ی . ن . ك) و (پ . د. ك)، سەركردایەتی كاتی (پ .د.ك) لە رێگەی نامە گۆڕینەوە لەگەڵ سەركردایەتی بزوتنەوە بووە هۆی زیاتربوونی ئاڵۆزی ناوخۆی (ی . ن . ك) .٥– لیژنەی ئامادەكردنی (پ . د . ك) بەسەركردایەتی مەحمود عوسمان بەهەمان شێوە رۆڵی گەورەیان هەبوو لەهاندانی سەرانی بزوتنەوە بۆ ئەم جیابوونەوەیە . سەرەڕای هەموو ئەمانە نابێت هۆكاری هەڵسوكەوت و سروشتی كەسایەتی سەركردایەتی باڵەكانی ناو(ی . ن . ك) پشت گوێ بخرێت كە هۆكاری سەرەكی ئەم جیابوونەوەیە بوو . بڕوانە: ( بەهرۆز گەلاڵی : ڕەسوڵ مامەند ٥٠ سال تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات ، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٥٧–٥٩ ؛ شاخەوان شۆرش : قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێكۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی خەباتی نەتەوەی كورد لە نێوان ساڵی ١٩٤٦– ١٩٨٣دا ، چ٢، كوردستان ، ٢٠٠٢ ، ل ٧٩ ؛ برایم جەلال : س . پ ، ل ٢٤٦–٢٤٨ ؛ سەلام عەبدولكەریم : س . پ ، ل ٧٠–٧٨).

[٣] بەهرۆز گەلاڵی : س . پ ، ل ٥٩ ؛ سەلام عەدولكەریم : س . پ ، ل٦٩.

[٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل ٣٣ ؛ مەلا بەختیار یاخیبوون لە مێژوو ، ل ٢٨٢ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢.

شۆڕش و (ی . ن .ك) گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو ، یەكێتی دەیویست بە جۆرێك مامەڵە بكات بتوانێت سود لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرێت كە لەرۆژهەڵاتی كوردستاندا دروست بووە [1].

دوای ئەوەی شا وڵاتی بەجێهێشت خومەینی لە ١ شوباتی ١٩٧٩دا لەفەرەنساوە گەیشتەوە ئێران، لە ٥ی شوباتدا (مەهدی بازرگان ) ی كرد بە سەرۆك وەزیرانی حكومەتی كاتی، قۆناغێكی نوێ لە مێژووی ئێران و رۆهەڵاتی كوردستان دەستی پێكرد [2]. سەركەوتنی شۆڕی گەلانی ئێران دەرفەتی بەخشییە هێزە كوردییەكان بۆ دووبارە ژیانەوە و دروستبوونی لایەنی سیاسیی نوێ لە سەر گۆڕەپانی سیاسی رۆژهەڵاتی كوردستان، پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی و كارگێڕییەی كە بەهۆی ڕوخانی شاوە دروستببوو ، و دروستكردنی هێزی چەكداری تایبەت بە خۆیان[3]. (كۆمەڵە) ئەگەرچی لەپایزی ١٩٦٩ دا دروست ببوو، بەڵام لە ١٥ شوباتی ١٩٧٩دا خۆی وەك هێزێكی سیاسی ڕاگەیاند، هەروەها (حدكا) دوای چەندین ساڵ لەخەباتی نهێنی لە ٢ ئازاری ١٩٧٩دا بە ئامادەبوونی نزیكی (٢٠٠) هەزار نەفەر كە لەزۆربەی ناوچەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانەوە هاتبوون ، لە گۆڕەپانی یاریگای شاری مەهاباد بەفەرمی خەباتی سیاسی ئاشكرای خۆی دەستپێكردەوە [4]. لەماوەیەكی كەمدا ئەم دوولایەنە ژمارەیەكی زۆر ئەندام و لایەنگریان لە دەوری خۆیان كۆكردەوە ، بەتایبەت (حدكا) بە هۆی ئەو ناوبانگەی لەسەردەمی (كۆماری دیموكراتی كوردستان لە مەهاباد) ەوە بۆیان بەجێمابوو لەماوەیەكی كەمدا هەزاران چەكداریان رێكخست و بوونە دەسەڵاتداری راستەقینەی زۆر شار و ناوچە [5]. جگە لەناوچەكانی (كرماشان و ئیلام) كە بەهۆی جیاوازی مەزهەبی و كلتوری و جوگرافییەوە لایەنگری خومەینی بوون [6]. بارودۆخی نوێی رۆژهەڵاتی كوردستان رەوتی رووداوەكان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كاریگەری گەورەی دەبوو لەسەر (ی . ن .ك) ، لە بەر ئەوە (ی . ن .ك) كەم تا زۆر هەڵوێست و ڕۆڵی هەبووە لەڕووداوەكانی رۆژهەڵاتی كوردستاندا [7].

لەسەرەتای دووبارە دەستپێكردنەوەی جوڵانەوەی سیاسی كوردی لە رۆژهەڵات، (ی . ن . ك) هەوڵیداوە بۆ پاراستنی دەستكەوتەكانی كورد لەرۆژهەڵاتی كوردستان و پێشەوەبردنی دۆزی كورد، و هاوكات پاراستنی

---

[1] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[2] شەیما سەعید حمەلاو : س . پ ، ل ١٠١.

[3] جیرارد جالیاند : شعب بدون وطن الكرد وكردستان ، ت: عبدالسلام النقشبندي ، ط١ ، اربیل ، ٢٠١٢، ص ٣٢٧.

[4] شەیما سەعید حمەلاو : س . پ ، ل ٥٩، ١٠٨ ؛ كنگرە ٢٠٠ هزار نفر ی كردها در مهاباد تشكیل شد، روزنامە"اطلاعات " ، شمارە ١٥٧٩٨، شنبە ١٢ اسفند ماە ١٣٥٧– ص ٧ ؛ حامید گەوهەری : س . پ ، ب١، ل١٣٠.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل ٢٣.

[6] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەڵاتی كوردستان ، ل ٦٠.

[7] گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆكهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

یەکڕیزی و هاوسەنگی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان چەند پێشنیارێکی پێشکەش (حدکا) و (کۆمەڵە) کرد [١] ، گرنگترین ئەو پێشنیارانە بریتی بوون لە :

١. یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان، چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بە گفتوگۆ و زمانیکی نەرم.

٢. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەزمانی کوردی _ فارسی لە تارانی پایتەخت ، (ی . ن .ك) بەڵێنی هاوکاری پێدان بۆ ئەم کارە .

٣. دروستکردنی چەند یەکێتییەکی پیشەیی بۆ خوێندکاران، مامۆستایان، لاوان، ئافرەتان[٢].

٤. ( ی . ن .ك) داوای لەپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلأت کرد لەکاتی گفتوگۆکاندا لەگەڵ دەسەلأتدارانی ئێرانی یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بن[٣]،جەلال تاڵەبانی لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ عەبدولڕەحمانی قاسملوو پێشنیاری کردبوو بۆ ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی دەسەلأتی ناوەند بۆ نانەوەی دووبەرەکی، پێویستە یەك نوێنەرایەتییان هەبێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەسەلأتی ناوەند، جەلال تاڵەبانی لەوکاتەدا ئاماژە بۆ وتەیەکی داریۆشی فروهەر دەکات کە بە ڕاشکاوی وتویەتی ((نامانەوێت بەرەیەکی یەك پارچەیی بەرامبەرمان هەبێت ))[٤].

سەبارەت بۆ ئەم پێشنیارانەی یەکێتی بۆ لایەنەکانی ڕۆژهەلأت نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ کام لەم دووهێزە پێشنیارەکانی(ی . ن . ك)یان بە هەند وەرنەگرت ، و پێیان وابوو کە ئەزمونی باشوری کوردستان بۆ ئەوە ناشێت کە چاوی لێبکرێت بۆ ڕۆژهەلأتی کوردستان [٥].

بەکۆتایی هاتنی دەسەلأتی شا هێزە کوردییەکان هەوڵیاندا سود لەوبۆشاییە سیاسییە وەربگرن کە لە ڕۆژهەلأتی کوردستان دروست بوو ، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بڕیان لە چەکداماڵینی دامودەزگەکانی سەربازی و ئاسایشی ناوچەکە کردەوە ، بۆیە لایەنە سیاسییەکان بڕیاری چەککردنی بەشێك لە سەربازگەکانی سوپای ئێرانیان دەرکرد لە ناوچە کوردییەکان ، هێزی پێشمەرگەی (ی . ن .ك) هاوشانی خەڵك و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلأت بەشداری بەرچاویان هەبوو، ئەگەرچی (حدکا) تاڕادەیەك ڕێگربوو لە بەشداری (ی . ن .ك) ، بەلأم یەکێتی زیاتر لەڕێگەی (کۆمەڵە) وە بەشداربوو لە گرتنی هەندێك سەربازگە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەلأتی کوردستان [٦] . بەشداری پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) لەگەڵ هێزە کوردییەکان بووە هۆی نیگەرانی دەسەلأتی کاتی ئێران لە یەکێتی و کاریگەریی خراپی هەبوو بۆ سەر ناوبانگی یەکێتی لای دەسەلأتدارانی نوێی

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٣- ٢٤.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم ڕەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣.

[٤] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان ١٩٧٩، بەرگی یەکەم ، سوید، ١٩٩١، ل٢٥٦-٢٥٧.

[٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٤.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٢.

ئێرانی. شێخ عزەدینی حوسێنی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ دپلۆماتێکی بەریتانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، تاڵەبانی هیچ ڕۆڵێکی لەداواکردنی خودموختاری بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان نییە، و بەردەوام شۆڕشی ئێرانی پەسەند کردووە، بەلام هێزە دواکەوتوەکان کە خۆیان کێشەیان لە کوردستاندا خولقاندووە ، دەیانەوێت پەیوەندییەکی درۆین لە نێوان کوردی ئێران و عێراقدا بە چاوساغی تاڵەبانی دروستبکەن و بەوەی کە کوردی ئێران مەبەستی جیاخوازییە و بەم بیانووە ، بزوتنەوەی کوردی سەرکوت بکەن[1].

هێزە کوردیەکانی (حدکا) و (کۆمەڵە) بەیارمەتی هێزەکانی (ی . ن .ك) لەماوەیەکی کەمدا توانیان دام و دەزگەی سوپا و ئاسایش و ژاندارمێری لە ناوچەکانی مەهاباد و سەردەشت چەك بکەن، لە ١٨ کانونی یەکەمی ١٩٧٩ دا سەربازگەی مەهاباد لەلایەن جەماوەر و بەهاریکاریی (حدکا) چەککرا، دواتر لە شارەکانی تری کوردستان سەربازگەکانی (پەسویٚ، جلْدیان ، پیرانشار ... هتد ) چەککران ، کەل وپەلێکی سەربازی زۆر کەوتە دەست خەڵك و لایەنەسیاسییەکان[2]. ئەگەرچی (ی . ن . ك) بەشداربوو لەهاوکاریکردنی خەڵك و هێزە کوردییەکان ، بەلام نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەککردنی سەربازگەکانی سوپا سەرەتایەك بوو بۆ دروستبوونی دەلاقەیەك یان بێ متمانەیی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات و دەسەلاتدارانی نوێی ئێران[3]. هەموو ئەم ڕووداوانە جۆرێك لە نیگەرانی دروستکرد لەلای دەسەلاتدارانی ئێرانی بەرامبەر پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و (ی . ن .ك) .

شایانی باسە (ی . ن . ك) لەو سەردەمەدا پشتیوانی داخوازییەکانی گەلی کورد بووە لەرۆژهەلاتی کوردستان بەشێوەی سیاسی و ئاشتیانە ، بەتایبەت خواستی خودموختاری کە لەلایەن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە پێشکەش بە دەسەلاتدارانی نوێی ئێران کرا . بە گەرانەوەی خومەینی (حدکا) لە ٩ شوباتی ١٩٧٩ دا نامەیەکی بۆ خومەینی نارد و خواستەکانی گەلی کوردی تێدا داواکرابوو لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیدا [4]، دواتر لەلیژنەیەك وەك نوێنەری دەسەلاتی کاتی کە پێکهاتبوو لە ( د. داریوشی فروهەر وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی، د. ئەردەلان ، د. کامیاب، د. موکری، ئیبراهیم یونسی )، لە ١٧ شوباتی ١٩٧٩ دا سەردانی چەند ناوچە و شارێکی کوردنشینیان کرد لەوانە ( پیرانشار ، نەغەدە ، مەهاباد ) ، ئەم لیژنەیە لە ڕۆژی (١٣٥٧/١٢/١ بەرامبەر ١٨ شوباتی ١٩٧٩) لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆبوونەوە ، هەروەها چاویان بە عەبدولڕەحمانی قاسملوو و شێخ عزەدینی حسێنی و غەنی بلوریان کەوت ، ئامادەبووان سەرەرای پشتیوانیان

---

[1] شەریف هەژاری : ڕۆژهەلاتی کوردستان، ل ٥٢.
[2] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٥٦.
[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٥.
[4] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٦٢-٦٣.

بۆ شۆڕش خواستی خۆیان بۆ خود موختاری خستە بەردەم لیژنەی دەسەڵاتی کاتی[1]، دواتر ئەم لیژنەیە لە شەوی ١٨-١٩ شوباتی ١٩٧٩ لە ماڵی کەسایەتی ناسراوی شاری مەهاباد (میرزا رەحیمی خەرازی) چاویان بە نوێنەرانی دانیشتوانی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کەوت کە لە ( سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان ، مەهاباد، شنۆ، نەغەدە ، سەردەشت ، بانە ، ورمیێ، سەڵماس) ەوە هاتبوون، سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان گەلاڵە نامەیەکیان ئاراستەی لیژنەکە و دەسەڵاتی کاتی کرد ، کە لە (هەشت) مادە پێك دەهات و دواتر بە( گەلاڵەنامەی هەشت مادەیی[2]) ناسرا[3]. ئەم گەلاڵە نامەیە لەلایەن نوێنەرانی دانیشتوانی شارە کوردییەکان کە پێکهاتبوون لە (غەنی بلوریان، شێخ عزەدین حسێنی، د. قاسملوو، سەلاح موهتەدی، فوئاد مستەفا سوڵتانی ) بۆ خودموختاری کوردستان داڕێژرا ، جگە لەم کەسایەتییانەی باسکران دواتر لەگەڵ چەند کەسانێکی تر وەك ( شێخ جەلالی حسێنی، سەننار مامەدی ) دەنگی لەسەر دراو پەسەندکرا، پاشان پێشکەشی نوێنەرانی دەوڵەت کرا [4]. لە رۆژنامەی (ئیتلاعات)دا هاتبوو کە نوێنەرانی دەوڵەت وەك نوێنەری شار و ناوچەکوردییەکان چاویان بە نوێنەرە کوردەکان کەوتووە نەك لایەنە سیاسییەکان [5]. ئەوەی گرنگە سەبارەت بە گەلاڵە نامەی هەشت مادەیی ئەوەیە کە هیچ کام لە بەشداربووان خۆیان ناکەن بە خاوەنی بیرۆکە و نوسینی بەندی هەشتەمی ئەم گەلاڵە نامەیە، ئەویش بە هۆی ئەو دەرەنجامە خراپەی کە لێی کەوتەوە[6].

ئەم بەندە تایبەتە بوو بە دەرکردنی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) لە ئێران، بەو پێیەی مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی و هاوکات سەرکردایەتی کاتی پارتی پەیوەندییان لەگەڵ دەزگەی (ساواك)ی ئێران و (سیا) ی ئەمریکا و (میت)ی تورکیدا هەبووە بۆیە دەبوو سەرانی سەرکردایەتی پارتی لەئێران دەربکرێن [7]،

---

[1] کردها خودمختاری میخواهند، روزنامە "اطلاعات" ، شمارە ١٥٧٨٩، سە شنبە اول ، ١/ اسفند ماە/ ١٣٥٧، ص ٣ ؛ حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل١٠٣- ١٠٤.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گەلاڵە نامەکە. بڕوانە :(خود مختاری ، نە تجزیە از ایران ، روزنامە "اطلاعات" ، شمارە ١٥٧٩٠، چهارشنبە دوم / اسفند ماە/ ١٣٥٧ ، ل ١ ؛ ئەحمەد ئەسکەندەری : س .پ ؛ حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ١٠٦-١٠٧) ، هەروەها بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤).

[3] حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل١٠٤.

[4] ئەحمەد ئەسکەندەری :س. پ ؛ غەنی بلوریان : ئاڵەکۆك ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٧، ل ١٩٣-١٩٤.

[5] روزنامە (اطلاعات) ، خود مختاری ، نە تجزیە از ایران ، شمارە (١٥٧٩٠)،چهارشنبە دوم اسفندماە ١٣٥٧، ص١.

[6] سەبارەت بەو کەسەی یەکەمجار پێشنیاری بیرۆکەی ئەم بەندەی کردووە راو بۆچونی جیاواز هەیە، بەلاّم هەرچۆنێك بێت ئەم بەندە بە راوێژو و ئاگاداری زۆربەی ئامادە بوان جێگیرکراوە بیّ ئەوەی هیچ کەس دژی بووەستێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داوەری کردن لەسەر رووداوی مێژوو دوور لەکات و ساتی رووداوەکە ، جگە لەوەی گۆڕانی راوبۆچونی سیاسی و بێلایەن نەبوونی سیاسی رۆڵی گەورەی گێڕاوە لەو داوەریکردنەدا ، بڕوانە: (ئەحمەد ئەسکەندەری : س. پ) .

[7] بەجۆرێك لە بەندی هەشتەمدا هاتووە : بەو پێیەی لە ڕابردوو و ئێستەدا مەلا مستەفا وگروپی سەرکردایەتی کاتی پەیوەندیان لەگەڵ دەزگە ی ( سیا) ی ئەمریکا و ساواکی ئێران و ( میت ) تورکیادا هەیە، جێگەی نەفرەت لێکردنی هەموو خەڵکی کوردن، لە دەوڵەتی شۆڕش داواکارین هەرچەشنە پەیوەندییەك و وابەستەبونێك لەگەڵ ئەم دارودەستەیە بېڕێت و سەرکردایەتیە

سەبارەت بەکاریگەری بەشداری (ی . ن .ك) لەجێگیر کردنی ئەم بەندەدا دەنگۆی زۆری لەسەرە بەجۆرێك کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە بەندی هەشتەم پێشنیاری (ی . ن .ك) و خودی جەلال تاڵەبانی بووە[١]، بەو پێیەی کە یەکێتی لە ناکۆکییەکی قوڵدابوو لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتیدا ، بەڵام عومەر شێخ موس کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتیی (ی . ن .ك) بوو ئەمە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت :(( گومانی تێدا نییە کە (ی . ن .ك) و سەرکردایەتی کاتی (پ . د .ك) دوای کارەساتی هەکاری دوژمنایەتی و ململانێیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەبووە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا بۆ لاواز کردنی یەکتر ، ڕاستە کە یەکێتی پێی خۆشبوو بەندێکی لەو جۆرە لە گەلاڵە نامەکەدا جێگیربکرێت ، بەڵام هیچ کات پێشنیاری ئەو خاڵەی نەکردوە و ئاگاداری نەبووە[٢]))، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە ڕۆڵی هەبوو لەجێگیرکردنی بەندی هەشتەمدا ئەو هۆکارە بوو کە سیاسەتی دوژمنکارانەی پێشووتری ڕێبەرانی پارتی و سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو وێنەیە بوو کەلەسەر سەرکردایەتی کاتی پارتی لەو ڕۆژگارەدا کێشرابوو[٣]، وەك ئەحمەد ئەسکەندەری[٤] دەڵێت :(( وێنەیەك کە لەو ساڵەدا لەپارتی و قیادە موەقەتە نەخشێندرا ئەوەبوو کە : لەناوخۆدا دژ بە جووتیاران ولایەنگری دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانن ، لە ئاستی کوردستانیدا دژ بە هێزێکی وەك (ی . ن .ك) بوون کە ئەودەم بە هێزێکی چەپی پێشکەوتنخوازی دەناسی ؛ لە ئاستی ناوچەییدا هێزێك بوون دۆست و دەست و پێوەندی ڕژێمی شای ئێران و حکومەتی دژە کوردی تورکیا ؛ لەئاستی نێودەوڵەتیشدا دۆستی ئەمریکا و ئیسرائیل بوون [٥] )). هاوکات (ی . ن .ك) لە تەموزی ١٩٧٩دا زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی نارەزایی و هەڵوێستی

---

خائینەکانییان لە ئێران دەربکات ، بێ ئەوەی ئەم سیاسەتە زیان بە بنەماڵەی پەناهەندە هەژارەکان بگەیەنێت. بڕوانە: ( خود مختاری ، نە تجزیە از ایران ، روزنامە "اطلاعات" ، شمارە ١٥٧٩٠، ل ١) .بەڵام لە لایەن سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) وە بە جۆرێکی تر ئەم بەندەی لە لایەنگرانی خۆی گەیاند ، بەوەی کە مەبەستی ئەم بەندە دەرکردنی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) و هەموو ئەو پەناهەندانەیە کە لە باشوری کوردستانەوە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول رویان کردبوویە ئێران ، مەبەست لەمەش جولاندنی هەست و سۆزی خەڵکی بوو دژی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .( چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢).

[١] حامید گەوهەری : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ١٠٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠.

[٢] گفتوگۆ لە گەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨ .

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢.

[٤] ئەحمەد ئەسکەندەری : ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەهەمان شار تەواو کردوە، لە ١٩٧٢دا بەشی جیۆلۆجی لە زانکۆی شیراز تەواو کردووە ، تاساڵی ١٩٧٦ وەك پسپۆڕلا بواری نەوت لە باشوری ئێران کاری کردووە ، بەشداری کارای هەبووە لە شۆڕشی دژی شا لە شاری سەقز ، لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٣ لە بەرپرسانی دەفتەری شێخ عزەدینی حوسێنی بووە ، بەشداری چالاکی و گفتوگۆکان بووە لەگەڵ دەوڵەت ، لەماوەی نێوان ١٩٨٣-١٩٩٤ لە ناو (کۆمەڵە)دا درێژەی بەکاری سیاسیی داوە ، دواتر بووەتە نوێنەری (کۆمەڵە) لە ستۆکهۆڵم و پاریس .(ئەحمەد ئەسکەندەری ، 799http://kurdishfeminists.com/index.php?id= ).

[٥] ئەحمەد ئەسکەندەری : س. پ.

پـارت و ریکخـراوە سیاسـییەکانی رۆژهـەلاتی کوردسـتانی لـەدژی سـەرکردایەتی کـاتی پـارتی لـە رۆژنامـەی ( الشرارة ) دا زمان حالی فەرمی خۆیدا بلاو کردەوە[1]، لێرەوە دیار دەبێت نەك تەنها بەندی هەشتەم ، بەڵکو هـــەموو ئەوداخوازیانـــەی کـــە دەبـــووە هـــۆی لاواز بـــوونی ســـەرکردایەتی کـــاتی(پ .د . ك)،(ی . ن .ك) زۆر بەخۆشحالیەوە پشتیوانی و پێشوازی لێدەکرد.

سەبارەت بە ستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی، و بەتایبەت داخوازی یە هەنوکەییەکانی ئەودەمەی پارت و رێکخـراوە سیاسـییەکانی رۆژهـەلاتی کوردسـتان ، ئـەوا هەڵوێسـتی (ی . ن . ك) بـەو جـۆرە بـوو کـە سـەرەرای پشتیوانیان بـۆ شـۆرشـی ئیسـلامی ئێـران ، هاوکات هیواخوازبوون دۆزی کورد بەشێوەی ئاشتیانە و بێ شـەر چارەسـەربکرێت ، چـارەیەکی دادپەروەرانـە و دیموکراتییانـە بـە سـەلماندنی (خـود موختـاری) لـە چوارچـێوەی ئێرانێکی دیموکرات و ئازاد دا [2]. جەلال تالـەبانی وەك سکرتێری گشتی لـە چەندین لێدوان و چاوپێکەوتندا پشـتیوانی (ی . ن .ك) دوپاتکردووەتـەوە بـۆ خواسـتی کـورد و داخـوازی پـارت و رێکخـراوە سیاسـییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ، بۆ وێنـە : لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامـەی "ئیتلاعات"دا لـە (١٣٥٧/١٢/٢١بەرامبـەر بـە ١٢ ئـازاری ١٩٧٩) دا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە هەرهـەوڵێك بـۆ لاوازکردنـی شـۆرشـی ئیسـلامی هـیچ خزمـەتێك بـە چارەسەری کێشەی کورد ناکات لە رۆژهەلاتی کوردستان ، هاوکات بـە سیسـتەمی خودموختـاری بـۆ رۆژهـەلاتی کوردسـتان خۆشـحالی خـۆی دەربریـوە ، و ئـەوە روون دەکاتـەوە کـە خودموختـاری رۆژهـەلاتی کوردسـتان لـە چوارچێوەی ئێرانێکـی دیموکراتـدا مانـای جیابوونـەوە نییـە لـە ئێـران [3]. نـە گونجـانی هـەردوو دەسـتەواژەی شۆرشی ئیسلامی و ئێرانێکی دیموکرات راستییەکی حاشا هەڵنەگر و دژ بەیەکە .

بـارودۆخی نـاوخۆیی رۆژهـەلاتی کوردسـتان و ئێـرانیش بـەو جـۆرەی کـە هـەبووە وەك خـۆی نەمایـەوە ، گۆرانکارییەکان نە لە بەرژەوەندی سیاسی کوردستان بوو نە ئەوەش بوو کە رێبـەرانی کورد هێواخـوازی بـوون . فـەزای سیاسـی بـەخێرایی گـۆرانی بەسـەردا هـات و دەسـەلاتدارانی نـوێی ئێـران تـا دەهـات بـواری چـالاکییە دیموکراتیـەکانییان بەرتەسك دەکـردەوە، هـەر زوو ئـەوە روون بویـەوە کـە حکومـەتی ئێـران نیـازی نییـە مـافی خودموختاری بەهیچ گروپێکی ئیتنی بدات ، بۆیە شەر لـە نێوان پێشمەرگەی کورد و سـوپای پاسدارانی ئێـران دەستی پێکرد [4]. دەسـەلاتدارانی نوێی ئێـران گروپـی چەکداری تایبـەت بـەخۆیان لەناوچەکانی تـری ئێرانـەوە هێنایە شارەکانی کوردستان کە هیچیان دەربارەی کلتور وداب ونـەریتی کوردی نـەدەزانی و زۆربـەیان کەسانی

---

[1] جريدة "الشرارة" : الاحزاب والمنظمات الايرانية تدين القيادة الموقتة عميلة الاستعمار والصهيونية ، العدد(١) الدورة الثانية ، تموز ١٩٧٩، ص١ ، ٣.

[2] مام جەلال : جۆشدانی خەبات ، ل ٧١.

[3] ( روزنامه" اطلاعات" ، ١٣٥٧/١٢/٢١)، وەرگیراوە لە : (بهزاد خوشحالی : اتحادیەی میهنی ، حزب دمكرات كردستان ).

[4] فەریدە کوهی کەمالی : س . پ ، ل ٣٩٧.

شیعەی توند ڕەوبوون ، لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆر چەکیان لە دەستدابوو، لەزۆر شوێن بەرەنگاریان ئەکرد و شەڕو پێکدادان لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و سوپای پاسداراندا ڕوویدا [1]، دەسەڵاتدارانی ئێران ئەم ڕووداوەیان بەدەرفەت زانی بۆ هەڵایسانی شەڕ دژی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان . لە سەرەتای پێکهێنانی دەسەڵاتی کاتی لە ئێران تا هەڵوەشاندنەوەی چەندین ڕووداوی سیاسی _ سەربازی ڕوویاندا وەك ( شەڕی سنە ١٨ ئازاری ١٩٧٩)، شەڕی بانە، شەڕی نەغەدە (٢٤ نیسانی ١٩٧٩)...هتد)[2] ، بەڵام سەرەنجام ئەم ڕوداوانە بیروڕایەکی زۆر خراپی لەلای سەرانی شۆڕش و کاربەدەستانی ئێران دروستکرد[3] .جۆرێك لەبێمتمانەیی لەنێوان هەردوولادا هێنایە ئاراوە، هەڵایسانی شەڕی سەرتاسەری لە ئان و ساتدا بوو .

پاش ئەوەی لە شاری "پاوە" لە ٩ ئەیلولی ١٩٧٩ ئاڵۆزیی دروست بوو، شەڕی نێوان سوپای پاسداران و (حدکا) و هێزەکوردییەکانی لێکەوتەوە [4] ، لە ١٨ ئابی ١٩٧٩ دا خومەینی فەرمانی [5] بە سوپاکرد بۆ سەرکوتکردنی دوژمنانی شۆڕش بەرەو پاوە بکەونە ڕێ ، خومەینی زۆرترین ژەنراڵ و ئەفسەرەکانی ئەرتەش و ژاندارمەری ناردبوو بۆ داگیرکردنی کوردستان ، جگە لەگرتنی شارەکان پلانی گرتنەوەی چیاکانیشیان هەبوو ، لەماوەیەکی کەمدا شەڕ سەرانسەری کوردستانی گرتەوە[6]، شەڕ لە ١٨ ئاب ١٩٧٩ بەردەوام بوو تا ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ بۆ ماوەی سێ مانگ، بۆیە ئەم شەڕە بە( شەڕی سێ مانگە) ناسرا ، دواتر بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری سیاسی لەسەر ئاستی ئێران و بەرنامەی کۆماری ئیسلامی بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی، بەفەرمانێکی خومەینی شەڕ ڕاگیرا [7].

هەڵوێستی (ی . ن .ك) بەرامبەر بەئاڵۆزی و پەلامارەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بوو کە (ی . ن .ك) هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشاندا ، و لە سەر داخوازی (حدکا) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەشداربوو لە بەرگریکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دژ بە سوپای ئێران [8]، بۆ نمونە: (ی . ن . ك) لە شەڕی پاوە لە

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٢٦.

[2] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٦٩ ؛ بۆ زانیاری دەربارەی ئەم شەڕانە بڕوانە:(حامید گەوهەری : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ١٣٤. ؛ کەریمی حیسامی: لە بیرەوەرییەکانم ١٩٧٩، ب٦، ستوکهولم ،١٩٩٢، ل ٥٧–٨١) .

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٦.

[4] حامید گەوهەری :ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ٢١٧ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٢٦.

[5] بۆ دەقی فەرمانی خومەینی بڕوانە: ( د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٨٠–٨١).

[6] د. یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران، ل ٦٥٨.

[7] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٨٢، ٩٨،٩٥.

[8] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ب١ ، ل ١٦٦.

ئابی ١٩٧٩ دا دژ بە سوپای ئێران بەشداربوون و هاوکاری پێشمەرگەکانی (حدکا) بوون [١]. لێرە بەدواوە نزیك بوونەوە و هاوکاری هەردوولا زێدەتر پەرەی سەند.

پێش پەلاماری سوپای پاسدارانی ئێران چەند پارت و ڕێکخراوێکی سیاسیی باشور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە (ی . ن .ك ، حسیك[٢]، حشع، حدکا ، کۆمەڵە) ، لە ٢٢ ئابی ١٩٧٩ دا کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵیان ئەنجامدا بۆ چۆنیەتی هەماهەنگی و بەرگریکردن لە هێرش و پەلامارەکانی سوپای ئێران بۆ سەر ڕۆژهەلاّتی کوردستان [٣] ، نوێنەرانی ( ی . ن .ك) پێکهاتبوون لە( جەلال تالەبانی ، کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز ، فازل عەبدول کەریم)، نوێنەرانی (حدکا) پێکهاتبوون لە (عەبدولڕەحمانی قاسملوو ، غەنی بلوریان ، ئەمیری قازی )، قاسملوو دوای باسکردنی ڕەوشی ناوخۆیی ڕۆژهەلاّتی کوردستان داوای لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشور کرد کە هاوکارییان بکەن ، دواتر لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن بۆ چەککردنی سەربازگەکانی "پاوە و مەریوان و سەردەشت" [٤] ، بە پێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی لە ٢٢ ی ئابی ١٩٧٩ دا دەزگە سیخوڕییەکانی بەریتانیا زانیارییان هەبووە لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان کوردی عێراق و ئێراندا [٥]، پێدەچێت مەبەست لەهەمان کۆبوونەوەی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاّت و باشوری کوردستان بێت. تالەبانی بڕیاریدا چەند پێشمەرگە و فەرماندەیەك بنێرێت بۆ هاوکاری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت [٦]. دواتر ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە هەر لایەنە و چەند سەد پێشمەرگەیەکی ئامادەکرد، بەلاّم هیچ هەماهەنگییەك دروست نەبوو لەنێوان ئەوهێزانەی کە ئامادەکرابوو، بۆیە نەتوانرا ئەم سەربازگانە بگیرێ و هێرشی سوپا بۆ سەر ڕۆژهەلاّتی کوردستان دەستی پێکرد[٧]. بەلاّم دوای سێ ڕۆژ لەچوونی هێزەکانی (ی . ن .ك) و (حشع) بۆ یارمەتی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت و بەتایبەت (حدکا) ، بەرپرسی سەربازی هەردوولا (ملازم عومەر – ی . ن .ك ، تۆما تۆماس – حشع ) گەڕانەوە بارەگاکانی

---

(١) د. عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق دا لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (١٩٨٠-١٩٨٨)، دهۆك ، ٢٠٠٨، ل١٣٦.

(٢) حسیك : دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و هاتنە دەری لە ڕیزەکانی (ی .ن .ك)دا ، لە (١٩٧٩/٨/٨) دا بزوتنەوەی سۆسیالیستی و لیژنەی ئامادەکردنی پارتی یەکیان گرت و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان پێکهێنا.( سەلام عەبدولکەریم: س . پ ، ل ٨٤).

(٣) برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٣٠٠.

(٤) فاتح رسول: چەند لاپەڕیەك ،ب١، ل ١٢٣-١٢٤.

(٥) وەرگیراوە لە : ( د. هۆشمەند عەلی مەحمود ، ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، ل ٣٥٨ ).

(٦) برایم فەرشی : سەدەی کارەسات گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلوریان ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل ٢٠٤.

(٧) هێزی ( ی . ن .ك) نزیکی (٥٠٠) پێشمەرگە بەشداربوو کەتەرخانکرابوو بۆ گرتنی سەربازگەی مەهاباد پێك هاتبوو لە پێشمەرگەکانی( بەکری حاجی سەفەر ، دانای سەید مەجید، سالار عەزیز، جەلالی حەمەی محە ) چەندین فەرمانەدەی تر، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

خۆیان و رایانگەیاند بەهۆی هەماهەنگ نەبوونی (حدکا) وە نەتوانراوە کارەکانیان جێبەجێ بکەن [(١)]. بەڵام دوای ئەوەی قاسملوو چەند جارێك لەگوندی "بنوخەڵەف" لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ونوێنەری (حشع ) و (حسیك) کۆبۆیەوە و داوای هاوکاری لەحیزبەکانی باشوری کوردستان کرد کە بەهانای (حدکا)وە بچن، هاوکات عەبدولڕەحمانی قاسملوو بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرکردایەتیی کاتی (پ . د . ك) ی کرد ، بەڵام بەدەنگی داوای (حدکا) وە نەچوون، چونکە سەرکردایەتیی کاتی (پ . د . ك) بە تەواوی کەوتبوونە ژێر فشاری حکومەتی ئێران و ناچارکرابوون بە ڕێکەوتنێك بۆ چاککردنی ژیانی پەناهەندەکان و پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی و چەك و تەقەمەنی لەلایەن ئێرانەوە بۆ سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) ، لەبەرامبەردا سەرکردایەتیی کاتی (پ . د . ك) دەبوو شەڕی (حدکا) بکات [(٢)] ، بە پێچەوانەوە داواکەی (حدکا)وە سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) لە شەڕی سێ مانگەدا بە هەموو توانایانەوە شان بەشانی سوپای ئێران دژی هێزەکانی(حدکا) چونە شەڕەوە [(٣)] . لەم کۆبوونەوەیەدا جەلال تاڵەبانی هاوکاری و هەماهەنگی (ی . ن .ك)ی بۆ (حدکا) دووپاتکردەوە کە (ی . ن .ك) ئامادەیە ئەوەی لە توانایدا بێت ئەنجامی بدات ، چونکە چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوور گرێدراوە بە هەماهەنگی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە [(٤)]. لەم شەڕانەدا تەنها هێزەکانی (ی . ن .ك) لەگەڵ (حشع و حسیك )دا بەدەنگی داواکەی قاسملووە وە چوون ، جگە لەمە (ی . ن .ك ، حشع، حسیك) لە ٤ ئەیلولی ١٩٧٩ دا ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان دەرکرد، و لە وێدا بەئاشکرا پشتیوانی (حدکا) و دژایەتی خۆیان نیشاندا دژی هێرشەکانی ئێران[(٥)].

دوای وەرگرتنی بۆچوونی بەشداربوانی کۆبوونەوەکە لە سەر چەند لایەنێك ڕێککەوتن ، لەوانە کۆبوونەوەی چوار قۆڵی ئەنجامبدرێت لەکاتی پێویستدا ، دروستکردنی ئەنجومەنێکی سەربازی کەهەموو لایەنەکان لەخۆبگرێت ، هەوڵبدرێت بۆیەکخستنی توانای سەربازی و ئەنجامدانی مەشقی پێشمەرگایەتی ، گەشەپێدانی راگەیاندنی هاوبەش و وزەو توانای هێزو ڕێکخراوە خوێندکارییە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستان بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەڕای جیهان و بەرگری لەمافی گەلی کورد ، لەهەمان کاتدا پێویستە(حدکا) پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ئێران بەهێز بکات و نوێنەرێك بنێرێتە دەرەوە بۆ پەیوەندیکردن بە وڵاتانی سۆسیالیستی و حیزبە شیوعیەکانی جیهان ، لە کۆتایدا ئەنجومەنێکی سەربازی

---

(١) فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ١٢٥.

(٢) کریس کۆچیرا : بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی و: حەسەن ڕەستگار ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٣، ل ٧٥ ؛

(٣) خیانەتەکانی قیادەی مووقت بەنەتەوەی کورد : لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشارات و تبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ڕەزبەری ١٣٦٠/ ئەیلولی ١٩٨١، ل ٣٩.

(٤) فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ١٤٠.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٢٧.

دروستكرا كە پێكهاتبوو لە (ملازم عومەر _لە ی . ن .ك ، حاجی حاجی ئیبراهیم _ لە حسیك ، تۆما تۆماس _حشع ، چوار ئەندامی حدكا)[1] . دواتر بەشێكی زۆری هێزەكانی (ی . ن . ك) و بەتایبەت كادر و مەفرەزەكانی (كۆمەڵەی رەنجدەران) لە ناوچەكانی شارەزوور و هەورامان و شارباژێڕ روویان لە رۆژهەڵاتی كوردستان كرد [2] . هێزی پێشمەرگەی سەر بە (ی . ن .ك) لە ٣ ئابی ١٩٧٩ دا گەیشتنە مەهاباد[3]. پێشمەرگەكانی یەكێتی شان بەشانی هێزەكانی لایەنە سیاسییەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان و (حدكا) بەشدار بوون لەبەرگریكردن لەشارەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان و ڕۆڵێكی بەرچاویان گێڕا [4] ، بەتایبەت هێزەكانی (ی . ن .ك) نزیكی (٢٠) پێشمەرگە و فەرماندەیان لە شەڕەكانی بەرگری لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا كوژران [5].

هەرزوو دەنگوباسی بەشداری پێشمەرگەی (ی . ن .ك) گەیشتبوویەوە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ، وەك لە بەڵگەنامەیەكی نهێنی بەریتانیادا دەربارەی شەڕی "پاوە"هاتووە كە : حكومەتی ئێران (حدكا) و شوێنكەوتوانی جەلال تاڵەبانی ، سالار جاف ... بە تاوانباری ئەم هێرشە لە ناكاوە دەزانێت [6]. بەڵام بەردەوام لە لایەن جەلال تاڵەبانی و (ی . ن .ك)ەوە بەشداری یان لە شەڕەكانی دژی سوپادا نكوڵی لێدەكرا ، هاوكات جەلال تاڵەبانی لە نامەیەكدا بۆ ( ئایەتولاَ حسین عەلی مونتەزری و چەند بەرپرسێكی تری ئێرانی) كە لە ١٣٥٨/٥/٢٩ بەرامبەر ٢٠ ئابی ١٩٧٩ لە رۆژنامەی (ئیتلاعات) دابلاوبۆیەوە ، بەشداری (ی . ن . ك) لە رووداوەكانی"پاوە" دا بە درۆ خستەوە و هەموو پشتیوانییەكی خۆیی بۆ شۆڕشی ئیسلامی دووپاتكردەوە [7]. یەكێتی نەیدەتوانی ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیی وەدەربنێت ، بۆیە لە گەرمەی شەڕی پێشمەرگەكانی یەكێتی شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی رۆژهەلات ، جەلال تاڵەبانی نامە بۆ خومەینی دەنێرێت وێڕای پیرۆزبایی، پشتوانی (ی . ن . ك)ی بۆ شۆڕشی ئێران دووپاتكردەوە ، بەڵام یەكێتی هیچ كات ئەو بەڵێنەی خۆی نەبردە سەر و لەڕوی پراكتیكی سیاسیەوە جێبەجێی نەكرد ، و لەم قۆناغەدا هەرگیز پشتی لە پارت و رێكخراوە سیاسیەكان و خەڵكی رۆژهەڵات نەكرد [8].

---

[1] بۆ بینینی گرنگترین خاڵەكانی ڕێكەوتنەكە بڕوانە : (فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ١٤٥–١٤٨).

[2] پشكۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١١٦ ؛ مەلەكە، رەزاو حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل ٢٦٨.

[3] حامید گەوهەری : س . پ ، ب١، ل ٢٤٤.

[4] شێخ عەلی : كەشكۆڵی بەسەرهاتم ، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠١٣، ل ٢١٧–٢١٩.

[5] (ی . ن .ك) لەم شەڕانەدا ژمارەیەك پێشمەرگە و فەرماندەی شەهید بوون وەك ( عەلی شیعە، ئەنوەری مەجید سوڵتان ،حەمە نەگرەیی، كەریمی حەمەی مەلا سابیر ، عەلی خڕە ، ...هتد). بڕوانە: (پشكۆ نەجمەدین ، ئەزمون و یاد ، ل ١١٦، چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩).

[6] شەریف هەژاری : رۆژهەڵاتی كوردستان ، ل ٩٤.

[7] ( روزنامە"اطلاعات" ، ١٣٥٨/٥/٢٩ )، وەرگیراوە لە : (بهزاد خوشحالی : اتحادیەی میهنی ، حزب دمكرات كردستان ).

[8] پشكۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١١٦.

جگە لەمە نوێنەری (ی . ن .ك) لە ئەوروپا لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداربوون لە نارەزایی دەربڕین دژی پەلاماری سوپای ئێران بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، بە ڕێکخستنی خۆ پیشاندان و ڕێپێوان و پەیوەندیی کردن بە میدیاو ناردنی کۆمەك و یارمەتی و ناردنی ڕۆژنامەنوسی بیانی بۆ کوردستان[1]. هەروەها دوای شکستی لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی سەر بەپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کشانەوە بۆناوچەکانی سەرکردایەتیی و بارەگاکانی (ی . ن .ك)[2].

بەشداری (ی . ن .ك) تەنها لەشەڕی چەکداری و هاوکاریکردنی پێشمەرگەدا نەبوو ، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەهەوڵدانیشدا بوو بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی نێوان کورد و حکومەتی ئێران . لەم ڕووەوە جەلال تاڵەبانی پاش ڕەزامەندی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵی ئەو نێوەندگیری یەی بینی و لەڕێگەی ناردنی نامەوە پەیوەندیی بەچەند کەسایەتییەکەوە کرد لەوانە (خومەینی ، حوسێن کوڕی خومەینی، حسێن عەلی مونتەزری و محەمەدی کوڕی ، داریۆشی فروهەر )، تێیدا داوای لەڕێبەرانی شۆڕشی ئێران کردبوو کە شەڕ ڕابگرن و بە شێوەی ئاشتی و گفتوگۆ کێشەی کورد چارەسەر بکەن . سەرەنجام حکومەتی ئێرانی بە نێوبژیوانی جەلال تاڵەبانی ڕازیبوو، نوێنەرانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەلایەن" شورای ئینقلاب" ەوە نێردران بۆ کوردستان [3]. بۆ ئەم مەبەستە لە ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ دا نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ (ی . ن . ك) کۆبوونەوە. لایەنی (ی . ن . ك) پێکهاتبوون لە (جەلال تاڵەبانی ، مەلابەختیار، مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر، جەمالی عەلی باپیر) و نوێنەرانی حکومەتی ئێرانیش پێکهاتبوون لە ( داروێشی فروهەر، هاشمی سەباغیان ، عزت اللە سەحابیان ، ژەنراڵ فرخ ئازەری) . ئامانجی یەکێتی لەم کۆبوونەوەیەدا هەوڵدانبوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتیانە، و بەدەستهێنانی هاوکاری و پشتیوانی ئێران بۆ یەکێتی [4]. نوێنەرانی حکومەت ڕایان

---

(١) نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵە مێشدا ، ل ١٥٨.

(٢) گلرخ قبادی : شقایق ها بر سنگلاخ (زندگی و زمانەی یك زن كرد از كردستان ایران)، چ١، ب . م ، ٢٠١٥ ، ص ٢٩٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

(٣) مام جەلال : جۆشدانی خەبات ، ل ٧٠ ؛ بانگەوازی کوردایەتی : لە بڵاوکراوەکانی (ی . ن . ك) نیشتیمانی کوردستان ، کانونی یەکەمی ١٩٨١، ل ٣٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٢٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣.( محسن عەلی ئەکبەر : ساڵی ١٩٥٠ لە شاری "خانەقین" لە دایك بووە قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری " خانەقین " تەواو کردووە دوای ساڵی ١٩٧١ بووە بە ئەندامی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران ) . ساڵی ١٩٧٤ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە . ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندەی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە . دواتر بووە بە لێپرسراوی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٧٩–١٩٨٠ نوێنەری (ی .ن .ك) لە "سەردەشت" دواتر چووە شاری "تاران " ساڵی ١٩٨٢ پاش گرژبوونی پەیوەندییەکانی (ی .ن .ك) و " ئێران بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو لە لایەن ئێرانەوە زیندانی دەکرێت . دوای ئازادبوونی تا ڕاپەڕین چەندین بەرپرسیارێتی لە ڕێکخستنەکانی (ی .ن .ك) و ، " کۆمەڵەی ڕەنجدەران " دا وەرگرتووە لە شاخ . ساڵی ١٩٩٢ کارگێری مەڵبەندی سلێمانی بوو دواتر بووە بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند . ساڵی ١٩٩٦ – ١٩٩٨ لێپرسراوی مەڵبەندە گەرمیان بوو ، دواتر گواسترایەوە بۆ مەکتەب ڕێکخستن . وە چەندین بەر پرسیارێتی لە ڕێکخستەکانی (ی .ن .ك) دا پێسپێردراوە ، ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی ٢٠١٠ کرا بە ئەندامی لینژنەی باڵای ڕێکخستن لە مەکتەبی ڕێکخستن).

گەیاند کە ئەوان لەلایەن خومەینیەوە ڕاسپێردراون کە ئامادەن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دانوستاندن بکەن [1]، هەروەها لە گفتوگۆکەدا (حدکا) یان تاوانبار کرد بەوەی کە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق ، هاوکات پێشمەرگەکانی (حدکا)ی تۆمەتبار کرد بەهەڵایسانی شەڕ لەرۆژهەڵاتی کوردستان ، بەڵام سەرەڕای ئەمە تاڵەبانی ڕەتی کردەوە کە هۆکاری ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵات لە ئەستۆی (حدکا) بێت ، بەڵکو سوپای پاسداران و محەمەد سادقی خالخاڵی[2] و توندوتیژییەکانیانی وەك کوشتنی ژن و منداڵ وهاوڵاتی بێ چەکی بەهۆکار دانا بۆ ئەو دۆخەی کە رۆژهەڵاتی کوردستانی تێکەوتووە ، و پێشنیاری کرد کە پێویستە نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ (حدکا) دابنیشن وەك هێزێکی سەرەکی کوردستان ، هاوکات خواستی (حدکا)ی بۆ ڕاگرتنی شەڕ بەنوێنەرانی حکومەت گەیاند [3]. هەر هەمان رۆژ جەلال تاڵەبانی لەگەڵ نوێنەرانی (حدکا، کۆمەڵە ، شێخ عزەدین ، چریکی فیدائیانی گەلی ئێران _ لقی کوردستان) دا کۆبۆیەوە و بۆ باسکردن لە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و چارەسەری ئاشتیانە [4]. پاشان رۆژی ٧ تشرینی یەکەم ١٩٧٩ دا کۆبوونەوەی نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بە نێوبژیوانی(ی . ن . ك) دەستی پێکرد، نوێنەرانی (ی . ن . ك) پێکهاتبوون لە (جەلال تاڵەبانی، مەلازم عومەر، سالار عەزیز، محەمەدی حاجی مەحمود، سامان گەرمیانی ، نەوشیروان مستەفا لەدواتردا بەشداربوو) لەگەڵ (شێخ عزەدینی حسێنی و سەلاح موهتەدی) لە گوندی" واشە و میر شێخ حەیدەر" لە سەردەشت [5]کۆبوونەوە، رۆژی دواتر لە ٨ تشرینی یەکەم ١٩٧٩ دا نوێنەرانی (کۆمەڵە) و شێخ عزەدینی حوسێنی و نوێنەرانی (چریکی فیدائیان– لقی کوردستان) لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت لە کاتژمێر" ١١ "ی بەیانی یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان بەنێوبژیوانی تاڵەبانی لەگوندی "نشکۆلان" ئەنجامدا [6]. کۆبوونەوەکان

---

[1] گلرخ قبادی : م . پ ، ص ٣٣٤.

[2] محەمەد سادقی خالخاڵی: ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی "گیوی" شارۆچکەی خاڵخاڵی لەپارێزگای ئەردەبیل دایك بووە ، سەرەتای خوێ،دنی بە خوێندنی ئاینی دەستپێکردووە ، پاشان چوەتە شاری قوم ، لەوێ ئاشنای خومەینی بووە و بووە بە خوێندکاری ، سەرەتای کاری سیاسی پەیوەندیی بەگروپی ( فیدائیانی ئیسلام) ەوە کردووە ، دوای روخانی شا بووە بە دادوەری شەرعی شۆڕشی ئیسلامی ، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ سەدان کەس دەرکردووە ، بە فەرمانی خومەینی نێردراوە بۆ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و وەك دادوەری دادگای شۆڕش دەست بەکار بووە ، لە (٢٠٠٣/١١/٢٦)دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : (آیت الله حاج شیخ صادق خالخالی ایام انزوا خاطرات آیت الله خالخالی ، چ١٢، جلد اول ، مؤسسة الهادی ، تهران ، ١٣٨٨، ص ٢٧ ؛ www.bbc.com/persian/iron/story/khalkhali-shtml ).

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٢٨ ؛ فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل٢٢٤–٢٢٥، ٢٢٧.

[4] گلرخ قبادی : م . پ ، ص ٣٣٤.

[5] محەمەدی حاجی مەحمود : س. پ ، ب١، ل ٢٨٢–٢٨٣ .

[6] ه . س ، ل ٢٨٢–٢٨٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٢٧ ؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٩٦– ٩٧ ؛ سەبارەت بە بەشدارنەبوونی دکتۆر قاسملوو و (حدکا) سەید ئیبراهیمی عەلیزادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قاسملوو ڕازی نەبووە بە نێوبژی جەلال تاڵەبانی و یەکێتی، بەڵام دواتر لەگەڵ چوونە پێشی گفتوگۆکان (حدکا) ناچاربوو بەشدار بێت . (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢) ، جەلال تاڵەبانی لەکاتی گفتوگۆکانیدا پشتیوانی (حدکا)ی کردووە و

نزیکی شەو و رۆژێکی خایاند ، بەڵام (حدکا) بەشداری کۆبوونەوەکەی نەکرد [١]، پاشان لە ١٠ ی تشرینی یەکەم دا تاڵەبانی لە گوندی "زەڵێ" چاوی بە عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەکەوێت وئەنجامی گفتوگۆکانی پێڕادەگەیەنێت [٢]. ئەگەرچی هەردوولا ڕێکنەکەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ لەنێوان هەردوولادا، دواتر لە ١٨ تشرینی یەکەم ١٩٧٩ دا خولێکی تری دانوستاندن بە نێوبژیوانی جەلال تاڵەبانی لە گوندی " بنوخەڵف" دەستی پێکرد ، نوێنەرانی (ی . ن . ك) پێکهاتبوون لە (تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا) ، نوێنەرانی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات پێکهاتبوون لە ( شێخ عزەدینی حوسێنی ، فاتیح شێخ ولئیسلام لەدەفتەری شێخ عزەدین ، سەید ئیبراهیم عەلیزادە ، سەلاح موهتەدی لە(کۆمەڵە) ، حەمەدەمین نوێنەری چریکی فیدائیان– لقی کوردستان) ، نوێنەرانی حکومەت پێکهاتبوون لە (داریوش فروهەر وەزیری کار و کەریم خانی سکرتێری ، جەنراڵ فروخ ئازەری فەرماندەی هێزی زەمینی، سەرتیپ دانیشوەر فەرماندەی ژاندرمەری )، لەکۆبونەوەکەدا (کۆمەڵە) یاداشتێکی ئامادەکراوی پێبووە و لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی (ی . ن .ك) هەندێك گۆڕانکاری تێدا دەکرێت ، و پێشکەش بەنوێنەرانی حکومەت دەکرێت، بەڵام هیچ نوێنەرێکی (حدکا) بەشدار نەبوون [٣].

دوای ئەم زنجیرە کۆبونەوانەی نێوان پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و نوێنەرانی حکومەتی ئێران لەکوردستان ، (ی . ن .ك) لەهەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ لێکنزیککردنەوە و راوەستانی شەڕ لەرۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٢ تشرینی یەکەم ١٩٧٩ دا چەندین لایەنی سیاسی کوردی و عەرەبی دەستەیەکی نوێنەرایەتیان پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە (نەوشیروان مستەفا و فوئاد مەعسوم لە(ی . ن .ك)، ئەحمەد بانیخێڵانی حشع ، ئەبو صلاح لە پارتی بەعس ( قیادة قطر العراق/ سەر بەسوریا) ، ئەبو شروقی و ئەبو عومەر لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی عێراق)، بۆ ئەوە سەردانی تاران بکەن بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان سوپای ئێران و پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هەنگاوە لەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملوو وە پشتیوانی کرا، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست نەهێنا، چونکە سەرەڕای توندرەوی (کۆمەڵە) لەڕوی ئایدۆلۆژییەوە، سوپای پاسداران زۆر توندڕەوبوون کەدەیانویست بە ڕێگەی سەربازی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات سەرکوت بکەن [٤].

---

بە لایەنی بەهێز و خاوەن بڕیاری داناوە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ، بڕوانە: ( فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل٢٢٧) ، هەرچی سەلاح موهتەدییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هۆکاری بەشدارینەکردنی (حدکا) دەگەڕێتەوە بۆ ڕازینەبوونیان بەرامبەر بەشداری کردنی (کۆمەڵە) و چریکی فیدائیان لە دانیشتنەکاندا . وەرگیراوە لە (د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٩٧).

[١] گلرخ قبادی : م . پ ، ص ٣٣٥.

[٢] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ٢٢٠.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٢٩–١٣١ ؛ فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل٢٣٩–٢٤٢.

[٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٤٥ ؛ ئەحمەد بانیخێڵانی : س . پ ، ل ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٤٨.

پاشان نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ نوێنەرانی (حدکا) کە پێکهاتبوون لە (عەبدوڵای حەسەن زادە ، عەزیزی ماملێ، کەریمی حیسامی ، غەنی بلوریان ) لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە ، بڕیاردرا هەوڵبدرێت بۆ ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتییانە ، نوێنەرانی حکومەت ئامادەیی خومەینیان نیشاندا بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دانی خودگەردانی لەبری خودموختاری. لە ١٧ تشرینی دووەم ١٩٧٩ دا خومەینی بەیانێکی بڵاوکردەوە و کۆتایی بە شەڕی سێ مانگە هێنا، دەرفەتێك دروستبوو بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد(حدکا)، (کۆمەڵە) ، شێخ عزەدینی حوسێنی ، چریکی فیدائیان –لقی کوردستان ) بۆ دروستکردنی دەستەیەك بەناوی (دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد) لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران ، ئەم دەستەیە تەنها یەك جار لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت کۆبوونەوە ، تێیدا گەلاڵەنامەیەکی (٢٦) ماددەیی و (٩) ڕوونکردنەوەیان لە ١٥ کانونی یەکەم ١٩٧٩ دا بە مەبەستی خود موختاری پێشکەش بەحکومەت کرد، [١] زۆربەی لایەنەکانی ( سیاسی ، پێشمەرگە ، ئابووری ، پیشەسازی ، کشتوکاڵ ، دادوەری، زمانی کوردی،... هتد) لەخۆدەگرت [٢].

لە ٢٥ کانونی دووەمی١٩٨٠ دا لە ئێران پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بە ڕێوە چوو ، ئەبو حسن بەنی سەدر [٣] بە پشتیوانی خومەینی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا و بوو بە سەرۆك کۆماری ئێران [٤]. بەنی سەدر ئامادەیی خۆی پیشاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەچوارچێوەی راسپاردە و فەرمانەکانی خومەینیدا [٥]. بۆیە لە ٢٨ شوباتی ١٩٨٠دا (حدکا) دەستەیەکی نوێنەرایەتی کە پێکهاتبوو لە (غەنی بلوریان ، عەبدوڵای حەسەن زادە، ئەحمەدی قازی، فەوزیەی قازی ، نوید موعینی ) چاویان بە سەرۆك

[١] بۆ دەقی گەلاڵە نامەکە بڕوانە :(عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل ١٧٦) .

[٢] هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلاتی کوردستان ، ل ١٠٠– ١٠١.

[٣] ئەبولحەسەن بەنی سەدر : ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی "بەخچەی" سەر بە هەمەدان لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەمەدان و دواتر لە تاران بەشی ئابووری و یاسای ئیسلامی تەواو کردووە ، یەکێك بووە لە کەسە نزیکەکانی خومەینی ، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چوەتە فەرەنسا ، لەکاتی گەرانەوەی خومەینی بۆ ئێران ، بەنی سەدر بووە بە وەزیری دارایی ، لە یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە لایەن خومەینیەوە پشتیوانی لێکراوە و بە زۆرینەی دەنگ بووە بە سەرۆك کۆمار ، ئامانجی خومەینی لە دانانی کەسێکی لیبڕاڵ راکێشانی بۆچون و هەڵوێستی جیهانی بوو بۆ شۆڕشی ئێران . لەبەر هەڵوێستی لیبڕاڵیانەی بەنی سەدر و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت و رووبەرووی هێرش و رەخنەی توندی حیزبی کۆماری ئیسلامی بوویەوە ، سەرەنجام نەیتوانی سەرکەوێت و لە حوزەیرانی ١٩٨١ دالەلایەن ئەنجومەنی شوراوە لە سەرۆکایەتی لادرا ، و دواتر هەڵهات بەرە و فەرەنسا . (زندگی نامەی ابوالحسن بنی صدر دومین رئیس دولت و اولین رئیس جمهور، http://www.hamcelasi85.blogfa.com/post-178.aspx ، د . علي محافظة : م . س ،ص ١٢٣)

[٤] حامید گەوهەری : س . پ ، ب١ ، ل٤٣٢–٤٣٣ ؛ عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل٢١٤.

[٥] غەنی بلوریان : س . پ ، ل ٣٢٨.

کۆمار کەوت ، نوێنەرانی کورد گەلاڵەیەکی (٦) مادەیی و (٨) خاڵی[١] پاشکۆیان خستە بەردەم حکومەت کە کورتکراوەی گەلاڵەی (٢٦) مادەیی بوو کە پێشتر (حدکا) پێشکەشی حکومەتی کردبوو، سەرەرای رازیبوونی سەرۆك کۆمار بەلاّم دوای ئەوەی ئەم گەلاّلە نامەیە لەلایەن (شورای انقلاب)ەوە رەتکرایەوە[٢].جەلال تاڵەبانی لە مایسی ١٩٨٠ دا سەردانی تارانی کرد و نزیکی مانگێك لەوێ مایەوە و گەورە کاربەدەستانی ئێرانی بینی ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو ماوەیەدا لە تاران بووە چاوی بە بەنی سەدر کەوتووە و هەوڵی داوە رازیبکات بەراگرتنی شەڕ وجێبەجێکردنی گەلاّڵەی شەش مادەیی کەلەلایەن (حدکا)وە پێشکەش کرابوو[٣].

دانوستاندن و ماوەی ئارامی رۆژهەلاّتی کوردستان درێژەی نەکێشا، جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان حکومەتی ئێران و پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان دەستی پێکردەوە. لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٠دا هێرشی سوپا زۆربەی شارەکانی رۆژهەلاّتی گرتەوە[٤] . تاڵەبانی لەکاتی گەڕانەوەیدا لە ئەوروپا بە تاراندا هاتەوە و بەهەمان شێوە هەوڵیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، و لێك نزیك کردنەوەی دەسەلاّتدارانی ئێران و پارت و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی رۆژهەلاّت و چەسپاندنی خودموختاری[٥]، لەلایەن بەنی سەدرەوە راسپێردرا کە ببێتە نێوەند گێرێك لە نێوان حکومەتی ئێران و هێزە کوردییەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە ، بەلاّم بەنی سەدر لە پۆستەکەیدا وەك سەرکۆمار نەمایەوە و ئێرانی بەجێهێشت ، بەلاّم ئەم هەوڵەی جەلال تاڵەبانی شکستی هێنا[٦].

لەلایەکی دیکەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و ململانێکانی نیوان پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان خودی تاڵەبانی بایەخی گەورەی بە یەکریزی نێوان هێزە کوردیەکان دەدا ، و پێی وابووە ئەم ناکۆکییانە هەلی زیاتری رەخساندووە بۆ سوپای پاسداران ، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن لە رۆژهەلاّتی کوردستاندا، ئەمەش بە بڕوای ئەو مەترسییەکی گەورە دروستدەکات لەسەر جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد و هێزە پێشکەوتوخوازەکان، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ تا رۆژهەلاّتی کوردستان ئەزموونی تاڵی باشوری کوردستان دووبارە نەکاتەوە[٧].

---

(١) بۆ دەقی گەلاّڵە نامەکە بڕوانە : ( جەلیل گادانی : س .پ ،ب١، ل ٢٥٦–٢٥٧).

(٢) گلرخ قبادی : م . پ ، ص ٣٨٧ ؛ عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل ٢٢٠ ،٢٢٤ ؛ غەنی بلوریان : س . پ ، ل ٣٣٠.

(٣) بانگەوازی کوردایەتی : ل ٣٠.

(٤) عبدالله حسن زادە :س . پ ، ل ٢٤٢ .

(٥) بانگەوازی کوردایەتی : ل ٣١–٣٢.

(٦) سالار أوسي : جلال طالباني أحداث ومواقف ، ط٢، مطبعة دار الينابيع، دمشق ، ٢٠٠٨، ص ١١١.

(٧) فاتح رسول : چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان ١٩٨٠–١٩٨١رووداو بەڵگەنامە ، بەرگی دووەم ، سوید،١٩٩٢، ل ١٦٢،١٦٤.

(ی . ن . ك) هەوڵیکی زۆریدا بۆ وەستاندنی هێرشی چەکدارانی(پ . د .ك) کە بەهاوکاری سوپای پاسدارانی ئێران دەکرایە سەر هێزە کوردییەکان . بەتایبەت (حدکا) لە شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان [1]. سەرکردایەتی کاتی (پ . د .ك ) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و لە شوباتی ١٩٧٩دا ئیدریس بارزانی وەك نوێنەری خۆی ناردە لای خومەینی ، و بەنامە پەیوەندییان بە (مەهدی بازرگان و ئەبو حسن بەنی سەدر) وسەرانی شۆڕشەوە کرد، توانیان پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانی دروست بکەن[2].

لەکاتی هەڵایسانی شەڕی نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای ئێراندا (پ . د .ك) لە زۆربەی شەڕەکان لە پێشەوەی هێرشەکانی سوپادابوون بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ، و زیانی زۆریان بە جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند[3]. بەرامبەر بەم دۆخە (ی . ن . ك) هەوڵیدا لە رێگەی هێزە سیاسییەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستانەوە فشار بخاتە سەر سەرکردایەتی (پ . د .ك) بۆ دژایەتی نەکردنی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات ، و ڕاگرتنی پەلاماری (پ .د.ك) بۆ سەر رۆژهەڵاتی کوردستان ، کشانەوەی هێزی چەکداری خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناو خاکی باشوری کوردستان . بۆ نمونە : جەلال تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکیدا لە گەڵ (حشع) سەبارەت بە هەڵوێستی (پ .د.ك) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ، کە کێشەی (ی . ن . ك) و (حدکا) لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی (پ .د . ك) یەك کێشەیە ، وەك دوو دیوی یەك دراو وایە ، و دەبێت ئاشتی گشتگیربێت [4] .و لە ٢٤و٢٥ تشرینی دووەمی ١٩٨١ لە کۆبوونەوەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان (ی . ن . ك _حسك [5]_حشع ) لەگەڵ (حدکا)، سەرەڕای دەربڕینی ناڕەزایی و سەرکۆنەکردنی هەڵوێستی (پ . د .ك) چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکران، بۆ کشانەوەی چەکدارانی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی _ الجبهة الوطنية الديموقراطية (جود)[6] بەتایبەت

---

[1] سەبارەت بە هەڵوێستی (پ . د .ك) بەرامبەر بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان (حدکا) نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە ، و تێیدا باسی مێژووی پەیوەندییەکانی هەردوولا کراوە و سەرەڕای خستنەرووی هەڵوێستی نەرێنی (پ . د .ك) لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بانگەوازی بۆ هەموو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و لە هەڵوێستی (پ . د .ك) ئاگاداری کردوونەتەوە ، بڕوانە: (خیانەتەکانی قیادەی مووەقەت بەنەتەوەی کورد ، س پ ).

[2] سامي شورش : كردستان والكراد : الحركة القومية والزعامة السياسية إدريس البارزاني ...نموزجا، اربيل ،٢٠٠١،ص ١٥٣.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[4] ئەحمەد بانیخێلانی : س . پ ، ل ٣٩٥.

[5] لە ١٩٨١/٥/١٦ دا دوای تەواوبوونی کۆنگرەی یەکی ئەم حیزبە ناوی لە حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانەوە، گۆڕدرا بۆ حیزبی سۆسیالیستی عێراق (حسك) ،سەلام عەبدولکەریم : س . پ ، ل١١٢.

[6] بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی (الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية / جود) : ئەم بەرەیە لە ٢٩تشرینی دووەمی ١٩٨٠ دا لە نێوان (پ . د . ك ، حسیك ، حشع) دا دروستکرا ، وەك ڕکابەرێك بۆ بەرەی نیشتمانی و دیموکراسی عێراقی( الجبهة الوطنية

(پ.د.ك) بۆ ناو خاكی باشوری كوردستان ، و ڕاگرتنی شەڕی (حدكا) و(پ . د .ك) لە رۆژهەلاّت ، و هەروەها (ی . ن . ك) و (پ . د .ك) لە باشوری كوردستان، ئامادەكاری كردنی یەكێتی و (حدكا) بۆ كشانەوەی (پ . د .ك) بێ هیچ گرفتێ بۆ ناو باشوری كوردستان، بەلاّم دوای گەیاندنی پەیامی كۆبوونەوەكە بە سەركردایەتی (پ . د .ك) زۆر بە توندی بەرپەرچی ئەم داوایەیان دایەوە [1]، چونكە (پ .د .ك) هاوپەیمانی حكومەتی ئێران بوو لەبری ئەو شەڕی (حدكا)ی دەكرد .

لەهەمان كاتدا (ی . ن . ك) بەیانێكی درێژی بلاّوكردەوە و تێیدا بانگی (پ . د . ك) كرد بۆ دەستهەڵگرتن لە هێرش و پەلاماربۆ سەر لایەنە سیاسییەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان و كشانەوە بۆ باشوری كوردستان، و كردی بە پێش مەرجی ئاشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەكانی باشوری كوردستان [2].

بێ گومان سیاسەتی (ی . ن . ك) لە رۆژهەلاّتی كوردستان بێ كەم و كورتی نەبووە و زۆرجار بوونەتە هۆی نیگەرانی خەڵك و پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان ، كە دەكرێت لە چەند لایەنێكدا بیخەینە روو : زۆرجار (ی . ن . ك) ململانێ و شەڕی خۆی لەگەڵ نەیارەكانی لە باشوری كوردستانەوە دەگواستەوە بۆ ڕۆژهەلاّتی كوردستان ، بەتایبەت شەڕكردنی لەگەڵ ( حسیك) و (پ . د . ك) . بۆیە ئەم كارەیش بووە جێی نیگەرانی لایەنە سیاسیەكانی رۆژهەلاّت. بۆ ئەم مەبەستە (حدكا) لە ١٢ كانونی یەكەم ١٩٧٩ دا بەفەرمی (ی . ن . ك) ئاگاداركردەوە لەم كارە، و بەدەستوەردانی لە رۆژهەلاّتی كوردستانی دانا ، و داوایانكرد كە (ی . ن . ك) شەڕەكانی لەگەڵ (حسیك) دا نەگوازێتەوە بۆ ناوخاكی رۆژهەلاّتی كوردستان [3].

(ی . ن . ك) رۆڵی گەورەی هەبوو لەهاندانی خەڵك و لایەنە سیاسییەكانی رۆژهەلاّتی كوردستان بۆ بلاّوكردنەوەی پڕوپاگەندە و دژایەتی كردنی سەركردایەتی كاتی(پ . د .ك) و چەندین دروشمی جیاجیایان

---

القومية الديمقراطية العراقية / جوقد) كە پێشتر لە (١٩٨٠/١١/١٢) لەلایەن (ی . ن . ك) و(حسیك ، حشع) و چەندین لایەنی تری عەرەبی دا دروستكرابوو و تێیدا رێگە نەدرا بوو كە ( پ . د . ك) بەشداربێت . بەرامبەر بەمە ( پ . د . ك) هەڵسا بەدروستكردنی بەرەی (جود)، ئەم بەرەیە لەلایەن (مەسعود بارزانی و عەلی عەبدولاّ لە (پ .د.ك) ، رەسول مامەند و تاهیری عەلی والی لە (حسیك) ، ئەحمەد بانیخێلانی وفاتح رەسول لە (حشع) وە ئیمزاكرا ، ئامانجی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە دیموكراسی بۆ عێراق و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان، رۆژنامەیەكیان بەناوی ( خەباتی بەرە)وە دەردەكرد. دواتر لایەنەكانی (پارتی گەل ، پاسۆك ، پارتی سۆسیالیستی عێراق، التجمع الديمقراطي العراقي) لە (١٩٨٤/١١/١٣) چونە ریزی بەرەی (جود) ەوە. بڕوانە :( سروە قادر سمایل : ئەزمونی كاری بەرەیی لە كوردستان ١٩٨٠_١٩٩٠ (توێژینەوەیەكی مێژوویی –سیاسیە)، ماستەر نامە (بلاّونەكراوە)، زانكۆی كۆیە، كۆلێژی زانستە كۆمەلاّیەتیەكان/ بەشی مێژوو ، ٢٠١٠، ل ٦٣).

[1] فاتح رسول : چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد روودا و بەڵگەنامە١٩٨٢–١٩٩٠، بەرگی سێیەم ، سوید،١٩٩٤، ل ٢١–٢٥.

[2] بانگەوازی كوردایەتی : س .پ .

[3] نامەی (حدكا) بۆ هەردوو مەكتەبی سیاسی (ی . ن . ك) و (حسیك) بڕوانە: پاشكۆی ژمارە (٤). وەرگیراوە لە: ( فاتح رەسولْ : چەند لاپەڕیەك ، ب١ ، ل ٣٨٨–٣٨٩).

دەخسنە سەرزمانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان [1]. (ی . ن . ك) و (حدکا) جۆرێك لەهاوپەیمانییان پێکهێنابوو دژی بەرەی (جود)، کەهەریەك لەم دوولایەنە بەشێوەی جیاواز کێشەیان لەگەڵ ئەم بەرەیەدا هەبوو ، بۆیە لە قۆناغێکی دیاریکراودا شەڕێکی سەرتاسەرییان دەستپێکرد دژی بەرەی (جود) بەتایبەت (پ . د . ك) . بۆ نمونە: لە ئەیلولی ١٩٨١ دا لە بەرزنجە( لە رۆژهەڵاتی کوردستان) شەڕێکی گەورە لەنێوان (ی . ن . ك) و (حدکا) لەلایەك و بەرەی (جود) لەلایەکی ترەوە رویدا ، دەیان کەس لەهەردوولا کوژران [2]. هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەچەندین شەڕدا (ی . ن . ك) و (حدکا) دژی (پ . د . ك) و سوپای ئێران چونەتە شەڕەوە [3].

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١١.

[2] د.عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل٢٥٠.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم رەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣.

**باسی دووەم / پەیوەندییەکانی ( ئێران _عێراق ) لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی یەکێتی و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٢):**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕاستەوخۆ لە ٢شوباتی ١٩٧٩ دا (ی . ن . ك) لەبەیاننامەیەکدا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی گەلانی ئێران کرد ، بەبۆنەی سەرکەوتنیان بەسەر شاو هاوکات گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران . (ی . ن . ك) ئەوەی خستبووە ڕوو کەشای ئێران کۆڵەکەی ئیمپریالیزم بووە لەناوچەکە ، هەروەها دوژمنی گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکەو بەتایبەت دوژمنی گەورەی گەلی کورد بووە ، ویەکێك بووە لەهاوپەیمانی تورکیا و عێراق بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کوردی ، (ی . ن . ك) لەم بەیاننامەیەدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە ڕوخانی شا و جەختی کردەوە لەسەر پشتیوانیەکانی بۆ سەرخستنی شۆڕش، وداوایانکرد دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران یارمەتیان بدەن بۆ گەیشتن بەمافە ڕەواکانیان[1].

تاڵەبانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ( ی . ن . ك ) و دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران سەردانی تارانی کرد، لە ٢٣ تەموز بۆ ١٦ ئابی ١٩٧٩ خایاند و چاوی کەوت بە کەسایەتییە باڵاکانی شۆڕش ( ئیمام خومەینی، حسێن عەلی مونتەزری ) لە کاربەدەستانی حکومەتیش(مستەفا چەمران، ئەبو حسن بەنی سەدر، سادقی قوتب زادە، داریۆشی فروهەر ، موحسینی ڕەفیق دۆست )، لەم دیدارانەدا داوای لە حکومەت کرد کە پشتیوانی خەباتی گەلی کورد و ( ی . ن . ك ) بکەن بە چەك و پارە و ئازوقە ،و ڕێگەدان بەگەیشتنی یارمەتی چەك و کەرەستەی جەنگی بە (ی . ن . ك) لە (سوریا و لیبیا) وە ، و ڕێگە بدرێت ئەندام ولایەنگرانی (ی . ن . ك) بەناو ئێراندا هاتوچۆ بکەن ، بتوانن پێداویستییەکانی خۆیان لە بازاڕەکانی ئێراندا بکڕن و بریندارەکانی خۆیان لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەر بکەن [2].

جەلال تاڵەبانی هەوڵیشیدا لە ڕێگەی چەند کەسایەتییەکەوە لە (سازمانی شۆڕگێری حیزبی تودەی ئێرانی) گەشە بەپەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ ئێران[3]. جگە لەمە (ی . ن . ك) لەڕێگەی نوێنەرانی وڵاتانی (سوریا ، لیبیا ، فەلەستین) یشەوە لە ئێران هەوڵیدا پەیوەندیی (ی . ن . ك) و ئێران خۆشبکەن ، لە ساڵی ١٩٨١ دا وەفدی باڵای سوریا بە سەرۆکایەتی (عەبدول حەلیم خەددام) سەردانی ئێرانی کردوو یەکێك لەتەوەری گفتوگۆکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران ،بریتی بوو لە چاککردنی پەیوەندی ئێران و (ی . ن . ك) و گەیاندنی چەك بە(ی . ن

---

(1) گۆڤاری "هەواڵنامەی کوردستانی عێراق " : ژمارە (٤) مارتی ١٩٧٩، ل ١٥- ١٧ ؛ تلگرام جلال طالبانی بە امام خمیني، روزنامە"اطلاعات"، ١٣٥٧/١١/٣٠، وەرگیراوە لە :(بهزاد خوشحالی : اتحادیەی میهنی ، حزب دمکرات کردستان).

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٢٢.

(3) گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

. ك) [1]. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە (ی . ن . ك) نەیتوانی هاریکاری ئێران بەدەستبهێنێت و تەنها ڕێگەیاندا بەوەی نوێنەرەکانیان لە ئێران بمێننەوە و بەناو ئێراندا هاتوچۆی دەرەوە بکەن ، و پشتیوانی تاڵەبانییان نەکرد [2]. بەڵام ئێران ڕێگەی دا تەنها بەمانەوەی فوئاد مەعسوم وەك بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی . ن . ك) لە تاران و دواتریش دانانی موحسین عەلی ئەکبەر وەك بەرپرسی پەیوەندییەکانی (ی . ن . ك) لەگەڵ ئێران [3].

نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەچەند لایەنێك دەکات کەڕێگربوون لەبەردەم (ی . ن . ك) بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران ، لەوانە (ی . ن . ك) هاوکاری و یارمەتی پێشکەش بە (کۆمەڵە) و (حدکا) دەکرد ، هەروەها (ی . ن . ك) پارتێکی چەپ بوو و باڵێکی مارکسی لینینی تێدابوو، بۆیە بەکۆمۆنیست ئەژمار دەکرا ، بەتایبەت لەگەڵ سەرکەوتنی باڵی ئاینی و هەڵاتنی (بەنی سەدر) لە ئێران دوژمنایەتی باڵی ئاینی زیاتر بوو بۆ (ی . ن . ك)، ناکۆکی نێوان پارت و ڕێکخراوەسیاسییە کوردییەکان و خراپ باسکردنی یەکتر لای ئێرانییەکان زیانی بۆ هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەتایبەتی (ی . ن . ك) هەبوو[4]. لایەنێکی تر کە ڕێگربوو لە نزیکبوونەوەی (ی . ن . ك) و ئێران ئەوە بوو کە دوای دەستپێکرنی جەنگی (عێراق – ئێران)، ئێران دەیویست (ی . ن . ك) ببێتە چاوساغی سوپای ئێران دژی سوپای عێراق و زانیاری لەسەر چەندێتی و شوێنی سوپای عێراق بدات بە ئێران ، بەڵام (ی . ن . ك) بەم داوایەی ئێران ڕازی نەبوو[5]، ئێران دەیویست پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەیەك بەرەدا کۆبکاتەوە دژی حکومەتی عێراق ، بەڵام ناکۆکی نێوان (ی . ن . ك) و (پ . د . ك) ڕێگربوون لەم هەوڵە ، کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە تاڵەبانییان وتبوو کە هیچ یارمەتییەکیان پێنادرێت تا کێشەی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی دا چارەسەر نەکەن [6]. یارمەتی و هاوکارییەکانی ئێران بۆ (پ. د . ك) هۆکارێکی تر بوو بۆ دوورکەوتنەوەی(ی . ن . ك) و ئێران، (ی . ن . ك) بەردەوام داوای لە ئێران دەکرد کە پشتیوانی و یارمەتیەکانی خۆی بۆ (پ .د . ك) رابگرێت، بەڵام (پ .د . ك) پێشتر دڵسۆزی خۆی بۆ دەسەڵاتدارنی ئێران سەلماندبوو، بۆیە ئێران هەموو داواکانی (ی . ن . ك) ڕەتکردەوە[7].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.خدر مەعسوم ، کۆیە ، ٢٠١٥/٢/١٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٢٠٥.

[2] د.عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل١٣٦.

[3] فاروق محەمەد محەمەدئەمین : س .پ ، ل ١٧٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣.

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٢–٢٣، ٢٠٤.

[5] ڕێباز : قەندیل بەغدای هەژاند ١٩٨٠– ١٩٨٨ ، بەشی دووەم ، هەولێر ،١٩٩٣، ل ٤١.

[6] شەریف هەژاری : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل ٨٩.

[7] جەمال نەبەز : ئێستا و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لە بەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران دا، چ٢، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل ٩٥ ؛ سالار أوسي : م . س ، ص ١١٢.

وەك ئاماژەی پێکرا هەوڵەکانی (ی . ن . ك) بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران شکستی هێنا و تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو، ئێران ڕێگری دەکرد لەگەیشتنی یارمەتی بە (ی . ن . ك)، بەتایبەت (ی . ن . ك) لەلایەن هەردوو وڵاتی (سوریا و لیبیا) وە هاوکاری دەکرا، تەنها ڕێگە ئێران بوو بۆ ئەم پەیوەندییە[1]. دوای ئەوەی لەلایەن وڵاتی( لیبیا) وە بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی بۆ (ی . ن . ك) نێردرا، لەناوەڕاستی ئایاری ١٩٨٠دا بڕێك چەك وتەقەمەنی گەیشتە دەستی (ی . ن . ك) [2]، کەتەنها بەشێکی کەمی ئەم یارمەتیانە بوون کە بۆ (ی . ن . ك) نێردرابوون ، وله ناوەڕاستی ١٩٨١دا چەندین کاروانی چەك وتەقەمەنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە ڕاگیران و نەیانهێشت بگات بە (ی . ن . ك) ، ئەمەش بووە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوولا [3] . بەبێ گومان قبوڵنەکردنی مەرجەکانی ئێران بۆ شەڕکردنی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن (ی . ن . ك)ەوە ، هاوکات یارمەتی و هاوکاری یەکێتی بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان هەردوولایان بوو، ببووە هۆکاری سەرەکی دروست نەبوونی پەیوەندیی (ی . ن . ك)و ئێران.

لەلایەکی دیکەوە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێوازی جۆراوجۆر پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی عێراق دا هەبوو، بۆ نمونە: سەرەتای پەیوەندییەکانی (حدکا) بە ڕێبەرایەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەگەڵ حکومەتی عێراق دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ [4]، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٩ ئەم پەیوەندیە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و حکومەتی عێراق یارمەتی دارایی و سەربازی لە چەك و تەقەمەنی پێشکەش بە (حدکا) دەکات . هەروەها لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە دەفتەری (شێخ عزەدینی حسێنی) پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی عێراق گرێدا، وەك (شێخ عزەدین) ئاماژەی پێدەکات بە ئاگاداری جەلال تاڵەبانی ئەم پەیوەندییەیان دروستکرد[5]، و شێخ جەلالی برایشی سودی لەم پەیوەندیە وەرگرت و لەکاتی دامەزراندنی (ڕێکخراوی خەبات) دا درێژەی بەپەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ حکومەتی عێراق [6]. (کۆمەڵە)ش لەدوای کۆنفرانسی دوو لەساڵی ١٩٨١ بڕیاریدا پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی عێراق گرێبدات و سنوری ئەم پەیوەندییەی دیاری کرد ، بەهەمان شێوە ئیبراهیم عەلیزادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ پەیوەندیی کردن لەگەڵ حکومەتی عێراق پرسیان بە(ی . ن . ك) کردووە و ئەم پەیوەندییەیان پەسەند کردووە ، (کۆمەڵە) دانیشتن و گفتوگۆکانیان لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] گفتوگۆ لە گەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨ ؛ سالار أوسي : م . س ، ص ١١١.

[2] فاتح رسول : چەند لاپەڕەیەك ، ب٢، ل ٦٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ،سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[3] گفتوگۆ لە گەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٠٤.

[4] هەیاس کاردۆ: س پ ، ل ٨٤-٨٥ .

[5] عەلی کەریمی : س . پ ، ل ٣٤٥.

[6] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل ٣٩٢-٣٩٣ ؛ مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی لەدیمانەیەکی تایبەتدا ، گۆڤاری "k٢١" ، ژمارەی جمك (٢-٣) ، ل ١٦٧.

حکومەتی عێراق بۆ (ی . ن . ك)باسکردووە ، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ کات لە (کۆمەڵە) دڵنیا نەبوو، بەردەوام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەگومانەوە دەیڕوانییە (کۆمەڵە) بەهۆی پەیوەندیی بەهێزی(کۆمەڵە) لەگەڵ (ی . ن . ك)[١].

یارمەتی و پشتیوانی هەردوو وڵاتی ( عێراق – ئێران ) بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ مەرام نەبووە و هەر وڵاتەو دەیویست جووڵانەوەی کوردی بۆ مەبەستی خۆی بەکاربهێنێت ، بەکارهێنانی جوڵانەوەی کورد لە پارچەیەکی کوردستان دژی پارچەیەکی دی کوردستان یەکێك بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە[٢]. مەرجی سەرەکی ئێران بۆ یارمەتیدانی (ی . ن . ك) بریتی بوو لە شەڕی هێزە کوردییەکان و ئێرانییەکان چەندین جار راشکاوانە ئەم داوایەیان لە نوێنەرانی (ی . ن . ك) کردووە . ئەم هەڵوێستەی ئێران زێدەتر لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە ئاشکرا دەبێت کە لە (تشرینی یەکەمی ١٩٧٩)دا لە تاران دەبێت بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو چەك و تەقەمەنییانەی کە لەلایەن سوریاوە بۆ (ی . ن . ك) نێردرابوون . هەرلەوێدا سەرتیپ دانیشوەر راشکاوانە بە نەوشیروان مستەفا دەڵێت : (( ئێوە لە ناوچەکانی سنوردان. حدکا و دوژمنەکانی ئێمە لەوسنورەوە چەکیان لە عێراقەوە بۆ دێ . تا ئێوە سنورەکان لە ڕووی دوژمنەکانی ئێمەدا دانەخەن ئێمە یارمەتیتان نادەین . ئەگەر بەڵێن بدەن کە سنوورەکان دابخەن و ، وەکو گروپی بارزانی ئێوەش شەڕیان بکەن، من لەو چەکانە زۆر زیاترتان ئەدەمێ کە ئێوە بەتەمان لە سوریاوە بیهێنن [٣])). لە راستیدا وەك دەردەکەوێت ئەمە سیاسەتێکی نەگۆڕی ڕژێمی ئێران بوو بەرامبەر بە (ی . ن . ك)، چونکە لەساڵی ١٩٨١ یشدا کە جارێکی دیکە وەفدێکی (ی . ن . ك) بۆ هەمان مەبەست دەچنە "ورمێ"، ئەوا لەکۆبونەوەی نێوانیاندا ، ئێرانییەکان پێیان دەڵێن : کە هێزەکانیان هاوشانی سوپای پاسداران بەشداری شەڕەکان بن بەرامبەر ( دوژمنانی شۆڕش ) مەبەستی هێزەکانی (حدکا ) و (کۆمەڵە) بوو ، ئەوکات ئێران هەموو هاوکارییەکی (ی .ن . ك) دەکات ، بەرپرسانی ئێرانی راشکاوانە بە (ی . ن . ك) یان وتبوو ئەگەر یارمەتیان نەدەن ئەوا چاوەڕێی هیچ جۆرە یارمەتی و چەکێك نەبن[٤]. بەڵام ئەم داواکارییەی ئێران لەلایەن (ی . ن . ك)ە وە ڕەتکرایەوە، و لەکۆتایی ١٩٨١ دا پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەتەواوی تێکدەچێ و ئێران چەند ئەندامێکی (ی . ن . ك) دەستگیر دەکات و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زینداندا دەمێننەوە لەوانە

---

[١] بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلی زادە ، ل ١٨٠، ١٩٨ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[٢] هادی علی : الشعب الكردي والسياسات الدولية في القرن العشرين ، مطبعة سيما، السليمانية ، ٢٠٠٨، ص ١٤٠.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٣٠.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٠٤.

(موحسـین عـەلی ئەكبـەر نوێنـەری (ی . ن . ك) لـە تـاران وعەبـدولرەزاق فـەیلی[1] و عـەلی حـەوێز و شـەهاب عوسمان)[2].

حكومـەتی عێـراق بـەردەوام فشـاری دەخسـتە سـەر پـارت و ڕێكخـراوە سیاسـییەكانی ڕۆژهـەڵات تـا تـەنگ بـەپارت و ڕێكخـراوە سیاسـییەكانی باشـووری كوردسـتان بەتایبـەت (ی . ن . ك) هەڵچـنن ، بـەڵام (حـدكا) ئـەم داوایـەی حكومـەتی عێراقـی ڕەتكـردەوە هـەر سـەبارەت بـەم هەڵوێسـتەی (حـدكا) ، كـریس كۆچـیرا ئامـاژە بـۆ ئەوەدەكات كە قاسملوو بۆ وەرگرتنی یارمەتی لـە عێـراق دوو مـەرجی هـەبووە ، یەكـەم ( حدكا) ئامادە نییـە لـە بەرامبەر یارمەتییەكانی عیراقدا هیچ كردەوەیـەك دژی كـوردی عێـراق (مەبەسـت لایـەنگرانی تاڵـەبانی و بارزانی) ئەنجام بدات ، دووەم هەركاتێك بیانەوێت ئەو یارمەتییانە لەگەڵ عێراقدا ڕادەگـرن یـان دەیبـچڕێنن [3]. هـەروەها عەبدوڵای حەسەن زادە لەسەر كاریگەریی حكومەتی عێراق لەسەریان دەڵێت :((حیزبی دیموكرات بەهیچ جۆرێك نەكەوتە ژێرمەرجی حكومەتی عێراقەوە بۆ دروستكردنی هەرجۆرە مەترسییەك بۆ سـەر (ی . ن . ك) ، لەكاتێكدا بەردەوام فشاریان دەخستەسەرمان بۆ جێبەجێ كردنی ئەم كارە[4])). جگـە لەمـە جـەلال تاڵـەبانی ئاماژە بـۆ ئـەوە دەكات كە عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە ساڵەكانی دەیەی هەشتادا بۆ هەموو كارێك ڕاو تەكبیری لەگەڵمان كردووە و هـیچ كاتێـك ئامـادە نـەبووە هێـرش بكاتـە سـەر بزوتنـەوەی كـورد، و تـوانی هاوسـەنگی لەپەیوەندییەكانیـدا ڕابگرێت [5].

لەڕاستیدا پەیوەندیی نێوان پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی باشور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەگەڵ هەردوو وڵاتی (عێراق – ئێران) كارێكی ناچارانە بووە و هەڵكەوتـەی كوردسـتان ئـەو دۆخـەی بەسـەردا دەسـەپاند، بـەڵام

[1] عەبدولرەزاق عـەزیز (فـەیلی): سـاڵی ١٩٤٥ لـە شاری بەغداد لـەدایك بووە ، خوێنـدنی سـەرەتایی لەخوێندنگایـەكی فەیلیـەكان و دواناوەندی لە خوێندنگای قەشە یەسوعیەكان لە بەغداد تـەواو كردووە ، دواتـر لـە زانكـۆی (حیكمە) لـە بەغداد ئـەدەبی ئینگلیـزی خوێندووە ، لەساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی ڕێكخستنی (پ . د .ك) ، سـاڵی ١٩٦٧ خوێنـدنی زانكـۆی تـەواو كـرد و هـەمان سـاڵ لـە ڕۆژنامەی (نور) سەر بەباڵی مەكتەبی سیاسی پارتی وەك ژمێریار دامـەزرا . سـاڵی ١٩٧٢ دەبێتـە سـكرتێری گشـتی یـەكێتی لاوانی كوردسـتان .سـاڵی ١٩٧٥ دەچـێتە سـوریا و پەیوەنـدی بـە تاڵەبانییـەوە كـرد وەك ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەر بەشـداربوو لـە دامەزراندنی (ی . ن . ك) ، بـوو بەرپرسـی كـەمپی (قامیشـلوو) بـۆ مەشـق پێكردنـی دەسـتەی چـەكداری پـارتیزان . سـاڵی ١٩٧٩ گەڕایـەوە بـۆ كوردسـتان و چـووە "نـاوزەنگ" هـەمان سـاڵ چـووە تـاران بـۆ كـاركردن لـە ئۆفیسـی (ی . ن . ك) . دوای تێكچـونی پەیوەندیی ئێران و (ی . ن . ك) لەلایەن ئێرانەوە دەستگیركرا و بۆ ماوەی (٩) مانگ لـە زینداندا بـوو ، دوای ئازادبوونی لـە سـاڵی ١٩٨٢ دەچێتە سوریا و پاشان دەچێتە سوید . ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە كوردستان و بوو بە كارگێڕی مەڵبەندی یـەكی سلێمانی (ی . ن . ك) ، ساڵی ٢٠١٠ بوو بە لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەكانی دەرەوەی (ی . ن . ك).(ئینسكلۆپیدیای یەكێتی ، ل٤٩٥) .

[2] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین عەلی ئەكبـەر ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ عەبدولرەزاق فەیلی گەشتێكی چارەنوسساز لـە نەغدەوە بۆ دیمەشق ، گۆڤاری "كەلتور"، ژمارە( ٨) ، ساڵی سێهەم ،كانونی یەكەم ٢٠١٢، ل ١٥٧.

[3] كریس كۆچیرا : س . پ ، ل ٣٠٧ .

[4] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

[5] كارۆل پڕوونهووبێر: خولیا و مەرگی قاسملووی كورد ، و : فەتاح كاویان ، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل ٢١٧.

ئەمە بۆ زۆربەی هێزە سیاسییەکان بەردەوام جێگەی خۆشحاڵی نەبووە لە هیچ یەك لەو دوو پارچەیە و لە کۆبوونەوەکانیشدا باسیان لێوە کراوە . بۆ نمونە : لە کۆبونەوەیەکی نێوان (ی . ن . ك) و (حدکا) دا تاڵەبانی رەخنە لە (حدکا) دەگرێت سەبارەت بەو پێوەندیە بەهێزەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق دا هەیانە و نیشاندانی مەترسیەکانی ئەو پەیوەندیە ی بۆ رون کردنەوە ، بەرامبەر بەمە عەبدولڕەحمانی قاسملوو پێی وابوو کە حکومەتی ئێرانیش هیچ یارمەتیەك پێشکەش بە (ی . ن . ك) ناکات ئەگەر دژی کوردی ئێران نەجەنگن [1]. هەر لە کۆبوونەوەیەکی تری نێوان هەردوولادا تاڵەبانی دیسان عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەمەترسییەکانی ئەو پەیوەندییە ئاگادار دەکاتەوە ، دواتر قاسملوو بەڵێن دەدات کە تەنها بۆ یەك جار داوای یارمەتی لە حکومەتی عێراق دەکات [2] .ئەم پەیوەندییە هەندێك جار لە نێوان پێشمەرگەی هەردوو لادا تورەیی و ئاڵۆزیشی لێکەوتوتەوە[3] .بەڵام پەیوەندی و هاوکاری نێوان (حدکا) و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو و لە ناوخۆیی (حدکا)دا گرفت و جیابوونەوەی دروستکرد .

بۆ رەواندنەوەی هەموو ئەم نیگەرانیانە لەساڵی ١٩٨٠ دا جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆدەبێتەوە ، نوێنەرانی (حدکا– قاسملوو)، (کۆمەڵە– ئیبراهیم عەلیزادە و جەعفەر شەفیعی)، (مەکتەبی شێخ عیزەدینی حوسەینی و فاتح شێخ الاسلام). لەم کۆبونەوەیەدا لەسەر واژۆکردنی هاوپەیمانیەتێکی کوردستانی رێك دەکەون ، بەو پێیەی جوڵانەوەی کوردی لەهەربەشێکدا لەهەموولایەکەوە گەمارۆدراوە ، بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ، ناچارە پەیوەندیی لەگەڵ یەکێك لەو وڵاتانەی کە پارچەیەکی کوردستانیان لەژێردەستدایە پەیوەندیی ببەستێت و سود لە ناکۆکی نێوان ئەم دەوڵەتانە وەربگرێت ، بەڵام چەند مەرجێك بۆ ئەم پەیوەندیانە دانرا کە پێویستە هیچ لایەك بێ ئاگاداری لایەنەکانی تر پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی بەرانبەر (عێراق و ئێران) نەبەستن، ئەم پەیوەندییانەش بە شێوەیەك بێت نەبێتە هۆی وابەستەیی و پاشکۆی ئەو دەوڵەتەی کە پەیوەندی لەگەڵ دەگرن، تاسەربەخۆیی سیاسی و حیزبی خۆیان لە دەست نەدەن، و مەسەلەی نەتەوەیی کورد بە گشتی لەبەر چاو بگیرێت و لە پێناو بەرژەوەندیی کاتی نەکرێتە قوربانی و زیان بە خەباتی رزگاریخوازی کورد نەگەیەنێت لە بەشەکانی تری

هەواڵنامەی کتێب

[1] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١ ، ل ١٥٧– ١٦٣.

[2] لەگفتوگۆی نێوان دکتۆر قاسملوو و جەلال تاڵەبانی و ئەبوو جەمیل ( نوێنەری حشع) دا وەك غەنی بلوریان ئاماژەی پێکردووە لەکاتی پەلاماری سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان ، قاسملوو ئەوە دەخاتە روو کە ئەگەر هێزەکانی (ی . ن . ك) و (حشع) نەتوانن یارمەتی (حدکا) بدەن ئەوا ناچارە یارمەتی لەحکومەتی عێراق وەربگرێت ، جەلال تاڵەبانی لەوەڵامدا بە قاسملوو دەڵێت: ((ئەمان سەد ئەمان خۆتان مەخەنە باوەشی حکومەتی عێراق و حکومەتێکی ترەوە . ئێمە لەو بارەدا خاوەنی گەلێك ئەزمونی تاڵین)) ، دواتر هەرسێ لایەن لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە لیستێك لە پێداویستیەکانی (حدکا) ئامادە بکەن تا پێشکەشی حکومەتی عێراقی بکەن ، ئەم یارمەتیانەیش تەنها بۆ یەك جاربێت .(غەنی بلوریان ، س . پ ، ل ٣١٨،٣٢٣).

[3] لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی : نیو سەدە بۆ نیشتیمان بیرەوەری ، سلێمانی ، ٢٠١٢ ، ل ٤٣٥.

کوردستان [1]. لەم چوارچێوەیەشدا ، وەك چۆن پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پابەند بوون بەو ڕێککەوتنە و هیچ کات پەیوەندییان لەگەڵ عێراق و ئەو هاوکارییانەی کە لێیان وەردەگرت، لە دژی هێز و پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بە گشتی و(ی . ن . ك) بەتایبەتی بەکاریان نەهێنا و مەرجی عێراقیشیان بۆ ئەم مەبەستە ڕەتکردۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا (ی . ن . ك) یش پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بووە و بە درێژایی ساڵانی (١٩٧٩_١٩٨٩) و هیچ کات نەبووە بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کار بکات [2].

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە ئەم ڕێکەوتنەش نەبووە هۆی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان، سەبارەت بە پەیوەندی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی باشور و ڕۆژهەڵات لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و ئێراندا، بۆ نمونە : تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە ساڵی ١٩٨١ دا ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی بەرامبەر بە پەیوەندی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و حکومەتی عێراق بەم جۆرە خستوەتە ڕوو :

١- ئێمە حکومەتی بەغداد وەك دوژمنی سەرەکی کورد و کوردستان سەیر دەکەین .

٢- ڕاست و ڕەوان دەزانین کە پێویستە شۆڕشی کوردستان پشتی بە خەڵك و خودای گەورە ببەستێت.

٣- ئەگەر بۆ لایەنێك حەڵاڵ بێت چەك و پارە لە عێراق وەربگرێت ئەوە بۆ هەموو لایەك حەڵاڵە . ئەگەر (حدکا) پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا حەڵاڵ کردووە ئێمەش ناچار نین ڕێگە لە ئێوە و شێخ جەلال بگرین بۆ ئەم پەیوەندییە . هەرچەندە ئەمە زۆر کەوت لەسەرمان لەلایەن تاران و ئێرانەوە . پێمان وایە کە بانێك و دوو هەوا نەبێت یا هەمووان پەیوەندی بە عێراقەوە قەتع بکەن یان بۆ هەمووتان حەڵاڵ بێت . هەرچەند کە ئێمە پێمان باشە هەر پەیوەندیتان ببچڕن [3].

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتانی ( عێراق و ئێران ) کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لەسەر بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەباشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەتایبەت لەساڵی ١٩٧٩ دا چەند ڕووداوێکی گرنگ ڕوویاندا کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر ئایندەی ئەم دوو بەشەی کوردستان و ناوچەکە[4]. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ڕووداوەکان لەعێراقیش زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین ، لە ١٧ تەموزی ١٩٧٩ دا (سەدام حوسین) دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و (ئەحمەد حسن بەکر)ی لەسەر دەسەڵات لادا، سەدام

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩ ؛ د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٣٦٣ ؛ بەهمەن سەعیدی : سیٚ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلی زادە ، ل ١٩٨-١٩٩ ؛ هەیاس کاردۆ: س پ: ل٣٨٦ ؛ جەلیل گادانی : س . پ ، ب١ ، ل ٢٤٥.

[2] د . هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل٣٦٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

[3] امپریالیزم گروههای وابسته، دفتر سیاسی سپاه پاسداران ، ١٣٥٩ ش ، ص ١٢٩.

[4] بڕوانە: ( فاروق محەمەد محەمەدئەمین : س .پ ، ١٤٧-١٥٧).

لەماوەیەکی کەمدا توانی دەستبگرێت بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەلأتدا [١]. ئەگەرچی لەسەرەتادا حکومەتی عێراق پەیوەندییەکی ئەرێنی هەبوو لەگەڵ حکومەتی بازرگان ، بەڵام تادەهات پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەرەو ئاڵۆزی دەچوو[٢]، لەئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی (پێڕەوی مەزهەبی شیعی) بەڕێبەرایەتی خومەینی دامەزرا و باڵی توندڕەوی ئاینی دەستیان بەسەر بارودۆخەکەدا گرت. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات ، سەرەنجام کۆمەڵێك هۆکاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی مێژووی هەردوو وڵاتی پەلکێشی شەڕێکی درێژخایەن کرد ، شایانی باسکردنە بوونی هۆکاری کورد وەك کێشەیەکی هەرێمی نێوان هەردوو وڵات ، یەکێك بوو لەسەرەکی ترین هۆکارەکانی هەلأیسانی ئەم جەنگە [٣] . سەدام دەیویست ئەو شڵەژاوییەی کە لەئەنجامی شۆڕشی ١٩٧٩ وە ناوخۆی ئێرانی گرتوەتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ و ئەو ناوچانەی کە لە رێکەوتنی ساڵی ١٩٧٥دا لەدەستی دابوو بیگەڕێنێتەوە [٤]. سەرەنجام جەنگی (عێراق _ئێران) کە درێژترین جەنگ بوو لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە (٢٢ ئەیلول ١٩٨٠_٨ ئاب ١٩٨٨) بەردەوام بوو[٥]. جەنگی نێوان هەردوو وڵات کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی کردە سەر جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەباشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەوپێیەی گەلی کورد بەشێك لەدانیشتوانی ئەم دوو دەوڵەتە پێکدێنن ، سەرەڕای ئەوەی لێکدابڕینی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێك لە سنوری نێوان

---

(١) كمال مجيد :النفط والاكراد دراسة العلاقات العراقية_الايرانية_الكويتية ، ط١ ، لندن ، ١٤١٨_١٩٩٧، ص ٦٨ ؛ تشارلز تريب : چەند لاپەڕیەك لە مێژووی عێراق لێکۆڵینەوەییەکی بەڵگەنامەییە لە مێژووی عێراقی نویێ لەوەتەی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستەکانی ٢٠٠٢، و : مەحەمەد حوسێن و عەبدواقادر کەلهوڕ ، پێداچونەوەی محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور ، چ١، هەولێر،٢٠١٠ ، ل ٢٩٣-٣٠٠.

(٢) تشارلز تریب: س . پ ، ل ٣٠٢ ؛ حکومەتی عێراق لە یەکەمینی ئەووڵاتانە بوو کە هەر لەسەرەتاوە پیرۆزبایی و لایەنگری خۆی بۆسەرکەوتنی شۆڕ و لەناوبردنی دەسەلأتی شا راگەیاند ، بەتایبەت دوای ئەوەی کە دەسەلأتدارانی نوێی ئێران خۆیان بە پشتیوانی کێشەی فەلەستین دانا و ئێران لە ئەیلولی ١٩٧٩ دا لە کۆنگرەیەکدا لە شاری (هاڤانا ) چوە ڕیزی ولأتانی بێلایەنەوە و لە هاوپەیمانی ( سەنتۆ ) کشایەوە، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بۆ باش بوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو ولأت ، بەلأم پەیوەندیی نێوان هەردوو لا بەم شێوە ئەرێنیە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو و سەرەنجام شەڕێکی خوێناوی ماوە درێژ لە نێوان هەردولادا هەڵگیرسا ، بڕوانە :( عبد الرحمان عبدالكريم عبد الستار العبيدى : العلاقات العراقية _ الايرانية في الظل الحتلال الامريكى للعراق ٢٠٠٣_٢٠١١، رسالة ماجستير في العلوم السياسة، قسم العلوم السياسة ، كلية الأداب والعلوم جامعة الشرق الاوسط ( غير منشورة)، رمضان ،٢٠١١، ص ٣٩) .

(٣) ئۆفرا بینگیۆ : کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا ، و: سۆران مستەفا کوردی ، چ١، دەزگەی چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣، ل ٢٦٤ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( د . دلير اسماعيل حقي : العامل الكردى في الحرب العراقية _ الايرانية، مجلة العلوم الانسانية لجامعة صلاح الدين ، المجلد ١ ، العدد ٢، اربيل ، ١٩٩٨).

(4) David Romano: The Kurdish Nationalist Movement, Opportunity Mobilization, and Identity Inter _University Consortium for Arab and Middle East Studies , Montreal , Canada ,2006,p198.

(٥) بۆ پێزانین سەبارەت بەهۆیەکانی دەستپێکردنی ئەم جەنگە و گرنگترین روداوەکانی بڕوانە: ( د. عەلی تەتەر نێروەیی: بزافی ڕزگاریخوازی ، ل١٥١-١٦٩ ؛ المشير عبد الحليم ابو غزالة :الحرب العراقية والايرانية ،ب . م ، ١٩٩٣-١٩٩٤) .

هەردوولا پێکدێنن ، هەموو ئەمانە وایکرد ئاگری ئەم جەنگە پریشکی بەر ئەم دووپارچەیەی کوردستان بکەوێت و کاریگەری لەسەر هەبێت [١].

لەم جەنگەدا هەردوو ولآت زۆرترین توانای خۆیان لە سوپا و و توانای سەربازییان بۆ ئەم جەنگە تەرخانکرد، لەلایەکی دیکەوە بووە هۆی گەشەکردن و پێشەوەچونی شۆڕشی باشوری کوردستان [٢]. هەردوو ولاٌتی (عێراق –ئێران) یارمەتی هێزی بەرهەڵستکاری کوردیان دەدا لە ولاٌتی بەرامبەردا ، هەریەکە و هەندێك بنەمای تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنا بۆ ئەوەی دانیشتوانی کورد بخەنە مەیدانی جەنگەکەوە [٣] ، ئێران پشتیوانی لە (پ . د. ك) کرد و بەرامبەر بەمە حکومەتی عێراقیش لەلایەك هەوڵی هێورکردنەوەی کوردی دەدا لە باشوری کوردستان و لەلایەکی تریشەوە هانی هێزە کوردییەکانی رۆژهەلاٌتی کوردستانی دەدا بەتایبەت (حدکا) دژی ئێران [٤] ، هەریەك لەم دوو دەوڵەتە هەوڵیاندەدا کە سود لەخەباتی گەلی کورد وەربگرن و لەجەنگی نێوانیاندا و لەرووی سوپایی و سیاسییەوە بەکاریان بێنن بەرامبەر بەیەکتر ، و بەویستی خۆیان دەستیان دەخستە ناو هێزە سیاسی و عەشایەری و ئاینیە کوردییەکان ، هێزە سیاسییە کوردییەکانیش لە هەوڵدابوون بۆ سوود وەرگرتن لەناکۆکی نێوان (عێراق وئێران) و لەم رووەشەوە چەندین بۆچوونی جیاواز لە نێوانیاندا هەبوو [٥].

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران، مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) دوای لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە ، پێی وابوو کە دەرفەتێکی مێژووییە بۆ یەکگرتنەوەی بزووتنەوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان و داواکردنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ ، عومەر شێخ موس وەك نوێنەری(ی . ن . ك) سەردانی پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەلاٌتی کرد ، بۆ زانینی هەڵوێستیان بەرانبەر بەو پرسە، (کۆمەڵە) و (شێخ عیزەدین ) بەکارێکی باشیان زانی، بەلاٌم پێیان وابوو پێویستە هەڵوێستی (حدکا) وەربگیرێت لەسەر ئەم بابەتە ، چونکە بەبێ ئەوان ئەو کارە ناکرێت، بەڵام هەڵوێستی (حدکا) ئەوە بوو کە لەو کاتەدا ناتوانن هەنگاوی لەو شێوەیە بنێن . عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕایگەیاند بوو کە بەرەو هەڵگیرساندنەوەی شەڕ دەڕۆن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا و لە ئێستەدا هیچ دەوڵەتێك نییە جگە لە عێراق کە هاوکاری (حدکا) بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولڕەحمانی قاسملوو پێی وابوو ئەگەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و سۆڤیەت پشتگیری هەنگاوێکی لەو شێوەیە بکەن، ئەوا دەتوانین بیر لە شتێکی وا بکەینەوە. ئەگەرچی قاسملوو ئەم پێشنیارەی (ی . ن . ك) ڕەتکردەوە،

---

[١] بروانە: (د. جەمال فەتحوڵلا تەیب : س . پ ، ل ٢١٩–٢٣٨) .

[٢] ڕێباز : س . پ ، ب٢، ل ٣٠.

[٣] فەریدە کوهی کەمالی : س . پ ، ل ٤٣٥ ؛ نادر ئینتیسار : س . پ ، ل ٢٧٣.

[٤] ئۆفرا بینگیۆ : س . پ ، ل ٢٥٨ ؛ David Romano; Op. Cit. p198.

[٥] ڕێباز : س . پ ، ب٢، ل ٢٣١ ؛ (مساوەمە) لەگەڵ داگیرکەران یا لەگەڵ هێزە ناکۆك و جیاوازەکانی کوردستان؟ ، گۆڤاری "کۆمەڵە" ، ژمارە (٢)، شوباتی ١٩٨٢، ل ٥٧.

هەواڵنامەی کتێب

بەلاْم لەڕاستیدا کارێکی لۆژیکی بوو [١]. بەمەش هەوڵی (ی . ن . ك) بۆ دروستکردنی یەك هەڵوێستی و (ی . ن . ك) نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان شکستی هێنا[٢]. شایانی باسە هەماهەنگی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان لەئاستی پێویستدا نەبوو ، هەر هێزە و لە پارچەیەکی کوردستان دژی داگیرکەری کوردستان خەباتی خۆی درێژە پێداوە ، کە دەکرا سود لەململانێ و ناکۆکەی نێوان (عێراق – ئێران) وەربگیرێت[٣]. لەلایەکی ترەوە یەکێتی نەیتوانی بوو یەکێتی ریزەکانی ناوخۆی و یەکێتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بپارێزێت ، نەك هەوڵدان بۆ یەکخستنی پارتە سیاسیەکانی دوو بەشی باشور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٩٢-١٩٣.

(٢) گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

(٣) ( مساوەمە) لەگەڵ داگیرکەران ...، گۆڤاری" کۆمەڵە" ، ژمارە (٢) ، ل ٥٥.

## باسی سێیەم/ پەیوەندیی (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت ١٩٧٩-١٩٨٢

دوای ئەوەی لە ١١ شوباتی ١٩٧٩ دا شۆڕی گەلانی ئێران کۆتایی بە دەسەلاّتداریّتی شای ئێران هێنا، ڕۆژهەلاّتی کوردستان گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆوە بینی (حدکا) و (کۆمەڵە) ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە ، لە رووی سیاسی و پێشمەرگایەتییەوە ڕێکیان خستن ، ناوچەیەکی فراوان ئازاد بوو کەوتە دەست هێزە کوردییەکان ، بەتایبەت (حدکا) [1]. هاوکات (ی . ن . ك)یش زنجیرەیەك کۆبوونەوەی ناوخۆیی گرێدا و بارودۆخی ناوخۆی گۆڕانی بەسەردا هات ، پەرەی بە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دا. لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ لە ناوزەنگ، هەوڵدرا بۆ دیاریکردنی ستراتیژ و مامەڵەکردنی (ی . ن . ك) لەگەڵ بارودۆخی ئێران و هەڵوێست و پەیوەندیی (ی . ن . ك)بەرامبەر کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات[2]، هەوڵیدا جۆرێك لەهاوسەنگی ڕابگرێت لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت و دەسەلاّتداریّتی نوێی ئێران ، لەهەمان کاتدا هەوڵبدات هێزە کوردییەکان و دەسەلاّتدارانی نوێی ئێران بگەنە جۆرێك لە ڕێکەوتن کە دۆخی ناوخۆیی ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە ئارامیدا بێت و دووربێت لە شەڕ ، چونکە (ی . ن . ك)دروستبوونی هەرجۆرە پشێوییەك لەڕۆژهەلاّتی کوردستان لەبەرژەوەندی خۆی نەدەزانی[3].

(ی . ن . ك) فشارێکی ناوخۆیی و دەرەکی ئێجگار گەورەی لەسەر بوو لە ناوخۆدا سۆسیالیستی لێ جیاببوویەوە، سەرکردایەتی کاتی پارتی توانی خۆی لە دەسەلاّتدارانی نوێی ئێران نزیکبکاتەوە بەمەش وایدەکرد کە دەستی والاّبێت لە خۆ بەهێز کردن و ڕێکخستنەوەی لایەنگرانی کە ڕاستەوخۆ دەبوو بە مەترسی بۆ سەر (ی . ن . ك)، هەروەها یەکێتی نەیتوانیبوو پەیوەندییەکی تەندروست لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دروستبکات ، بەهۆی هەڵوێستەکانی بەرامبەر ڕوداوەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، بۆیە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان گرنگییەکی گەورەیان هەبوو بۆ (ی . ن . ك)، دەکرا لە ڕێگەیەوە فشارەکانی سەرخۆی تارادەیەکی باش کەم بکاتەوە. دوای ئەوەی پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاّت دەسەلاّت و هێزیان پەیداکرد و سنورەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی (حدکا) و (کۆمەڵە)، ئەمەش قولاّییەکی ستراتیژی و توانا و هێزی بەخشی بە شۆڕش لەباشووری کوردستان [4]. بۆیە یەکگرتوویی و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان بوو

---

(1) د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، ل ٥٦.

(2) برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٢٤٣-٢٤٤ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س . پ ، ب١، ل ٢٤٩.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم ڕەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣.

(4) ڕێباز : س . پ ، ب٢، ل ٣١.

بەپێداویستییەکی سەردەم ، بۆیە (ی .ن . ك) لای خۆیەوە هەوڵیدا پەیوەندییەکی پتە و لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بنیات بنێت .

## یەکەم / پەیوەندی یەکێتی و ( حدکا ):

پەیوەندیی نێوان (ی .ن . ك) و (حدکا) لە بنەڕەتدا بە ڕواڵەت باش بوو ، بەڵام جۆرێك لە بێمتمانەیی و گومان هەبوو لەنێوان هەردوولادا [(١)]، دوای گەڕانەوەی (حدکا) بۆ ڕۆژهەڵات و پتەوکردنی ریزەکانی خۆی، (حدکا) ڕێگری دەکرد لەهاتوچۆکردنی(ی .ن . ك) وبەردەوام ئاستەنگی دەخستە بەردەم پێشمەرگە و کادرەکانیان بۆ پەیوەندیی کردن بە خەڵك وپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە[(٢)] . عەبدوڵای حەسەن زادە راشکاوانە ئاماژە بۆ بوونی ناکۆکی نێوان (حدکا) و (ی .ن . ك) دەکات کە بۆ ماوەی نزیکی سێ ساڵ ئەم ناکۆکییە بەردەوام بوو [(٣)]، واتە دوای ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٢.

چەند هۆکارێك هەبوون بۆ دروستبوونی ئەم گرژییە لەپەیوەندیەکانی هەردوولادا لەوانە : (حدکا) (ی . ن . ك)ی تۆمەتباردەکرد بەدەستوەردان لەناوخۆی (حدکا) و هەوڵدان بۆ خۆ سەپاندن بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا [(٤)]، (ی .ن . ك) و جەلال تاڵەبانی و بەتایبەتی پێش گەڕانەوەی ئەندامانی (حدکا) بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامەی بۆ چەندئەندامێکی دیاری (حدکا) ناردبوو، داوای لێکردبوون کەڕیزەکانی (حدکا) جێبهێڵێن و لەگەڵ لایەنێکی سیاسی تری نزیك لە (ی .ن . ك) کاربکەن [(٥)].

لەلایەکی دیکەوە پێوەندییەکانی (ی . ن . ك) لەگەڵ (کۆمەڵە) و (چریکی فیدائیان – لقی کوردستان) و لەهەمانکاتدا یارمەتی و کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان بەچەکدارانی ئەو دوو هێزە لەلایەن (ی . ن . ك)ەوە بوونە هۆکارێك کە نائومێدی و نیگەرانی لای (حدکا) درووست بکات بەرامبەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ی . ن . ك) دا [(٦)]، ئەمەش بە جۆرێك لای (حدکا) لێکدەدرایەوە کە یەکێتی دەیەوێت (کۆمەڵە) بکات بە ئەڵتەرناتڤی (حدکا) [(٧)]. وێڕای ئەمانە (ی . ن . ك) پشتیوانی لە سمکۆی عەلیار دەکرد [(١)]، و تانانەت شەخسی تاڵەبانی و

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٥٧.

(٢) برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٣١٢ .

(٣) هەیاس کاردۆ : س. پ ، ل ٢٨٦.

(٤) هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو ... ، ل ١٥٤ ؛ ئەحمەد بانیخێڵانی : س . پ ، ل ٣٣٤.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەلیل گادانی ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

(٦) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا،ل١٦٨– ١٦٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن،ل ١٥٨ ؛ برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٣٦٣ ؛ فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ،ب١، ل٣١٣.

(٧) جەلیل گادانی : ڕاستی ڕووداوەکان خوێندنەوەیەك بۆ ١٤ کتێب لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر : ٢٠١٥، ل ١٢٦.

شێخ عزەدینی حوسێنیش پشتیوانیان لێدەکرد، بەڵام دواتر سمکۆ گەڕایەوە ناو (حدکا) و خۆی دانی بە یارمەتی (ی .ن . ك) دا نابوو کە جەلال تاڵەبانی هاوکاریکردووە [٢]. هەروەها (حدکا) نیگەران بوو لەپەیوەندیەکانی نێوان (ی .ن . ك) و لایەنە سیاسییەکانی تری باشوری کوردستان وەك (بزوتنەوەی سۆسیالیستی و پ .د .ك) ، (حدکا) خوازیار بوو (ی .ن . ك) چارەسەری کێشەی خۆی بکات لەگەڵ (بزوتنەوەی سۆسیالیستی ) و هاوکات شەڕی خۆیان نەگوازنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان ، (حدکا) بەفەرمی (ی .ن . ك) و بزوتنەوەیان ئاگادارکردەوە بۆ ئەم کارە [٣].

بەرامبەر بەم هەڵوێستە دوژمنکارانەیەی (ی . ن . ك) ئەو دەمە (حدکا)ش بەردەوام پێشمەرگە و لایەنگرانی خۆی هاندەدا دژی یەکێتی ، کە یەکێتی لەگەڵ ئێران کاردەکات بۆ لێدانی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان [٤] ، بۆ نمونەی ئەم ڕێگرییە لە سەروبەندی ڕووداوەکانی رۆژهەڵاتدا و لە بەهاری ١٩٨٠ دا زۆربەی پێشمەرگەکانی هەرێمی یەك لەشاری مەریوان بوون ، لەم کاتەدا خەڵکی مەریوان پەلاماری ئینزیباتیەی ناوشاری مەریوانیاندا، هەندێ لە پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) بەشداربوو لە گرتنی ئەم دەزگەیەدا، بۆ گرتنی سەربازگەیەك لە دەرەوەی مەریوان (ی . ن . ك) داوای لە (حدکا) کرد کە بە هەماهەنگی دەستبگرن بە سەر ئەم سەربازگەیەدا، بەڵام (حدکا) ڕەتی کردەوە ، چونکە نێوانیان لە گەڵ (کۆمەڵە) ناخۆش بوو نەیاندەویست بەشدار بن [٥] . تەنانەت لە زۆر شوێن و ناوچە هەوڵیان دەدا ڕێگری لەپێشمەرگەی (ی . ن . ك) بکەن تەنانەت چەکیشیان دەکردن[٦] ، بۆ نمونە: چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی هەورامان و شارەزووری سەر بە(ی . ن . ك) یان چەککرد، کاتێك ئەم پێشمەرگانە دەیانویست بەخاکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگەنە سەرکردایەتی (ی . ن . ك)[٧]. لەلایەکی دیکەوە (حدکا)چەند کەسێك لە بەگزادەکانی جوانڕۆ دەگرن کە دۆستی (ی .ن . ك) بوون و پێشتر لە ساڵانی شەستەوە پەیوەندییان لە گەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دا هەبوو، هەرچەندە(ی . ن . ك) زۆر هەوڵی ئازادکردنی دان بەڵام بێسود بوو دواتر گولە باران کران، ئەمە هۆیەك بوو بۆ زیاتر لاوازبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا لەم ناوچەیەدا [٨].

---

(١) سمکۆی عەلیار : یەکێك بوو لە فەرماندەکانی (حدکا) بەڵام ماوەیەك (حدکا) لە ریزەکانی خۆی دەریکرد ، بۆیە سمکۆ کە ژمارەیەك پێشمەرگەی لەگەڵ بوو ، پەیوەندیی کرد بە حکومەتی عێراقەوە و یارمەتی چەك وتەقەمەنی لێوەردەگرت ، (حدکا) هەوڵیکی زۆریدا بۆ چەککدنی بەڵام بۆی نەکرا ، دواتر سمکۆ لەسەر داوای قاسملوو گەڕایەوە ڕیزەکانی(حدکا) .بڕوانە:(حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ٣٠٣-٣٠٤.)

(٢) حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ٣٠٣.

(٣) هەیاس کاردۆ ، س. پ ، ل ٢٨٨ ؛ بۆ دەقی نامەکەی (حدکا) بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٥).

(٤) ڕێباز : س . پ ، ب٢ ، ل ٤٢ .

(٥) ئاسۆی شێخ نوری : س . پ ، ل ١٣٣.

(٦) لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی :س .پ ، ل٤٣٦-٤٣٩ ؛ هەیاس کاردۆ :س. پ ، ل٢٨٧.

(٧) ڕێباز : س . پ ، ب٢ ، ل ٤٢ .

(٨) ئاسۆی شێخ نوری : تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا گێڕانەوەی مێژووی شۆڕشێك ، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی محەمەد مێرگەسوری ، سلێمانی ، ٢٠١٣، ل ١٣٨ .

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە هەوڵوێستی نەرێنی (حدکا) ئاماژە بە چەند لایەنێك دەكات لەوانە : (حدکا) کادر و پێشمەرگەکانی خۆی ڕاسپاردبوو کە ڕێگربن و کار ئاسانی نەکەن بۆ (ی . ن . ك) ، ولە کۆڕ و کۆبونەوەکانی خۆیاندا و لای ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی تر دژی (ی . ن . ك)دەدوان ، دانانی خاڵی گومرگی بەرامبەر بە خاڵە گومرگییەکانی (ی .ن . ك) لە کاتێکدا گومرگ سەرچاوەیەکی سەرەکی دارایی (ی . ن . ك) بوو. هەروەها کارئاسانی حدکا بۆ سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) بۆ دامەزراندنی بنکە و بارەگا لەشار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ، هاوکات یارمەتی دان و هاندانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کە لە (ی .ن . ك) جیاببوونەوە ، شانازیان بە پشتیوانی(حدکا) وە دەکرد [1].

یەکێتی (حدکا)ی تۆمەتباردەکرد بە کارئاسانی کردن و بوونی پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) دژی یەکێتی[2] ، کە چەندین بەڵگە بۆ ئەم هاوکاری و یارمەتیە دەهێننەوە ، بۆ نمونە : دوای ئەوەی (پ .د. ك) لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ دا هێزێکی زۆری بەسەرکردایەتی مەسعود بارزانی لە ناوچەی "گۆڕە شێر" و "بێدەلان " بەرامبەر بە بارەگاکامی یەکێتی لە "ناوزەنگ" و "زەڵێ " ببوونە مەترسی ، (ی . ن . ك) (حدکا) تۆمەتبار دەکات بەهاریکاریکردنی ئەم هێزەی (پ . د .ك ) و تەنانەت لەکاتی هاتنیاندا (حدکا) کارئاسانی کرد بۆیان و پاسەوانی خۆیان لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی پارتیدا ناردبوو[3] . هەروەها سیاسەتی ( حدکا )بوو بەهۆی ئەوەی کە هەڵوێستی دژایەتیکردنی سەرکردایەتی کاتی(پ . د . ك) لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە پاشەکشەبکات و رزگاری بێت لەم ئەستەنگە[4]. عومەر شێخ موس لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە جۆرێك هەما هەنگی نێوان (حدکا) و سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) دەکات کە چۆن (حدکا) کارئاسانی کردووە بۆ تێپەڕینی هێزەکانیان بەناوچەکانی نزیك لە بارەگاکانی (ی . ن . ك) دا ، بۆیە یەکێتی ئەم هەڵوێستەی (حدکا)ی بە هەماهەنگی نێوان حکومەتی عێراق و (حدکا) دەزانی بە ئامانجی ڕوودانی شەڕ لەنێوان (ی . ن . ك) و سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) دا [5]. سەبارەت بە پەیوەندیی و کارئاسانی (حدکا) بۆ هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی(پ . د . ك) ، جەلیل گادانی ئاماژە بە ئەوە دەکات کە هیچ کات ئەوان کارئاسانییان بۆ هیچ هێزێکی کوردستانی نەکردووە دژی هێزێکی تر بەتایبەت (ی . ن . ك) [6]، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەریمی حیسامی لە بیرەوەریەکانیدا باس لەهەوڵی (حدکا) دەکات بۆ ئاشتەوایی نێوان هێزەکوردستانییەکانی باشوور، نەهێشتنی شەڕی نێوانیان و بەتایبەت

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ١٥٨ ؛ فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ٢٥٢.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٦٨– ١٦٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٥٨.

[3] مەلا بەختیار : یاخی بوون لە مێژوو ، ل٢٣٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٧٣.

[4] مەلا بەختیار : یاخی بوون لە مێژوو ، ل ٢٨١.

[5] نەوزاد عەلی ئەحمەد :پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٧٢ .

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەلیل گادانی ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

دورخستنەوەی ئاگری ناکۆکیەکانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان [١] . شایانی باسکردنە پەیوندی (حدکا) و (پ .د .ك ) لەو کاتەدا نەك باش نەبووە بەڵکو زۆرجار شەڕ و لێکدان لەنێوانیاندا روویداوە و بەو پێیەی کە (پ . د .ك) هاوپەیمانی حکومەتی ئێران بوو ، بۆیە ئەگەرچی (حدکا) نیگەران بووە بەرامبەر بە هەڵوێستی (ی . ن . ك) لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ناگونجێت (حدکا) لەگەڵ (پ . د . ك) لەبەرەیەکدا دژی (ی . ن . ك) کۆببنەوە.

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەم ماوەیەدا تەنها بەشێوەیەکی نەرێنی بەردەوام نەبوو ، بەڵکو بە پێی کات و شوێن و هەڵوێستی کەسایەتییەکان بەردەوام لە هەڵبەز و دابەزدا بوو، بۆیە جگە لەمە هاریکاری و هەماهەنگی سیاسی و چەکداریش هەبوو لەنێوانیاندا . لەدوای روودانی شەڕی نێوان (حدکا) و چەکدارانی هۆزی مەنگوڕ لە سنوری سەردەشت لە رۆژانی ١٨ و ١٩ی حوزەیرانی ١٩٧٩، (حدکا) داوای یارمەتی لە جەلال تاڵەبانی کرد بۆ شەڕی چەکدارانی مەنگوڕ، (ی . ن .ك) بەدەنگی(حدکا)وە چوو ژمارەیەك پێشمەرگەی بەسەرکردایەتی (دلێری سەید مەجید) ناردە سەر ئەم چەکدارانە لەگوندەکانی "ئاڵوەتان "و"میراوە" و گوندەکانی مەنگوڕایەتی، شان بەشانی هێزەکانی (حدکا) شکستیان بەچەکدارانی هۆزی مەنگوڕایەتی هێنا [٢].

ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ هەماهەنگی پێشمەرگایەتی(ی . ن . ك) بۆ (حدکا) ، دواتریش هاوشانی (حدکا) لە شەڕی سێ مانگەدا بەشداربوو ، ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوی ئەم هەماهەنگی نێوان هەردوولایە [٣]، جگە لە پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی و چەك و تەقەمەنی کە لەلایەن (حدکا) وە پێشکەش بە (ی . ن . ك) دەکرا لەکاتی پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەن هەندێك بەرپرسی (حدکا) وە کارئاسانی دەکرا بۆ یەکێتی بۆ کڕینی چەك و کەل و پەلی سەربازی [٤].

ئەگەرچی پێشتر (حدکا) لەدوورەوە و کەمتر ئاگاداری رووداوەکانی رۆژهەڵات بوو ، بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان وەك هێزێکی سیاسی و چەکداری خاوەن پێگەیەکی گەورەی جەماوەری لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتن ، هاوکات (ی . ن . ك)یش وەك هێزێکی سیاسی و چەکداری باشوری کوردستان کەچەندین وابەستەبوون و بەرژەوەندی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا هەبوو، بۆیە هەردوولا لەگەڵ دروستبوونی هەوراز و نشێو لەپەیوەندیەکانیاندا، بەڵام نەیانتوانی یەکتر بەهەند وەرنەگرن . بۆیە لەلایەن هەردوولاوە هەوڵدرا پەرە بە پەیوەندیەکانی نێوانیان بدرێت . چەند لایەنێك بوونە هۆی نزیکبوونەوەی هەردوو لا کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکەین ، لەوانە :-

---

[١] کەریمی حیسامی : لە بیرەوەرییەکانم ،ب٦ ، ل ٤٣-٤٦.

[٢] شاخەوان عەباس : س . پ، ل ٢٠٩.

[٣] بڕوانە باسی یەکەمی ئەم بەشە ، ل ٦١.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەلیل گادانی ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦ ؛ لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی : س .پ ، ل ٤٥٧- ٤٦٥ ،٤٧٨.

**یەکـەم** / (ی . ن . ك) چـەند جارێـك نوێنـەری خـۆی دەنێرێتـە لای (حـدکا) بـۆ کۆتایهێنـان بـەگرژی نێوانیـان و باشکردنی پەیوەندییەکانیان ، بۆ نمونە : یەکێتی چەند ئەندامێکی باڵای خۆی کە پێکهاتبوون لە (عومەر شێخ موس ، عومەر دەبابە ) بە هاریکاری (حشع) وەك نێردە دەنێرێتە شاری "مەهاباد" و لە ١٧حوزەیرانی ١٩٧٩ دا لەگەڵ نوێنەرانی (حدکا) کۆدەبنەوە ، لەم کۆبوونەوەیەدا توانرا ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە ڕێدا بوون چارە سەر بکـرێن [1]. (فـاتیح ڕەسـول[2]) لـە ١٩حـوزەیرانی١٩٧٩دا چـاوی بـە جـەلال تاڵـەبانی کـەوتووە و تاڵـەبانی پێیڕاگەیانـدووە کـە ئامادەیـە بـەبێ یـەك ودوو لەگـەڵ قاسملوودا ڕێکبکـەوێت و هـیچ گیروگرفتێـك لەنێوانیانـدا نەهێڵێ [3].هەردوولا لە مانگی حوزەیراندا کۆبوونەوەیەکی تریان ئەنجامدا ، جەلال تاڵەبانی و مەلا بەختیار وەك نوێنەری (ی . ن . ك)، عەبدولڕەحمانی قاسملوو و غەنی بلوریان و سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و مەلاحەسەنی ڕەستگار وەك نوێنەری (حدکا) ئامادەبوون، ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردولا، هەرچی (حدکا) یە (ی . ن . ك) تاوانبار دەکرد کە لە رابردوودا ئەندامانی (حـدکا) یـان رادەسـتی ئێران کردووەتـەوە و لـە ئێستەشـدا دەسـت لـەکاروباری نـاوخۆی ڕۆژهـەڵات وەردەدەن ، و یارمـەتی ئـەو لایەنانـە دەدەن کەدژی (حدکا)دەجولێنەوە . (ی . ن .ك)یش لای خۆیەوە (حدکا)ی تاوانبار دەکرد بەیارمەتیدانی ڕەسوڵ مامەند و مەحمود عوسمان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی نەیارانی(ی . ن . ك) بۆ باشوری کوردستان ، نوێنەرانی (ی . ن . ك)جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك دەسـت لـەباری نـاوخۆی ڕۆژهـەڵات وەرنـادەن ، بـەڵکو تـەنها مەبەسـتیان لەهاتوچۆکردن لەرۆژهەڵاتـدا دەسـکەوتنی کۆمـەك و یارمەتییـە ، سـەرەنجام هـەردوولا لەسـەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن :

١. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەشێوەیەکی نهێنی .

٢. هەماهەنگی و هاوهەڵوێستی لە کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا .

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] ئەحمەد بانیخێلانی : س . پ ، ل ٣٣٤.

[2] فاتیح ڕەسوڵ : لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیە لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٩ پەیوەندیی دەکات بە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقەوە، تا ساڵی ١٩٦٠ چەندین جار زیندانی کراوە ، لەم ساڵەدا بوو بە ئەندامی لیژنەی هەرێمی حیزبی شیوعی عێراق ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٧٣ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی شیوعیدا دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ، دوای هەڵوەشاندنەوەی بەرەی نێوان حیزبی شیوعی و بەعس لە ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٨٦ بە نەخۆشی دەچێتە سوریا و دواتر دەچێتە وڵاتی سوید ، لە (٢٠٠٨/٧/٣٤ ) کۆچی دوایی دەکات .چەندین بەرهەم و یاداشتی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە (فازیل شەوڕۆ : تێکۆشەر(فاتیح ڕەسوڵ) داربەڕوویێك باڵا لە ئاگر،
http://www.kurdistannet.org/٢٠١٢kn/index.php?option=com_content&view=article&id=٢٣٨٩:٢٠١٢-٠٧-٢٢-٠٨-٣١-١٨&catid=٤٦:٢٠١٢-٠١-٠٧-١٦-٣٢-٢٤&Itemid=٣٢ )

[3] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب١، ل ٨٧-٨٧.

٣. دروستكردنی لیژنەیەك بۆ گرێدانی كۆبوونەوەی نێوان هەردوولا مانگی جارێك بە مەبەستی پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولا.

٤. ناردنی شاندێكی هاوبەش بۆ ولاٌتانی سۆسیالیستی و سەردانی حیزبە شیوعییەكانی جیهان .

٥. داواكردن لە سەركردایەتی كاتی پارتی بەوەی كە بەخۆیاندا بچنەوە و دەست لەكاروباری ناوخۆی رۆژهەلاٌت وەرنەدەن [1].

هەر لە چوارچێوەی هەوڵەكانی یەكێتی دا بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ (حدكا) ، دەستەیەكی نوێنەرایەتی یەكێتی كە پێكهاتبوو لە (نەوشیروان مستەفا، عومەر شێخ موس ، عومەری حاجی عەبدولاٌ، جەمال حەكیم ، شازاد سائیب[2]) لە نیسانی ١٩٨٠ دا لە سەردەشت و شاری مەهاباد سەردانی (حدكا)یان كرد، و نوێنەرانی (حدكا) پێكهاتبوون لە( عەبدولڕەحمانی قاسملوو ، عەبدولاٌی حسن زادە ، مستەفا شەڵماشی و چەند كەسێكی تر) ، ئامانجی (ی . ن . ك) لەم سەردانە دا هەوڵدان بوو بۆ نەهێشتنی ئەو ساردییەی كە لە پەیوەندییەكانی هەردوولادا هەبوو و هەوڵدان بۆ بنبڕ كردنی ناكۆكییەكان و ڕەواندنەوەی بەدگومانییەكانی (حدكا) دەربارەی یارمەتیەكانی (ی . ن . ك) بۆ (كۆمەڵە) و دەست وەردان لە رۆژهەلاٌتی كوردستان دژی (حدكا) و پتەو كردنی پەیوەندیی دوو قۆڵی نێوانیان. دوای باسكردنی ڕەوشی كوردستان بەگشتی و رۆژهەلاٌتی كوردستان و بارودۆخی ناوخۆیی ئێران بەتایبەتی، (ی . ن . ك)پێشنیاری كرد هەوڵی پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی باشور و رۆژهەلاٌت یەكبخرێت بۆ پاراستن و برەوپێدانی ئەوەی لە رۆژهەلاٌت بەدەست هاتووە ، بە ڕاگرتنی شۆڕش لە باشوری كوردستان و دروستكردنی حكومەتی كاتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستكردنی ئەنجومەن و دروستكردنی سوپای ڕێكخراو و گرنگیدان بە ڕاگەیاندن ، (ی . ن ، ك) ش ئامادەیە بۆ ئەم مەبەستە هەموو توانای پێشمەرگایەتی و سیاسیی و ڕێكخراوەیی خۆی لە شار و لە شاخ بخاتە خزمەت

---

(1) هـ . س ، ل ٨٩-٩١.

(2) شازاد جەمیل سائیب :ساڵی ١٩٤٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و كۆلێژی یاسای لەزانكۆی بەغداد تەواو كردووە، رۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە جولاٌنەوەی خوێندكارییەكانی بەغدا و ئەندامی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابیان بووە ، ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ سەرنوسەری گۆڤاری ڕزگاری بووە، لەكاتی دامەزراندنی (ی . ن . ك)دا لە نێوان (كملك) و سەركردایەتی (ی . ن . ك)دا لە دەرەوە هاتوچۆی كردووە، ساڵی ١٩٧٩ لە پەیوەندییەكانی دەرەوەی(ی . ن . ك)دا كاری كردووە ، ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە ولاٌت و دەبێتە پێشمەرگە، وەك كەسێكی یاسایی دادگای شۆڕشی دامەزراندووە ، ساڵی ١٩٨٨ بۆ ٢٠٠١ نوێنەری (ی . ن . ك) بووە لە ئەوروپا و دواتر لە توركیا ، ساڵی ٢٠٠١ بووە بە وەزیری كشتوكاڵ لە ئیدارەی سلێمانی ، لە ٢١/٥/ ٢٠٠١ دا لەسەر ڕێگەی سلێمانی پیرەمەگرون بەروداوی ئۆتۆمبێل كۆچی دوایی كرد .( ئاوات كۆكەیی : ١٣ ساڵەی كۆچی دوایی شازاد صائب -ی پێشمەرگە و یاساناس ، رۆژنامەی "كوردستانی نوێ" ،ژمارە(٦٣٨٩)، ساڵی بیست وسێیەم ، ٢٠١٤/٥/٢٣، ل ١٣).

سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە [1]. بەڵام عەبدولڕەحمانی قاسملوو پێشنیارەکەی نوێنەرانی (ی . ن . ك)ڕەتدەکاتەوە ، بۆیە نەوشیروان مستەفا پێی وابوو کە سەرانی (حدکا) گیانی ئێرانی بونیان پتەوتر بوو لە گیانی کوردبوون و خۆیان بە تاکە پێشڕەوی بزوتنەوەی کورد دا ئەنا لە رۆژهەڵاتی کوردستان [2]. هەر سەبارەت بەو پەیوەندیانە ، لە کۆبونەوەیەکی ٦شوبات١٩٨٠ ی نێوان (ی . ن . ك) و (حشع) دا پێشنیاز لەسەر چەند خاڵیك دەکرێت و لەسەری رێکدەکەون ، کە یەکێك لەو خاڵانە بریتی بوو لە بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هێزە چەکدارییەکانی کوردستان بەتایبەت (حدکا)[3] .

**دووەم** / بەدەنگەوەچوونی (ی . ن . ك) بۆ (حدکا) و پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و پێشکەشکردنی یارمەتی و ناردنی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی لە (حدکا) لایەنێکی گرنگ بوو بۆ نزیکبوونەوەی هەردوولا ، وەك لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا (ی . ن . ك) چەند جارێك بەدەنگی (حدکا) وە چووە و یارمەتی پێشکەش کردووە [4].

لەمیانەی بەدەنگەوە چونی یەکێتی بۆ (حدکا) لەماوەی شەڕی سێ مانگەشدا جارێکی تر یەکێتی بەدەنگی داوای (حدکا) وە چوو و هێزی پێشمەرگەی خۆی ناردە یارمەتی پێشمەرگەکانی (حدکا) . نەوشیروان مستەفا پێی وایە ئەگەرچی چەند هەوڵێك دەدرێت لەلایەن (ی . ن . ك) ەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان ، بەتایبەت جەلال تاڵەبانی چەند جارێك نامەی بۆ عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەنارد و نوێنەرانی (ی . ن . ك) سەردانی (حدکا) یان کرد، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای باش نەکرد تا رووداني شەڕی سێ مانگە ، لە کاتێکدا سوپای ئێران هەموو شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی داگیرکردەوە و هێزە سیاسییەکانی دەرپەڕاند بۆ سنورەکان و نزیك بارەگاکانی (ی . ن . ك) بوونەوە [5]. بەڵام لە راستیدا شەڕی سێ مانگەش نەبووە هۆی رەوینەوەی گرژیەکان و نزیککردنەوەی (ی . ن . ك) و (حدکا)، چونکە هەر لەماوەی ئەم شەڕەدا چەندین کۆبوونەوە لەنێوان (حدکا) و یەکێتی و لایەنەکانی تردا ئەنجام درا ، کە لەم کۆبوونەوانەدا بە ئاشکرا دیار بوو کە پەیوەندیی و هەماهەنگی نێوان هێزەکانیان وەك پێویست نیە ، سەرەڕای رەخنە و نارەزایی هەردوولا بەرامبەر بەیەك . (حدکا) (ی . ن . ك) و لایەنەکانی تۆمەتبار دەکرد کە تەنها هەوڵ بۆ دەسکەوتی زیاتر دەدەن و چیان دەسکەویت دەیگوازنەوە بۆ بارەگاکانی خۆیان ، هەڵوێستیان لاوازە لەیارمەتی (حدکا) ، جگە لەمە لە کۆبونەوەی چوارقۆڵی (ی . ن . ك ، حدکا ، حسك ، حشع) لە ١٥ ئەیلول ١٩٧٩ دا (ی . ن . ك)و لایەنەکانی تری

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ١٥٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی، سلێمانی، ٣٠/ ٣/ ٢٠١٥.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ١٥٩.

[3] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب٢، ل ١٧.

[4] بڕوانە : ل ٩٦.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ١٥٩.

باشوری کوردستان ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە پەیوەندی بەهێزی نێوان (حدکا) وحکومەتی عێراق ، بەتایبەت دەنگۆی چونی چەکداری کوردی سەر بەحکومەتی عێراق بۆ یارمەتی (حدکا) دژی حکومەتی ئێران و چوونی خێزانی بەرپرس و پێشمەرگەی هێزە کوردییەکان بۆ بن دەستی عێراق ، هێزە کوردییەکانی باشوور و بەتایبەت (ی . ن . ك) ئەم هەنگاوەیش بەمەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان لە داهاتوودا ، بەلأم (حدکا) رایگەیاند کە هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ڕێگری لەو خێزانانە و هێنانی چەکدارانی کوردی سەر بە حکومەتی عێراق بۆ یارمەتی (حدکا)، [1]. بەشێوەیەکی گشتی چوونی هێزی پێشمەرگەی (ی . ن . ك) بۆ هاوکاری هێزەکانی(حدکا) سەرەڕای کەم و کورپیەکانی چوونی ئەم هێزە ، بەلأم کاریگەری باشی هەبوو لە نزیککردنەوەی هەردوولا و باشکردنی پەیوەندیی نێوانیان لە داهاتوودا .

**سێیەم** / ئەگەرچی پەیوەندیی و هەماهەنگی نێوان (ی . ن . ك)و (حدکا) پتەو نەبوو ، بەلأم (ی . ن . ك) بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییەی نێوان هەردوولا بەردەوام بەرگری لە (حدکا) کردووە و (حدکا) ی بەخاوەن هێزێکی گوێ لێگیراوی رۆژهەلأتی کوردستان زانیوە ، (ی . ن . ك) لەدانوستانی نێوان پارت و رێکخراوەسیاسییەکانی رۆژهەلأتی کوردستاندا کە وەك نێوانگیر بەشداربوو، هەموو ئەوتۆمەتانەی کەنوێنەرانی حکومەت دایانە پاڵ (حدکا) رەتکردەوە و بەرامبەر نوێنەرانی حکومەت بەرگری لە (حدکا) کرد و رایان گەیاند کە هێزەکانی سوپا هۆکاری هەلأیسانی شەڕی کوردستان بوون نەك (حدکا)، و جەلال تاڵەبانی بە ئاشکرا لۆمەی خومەینی کرد ، و دوای راگەیاندنی فەرمانی شەڕ و هێرشی سوپای بۆ سەر کوردستان لە ئابی ۱۹۷۹[2].

**چوارەم** / بەرفراوانبوونی هێرشەکانی سوپای ئێران بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەستی هێزە کوردییەکان و دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە سنورییەکان بە تایبەت (حدکا) و نزیکبوونەوەیان لەبارەگاکانی (ی . ن . ك) لایەنێکی کاریگەربوو بۆ نزیککردنەوەی (ی . ن . ك) و (حدکا) و باشتر بوونی پەیوەندییەکانیان . لە بەهاری ساڵی ۱۹۸۰دا بە فەرمانی ئەبو حەسەن بەنی سەدر (سەرۆك کۆمار) سوپای ئێران هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی رۆژهەلأتی کوردستان (سنە –پاوە – سەقز – بانە – مەریوان) دەستپێکردەوە، شەڕ سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە[3]، هێزە کوردییەکان ناچاربوون رووبکەنە سنور و ناوچەکانی نزیك لە بارەگەکانی (ی .ن .ك) . هەڵوێستی (پ .د.ك) بەرامبەر بە رۆژهەلأتی کوردستان ، هاوکاری و یارمەتییەکانی بۆ سوپای ئێران دژی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلأت ، بووە هۆی ئەوەی (ی .ن .ك) و (حدکا) ڕابکێشێتە ناویەك بەرەوە . لەکاتێکدا فشارێکی زۆر لەسەر (حدکا) دروستببوو لە رۆژهەلأتی کوردستان.

---

[1] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ،ب۱، ل ۱۵۹– ۱۶۳.

[2] هـ . س ، ل ۲۲٤ ؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلأتی کوردستان ، ل ۳۵۷ .

[3] بەنی سەدر رایگەیاندبوو :( بە هێزەکانی سوپام گوتووە ، پۆستاڵەکانتان دانەکەنن تا دژی شۆڕش لە کوردستان خاشەبڕدەکەن!). وەرگیراوە لە : (د.هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلأتی کوردستان ، ل١٦٥) .

پێنجەم / وەك پێشتر ئاماژەی بۆ كرا لەناوەڕاستی ١٩٨١دا پەیوەندییەكانی یەكێتی لەگەڵ ئێران بەتەواوی تێك چوو ، یەكێتی بێ ئومێد بوو لە ئێران ، بەمەش یەكێتی دەستی والآبوو لە پەیوەندییەكانیدا لەگەڵ پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەلاّت بەتایبەت (حدكا).

هەموو ئەم لایەنانەی كە ئاماژەمان پێكرد هۆكاربوون بۆ نزیك بوونەوە ی (ی .ن .ك) و (حدكا) و دروستبوونی پەیوەندییەكی پتەو بۆ قۆناغێكی نوێ لە نێوان هەردوولادا بوو بە پێداویستییەكی ناچاری، بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو بارودۆخە نوێیەی كە هاتبۆیە پێشیان .

## دووەم / پەیوەندییەكانی یەكێتی و (كۆمەڵە) :

پەیوەندییەكانی (ی . ن . ك) و كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران (كۆمەڵە) هەر لەساڵی ١٩٧٧ ەوە زۆر گەرموو گوڕ بوو، بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو ، پەیوەندییەكان بە جۆرێك بوو كە زۆر لایەن (كۆمەڵە) یان بەدروستكراوی یەكێتی دەزانی، بەلاّم لە ڕاستیدا كۆمەڵەی ڕۆژهەلاّت ساڵێك پێش كۆمەڵەی باشوور (كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان ) و شەش ساڵ پێش دامەزراندنی (ی . ن . ك) لە ١٩٦٩ دا دامەزراوە [1]، ئەگەر چی هەردووكیان وەك پارتی چەپی كوردستانی دامەزران لەسەرەتادا ، بەلاّم هەر یەك لەم دوو هێزە سیاسییە بە پێی هەلومەرج و ژینگەی سیاسی و كۆمەلاّیەتی و ئابووری ئەو دەوڵەتەی كە كوردستانیان لە نێواندا دابەش كراوە ( عێراق – ئێران ) لێك جیاوازبوون، بۆیە هەر یەك لەم دوو لایەنە سیاسییە سەرەڕای لێك چونیان كۆمەڵێك جیاوازی فكری و ڕێكخراوەییان هەبوو[2]. (حدكا) پێی وابوو كە (كۆمەڵە) دروستكراوی یەكێتی و دوژمنێكی ناوخۆییە و دەبێتە مەترسی بۆ سەریان لە داهاتوودا. برایم جەلال ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئەم بۆچوونە هەڵەیە تا ناوەڕاستی ١٩٨١ بەردەوام بوو [3]. بەلاّم عەبدوڵای حەسەن زادە سەبارەت بەم بۆچونە پێی وانییە كە (كۆمەڵە) بەدەستی(ی . ن . ك) دروستكرابێت یان بۆ دژایەتی (حدكا) دروستكرابێت ، بەڵكو پێی وایە لەگەڵ بوونی زەمینەیەك بۆ دروستبوونی (كۆمەڵە) لەلایەن یەكێتییەوە هاوكاری كراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە هەردوولا دوولایەنی ماركسی بوون كەپەیوەندییەكی پێشووتریان هەبووە كە دەگەڕایەوە بۆ دوای ساڵی ١٩٧٧، و بەشێك لەوانەی (كۆمەڵە)یان دروستكرد پێشتر لای (ی . ن . ك) بوون [4]. نەوشیروان مستەفا سەرەڕای ئەوەی دروستكردنی (كۆمەڵە) لەلایەن یەكێتییەوە بەنادروست دەزانێت ، هاوكات ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات كە یارمەتی و هاوكاری (ی . ن . ك) بۆ (كۆمەڵە) بۆ دژایەتی (حدكا) نەبوو ، جگە لەمە

---

[1] بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلای موهتەدی ، ل٥٩ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشكۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٤٥.

[2] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال: سلێمانی، ٢٠١٥/٥/١٩ ؛ بەهمەن سەعیدی: سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل٥٧.

[3] برایم جەلال: چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە ، ل ٣٦٣.

[4] هەیاس كاردۆ : س. پ ، ل ٢٨٥-٢٨٦ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولای حەسەن زادە : كۆیە ،٢٠١٥ /٣/١٦.

باس لە جیاوازی نێوان خۆیان و (کۆمەڵە) دەکات ، کە (کۆمەڵە) بەهیچ شێوەیەك گوێیان بە ئامۆژگاری و قسەکانی یەکێتییش نەدەدا، بەڵکو زۆر جار (ی . ن . ك) یان بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و نامارکسی دەزانی، جگە لەمە لەڕووی بنیادی فکرییەوە یەکێتی و (کۆمەڵە) دوو ئاراستەی جیاوازبوون[١]. بەڵام سەبارەت بەناوی (کۆمەڵەی شۆڕگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) دوورنییە لەژێرکاریگەریی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ) وەك باڵێکی ناو (ی . ن . ك)ناوی (کۆمەڵە) هەڵبژێردرابێت کە ئەوکات پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان هەردوولادا هەبوو[٢] . پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بەکارهێنانی زاراوەی کۆمەڵە وەك ریکخراوێکی سیاسی نامۆ نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەڵکوو پێشتر بەکارهاتووە بەتایبەت کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان( ژ.ك).

دەتوانرێت بوترێت لەگەڵ بوونی زەمینەو هەلومەرجی لەبار بۆ دروستبوونی (کۆمەڵە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێتی یارمەتی زۆری پێشکەش کردن لەبواری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی، بەتایبەت لەکاتی دەرکەوتنی ئاسۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا ، چونکە لەوکاتەدا هاوکاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی پێویستییەکی گرنگ بوو بۆ هەردوولا ، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دوای ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای (کۆمەڵە) لە (شوباتی ١٩٧٩) پەرەی سەند و گەرم وگوڕی بەخۆوە بینی، دەرفەتێکی زیاتر دروستبوو بۆ هەردوولا بۆ زیاتر تێکەڵاو بوون و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچون وپرس و ڕاوێژ کردن و پێشکەش کردنی یارمەتی زیاتر بەیەکتر [٣]. وەك وەفایەك بۆ ئەو یارمەتیانەی کە پێشتر و پێش شۆڕشی ١٩٧٩ لەلایەن تەشکیلاتی نهێنی (کۆمەڵە) وە پێشکەش بە (ی . ن . ك) کرا.

دوای ئازادکردنی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵە) یارمەتییەکی زۆری لە چەك و تەقەمەنی و خۆراك و پێداویستی تر پێشکەش بە یەکێتی کرد بۆ درێژەدان بەخەبات دژ بە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق [٤]. یەکێتی چەك و تەقەمەنی زۆری لە سوریا وەردەگرت دەبوو لە تورکیاوە بیگوازێتەوە بۆ سنوری "سۆما و برادۆست " لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوخاکی تورکیا لەڕێگەی سەلاح نەجۆ[٥] و هاوڕێیانی لە (دە .دە .کا

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٥٨ .

[٢] بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل ٥٢.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢.

[٤] بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، ل ٦٧.

[٥] نەجمەدین بویك کایا : لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "کەرەهان" ی قەزای سوێرکی سەر بە پارێزگای ئورفە لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە ئامەد و کۆلێژی یاسای لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ( کۆمەڵەی ڕۆشنبیری شۆڕشگێرانەی ڕۆژهەڵات _ دە . دە . قە . دە )یان لە ساڵی ١٩٦٦ دا دامەزراند ، لەساڵانی نێوان ١٩٧٧_ ١٩٧٧ ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە دابینکردنی پێداویسییە لۆجستییەکانی یەکێتی لە ناو تورکیادا، لەناو (ی .ن .ك) ناسرابوو بە سەلاح نەجۆ، ساڵی ١٩٧٧ یاوەری جەلال تاڵەبانی کرد لەگەڕانەوەی بۆ کوردستان ، چەندین کاروان چەك و تەقەمەنی بەناو خاکی تورکیادا لە سوریاوە گواستوەتەوە بۆ ئێران و دواتر بۆ (ی .ن .ك) ، دوای کودەتای تورکیا و لەساڵی ١٩٨٢ دەستگیردەکرێت و لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ دا لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت. (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی، ل٧٧١).

.دە) دەهێنرایە سنوری (تورکیا _ ئێران ) و پاشان (کۆمەڵە) لێی وەردەگرتن و دەیگەیاندە یەکێتی لە "ناوزەنگ" [1]، و کارئاسانی زۆریان دەکرد بۆ (ی . ن . ك) بەتایبەت بۆ کڕینی چەك وکەل وپەلی سەربازی بەتایبەت دوای گرتنی سەربازگەکانی دەسەلاتی شا لەماوەی شۆڕشدا چەك وتەقەمەنییەکی زۆر کەوتبووە دەست خەڵکی و لایەنە سیاسییەکان. ( کۆمەڵە) ئەو پارەیەی کە لە لیبیاوە دەنێردرا بۆ (ی . ن . ك) لە تاران لە نوێنەرانی یەکێتی وەردەگرت و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیەوە دەیگواستنەوە بۆ "ناوزەنگ" [2].

دوابەدوای روخانی شا بارودۆخەکە پێچەوانە بوویەوە ، (کۆمەڵە) خۆی ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی نوێی ئێران و شۆڕشێك کە دەبوو درەنگ یان زوو لە رۆژهەلاتی کوردستان دەستپێ بکات ، بەهۆی دەرکەوتنی نیازی دەسەلاتدارانی نوێی ئێرانی کە هیچ مەبەستێکیان لە بەجێهێنانی خواستەکانی گەلی کورد نەبوو[3]، لەم دۆخەدا (ی . ن . ك) لەبواری فێرکردنی کاری پێشمەرگایەتی و پرس و ڕاوێژی سیاسییەوە هاوکاری زۆری کردن ، فوئاد مستەفا سوڵتانی لە بەهاری ١٩٧٩ دا خۆی سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی کردووە بۆ باسکردنی بارودۆخی کوردستان و رەوشی سیاسی گەلی کورد و ڕێکەوتنێکی نوسراویش واژۆ دەکەن لەنێوان خۆیاندا [4].

بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ (کۆمەڵە) بەهۆی کەم ئەزموونی و نەبوونی کادیری شارەزا لەبواری پێشمەرگایەتییەوە داوای لە (ی . ن . ك) کرد تا یارمەتی بدات ، ئەم داوایەش بێ وەلام نەبوو ، لە بەرامبەردا یەکێتی چەندین کادیری سیاسی و سەربازی بۆ هاریکاری (کۆمەڵە) نارد و بەشارەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا بلاوبوونەوە . لەوانە: ( ئیبراهیم جەلال و عەلی شیعە بۆ شاری سنە ، شێخ عەلی و دانای ئەحمەد مەجید بۆ بۆکان و سەقز ، ئاوات قارەمانی بۆ شاری بانە ، عەبدولای حاجی فەرەج بۆ پاوە ، بەکری حاجی سەفەر لە ناوچەی بانە و بێژوێ )[5]. ئەرکی ئەم هێزەی (ی . ن . ك) و فەرماندەکانی بریتی بوو لە : ڕاهێنانی پێشمەرگایەتی و نیشاندانی ڕێو شوێن و جموجۆڵی پارتیزانی بە پێشمەرگەکانی (کۆمەڵە) و ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش دژی سوپای ئێران [6].

گومانی تێدا نییە پەیوەندییەکانی(ی . ن . ك) و (کۆمەڵە) پتەوتر بوو بەراورد بە پەیوەندیی (ی . ن . ك) و (حدکا) ، بۆ نمونە: لەشەڕی سێ مانگە دا زۆربەی پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) بەسەرپەرشتی بەکری حاجی سەفەر لە شارەزور و هەورامان بەزۆری لەگەڵ پێشمەرگەکانی (کۆمەڵە)دا بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرگری

---

[1] بەهمەن سەعیدی : س ، پ ، ب١ ، ل ٦٠٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، زڕگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢ .

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[3] هـ . س .

[4] مەلەکە ، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل ١٢٩.

[5] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٣٦٢ ؛ شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٢٠.

[6] شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٢٢–٢٢٧.

له رۆژهەلاتی کوردستان بوون [1]. دوای دەستپێکردنی پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان ، کادیرە بالاکانی (کۆمەڵە) بۆ تاوتوێکردنی رەوشی رۆژهەلات و راگەیاندنی شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی لەبارەگای (ی . ن . ك) له "توژەڵە" کۆدەبوونەوە ، بە مەبەستی سود وەرگرتن له ئەزموونی پێشمەرگایەتی (ی . ن . ك)، لەم کۆبوونەوەیەدا کە جەلال تاڵەبانی و فوئاد مستەفا سوڵتانی ئامادەبوون ، تێیدا بڕیار درا بە ڕاگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژی پەلاماری کۆماری ئیسلامی. بەکری حاجی سەفەر بەرپرسی هەرێمی شارباژێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (ی . ن . ك) و بەتایبەت تاڵەبانی رایسپاردبوون بۆ یارمەتیدانی پارت و رێکخراوە کوردیەکانی رۆژهەلات بەگشتی، بەلام بێگومان ئەوکات زیاتر له(کۆمەڵە) نزیك بوون [2].

له سەر وەختی بەرگری هێزە سیاسیەکانی کوردستان دژی پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی ، (کۆمەڵە) شێوازێکی نوێی داهێنا له خەبات وبەرگریکردن ، ئەویش بریتی بوو لەکۆچی بەکۆمەڵی دانیشتوانی مەریوان و رێپێوانی هەزار کەسی سنە بۆ مەریوان و رۆخی دەریاچەی "زرێبار". پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو له پشتیوانی کردن و بەدەنگەوەچوونی خەڵکانی هەلاتوو . لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەشدا خەڵکی دروشمی " یەکێتی نیشتیمانی ، پشتیوانی گەلانی " دەوترایەوە ، له کاتی ئەم کۆچە و شەڕی ناوشاری مەریوان زۆرترین کادیری سیاسی و فەرماندەکانی (ی . ن . ك)( مەلا بەختیار ، بەکری حاجی سەفەر، محەمەدی حاجی مەحمود، شێخ عەلی، جەمالی حەمەی خواکەرەم، بابە تاهیر، مامۆستا پشکۆ، زۆر فەرماندەی تر) هاوکاری (کۆمەڵە) و خەڵکی رۆژهەلات بوون [3].

هەر لەماوەی شەڕی سێ مانگەدا چەند پێشمەرگەیەکی (ی . ن . ك) کوژران ، لەوانە عەبدوڵای حاجی فەرەج و عەلی شیعە کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا لەشەڕی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەکوژرێن، هەروەها فوئاد مستەفا سوڵتانی له ئەرکێکی پێشمەرگایەتیدا له ٣١ ئابی ١٩٧٩دا کە لەگەڵ برایم جەلال کادیرێکی سیاسی و پێشمەرگەی (ی . ن . ك) لەنزیکی مەریوان دەکەونە ناو بۆسەی سوپای پاسداران و فوئاد مستەفا سوڵتانی دەکوژرێت [4].

دوابەدوای چۆڵکردنی شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەشێك له ژنانی (کۆمەڵە) دەچنە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی له شاخەکانی باشوری کوردستان ، دواتر دەچنە بارەگای جەلال تاڵەبانی و لەلایەن هێرۆ

---

[1] مەلەکە ، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل ٨٨، ٩٤.

[2] وەرگیراوە له : (هـ . س ، ل ٨٨، ١٩٥–١٩٦).

[3] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١١٥ ؛ بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن ب ٢ ، ل ٥٣٢–٥٣٤ ؛ مەلەکە ، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ، ل ٢٦٨.

[4] برایم جەلال : چەپکێك له مێژووی کۆمەڵە ، ل ٣٠٣–٣٠٤ ؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٣٦٢ ؛ بەهمەن سەعیدی : س .پ ، ل ٤٢٣–٤٢٤ ؛ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خەباتی سیاسی و چۆنیەتی شەهید بوونی فوئاد مستەفا سوڵتانی ، بڕوانە: (مەلەکە، رەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی : س . پ ) .

ئیبرایم ئەحمەدی خێزانیەوە پێشوازییان لێدەکرێت ، و پاشان تاڵەبانی هانیان دەدات بۆ بەشداربوون لە خەبات و بەڵێنیان پێدەدات کە بۆ ڕاهێنان کردن بیاننێرێت بۆ یەکێك لەبارەگاکانی ڕاهێنانی (ی . ن . ك)[1].

جگە لەمە هەماهەنگی نێوان (ی . ن . ك) و (کۆمەڵە) لەململانێیە نێوخۆییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت ، بۆ نمونە : کاتێك هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی(پ . د . ك) چەند کەسێکی سەر بە( کۆمەڵەی جوتیاران)ی (کۆمەڵە) لەسەر ڕێگەی مەریوان – دزڵی دەستگیردەکەن و دەیانبەنە پاسگای دزڵی زیندانیان دەکەن ، (کۆمەڵە) داوای یارمەتی لە یەکێتی دەکات و بۆیە هێزەکانی یەکێتی بەدەنگ داواکانی کۆمەڵەوە دەچن و دیلەکان ئازاد دەکەن و لەئەنجامی شەڕێکی شەو ڕۆژی دا ناوچەکانی دزڵی لەچەکدارانی سەرکردایەتی کاتی (پ . د . ك) پاکدەکەنەوە [2]. لە ١٩ نیسانی ١٩٨٠ دا هێزێکی هاوبەشی (ی . ن . ك) و (کۆمەڵە) لە ناوچەی هەورامان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی (پ .د.ك) [3]، هەروەها لەتشرینی یەکەمی ١٩٨٠ دا کاتێك (پ .د . ك) و (حسك) پلانێکی هاوبەشیان دانا بۆ هێرش کردنە سەر سەرکردایەتی (ی . ن . ك) لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە ، بۆیە (کۆمەڵە) هێزێکی (٢٥٠) پێشمەرگەیی بەسەرکردایەتی(مینەی حیسامی) ناردە "ساوان" و "داوداوا"و "کونەمشك" و "دەشتی مردوان " هەردوو لایەنی (پ . د . ك و حسك ) یان ئاگادارکردەوە گەر لەخاکی ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری (ی . ن . ك) بدرێت ئەوا لەلایەن (کۆمەڵە)وە پەلاماردەدرێن ، ئەم هەڵوێستەی (کۆمەڵە) ڕۆڵی گەورەی هەبوو لەهەڵوەشاندنەوەی ئەم پلانە دژی (ی . ن . ك)[4]. بەم جۆرە ئەوە دیاردەبێت (کۆمەڵە) لە شەڕی ناوخۆیی (ی . ن . ك) و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستاندا دەبێتە لایەنگری یەکێتی .

## سێیەم / پەیوەندی یەکێتی و دەفتەری شێخ عزەدینی حسێنی :

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا شێخ عزەدینی حوسێنی پێشتر دەفتەرێکی بەناوی خۆیەوە ( دەفتەری شێخ عزەدینی حوسێنی ) دامەزراندبوو ، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و کەسایەتی ئاینی و نەتەوەیی لە دەوری خۆی کۆکردبۆیەوە ، هێزی پێشمەرگەی تایبەتی بەخۆی پێکهێنابوو [5]، دوای هێرش و پەلامارە بەرفراوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، هەموو لایەنە سیاسی و کەسایەتییە ناودارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوارەی سنورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بوون . جەلال

---

[1] گلرخ قبادی : م . پ ، ص ٣٢٥.

[2] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١٠٩.

[3] د.عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل ٢٣٧.

[4] مەلا بەختیار: یاخی بوون لە مێژوو ، ل ٢٣٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلابەختیار ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١١/٢٥.

[5] د. یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران ، ل ٦٠٩ ؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ل ٢٦٩.

تاڵەبانی پشتیوانی لە شێخ عزەدینی حوسێنی دەکات و دەیباتە بارەگاکەی خۆی لە" توژەڵە" [١]، تاڵەبانی پێشنیار دەکات بۆ شێخ عزەدینی حوسێنی وەك کەسایەتییەکی ئاینی سەربەخۆ بە سود وەرگرتن لەو پێگە ئاینیەی کە لەناو خەڵکدا هەیبوو خەباتی خۆی دەست پێبکات، و ببێتە کەسایەتییەکی ئاینی و سیاسی بەهێز بەرامبەر بە دەسەڵاتداری ئاینی شیعی لە ئێران ، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی رۆشنبیری و ئاینی و چەند کەسایەتییەك لە (کۆمەڵە) لەدەوری کۆبوونەوە و دەفتەری شێخ عزەدینی حوسێنی دروستکرا [٢]. شێخ عزەدین خۆی ئاماژە بۆ یارمەتییەکانی تاڵەبانی دەکات و و دەڵێت: (( کە لەوێ بووین و (مەبەستی توژەڵەیە) دەفتەرمان دامەزران ، دیارە هەڵبەت مام جەلال دەفتەرەکەی دامەزراند، خۆ ئێمە هیچمان نەبوو مام جەلال خێوەت و شتی داینێ ، ئێمە نەنانمان بوو نەئاومان بوو [٣])) ، دەکرێت بوترێت کە ئەم وتەیەی شێخ عزەدین دانپێدانانێکی ئاشکرایە بۆ ئەو یارمەتی و هاوکارییە گەورەیەی کە تاڵەبانی پێشکەشی دەفتەری ناوبراوی کردووە ، لێرەوە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردوولا دەستی پێکرد و بەشێوەی جۆراوجۆر لەداهاتوودا بەردەوام بوو .

عەبدولڕەحمانی زەبیحی [٤] کە دۆستێکی لەمێژینەی جەلال تاڵەبانی بوو ، هەر لەسالآنی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە لە سەرۆکایەتی پارتی و دروستبوونی ( باڵی جەلالی و باڵی مەلایی ) زەبیحی پشتیوان و لایەنگری جەلال تاڵەبانی بوو ، دوای گەڕانەوەی زەبیحی بە ماوەیەکی کەم تاڵەبانی پەیوەندیی پێوەدەکات و لە ماڵی سەلاّح موهتەدی چاوی پێی دەکەوێت ، دوای ئەم دانیشتنە عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە شێخ عزەدینی حوسێنی نزیك دەبێتەوە، دواتر دەبێتە بەرپرسی سیاسی دەفتەری شێخ عزەدین ، عەلی کەریمی

[١] عەلی کەریمی : ژیان وبەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی ( مامۆستا عولەما ) ، چ١ ، گۆتنبێرگ – سوید ، ١٩٩٩، ل ٣٤٤.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[٣] وەرگیراوە لە : (عەلی کەریمی : س ، پ ، ل ٣٣٥).

[٤] زەبیحی : لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لای باوکی بەخوێندنی ئاینی دەستپێکردووە ، و دواتر قۆناغی سەرەتایی خوێندووە ، زمانی فارسی ئازەری و بنچینەی زمانی فەڕەنسی و دواتر عەرەبی و کەمێك زمانی ئینگلیزیشی زانیووە ، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ( ژ . ك)، و سەرپەرشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتیمانی کردووە ، لە گۆڕینی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و دواتر لەدامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا رۆڵی نەبووە ، دوای روخانی کۆمار رویکردووەتە باشوری کوردستان ، زەبیحی پێی وابووە تێکۆشەرانی کورد کەوتنە هەر پارچەیەکی کوردستانەوە پێویستە خزمەتی ئەو پارچەیە بکەن ، دواتر دەچێتە سوریاو تا ساڵی ١٩٥٨ جاریکی تر دەگەڕێتەوە باشوری کوردستان و پەیوەندیی دەکات بە (پ . د .ك) و چەند پۆستێك لەم پارتەداوەردەگرێت و تا لە مەکتەبی سیاسیدا دەبێتە لێپرسراوی دارایی . زەبیحی وەك زمانەوان و رۆژنامەنوس و کەسایەتیی سیاسی خزمەتێکی زۆری نەتەوەکەی کردووە . زەبیحی لەساڵی ١٩٧٩ دوای روخانی شادەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ، پاشان لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەگەڕێتەوە بەغداد و بێ سەرو شوێن دەکرێت .( بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ژیان و کار و چالاکییەکانی زەبیحی بڕوانە: ( عەلی کەریمی : س ، پ ).

پێی وایە ئەم نزیکبوونەوەیە بە ڕاسپاردەی تاڵەبانی بووە ، وەك شێخ عزەدین خۆی ئاماژەی بۆدەکات تاڵەبانی خۆی داوا لە شێخ عزەدین دەکات کە لەگەڵ زەبیحی دەفتەرێك دانێن و پێکەوە کاربکەن [1].

لە گوندی "بێژوێ" عەبدولڕەحمانی زەبیحی و سەعدی موهتەدی بە ڕاوێژ بە شێخ عزەدینی حوسێنی بڕیار لە دامەزراندنی حیزبێك دەدەن و دواتر لەگەڵ ئەندامانی دەفتەردا گفتوگۆی لەسەر دەکەن ، پەیڕەو و پڕۆگرامی ئەم حیزبە نوێیە لەلایەن زەبیحیەوە دەنوسرێت و دواتر پرس و ڕاوێژ بە سەلاح موهتەدی دەکرێت لە سەر ئەم پڕۆگرامە، و لەسەر پێشنیاری محەمەدی موهتەدی پرس و ڕاوێژ و داوای هاوکاری سەربازی و سیاسی لە تاڵەبانی دەکەن ، تاڵەبانی پشتیوانیان دەکات بۆ دامەزراندنی حیزبێکی لەم جۆرە پێیان دەڵێت : ((لێی ڕامەوەستن دڵنیابن لەهیچ یارمەتی پشتیوانییەك درێغیتان لێناکەین بەتایبەت بۆ پێگەیاندنی کادری سیاسی و عەسکەری و هەر پێداویستییەکی دیکەشتان )) ، هاوکات نەوشیروان مستەفاش دڵنیایان دەکاتەوە لەسەرکەوتنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە و بەڵێنیان پێدەدات هەموو ئەو کەسایەتیانەی ڕۆژهەڵات کەدێنە لایان هانیان بدەن بۆ چوونە ناو ئەو حیزبە نوێیە [2].

ئامانجی تاڵەبانی لەپرۆژەی دروستکردنی حێزبێك بەیارمەتی زەبیحی و شێخ عزەدین دروستکردنی نیمچەبەرەیەك بوو هاوشێوەی (ی . ن . ك)لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بۆ ئەم مەبەستە هەموو هەوڵی خۆیدا تا بتوانێت ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت ، دوای دارشتنی دروستکردنی ئەم حیزبە لە ڕێی ئازاد هەورامیەوە هەوڵدەدەن بۆچوونی خەڵکی و ئەگەری سەرکەوتنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارین، و بۆ دەستکەوتنی یارمەتی دارایی و سەربازی بە ئاگاداری تاڵەبانی هەوڵدەدەن پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقیەوە بکەن [3]. دیارە پرۆژەی دروستکردنی ئەم حیزبە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەهۆی هاو هەڵوێست نەبوونی ئەندامانی دەفتەری شێخ عزەدین و جگە لەمە دەفتەری سیاسی شێخ عزەدین ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرانی کۆمەڵە کاریان تێدا دەکرد، کۆمەڵە ئەم پرۆژەیەی بەدڵ نەبوو ، چونکە پێی وابوو کە شێخ عزەدین بەو شێوە سەربەخۆییەی خۆی بمێنێتەوە ڕۆڵی باشتری دەبێت[4]. سەرەنجام ئەم پرۆژەی دروستکردنی حیزبی سێیەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکستی هێنا.

عەبدولڕەحمانی زەبیحی دوای شکستی دروستکردنی ئەم حیزبە گەڕایەوە بۆ عێراق ، بەلاّم پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا هەر بەردەوام بوو، بەڕاسپاردەی تاڵەبانی بڕێکی زۆر چەکی بۆ حامید بەگی جاف لەحکومەتی عێراقی وەردەگرێت و بەسەر پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك)دا بەخشییەوە ، دوای ئەم کارە

---

[1] عەلی کەریمی : س ، پ ، ل ٣٣٥، ٣٣٩، ٣٤٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠.

[2] عەلی کەریمی : س . پ ، ل ٣٧٩ .

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦

لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەری تێدا چوو شوێن بزرکرا [١]. شێخ عزەدینی حوسێنیش لە دەفتەرەکەی خۆیدا مایەوە و پەیوەندیی دۆستانەی خۆی لەگەڵ تاڵەبانی و (ی . ن . ک)درێژە پێدا ، بەردەوام هاوکار و هەماهەنگی یەکتری بوون ، دەفتەری شێخ عزەدین پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی و بەردەوام هاوکاری دارایی و سەربازی لەچەك و کەرەستەی تری سەربازی لەحکومەتی عێراقی وەردەگرت بەشێکی باشیان دەدا بە (ی . ن . ك) [٢].

## چوارەم / پەیوەندی یەکێتی و سوپای ڕزگاری :

دوای روخانی شا و دروستبوونی جۆرێك لە ئازادی فکری و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، لەم چوارچێوەیەشدا هێزێکی نویٚ بەناوی (سوپای رزگاری کوردستان) دامەزرا ، ئەم سوپایە لە لایەن (شێخ مادح شێخ عوسمان )ی نەقشبەندییەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەچەك و تەقەمەنی و پارە یارمەتی دەدرا [٣]. لەبەرئەوەی ڕابەرانی ئەم هێزە لە شێخانی ناوچەی هەورامان بوون ، زۆربەی بارەگا و بنکەکانیان لەو ناوچانەدا بوو کە (کۆمەڵە) پێگەیەکی سیاسی بەهێزی هە بوو تێیاندا، بەتایبەت لە ناوچەکانی سنە و هەورامان و کامیاران و مەریوان [٤]. سوپای ڕزگاری داوای یارمەتیان لە (ی . ن . ك) کرد کە یارمەتیان بدات ، (ی . ن . ك) هەڵسا بەناردنی (شەوکەتی حاجی موشیر[٥]) تا لە بواری ڕێکخستنەوە یارمەتیان بدات [٦]، مادح و شێخ ناسح و شێخ ئەسعەد نەقشبەندی سەردانی جەلال تاڵەبانیان کرد و داوایان لێکرد یارمەتیان بدات بۆ دروستکردنی هێزێك دژی ئێران ، هەروەها داوایانکرد (ی . ن . ك) کادریکی عەسکەرییان بۆ بنێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی مەکتەبی عەسکەرییان ، (ی . ن . ك) بڕیاریدا بەناردنی شەوکەتی حاجی موشیر بەهۆی

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی کەریمی ، سلێمانی ،٢٠١٥/٣/٣٠ ؛ عەلی کەریمی : س . پ ، ل ٣٧٥ .

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[٣] حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل ٤٣٩.

[٤] حسین مرادبیگی (حمه سور): م . پ ، ص ١٦١.

[٥] شەوکەتی حاجی موشیر : ساڵی ١٩٤٧ لەگوندی "تەپی سەفا"ی شارەزوور لەدایك بووە ، سەرەتای کاری سیاسیی پەیوەندیی کردووە بە یەکێتی قوتابیانەوە ، ساڵی ١٩٦٨ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە ، دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول ل ٢٦/ ٦/ ١٩٧٦ دا لەگەڵ شەش هاوڕێی یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نویٚ پێکدێنن ، ساڵی ١٩٨٠ –١٩٨٨ چەندین بەرپرسیارێتی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا پێسپێردراوە ، ساڵی ١٩٨٨ سەرپەرشتی ئازادکردنی شاری هەڵەبجەی پێسپێردراوە ، ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێ دەبێت ، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٣ چەندین بەرپرسیارێتی سیاسی و سەربازی پێسپێردراوە ، لە ٨/ ٢/ ٢٠٠٣ دا لە گوندی "گامێش تەپە" شارەزوور کوژرا .( لەیادی ١٣ ساڵەی شەهیدبوونی شەوکەتی حاجی موشیر و هاوڕێکانیدا ، رۆژنامەی "کوردستانی نویٚ " ، ژمارە (٦٨٩٢)، دووشەممە ٢٠١٦/٣/٨).

[٦] بەهمەنی سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن ، س . پ ، ب٢ ، ل٥٥١.

نزیکی لە بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی، بوو بە بەرپرسی عەسکەری سوپای ڕزگاری [١]، چونی نێردەی سەربازی یەکێتی بۆ لای سوپای ڕزگاری لەلایەك بووە هۆی نیگەرانی (کۆمەڵە) و (حدکا) و چریکی فیدائیان ، و لەلایەکی ترەوە لە ناوخۆی یەکێتیشدا ناڕەزایی دروستبوو بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی سوپای رزگاری و چەك وەرگرتنیان لە حکومەتی عێراق و نزیکیان لە (پ . د . ك) [٢]. بەڵام وەك دواتردا دەردەکەوێت کە ئامانجی (ی . ن . ك) لە ناردنی کادیرەکانی بۆ ناو سوپای ڕزگاری یارمەتیدان نەبووە ، بەڵکو ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەم کادیرانەی خۆیەوە هەرکاتێك بیەوێت دەست وەربداتە ناوخۆی ئەو هێزە .

دواتر (کۆمەڵە) لە کۆنفرانسێکدا و بە تێکڕای دەنگی ئەندامان بڕیاریدا بە چەککردنی سوپای ڕزگاری بێ خوێن ڕشتن ، لە ماوەیەکی کەمدا هێزی پێشمەرگەی (کۆمەڵە) بە سەرپەرشتی (حسین مراد بێگی–حەمە سور ) لە (٢٨ کانونی دووەمی ١٩٨٠) بارەگاکانی سوپای ڕزگارییان لە مەریوان و کامیاران چەککرد [٣]. پێش دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە نوێنەری (کۆمەڵە) سەردانی تاڵەبانی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە [٤]، بۆیە یەکێتیش لای خۆیەوە بەشداربوو لە چەککردنی سوپای ڕزگاری و فەرمانیکرد بە کادیر و پێشمەرگەکانی خۆی کە پێشتر ناردبوونیە ناو سوپای ڕزگاری کە ڕیزەکانی سوپای ڕزگاری بەجێبهێڵن، بۆیە شەوکەتی حاجی موشیر لە گەڵ پێشمەرگەکانیدا سوپای رزگارییان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی [٥]. (کۆمەڵە)ش لای خۆیەوە بەشێك لەوچەکانەی کە لە سوپای ڕزگاری دەستی کەوتبوون بەخشی بە(ی . ن . ك)[٦]. دواتر جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ شێخ عوسمانی نەقشبەندی نیگەرانی خۆی نیشاندەدات بەرامبەر بە ناکۆکی نێوان سوپای ڕزگاری و (کۆمەڵە)، و ئاماژە بە هەوڵەکانی خۆی دەکات بۆ بەردانی ئەندامای سوپای رزگاری کە لەلای (کۆمەڵە) زیندانی کراون، و دەڵێت :((جەنابی شێخ من وەك و کوردێکی دڵسۆز پێتانی ڕادەگەیەنم، کە ئێمە لە بارەی ئەم بابەتەوە هیچ ڕازی نەبووین، ئێمە پێمان خۆشە هەموو کوردێکی دڵسۆز دۆستی یەك بن و لولەی تفەنگەکانیان بکەنە دوژمنی کورد وکوردستان، هەر لەبەر ئەمە لە جیاوازی و ناکۆکی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات ، ئێوە و کۆمەڵە ، شێخ عزەدین و دیموکرات ، گروپەکانی تر زۆر نارەحەت و نیگەرانین)) [٧]. وەك پێشتر

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٢.

[٢] امپریالیزم گروههای وابسته، ص١٢٨.

[٣] بەهمەنی سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن ، س . پ ، ب٢ ، ل ٥٥٢ ؛ حسین مرادبیگی (حمه سور): م . پ ، ص ١٦١.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، زرێویز ، ٢٠١٦/٤/١٢.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٢.

[٦] بەهمەنی سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن ، س . پ ، ب٢ ، ل٥٥٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٢.

[٧] امپریالیزم گروههای وابسته، ص ١٢٩.

ئاماژەی بۆ کرا یەکێتی ئاگادار بووە لە پرۆسەی چەککردنی سوپای رزگاری، و ئەم نامەیەش جۆرێکە لە پاساو هێنانەوە و هەوڵی یەکێتی بۆ نیشاندانی بێ ئاگاییان لەم کارە.

## پێنجەم / پەیوەندی یەکێتی و (سازمانی خەبات) :

(ی . ن . ك)پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ (سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران – سازمانی خەبات ). ئەم رێکخراوە لە (٢٧ ئابی ١٩٨٠) دا لە لایەن (شێخ جەلال) وە دروستکرا ، پێشتر شێخ جەلال لەدەفتەری شێخ عزەدینی برایدا کاریدەکرد لەشاری بانە. نەبونی پارتێکی ئیسلامی نەتەوەیی سیاسی لەرۆژهەلاتی کوردستان و وەك وەلامێك بۆ پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تۆمەتبارکردنی گەلی کورد بە کافر و دژە دین هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم رێکخراوەبوو، هاوکات لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە هاوکاریدەکران[1]. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی (ی . ن . ك)و سازمانی خەبات باش بوون، چەند جارێك هاوکاری و یارمەتی یەکترییان کردووە، سازمانی خەبات لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هاوکاری دارایی و چەك دەکرا ، هەندێك جار بەشێك لەچەکەکانی بەنهێنی دەدا بە(ی . ن . ك)[2] .

هەوالنامەی کتێب

[1] د. هۆشمەند عەلی مەحمود ، رۆژهەلاتی کوردستان ، ل٢٦٦–٢٦٧.
[2] ئاوات قارەمانی : س . پ ، ل ١٦٤.

هەواڵنامەی کتێب

**باسی یەکەم/ ناردنی یارمەتی چەکداری (ی .ن .ك) بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەنجامەکانی**

دوای ئەوەی دانوستاندنەکانی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی ئێران گەیشتە بنبەست بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی چوو . لە بەهاری ۱۹۸۰دا بە فەرمانی ئەبو حەسەن بەنی سەدر (سەرۆك کۆمار)، سوپای ئێران هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سنە، پاوە، سەقز، بانە، مەریوان) دەستپێکردەوە، شەڕ سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، سوپا هەموو هەوڵی خۆی خستبوویە کار بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، سەرەڕای بەرگری توندی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ، بەتایبەت (حدکا) و (کۆمەڵە)، بەڵام تادەهات پەلامار و پێشڕەوی سوپای ئێران بەهێز دەبوو . شایانی باسە ، ئەم هێرش و شەڕو پێکدادانانە بە درێژایی ساڵانی (۱۹۸۰–۱۹۸۸) لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بوو، لێرەدا (ی . ن . ك) کەم تا زۆر ڕۆڵی هەبووە لەبەرگریکردن لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشکەش کردنی یارمەتی بەپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت ساڵی (۱۹۸۰–۱۹۸۲)، کە سوپای ئێران بەیارمەتی و ڕۆڵی کارای (پ . د . ك) زۆربەی ئەوناوچانەی گرتبوویەوە کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە ڕزگارکرابوون[1].

پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شانبەشانی پێشمەرگەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات چوونە شەڕەوە دژی سوپای ئێران[2]، چونکە ئامانجی کردە سەربازییەکانی ئێران لەلایەك بۆ سەر بەغداد بوو، لەلایەکی تریشەوە دژی (حدکا) و هاوپەیمانەکانی بەتایبەت یەکێتی بوو[3].

بەمەش یەکێتی ئەو هاوسەنگییەی کە ڕایگرتبوو لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئێران لەلایەك و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەکی دیەوە کە لەسەرەتای جەنگەوە پێڕەوی دەکرد لە سەری بەردەوام نەبوو، بەمەبەستی یارمەتیدانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و یەکەم هەنگاوی خۆی دژی سوپای ئێران لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراقی نا .

دوای ئەوەی سوپای پاسداران هێرشی بەرفراوانی بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد، بەتایبەت بۆسەر ڕێگەی "پیرانشار – سەردەشت" لە نزیك سنوور، کە ئەم ڕێگەیە گرنگییەکی ستراتیژی گەورەی

---

(1) Martin van Bruinessen; Op. Cit. p11.

(2) عەلی بچکۆل : هەورازە ڕێ (بیرەوەرییەکانی عەلی بچکۆل پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ ) ، سلێمانی ، ۲۰۰۸، ل۱۲٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خدر مەعسوم ، کۆیە ۲۰۱۵/۲/۱۳ ؛ David Romano; Op. Cit.p238.

(3) دیڤید مەکداول : مێژووی هاوچەرخی کورد ، و : ئەبوبەکر خۆشناو ، چ۲ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، ۲۰۰۵، ل ۵۷۱.

هەبوو بۆ جووڵانەوەی کورد وبەتایبەت (حدکا) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (حدکا) لەم ڕێگەیەوە دەیانتوانی پێداویستییەکانی خۆیان لە عێراق وەربگرن، هەروەها بارەگای دەفتەری سیاسی (حدکا) لەبەری "گورگان" بوو لە "شیوەجۆ"، جگە لەمە سەروو و خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێکەوە دەبەستەوە، هەر لەبەر هەموو ئەم هۆیانە سوپا دەیویست دەست بگرێت بەسەر ئەم ڕێگەیەدا [1].

سەرەڕای بەرگری توندی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەدەتوانرا بەتەنها بەرگری لەوناوچانە بکرێت، بۆیە پێویست بوو داوای یارمەتی لەهێزی پێشمەرگەی باشوری کوردستان بکرێت [2]. بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٥ ئەیلولی ١٩٨٢ دا قاسملوو[3]چووە بارەگەی هاوینەی جەلال تاڵەبانی لەسەرچاوەی "توژەڵە"، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ تاڵەبانی و(عەزیز محەمەد[4]) سکرتێری (حشع) و نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیادا کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ لەسەر چەند لایەنێك کرا ، لەوانە پتەوکردنی پەیوەندیی هێزە کوردستانییەکان، و ئامادەکاری هێزە کوردستانییەکان بۆ بەرگریکردن بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی سوپای پاسداران، هاوکاریی و یارمەتی ( پ . د . ك) بۆ سوپای پاسداران[5]. عەبدولڕەحمانی قاسملوو رایگەیاند بەهۆی هێرش و پەلاماری توندی سوپای پاسدارانەوە هێزەکانیان زیانێکی زۆریان لێکەوتووە و ماندوو بوون ، دەفتەری سیاسی و بنکەکانیان مەترسی گرتنیان لەسەرە،

---

[1] کریس کۆچیرا : س . پ ، ل ٣٢٠ ؛ هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل ٣٩١

[2] د. عبدالرحمان قاسملو وعبداالله حسن زادە :کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ب . ش ، ب . س، ل٢١٨ ؛ هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل ٣٩١ .

[3] سەبارەت بە چونی نوێنەری (حدکا) بۆ لای (ی . ن . ك) بەمەبەستی داواکردنی یارمەتی ، عەبدولای حەسەن زادە بە جۆرێکی تر دەیگێڕێتەوە گوایە ئەو خۆی چووە لە گەڵ جەلال تاڵەبانی و دواتر مەکتەبی سیاسی(ی . ن . ك) کۆبووەتەوە (هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل٣٩٠–٣٩١ ) ، بەلام زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە دکتۆر قاسملوو خۆی چووە بۆ دیدەنی مام جەلال و عەزیز محەمەدی بینیوە .( نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٢٦٥ ؛ برایم جەلال :چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل٣٦٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعصوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣) .

[4] عەزیز محەمەد : ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی "بێرکۆت" نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە ، لەسەرەتای کاری سیاسیدا لە ئایاری ١٩٤١ دا پەیوەندیکردووە بە حیزبی "هیوا"وە، ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندیی دەکات بە حیزبی شیوعی عێراقییەوە، ساڵی ١٩٤٨ بەدواوە خۆی بۆ کاری حیزبی شیوعی تەرخاندەکات و هەمان ساڵ زیندانی دەکرێت و تا ساڵی ١٩٥٨ و بۆ ماوەی دەساڵ لە زیندانداا دەمێنێتەوە ، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ –١٩٩٣ سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی بووە ، ساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ١٩٧٨ حیزبی شیوعی عێراقی لە گەڵ حیزبی بەعس دا لەیەك بەرەدابوون ، بەلام لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا حیزبی شیوعی لەم بەرەیە دەردەچێت و دەچێتە شاخ و شۆرشی چەکداری دژی حکومەتی عێراقی رادەگەیەنێت ، لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعیدا ساڵی ١٩٩٣ بڕیاردرا بەدامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستانیان دا .( د. أحمد عبدالعزيز محمود : نضال الرفيق عزيز محمد السكرتير العام السابق للحزب الشيوعي العراقي أعلى صوتاً من الكلمات، المطبعة آزادي ، أربيل ، ٢٠١٣).

[5] فاتح ڕەسول : چەند لاپەڕیەك ، ب٣، ل ١٥١.

داوای هاوکاری لە هێزە کوردستانییەکان کرد. جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە (ی . ن . ک) لەسەر بڕیاری پێشوی خۆی ماوە وئامادەن ئەوەندەی لە توانایاندابێت یارمەتییان بدەن، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەشدا شۆڕشی باشوری کوردستان ببێتە قوربانی، بەڵام عەزیز محەمەد بەڵێنی هیچ جۆرە یارمەتییەکی بە عەبدولڕەحمانی قاسملوو نەدا [1]. ناردنی هێز بە بڕیاری هەموو مەکتەبی سیاسی(ی . ن . ک) بوو، بۆ یارمەتی (حدکا) و (کۆمەڵە) و چەند هێزێکی تر[2]. دواتر لەماوەیەکی کەمدا (ی . ن . ک) هێزێکی پێشمەرگە کە ژمارەیان (٢٥٠٠)[3] دەبوو بۆ یارمەتی هێزە کوردییەکان ناردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاڵەبانی بۆسەرپەرشتی کردنی هێزەکان چووە ناوچەی "سوێسنایەتی" و لە گوندی "مەزرا" لەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملوو و جەلیل گادانی ئەندامی دەفتەری سیاسی(حدکا)وە پێشوازی کرا [4]، دواتر بارەگای خۆی گواستەوە بۆ ناوچەی "ساوان". لە شەڕەکانی دژ بە ڕژێمی ئێراندا چەندین فەرماندەی (ی . ن . ک) لەوانە (ملازم عومەر، سەید کەریم[5]، عەلی بچکۆل، ملازم خولە، سامان گەرمیانی، مامە ڕیشە، ڕێباز ...) بەشدار

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٦٤ ؛ برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٣٦٨-٣٦٩.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد ، پشکۆیەك لە خۆڵە مێشدا ، ل١٩٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعصوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣.

[3] سەبارەت بەژمارەی پیشمەرگەکانی یەکیتی چەندین ژمارەی جیاواز خراوەتەروو لەوانە: ڕێباز، ئەوە دیاردەکات کە ژمارەی ئەم هێزە لە سەروی (١٠٠٠ ) کەسەوەیە (ڕێباز :س .پ ، ب٢ ، ل ٦٢)، عەبدولڵای حسن زادە ژمارەی ئەم هێزە بە(١٧٠٠)پێشمەرگە دەخەملێنێت (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڵای حسن زادە ، کۆیە ، ١٦/٣/ ٢٠١٥)، نەوشیروان مستەفا پێی وایە ژمارەی ئەم هێزە لەسەرووی ( ٢٠٠٠ ) پێشمەرگەوە بووە (نەوشیروان مستەفا ئەمین :پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٢٦٥) ، عومەر شێخ موس ژمارەی ئەم هێزە بە (٢٥٠٠) پێشمەرگە دادەنێت(گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨). مەلا بەختیاریش بەهەمان شێوە ژمارەی پێشمەرگەکانی (ی .ن .ك) بە (٣٧٠٠) کەس دادەنێت ( چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا بەختیار ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١١/٢٥). دەتوانین بڵێین زۆرینەی پێشمەرگەکانی (ی .ن .ك) لە هەموو هەرێمەکانی باشوری کوردستانەوە بەنۆبە ولەکاتی جیاواز چونەتە روژهەڵات بەشداری شەڕەکانیان کردووە .

[4] لە کاتی بەڕێکردنی هێزێکی (ی .ن .ك) دا بە ئامادەبوونی دکتۆر قاسملوو و حەمەسور ، جەلال تاڵەبانی وتارێك پێشکەش دەکات ، لە وتارەکەیدا سەرەڕای ئەوەی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یارمەتی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێك لە خەباتی (ی . ن . ك) دادەنێت ، هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناردنی ئەم هێزە نیشانەی کوردستانی بوونی (ی . ن . ك) ە ، و دووپاتی دەکاتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی (ی . ن . ك) تا دوادڵۆپی خوێن ئامادەن بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن ، بڕوانە : ( وتاری مام جەلال لەکاتی ناردنی هێزی پشتیوان ، https://www.youtube.com/watch?v=UBephRJufMU)

[5] سەید کەریم :ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی"هاودیان" لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٢ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە ، دوای هەرەس دەچێتە سوریا و پەیوەندیی بە(ی . ن . ك)ەوە دەکات ، ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی (کملك)، ساڵی ١٩٨٢ بوو بە لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی چوار ، ساڵی ١٩٨٤ و لە ڕێگەی "تاسلوجە" سلێمانی لە لایەن کوردە خۆفرۆشەکانی سەربە ڕژێمەوە کوژرا. (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی، ل٤٢٧).

بوون [١]، پاشان ئەم هێزەی (ی . ن . ك) بەرەزامەندی هەردوو مەكتەبی سیاسی یەكێتی و (حدكا) نازناوی (هێزی پشتیوان)ی پێ بەخشرا، وچالاكیەكانییان لەڕادیۆی (حدكا)وە بلاْوكرایەوە[٢].

وەك ئامادەكارییەك بۆ بەشداری و چونی پێشمەرگەكانی (ی . ن . ك)، لەسەر داوای عەبدولڕەحمانی قاسملوو ملازم عومەر بەرپرسی مەكتەبی عەسكەری یەكێتی سەردانی بەرەی شەڕی كرد، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی شەڕ و كەم وكورییەكانی هێزی پێشمەرگە[٣]، پاشان (حدكا) بۆ هەماهەنگی و گەیاندنی پێداویستییەكانی پێشمەرگە، كۆمیتەیەكی ئامادەكاری دروست كرد لەگوندی " بنوخەڵەف" كە ئەندامانی پێك هاتبوون لە(مستەفا شەڵماشی، حامید گەوهەری، مەلا عەزیز)، لە (ئەیلولی ١٩٨٢ بەرامبەر خەرمانانی ١٣٦١) دا ئەم كۆمیتەیە یەكەم كۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و عەبدولرەحمان قاسملوو ئەنجامدا[٤].

وەك لەمەوبەر ئامارەی پێكرا هێزەكانی (ی . ن . ك) تەنها بۆ پشتیوانی (حدكا) نەچوونە ڕۆژهەلاْتی كوردستان ، بەڵكو بۆ یارمەتی و هاوكاری هەموو هێزە كوردییەكان چوونە ڕۆژهەلاْت ، بۆ هەمان مەبەست كۆمیتەیەكی هەماهەنگی لەنێوان فەرماندەكانی پێشمەرگەی (كۆمەڵە)و (ی . ن . ك)دا دروستكرا، و بەشێك لەو هێزە شانبەشانی پێشمەرگەكانی (كۆمەڵە) بەشداری زۆربەی شەڕەكانیان كرد دژی سوپای ئێران[٥].

لێرەدا دەكرێ ئامارە بەهەندێك لەو هۆكارانە بكەین كە بۆچی یەكێتی شان بەشانی هێزەكانی ڕۆژهەلاْت دژی سوپای ئێران دەجەنگا :

یەكێتی هەروەك خۆیان ڕایانگەیاند كە ئەو هێزە كوردستانیەن لەكاتی پێویستدا دەستی یارمەتی و هاوكارانە بۆ برا كوردەكانیان درێژدەكەن ، لەو دەمەشدا ڕۆژهەلاْتی كوردستان بایەخێكی تایبەتی بۆ یەكێتی هەبوو . لەكانونی یەكەمی ١٩٨١دا جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند : (( ئێستەش كە گەلی كوردستانی ئێران دوچاری شەڕێكی كاول كەر بووە ، كەداوا ڕەواكانی پێ شێل دەكرێن و ئێمەی ڕۆڵەی دڵسۆز و بە وەفای كوردایەتی ناتوانین بێ باك و بی پەرۆش و مل كەچ و سەرشۆڕ بوەستین ، ناتوانین ئەرك و فرمانی نەتەوایەتی و ئینسانی خۆمان فەرامۆش كەین . ناكرێت واجبی نەتەوایەتی و نیشتیمانی خۆمان بەلاوە بنێین ...[٦])). هەروەها یەكێتی دەیویست بیسەلمێنێت كە هێزێكی كوردستانی وسەربەخۆیە و ناكەوێتە ژێر

---

[١] برایم جەلال :چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە ، ل٣٦٩ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی بچكۆل، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/٢٨ ؛ جەلیل گادانی ، س . پ ، ل ٢٣١ ؛ خدر مەرەسەنە: س . پ ، ل ١٩٥–١٩٦ .

[٢] سەعید كاوە "كوێستانی"، س .پ ، ل٢٤٨ ؛ پشكۆنەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١٦٦ ؛ هەیاس كاردۆ: س پ، ل٣٩٢.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل٢٦٥.

[٤] حامید گەوهەری : ڕۆژهەلاْتی كوردستان لە دە ساڵ دا ١٩٧٨– ١٩٨٨ ،ب٢، چاپخانەی ڕۆژهەلاْت ، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٩٠.

[٥] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[٦] بانگەوازی كوردایەتی ، ل ٣٣.

کاریگەری هیچ لایەنێك، و بیرکردنەوە و ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە، پشتیوان و هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستانە لەهەر پارچەیەکدا بێت[1]. لەلایەکی دیکەوە یەکێتی بە دۆخێکی دژواری دیکەشدا تێدەپەڕی ، ئەویش فشاری ئێران و سەختی بارودۆخی عێراقیشەوە بوو کە دەچوونە رۆژهەلاَت و بەشدارییان لەشەڕەکاندا دەکرد کە نەدەکرا ئەم بەشداری کردنە بشاردرێتەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گرفتی گەورە بۆ یەکێتی لەلای حکومەتی ئێران [2].

لەڕاستیدا پەیوەندیی (ی . ن . ك) لەگەڵ حکومەتی ئێران تا ئەو کاتەی بەنی سەدر سەرۆك کۆمار بوو خراپ نەبوو، بەلاَم گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی حکومەتی ئێران بە لەسەرکارلادان وهەلاَتنی بەنی سەدر، (ی . ن . ك) ی هیوا بڕاو کرد ، ئێران دەستی گرتبوو بەسەر نزیکی (١٠٠) تۆن لە چەك و تەقەمەنیدا کەلە لایەن لیبیا و سوریاوە بۆ یەکێتی نێردرابوون، کاربەدەستانی ئێرانی بەتایبەت لەناو سوپای پاسداراندا هەڵوێستێکی زۆر دوژمنکارانەیان هەبوو بەرامبەر بەیەکێتی، حکومەتی ئێران پێی وابوو بە روخانی حکومەتی عێراق هاوشێوەی ئێران دەسەلاَتێکی ئیسلامی لە عێراقدا دروستدەکەن ، بۆیە دژی رێکخراوێکی چەپی هاوشێوەی (ی . ن . ك) بوون، و دەستیان بەسەر چەك و یارمەتییەکانی یەکێتی دا گرت، هەروەها سەرکەوتنەکانی سوپای ئێرانی لەبەهار بۆ پاییزی ١٩٨٢ بەسەر سوپای عێراقدا زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ هێزێکی وەك (ی . ن . ك)ی سیکۆلار لەدروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەعێراقدا هاوشێوەی دەسەلاَتی نوێی ئێران [3].

لەئەنجامی هێرشی بەرفراوانی سوپای پاسداران پارت و رێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەلاَتی کوردستان تا دەهات ناوچەکانی ژێردەسەلاَتیان لەدەستدەدا و نزیکی سنوری باشوری کوردستان دەبوونەوە، و روویان دەکردە ناوچەکانی نزیك لە بارەگەکانی(ی . ن . ك)، تەنانەت سوپای ئێران تا دەهات لەسەرکردایەتی یەکێتی نزیك دەبوونەوە، بێگومان ئەمەش مەترسییەك بوو لەسەر یان [4].

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ گفتوگۆلەگەڵ مەلابەختیار، سلێمانی، ٢٠١٥/١١/٢٥.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٠٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعصوم ، کۆیە، ٢٠١٥/٢/١٣.

(٣) نەوزاد عەلی ئەحمەد ، پشکۆیەك لە خۆڵە مێشدا ، ل١٩٢ ؛ برایم جەلال ، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل٣٤٨ ؛ گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

(٤) رێباز : س .پ ، ب٢ ، ل ٦٢ ؛ دیڤید مەکداول : س . پ ، ٥٧٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خدر مەعسوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣.

لەمەش بترازێ یارمەتییەکانی ئێران بەچەك و پارە بۆ (پ .د .ك ، پاسۆك[١]، حسك ، لەشكری ئیسلامی كورد/ لاك [٢]) هاندانیان دژی یەكێتی، سەرەڕای ئەوەی ببوو بە هۆی كەرت بوونی جوڵانەوەی كوردی ، هاوكات یەكێتی بە تەنها هێشتبوویەوە بەرامبەر بە نەیارەكانی، بۆیە یەكێتی ئەمەی بەدەرفەتێك دەزانی بۆ تۆڵە كردنەوە [٣]. لەهەمان كاتدا بارودۆخی ناوخۆی باشوری كوردستان جۆرێك لە ئارامی بەخۆوە بینی بوو، (ی . ن . ك) و هێزە نەیارەكانی كە لەسەرەوە ئاماژەی بۆكرا ریكەوتنێكیان لەنێواندا بوو جۆرێك دڵنیایی بەخشی بوو بە(ی . ن . ك)[٤].

فاكتەرێكی دیكەی چوونی هێزەكانی(ی . ن . ك) بۆ رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆی نهێنی نێوان (ی . ن . ك) و حكومەتی عێراق، چونكە عەبدولڕەحمانی قاسملوو و (حدكا) لە هەوڵدابوون بۆ نزیككردنەوەی (ی . ن . ك) و حكومەتی عێراقی[٥] . حامید گەوهەری پێی وایە كە چوونی هێزی پشتیوان

---

[١] پارتی سۆسیالیستی كورد/ پاسۆك : ئەم پارتە وەك پارتێكی نەتەوەیی و جێگرەوەی (پارتی ئازادی و ژیانەوە و یەكێتی كورد / كاژیك) دروستبوو . ئەم پارتە لە (١٩٧٥/١١/١١) لە شاری كەركوك لە لایەن (ئازاد مستەفا، فەرهاد عەبدولقادر، شێرزاد فاتح) وەلەژێر دروشمی (كوردستانێكی ئازاد ... گەلێكی یەكسان) دامەزرا . و چەندین شانەی نهێنی لە سلێمانی دروستكرد ، چەندین دەستەی پێشمەرگەیان دروستكرد و بەشداری خەباتی چەكداری بوون لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ . ئامانجی ئەم پارتە بریتی بوو لە یەكگرتنەوەی هەر چوارپارچەی كوردستان و سڕینەوەی سنورە دەستكردەكان ، و دروستكردنی برایەتی لەگەڵ كرێكار و هەژارانی جیهاندا . بڕوانە : (زانا فەقێ محمد : پارتی سۆسیالیستی كورد — پاسۆك ١٩٧٥-١٩٩١، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی _ سیاسییە، ماستەرنامە (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زانستەمرۆڤایەتییەكان / بەشی مێژوو، ٢٠١٦).

[٢] لەشكری ئیسلامی كورد : لەشكری ئیسلامی كورد دادەنرێت بەیەكەمین پارتی ئیسلامی چەكدار لەباشوری كوردستان ، ئەم پارتە لە سەرەتای شوباتی ١٩٨١ دا دامەزراوە ، دامەزرێنەری سەرەكی ئەم پارتە عەباس شەبەك بووكە خاوەنی پەیوەندییەكی فراوان بوو لەگەڵ لیبیا و ئێران ، دواتر پەیوەندیی كرد بە چەند كەسایەتییەكی ئاینییەوە لەوانە (مەلاحسین ماریۆنسی ، شێخ عبدالقادری سۆتكە) ، بارەگای سەرەكی لەشكر لە تاران بوو ، بارەگاكانی كوردستانیان لە بەری مەرگە ودۆڵی جافایەتی و حاجی مامەند و سەرگەڵو بوو ،ئەم پارتە لەلایەن لیبیا و ئێرانەوە هاوكارییەكی زۆر دەكران ،ئەمەش بووە هۆی فراوانبوونی لەماوەیەكی كەمدا ، لەڕوی كاری ڕێخستن و ئەندام وەرگرتنەوە ئەم پارتە زیاتر بەپارتێكی بێ دیسپلین دەچێت، وەئەندامانی ئەم پارتە هیچ خولێكی وشیاری پەروەردەیی سیاسییان نەدەبینی. زۆربەی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان لایەنگری خۆیان ناردبوویە ناوی بەتایبەت (ی . ن . ك) . دوای ئەوەی دەسەڵاتیان بەرەوفراوان بوون دەچوو بۆیە (ی . ن . ك) بڕیاریدا چەكیان بكات و ، لەتەموزی ١٩٨٢ دا دەست بەم پرۆسەیە كراو ، دوای چەككردنی جارێكی تر نەیتوانی خۆی ڕێكبخاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (ئیدریس سیوەیلی : ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری كوردستان ١٩٤٦-١٩٩١ ، توێژینەوەیەكی مێژوویی لەكار و چالاكی پارت و كۆمەڵە ئیسلامییەكان، چ١ ، چاپخانەی رەنج ، ٢٠٠٦،ل ١٦٨).

[٣] برایم جەلال : چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە ، ل ٣٦٩ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ پشكۆ نەجمەدین سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل٢٦٥.

[٤] برایم جەلال : چەپكێك لەمێژووی كۆمەڵە ، ل ٣٦٩ ؛ گفتوگۆلەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆكهۆڵم ، ٢٠١٤/٧/٨.

[٥] د. عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل ٢٧٢ ؛ برایم جەلال : چەپكێك لەمێژووی كۆمەڵە ، ل ٣٦٩ ؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س . پ ، ل ٤١٤ .

گرێدراوە بەوەی کە سەدام حسین پێش مەرجی خۆی دانابوو بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ ، بەوەی جەلال تاڵەبانی پێش ئەوەی بێتە گفتوگۆوە پێویستە بەرگری لە سنوری عێراق بکات کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەترسی لەسەرە ، تا بیسەلمێنێت کەسێکی نیشتیمانییە ، دواتر وەك دوو عێراقی گفتوگۆ دەکەن [1] . هەریەکە لەعومەر شێخ موس و مەلا بەختیار و جەلیل گادانی رەتی دەکەنەوە کە چوونی ئەم هێزە بۆ رۆژهەڵات پەیوەندیی بە هەوڵەکانی یەکێتیەوە هەبێت بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق، عومەرشێخ موس پێی وایە ئەمە سەرەتای تورەبوونی(ی . ن . ك) بوو بەرامبەر بەئێران ، و بەشێك بوو لە رێبازی راستەقینەی کوردستانی بوون و ئەرکی نەتەوەیی یەکێتی[2]. بەڵام لە راستیدا چوونی هێزی پشتیوان بۆ رۆژهەڵات کاریگەری باشی دەبێت بۆ دەستپێکردنی دانوستاندندنی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە داهاتوودا.

عومەرشێخ موس باس لەوەدەکات کە لە بەهاری ١٩٨١ دا وەك نوێنەری مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) سەردانی قاسملووی کردوە، و عەبدولرەحمانی قاسملوو باسی ئەوەی بۆ کردووە لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان لە بەغداد چاوی بەسەدام کەوتووە و ڕایسپاردووە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێتی بکات سەبارەت بە گفتوگۆ ، وبەو پێیەی سەدام وتویەتی (( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جەماعەتێکی نیشتیمانپەروەرن و هەتا ئێستە هیچ هاوکاری رژێمی ئێرانیان نەکردووە دژی ئێمە ، بۆیە ئامادەین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین))[3]. لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستیەش هەیە کە یەکێتی بەسەرکەوتنەکانی سوپای ئێران دڵخۆش نەبووە و تەنانەت زۆرکات چاوپۆشی لەجموجۆڵ و چالاکی سوپای عێراقی کردووە بۆ ڕێگریکردن لە سوپای ئێران بەتایبەت لەو ناوچانەی کە سوپای ئێران تێیدا لەپێشڕەویدابوون ، چونکە سەرکەوتنی ئێران زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ سەر (ی . ن . ك) دەبووە هۆی بەهێز بوونی نەیارەکانی[4]. بەشداری یەکێتی وەك هێزی پشتیوان گرێدراوە بە سروشتی یەکێتییەوە، کە یەکێتی وەك هێزێکی سیاسی زۆرجار سەرکێشی دەکرد[5].

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هاوکاری و بەشداری هێزی پشتیوان نزیکی دوو مانگی خایاند لەمانگی ئەیلولی ١٩٨٢ – تشرینی دووەمی ١٩٨٢بەردەوام بوو ، لەم ماوە یەدا هێزەکانی(حدکا) و(کۆمەڵە) بە پشتیوانی هێزەکانی(ی . ن . ك) توانیان ئیزگە و بارەگاکانیان بە بەڵگەنامە و کەل وپەلەکانیانەوە

---

[1] حامید گەوهەری : رۆژهەڵاتی کوردستان ،ب٢، ل٣٩٠-٣٩١.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٩٧ ؛ دکتۆر فوئاد مەعسوم : مام جەلال کەسایەتییەکی مێژووییە و مێژوو دروستی کردووە ، گۆڤاری "کەلتور" ، ژمارە(١٠) ، ساڵی چوارەم ، تەموزی ٢٠١٣، ل ١٥٩ ؛ گفتوگۆ لەگەڵ عومەر شێخ موس ، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٥/٧/٨ ؛ گفتوگۆلەگەڵ مەلابەختیار ، سلێمانی ، ٢٠١٥ /١١/٢٥ ؛ جەلیل گادانی : ڕاستی روداوەکان ، ل ١٣١.

[3] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٩٣.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم رەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا،ل١٩٣.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین :سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٢

بگوازنـەوە و ئـاودیوی سـنووری باشـووری کوردسـتانی بکـەن، هاوکـات پاشەکشـەیەکی ڕێـك و پێـك بـە هێزەکانیـان بکـەن، پاشـان بـەفرباریـنی زۆر بـووە نێوبـڕێوانی هـەردوولای شـەڕکەر و شـەڕ ڕاوەسـتا [1]، بـەڵام عەبدوڵا حەسـەن زادە بـاس لـەوە دەکـات کـە دوایـن پێشـمەرگەی (ی . ن . ك) دوای شـەش مـانگ گـەڕانـەوە باشوری کوردستان[2]. پێشمەرگەکانی (ی . ن . ك) ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بەرپەرچدانەوە و دواخستنی هێرشی سوپای پاسداران و ورەیان بەبەر پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا هێنایـەوە. سـەید کـەریم یـەکێك لـە فەرمانـدەکانی هێـزی پشـتیوان لەنامەیەکدا بۆ هۆمـەر شـێخ مـوس لـە ١١ تشـرینی دووەمی ١٩٨٢باس لەکار وچالاکییەکانی خۆیان دەکات دژی سوپای پاسداران وهاوکارانیـان کەژمارەیـەکی زۆریان لێ کوشتن و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیل گرتوون ، دەڵێت: (( ئەمڕۆ دوو مانگ زیاترە لەشـەڕی ئێـرانیین جاش و پاسداری زۆرمان کوشتوون زۆرمان بـەدیل گرتـوون لـەناو دیلـەکان هـەندێکیان قیـادەی موەقـەتن (کـە مەبەستی (پ . د .ك) ، ئەمڕۆ زۆربەی برادەرانمان ئیزندان بگەڕێنـەوە ناوچەکان تـەنیا هـەزار پێشـمەرگەیەك ماون بۆ شەڕی پارتیزانی لەناو ئێراندا [3])). هێزی پشتیوان بەشداری زۆربەی شەڕەکانیان کرد و تەنانەت لە زۆر شوێن شەڕەکە بوو بە شـەڕی (ی . ن . ك) و ئێـران ، لـەزۆر شـوێنیش نـاچار بـە شـەڕی بـەرەیی بـوون کـە ئەمـەش پێچـەوانەی سروشـتی هێزێکـی پـارتیزانی وەك یـەکێتی بـوو[4]. لـەم شـەڕانەدا یـەکێتی نزیکـی (١٧) پێشمەرگەی کوژران و (٢٠) پێپێشمەرگەیش برینداز بوون [5].

ناردنی هێـزی پشـتیوان لـەناوخۆی یـەکێتی و لەئاسـتی دەرەوەشدا کاردانـەوە و دەرەنجـامی جیـاوازی لێکەوتەوە. لە ناوخۆی (ی . ن . ك)دا سەبارەت بەناردنی هێزی پشتیوان بۆ چوونی جیاواز هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی کە دواتر ئالأی شۆڕش (ئاش) یان پێکهێنا،(سالار عەزیز و مەلا بەختیار) دژی ناردنی هێـز بوون بۆ

---

[1] برایم جـەلال : چـەپکێك لـە مێـژووی کۆمەڵـە ، ل ٣٧٠ ؛ عـەلی بچکـۆل : هـەورازە ڕێ ، ل ١٢٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێـژەر لەگـەڵ ئاسۆ شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[2] هەیاس کاردۆ: س . پ ، ل٣٩٥.

[3] نامەی ملازم سەید کەریم بۆ عومـەر شـێخ مـوس ، ١٩٨٢/١١/١١ـ وەرگیراوە لـە:( نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد : پشـکۆیەك لـە خۆڵـە مێشدا ، ل ٤١٢).

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر خدر مەعصوم ، کۆیە ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ مەحمود سەنگاوی : بیرەوەرییـەکانی سـەنگاوی، چ ٢، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل ١٢٥-١٣٠.

[5] لە نامەیەکدا سەید کەریم کە لە ( ١٩٨٢/١١/١١) بۆ عومـەر شـێخ موسـی نـاردووە ژمارەکـی کوژراوەکانی هێـزی پشـتیوان بـە (١٦ ) شـەهید و هـەروەها دەڵێـت بریندارێشـمان زۆرە لـە ناویانـدا مـلازم خولـە کـە برینەکـەی سـەختە (نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد : پشـکۆیەك لـە خۆڵـە مێشـدا ، ل ٤١٢) ، بـەڵام دواتـر یـەکێك لـە برینـدارەکان بـەهۆی سـەختی برینەکەیـەوە دەمرێـت و ژمـارەی کوژراوەکـانیش دەگاتـە ١٧ کوژراو(پشـکۆنەجمەدین : ئـەزمون و یـاد ، ل ١٦٦) ؛ جـەلیل گـادانی ژمـارەی کوژراوەکـانی هێـزی پشتیوان بە ٢٠ کوژراو دادەنێت (جەلیل گادانی : س . پ ، ب١ ، ل ٣٢١).

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، مەلابەختیار وەك ئەندامی سەرکردایەتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) و ئەگەرچی خۆی سەرپەرشتی قۆڵێکی شەڕی هێزی پشتیوانی دەکرد، بەڵام لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) دا دەنگی بە ناردنی هێز نەدابوو بۆ ڕۆژهەڵات ، هاوکات بەنوسینیش ناڕەزایی خۆی دابوو بە مەکتەبی سیاسی، لەگەڵ درێژە کێشانی شەڕەکاندا تا دەهات ناڕەزایی کادریر و فەرماندە سەربازیەکانیش زیاتر دەبوو[1]. نەوشیروان مستەفا ش ئەگەرچی خۆی یەکێك بوو لەوانەی کەدەنگی بەناردنی هێز دابوو بۆ ڕۆژهەڵات ، بەڵام بەهەمان شێوە بە ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە ئەم بەشدارییەی (ی . ن . ك) زیاتر عاتفی بوو نەك هەڵسەنگاندنی سیاسییانەی ڕووداوەکان[2]. پشکۆ نەجمەدین هێزی پشتیوان و شەڕکردن لەگەڵ ئێران بەسیاسەتێکی کورتبینانەی (ی . ن .ك) دەزانێت ، پێی وایە شەڕی (ی . ن .ك) دژی ئێران بەهەر پاساوێك بێت لەگەڵ سیاسەتی سەردەمدا نەدەهاتەوە، نالۆژیکی بوو لەو ڕۆژگارەدا دوژمنایەتی ئێران بکرێت، و پێی وایە کە یەکێتی لەو ڕۆژگارەدا پەیرەوی سیاسەتی ( ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەك ؟ [3] ) [4]. سالار عەزیز لە وتوێژێکیدا لە گەڵ کریس کۆچێرا باس لەهێزی پشتیوان دەکات و دەڵێت : (( ئێمە بە بەشداری شەڕ دژی ئێران شان بەشانی (حدکا) ئاگرێکی بەربڵاومان دژی خۆمان هەڵگیرساند، کە هەموومان لەناودەبات ))[5]. بەڵام بە پێچەوانەوە عەبدوڵای حەسەن زادە پێی وایە هێزی پشتیوان لاپەڕەیەکی زێڕین بوو لە مێژووی گەلی کورددا، بووە هۆی پتەوترکردنی پەیوەندی(ی . ن .ك) لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و (حدکا) بەتایبەتی، بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان[6].

---

[1] برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل٣٧٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٦٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا بەختیار ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١١/٢٥،پشکۆ نەجمەدین سەبارەت بەو کەسانەی کە ناڕازیبوون بەرامبەر چوونی هێزی پشتیوان بۆ ڕۆژهەڵات دەڵێت: (( ئێمە بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا ، دژی ئەو سیاسەتەی یەکێتی بووین پێمان وابوو بەزیانێکی سیاسی گەورە دەشکێتەوە )) بڕوانە(پشکۆنەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ١٦٦).

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٦٧.

[3] ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەك ؟: بریتی بوو لە نامیلکەیەك کە لە مانگی ١٩٨٣/١دا بڵاوکرایەوە ، لە بنەڕەتدا بریتی بوو لە زنجیرە وتارێك کە لە (ئێستگەی دەنگی شۆڕشی عێرق) ڕادیۆی (ی .ن .ك) وە و لە ماوەی نێوان (١٠/٢٦ – ١١/١١ /١٩٨٢) بڵاودەکرایەوە ، ئەم نامیلکەیە لەنۆ بەش پێکدەهات ، تایبەت بوو خستنەڕوی ستراتیژ وهەڵوێستی (ی .ن .ك) بەرامبەر بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان، یەکخستنی خەباتی نەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. (ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟ ) .

[4] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل١٦٦.

[5] کریس کۆچێرا : س . پ ، ل ٩٤.

[6] هەیاس کاردۆ: س . پ ، ل ٣٩٤.

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی تری باشوری کوردستان، بەتایبەت بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی(جود) کە لەلایەن (پ . د . ك) وە سەرۆکایەتی دەکرا، هەڵوێستێکی نەرێنیان هەبوو بەرامبەر بەچوونی هێزی پشتیوان، چونکە (پ . د . ك) هاوشانی سوپای ئێران و بە ئاشکرا بەشداربوو بۆ هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هێزەکانی (پ . د . ك)کە بە (ئەفرادی بارزانی) ناودەبران بەسەرکردایەتی(حەسۆ میرخان ژاژۆکی) ببوونە چاوساغی سوپای پاسداران بۆ گرتنی شوێنە ستراتیژییەکان و تۆبباران کردنی ناوچەکان[1].

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە سەرەتای کۆبونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و عەزیز محەمەددا داوای کردبوو لە (حشع) کە بەهانایانەوە بچن، بەڵام عەزیز محەمەد لەوەڵامی قاسملوودا وتبووی ئێمە دراسەی دەکەین و دواتر وەڵامتان دەدەینەوە[2]. دواتر بە (حدکا) یان ڕاگەیاندبوو کە (حشع) خۆیان تووشی شەڕ ناکەن لەگەڵ حکومەتی ئێران [3]. (حشع) سەرەڕای ئەوەی کە بەدەنگی داواکەی (حدکا)وە نەچوون هاوکات پڕوپاگەندەی خۆی دژی (ی . ن . ك) دەستپێکرد، پێیان وابوو(ی . ن . ك) دوژمنێکی تر بۆ شۆڕشی باشوری کوردستان پەیدادەکات [4]. هەروەها(ی . ن . ك) یان بەوە تاوانبار دەکرد کە ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی سوپای ئێران بێتە سەر سنور و مەترسی بۆ سەر بارەگاکانیان دروستبکات، و یەکێتی ئەمەی لە لا گرنگ نەبوو، چونکە بەرە و گفتوگۆ دەچوون لەگەڵ حکومەتی عێراق[5]. سەبارەت بە هەڵوێستی (حسك، پاسۆك) لەگەڵ ئەوەی هیچ یارمەتییەکیان پێشکەشی پارت و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات نەکرد، هاوکات دژی ئەم هەڵوێستەی یەکێتی بوون و دەستیان کردبوو بە پڕوپاگەندە، بەوەی یەکێتی مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی چۆڵکردووە و بۆ ڕازیکردنی حکومەتی عێراق ئەو ئەم کارە دەکات، لەگەڵ حکومەتی بەعس رێککەو تووە، و شەڕ دژی ئێران دەکات [6].

لە ڕاستیدا بەشداری هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە رووبەڕووبونەوەکانی دژی سوپای ئێران، ئەگەرچی دەرخەری کوردستانی بوونی یەکێتی بوو، هاوکات بڕیارێکی سەرکەشانەی پەلە بوو کە دەکرا زیاتر خۆی بۆ ئامادەبکرێت. یەکێتی لە نێوان دژایەتیکردنی ئێران و دۆستایەتیکردنیدا دەکرا بێلایەنی

---

(1) نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٩٤ ؛ سەعید کاوە "کوێستانی"، س .پ ، ل٢٤٩ ؛ فاتح ڕەسول : چەند لاپەڕیەك ، ب٣ ، ل ١٥٥.

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٦٤.

(3) فاتح ڕەسول : س . پ ، ب٣ ، ل١٥٥.

(4) ڕێباز : س . پ ،ب٢، ل ٦٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل ٢٦٧.

(5) ئەحمەد بانیخێڵانی : س . پ ، ل ٤١٤.

(6) برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل٣٧٠.

هەڵبژێرێت[1]. وەك فاتح رەسوڵ ئاماژەی پێدەكات دەكرا یەكێتی بە جۆرێكی تر یارمەتی (حدكا)ی بدایە[2]، وەك لە شەڕەكانی پێشوتردا هاوكاری (حدكا) و هێزە كوردییەكانی رۆژهەڵاتی دەكرد.

ناردنی هێزی پشتیوان بۆ رۆژهەڵات چەندین ئەنجامی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە زیادبوونی مەترسی ئێران و هاوپەیمانەكانی. ئێران بوو بە مەترسی بۆ سەر یەكێتی و ناچاری كرد كە لە سنوورەكانی عێراق – ئێران دووربكەوێتەوە و لە هێزەكانی عێراق نزیكببێتەوە [3] . یارمەتییەكانی(ی . ن . ك) بۆ (حدكا) لەڕوانگەی ئێرانەوە كارێكی لە بەخشین نەهاتوو بوو، چونكە پێیان وابوو ئەگەر یارمەتیەكانی (ی . ن . ك) نەبوایە ئەوا كۆتاییان بە (حدكا) دەهێنا، بۆیە (ی . ن . ك) بەم كارەی نەیتوانی (حدكا) هەڵسێنێتەوە و بەڵكو تەنها ئێرانی لەخۆی وروژاند و كەوتە بەر غەزەبی ئێران[4]. شەڕی (ی . ن . ك) دژ بە ئێران دۆخێكی نوێی خوڵقاند (ی . ن . ك)ی خستە نێوان هاوكێشەیەكی نوێوە، ئێران و بەرەی (جود) بە سەركردایەتی پارتی لەلایەك ، (ی . ن . ك) و (حدكا) یش لەلایەك . بەمەش (ی . ن . ك) توشی مەترسییەك بوو كە زۆر زیاتر بوو لەو مەترسیەی كەپێشتر توشی (حدكا) ببوو ، (ی . ن . ك) لە سێ لایەنەوە رووبەڕوی مەترسە ببۆیەوە لەوانە : یەكەم / حكومەتی عێراقی كە تا ئەوكاتە شەڕی لەگەڵ نەوەستێنرابوو، دووەم/ ئێران وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا بەهۆی یارمەتی (ی . ن . ك) بۆ رۆژهەڵاتی كوردستان ببووە دوژمنی یەكێتی، سێیەم/ بەرەی جود كە لەلایەن ئێرانەوە هاندەدران و خۆیان ئامادە دەكرد بۆ دەستپێكردنی شەڕ لەگەڵ یەكێتی[5].

---

[1] پشكۆ نەجمەدین : دیوی ناوەوەی ڕووداوەكان وەلامێك بۆ نۆشیروان مستەفا ، ب . ش ، ١٩٩٧، ل ٤٠.

[2] فاتح ڕەسول : چەند لاپەڕیەك ، ب٣ ، ل١٥٧-١٥٨.

[3] گەراس ئار . ڤی . ستانسفێڵد : كوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پێشكەوتنی دیموكراسیی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆری یاریدەدەر . د . یاسین سەردەشتیی، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠١٠، ل ٢١٥ .

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل٢٦٦-٢٦٧.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن ، ل ٢٦٧.

**باسی دووەم / ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی(ی . ن . ك ) بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە :**

ساڵانی نێوان (١٩٨٢– ١٩٨٩) بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە (باشور و ڕۆژهەڵات)ی کوردستان بەگشتی و مێژووی یەکێتی بەتایبەتی، چونکە چەندین گۆڕانکاریی گرنگ لە پەیوەندییە کوردستانی و هەرێمایەتییەکانی یەکێتی دا ڕوودەدات لەم قۆناغەدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی(ی .ن .ك) بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە .

تایبەتمەندی دیاری ئەم قۆناغە بریتی بوو لە شەڕی ناوخۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، شۆڕشی نوێ ودروستبوونی یەکەم دەستەی چەکداری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان تۆوی شەڕی ناوخۆیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو. ناکۆکی و بەریەککەوتنی چەکداری (ی . ن . ك) و (پ .د .ك) دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، ئەم ململانێ چەکدارییە هەموو ئەو ماوە درێژە تاساڵی ١٩٨٦ تەنها چەند کاتێکی کەمی نەبێت بەردەوام بوو، بەڵام شەڕی (ی . ن . ك) و هێزە چەکدارییەکانی تر دەتوانرێت بووترێت دوای ساڵی ١٩٧٩ و کاتێك (حسك) لە (ی . ن . ك) جیابۆیەوە ململانێی نێوانیان دەستی پێکردوو، (حشع ) و لایەنەکانی تر تاساڵی ١٩٨٢ توانیان تاڕادەیەك بێلایەنی خۆیان بپارێزن ، بەڵام لە ناوەڕاستی ١٩٨٢ دا شەڕی ناوخۆ لەوپەڕی پەرەسەندندا بوو، هەرچەندە چەندین جار هەوڵدرا بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە و توانرا تاڕادەیەك خاوبکرێتەوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٨٦ هێزە سیاسییەکان نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتنێکی یەکجاری[1].

شەڕی ناوخۆ لە باشوری کوردستان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر پەیوەندییەکانی (ی .ن .ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لەکاتێکدا یەکێتی لەگەڵ بەرەی (جود) دا لە شەڕدا بوو، تەنها لایەن کە پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی دا هەبوو (حدکا) و (کۆمەڵە) بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەوانیش لەگەڵ سوپای ئێران و(پ . د . ك) لەشەڕدابوون . ئەگەرچی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەتیدەکەنەوە کە بە هیچ جۆرێك بەشداری شەڕی ناوخۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بوبن، بەڵام بەرەی (جود) (کۆمەڵە و حدکا) یان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە یارمتیدەر و هاوکاری یەکێتی بوون [2].

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شەڕی ناوخۆ لە باشوری کوردستان بڕوانە :( ڕێباز : س . پ ، ب ٢ ، ل ٤١ ؛ سەلام عەبدولکەریم : س . پ ، ل١١ ؛ د. عەلی تەتەر نێروەیی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل ٢٧٩–٢٩١) .

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

(حشع) له روودانی شەڕی "پشتئاشان"دا (حدکا)یان تۆمەتبار دەکرد کەهاوکاری و یارمەتی یەکێتی کردووە بۆ هێرش کردنە سەر بارەگاکانیان ، بەوەی (حدکا) چەك و تەقەمەنی لەحکومەتی عێراقی وەرگرتووە بۆ یەکێتی، نەك تەنها ئەمە بەڵکو چەند پێشمەرگەیەکی (حشع ) یشیان کوشتووە [1]، بەڵام (حدکا) بەئاشکرا دژایەتی خۆی ڕاگەیان بۆ شەڕی نێوان هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم شەڕە [2]، لەماوەی شەڕی "پشت ئاشان " و پەلاماری یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی (حشع)، هێزێکی (حشع) دوای هێرشی یەکێتی پەنایان برد بۆیە بەر بارەگای (حدکا ) لە گوندی " بێتوش " پاشان بێ هیچ زیانێك گەیشتنەوە هێزەکانی خۆیان ، ئەگەرچی (حدکا) پێشتر بە نامە ناڕەزایی خۆیان نیشاندابوو بەرامبەر هێرشەکانی یەکێتی بۆ سەر بارەگای سەرەکی (حشع) ، بەڵام (حشع) لە نامەیەکدا بۆ (حدکا) ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر بە هێزێکی (حدکا) کە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ یەکێتی ناردووە ، (حدکا) لەوەڵامی (حشع)دا رایانگەیاند کە هیچ هێزێکی ئەوان نامەی پیرۆزباییان بۆ یەکێتی نەناردووە ، و هەموو هەوڵێکیان دەخەنە گەڕ بۆ ئازادکردنی گیراوانی (حشع) [3]. هەروەها لە دیمانەیەکدا (کەریم ئەحمەد[4]) ڕەتیدەکاتەوە کە (حدکا) یارمەتی یەکێتی دابێت ، جگە لەوە ئاماژە بەوەدەکات کە وەفدێکی باڵای (حدکا) کە شەرەفکەندی ( سەعید شەرەفکەندی[5] ) یان لە گەڵدابوو ،

---

[1] قادر ڕەشید (ئەبوشوان) : پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا ، ب . ش ، ب . س، ل ٢٥-٢٦.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە ، کۆیە ، ٢٠١٥/٣/١٦.

[3] فاتح رسول : چەند لاپەڕەیەك ، ب٣ ، ل ٢٨٩، ٢٩٢، ٢٩٨.

[4] کەریم ئەحمەد : ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی (کەسنەزان ) سەر بە شاری هەولێر لەدایك بووە ، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی دەچێتە خانەی مامۆستایان ، ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە مامۆستای وەرزش لە خوێندنگای ناوەندی کۆیە ، ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندیی دەکات بە (حشع) وە ، لەماوەی تێکۆشانی دا لە ناو (حشع) چەندین جار زیندانی کراوە و دورخراوەتەوە ، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ لقی کوردستانی (حشع) پشتیوانی لە شۆڕش کردووە ، ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع) ساڵی ١٩٧٩ بەشداری شۆڕشی کردووە دژی حکومەتی بەعس ، لەیەکەم کۆنگرەی حیزبی شیوعی کوردستاندا ساڵی ١٩٩٣ بووە یەکەم سکرتێری ئەم حیزبە ، لە کۆنگرەی دووەمی ئەم حیزبەوە لە کاری حیزبی دووردەکەوێتەوە .( محەمەد فاتح : پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشوردا ، چ ١ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٤٠٥).

[5] سەعید شەرەفکەندی (دکتۆر) : محەمەد صادق کوڕی مەلا محەمەد شەرەفکەندی لە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٣٨ لە گوندی "تەرەغە"ی سەر بە "بۆکان" لەدایك بووە ، محەمەد صادق برا بچوکی هەژار موکریانی شاعیرە ، هەر لە سەر دەستی ئەو فێری خوێندن و خوێندەواری بووە و لە ژێر کاریگەریی ئەودابوو ، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بۆکان و مەهاباد و تەبرێز تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری کیمیادا لە شاری تاران بەدەست هێناوە ، ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٩ لە قوتابخانەی شارەکانی (بۆکان ، مەهاباد، ورمێ) وانەی وتووەتەوە ، ساڵی ١٩٧٠ دوردەخرێتەوە بۆ تاران ، ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن وەزارەتی زانست ی ئێرانەوە دەنێرێتە دەرەوە ، دەچێتە شاری "پاریس" لە فەرەنسا، ١٩٧٦ بڕوانامەی

**دەچنە بارەگای (ی .ن .ك) داوای ئازادکردنی گیراوەکان دەکەن [1].راستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە سەعید شەرەفکەندی دوو نامەی بۆ کەریمی حیسامی ناردووە و لە نامەی یەکەمدا نیگەرانی(حدکا) ی نیشانداوە بۆ ئەم هێرشەی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی (حشع) [2]، لەمەش بترازێ لە نامەی دووەمدا باسی لەسەردانی خۆی کردووە بۆ لای تاڵەبانی، و ڕۆڵی (حدکا) و سەرکەوتنیان لەنێوبژیوانی کردنی یەکێتی و (حشع)دا خستووەتە ڕوو[3].**

**ئەگەرچی (حدکا) نیگەران بوو لەهێرشی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی (حشع) ، بەڵام بۆ شەڕی (ی . ن . ك) دژی (پ . د .ك) هەڵوێستی (حدکا) تەواو پێچەوانە بوو، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵوێستی نەرێنی (پ . د .ك) بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . هێزە کانی(پ . د .ك) شان بەشانی سوپای ئێران لە دژی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەت (حدکا) لە شەڕدابوون . هەرچەندە عەبدوڵای حەسەنزادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرەڕای ناکۆکی و شەڕی چەکداری (ی . ن . ك) و (حدکا) لەگەڵ (پ . د . ك) ، هیچ کات لەیەك بەرەدا دژی (پ . د . ك) لە شەڕدا نەبوون [4]. بەڵام لە ڕاستیدا لەکاتی چونی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی سوپای ئێران ، لەزۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا هێزەکانی (پ . د . ك) هاوشانی سوپای ئێران بەشداربوون لە شەڕەکاندا [5]، و یەکێتی لە ناکۆکی و شەڕی نێوان (حدکا) و (پ . د . ك) بوونە هاوپەیمانی (حدکا)، و شان بەشانی هێزەکانی(حدکا) دژی سوپای ئێران و(پ .**

---

**دکتۆرای بەدەست هێنا و هەمانساڵ دەگەڕێتەوە ئێران و لە زانکۆی پەروەردەی مامۆستایانی شاری تاران وەك (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) دەستدەکات بە وانە وتنەوە ، سەرەتای کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیکردنی بە (حدکا) وە لە ساڵی ١٩٧٣ لە پاریس پەیوەندیی کردووە بە خودی دکتۆر قاسملووە وە بە فەرمی و بووەتە ئەندام ، ساڵی ١٩٧٩ بووەتە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی (حدکا) لە تاران ، هەر هەمان ساڵ لە پلینیۆمدا دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی ، تا ساڵی ١٩٨٩ چەندین بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ گرتووە لەوانە دەبێتە جێگری سکرتێر ، پاشان دوای تیرۆر کردنی دکتۆر قاسملوو دەبێتە سکرتێر (حدکا) تا تیرۆر کردنی لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە لە(١٧/ئەیلولی /١٩٩٢ )دا لە شاری بەرلین تیرۆر دەکرێت. بڕوانە: ( د. هۆشمەند عەلی مەحمود : محەمەد صادق شەرەفکەندی ژیان و تێکۆشانی سیاسی ١٩٣٨_١٩٩٢)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی _ سیاسییە، گۆڤاری "زانکۆی کۆیە"، ژ (٣٥)،٢٠١٥).**

**[1] فوئاد سدیق : گەردەلولی سیاسەت چەند دیمانەیەکی سیاسیی ، مێژوییە ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل٦٠-٦٢ ؛ کەریم ئەحمەد : ڕێڕەوی تێکۆشان ، و: جەلال دەباغ ، سلێمانی ،٢٠٠٧، ل٣٠٠.**

**[2] کەریمی حیسامی :لە بیرەوەریەکانم ١٩٨٣– ١٩٨٥ ، ب٨، ستوکهولم ،١٩٩٤ ، ل ٣٥.**

**[3] هـ . س ، ل ٣٨.**

**[4] هەیاس کاردۆ: س . پ ، ل ٣٨٧.**

**[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم ڕەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣.**

د . ك) چووه شەڕەوە[1]. بەشێك لە هێزەكانی (پ . د . ك) كە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان سەرقاڵی شەڕ بوون لەگەڵ (حدكا)، بۆیە وەك پێویست نەیانتوانی بەشەڕی (ی . ن . ك)دا بگەن لە باشوری كوردستان [2]. (حدكا) لەو یارمەتییەی كەلە حكومەتی عێراقی وەریدەگرت لە (چەك وتەقەمەنی ، كەل و پەلی سەربازی ، ئازوقە و خواردەمەنی) بەشی هێزەكانی (ی . ن . ك) لێدەدا [3]، وەك عومەر شێخ موس ئاماژەی بۆ دەكات كە هێزەكانی ( حدكا ، كۆمەڵە ، دەفتەری شێخ عزەدین ) یارمەتییان لەحكومەتی عێراق وەردەگرت و ئیدارەی زۆربەی شەڕەكانیش لەلایەن (حدكا) وە دەكرا ، دوورنیە لە باری خواردەمەنی و تەقەمەنییەوە یارمەتی هێزەكانی (ی . ن . ك) كرابێت [4]. ئەم یارمەتیانەش لەلایەك (ی . ن . ك) هێزەكانی خۆی پێ بەڕێوە دەبرد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دژی سوپای ئێران ، لەلایەكی تریشەوە بوو بە هۆی بوژانەوەی هێزەكانیان و ڕزگاربوونیان لەو گەمارۆیەی كە لەلایەن ئێران و بەرەی جود و حكومەتی عێراقەوە كەوتبوویە سەری، لە دواتریشدا لەشەڕی ناوخۆدا (ی . ن . ك) سوودێكی زۆری لەم یارمەتییانە وەرگرت.

لایەنێكی تری ئەم قۆناغە بریتی بوو لە دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حكومەتی عێراق، ئەم دانوستاندنەش یەكێك بوو لەدەرەنجامەكانی شەڕی یەكێتی دژی سوپای ئێران لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان [5]. وەك پشكۆ نەجمەدین ئاماژەی پێدەكات كە هەر هێزێك بەری بەهاتنی هێزی ئێران بگرتایە دەبوو شەڕ بەرامبەر بە حكومەتی عێراق رابگرێت [6]. دوای ئەوەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەبەهاری ١٩٨١ دا پەیامی حكومەتی عێراق بۆ گفتوگۆ گەیاند بە (ی . ن . ك)، هەوڵەكانی (حدكا) بەردەوام بوو بۆ نزیككردنەوەی هەردوولا. چونی ژمارەیەكی زۆر لەپێشمەرگەی (ی . ن . ك) بۆ ڕۆژهەلات و كەم بوونەوەی چالاكییەكانی پێشمەرگە بەرامبەر بەسوپای عێراقی خۆی لە خۆیدا پەیامی ئامادەیی یەكێتی بوو بۆ گفتوگۆ. بۆیە هەر لەو كاتەدا كە هێزەكانی (ی . ن . ك) وەك هێزی پشتیوان لەڕۆژهەلاتی كوردستان بوون، حكومەتی عێراق دووبارە قاسملوویان ڕاسپارد بۆ نێوەندگیری كردنیان لەگەڵ (ی . ن . ك)، هاوكات بوو لەگەڵ شكستەكانی سوپای عێراق لە بەرەی باشوور بەرامبەر بە ئێران ، بەتایبەت لەناوچەكانی(شوش ، دزفول لە ئازار و

[1] كەریم ئەحمەد : س . پ ، ل ٢٩٢.
[2] د . عەلی تەتەر نێرویی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل ٢٨٩ .
[3] نادر ئینتیسار : س . پ ، ل ٢٧٥.
[4] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشكۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٩٩.
[5] هـ . س ، ل١٩٨.
[6] پشكۆ نەجمەدین : ئەزموون و یاد ، ل ١٦٦.

**خورەمشەهر لە نیسانی ١٩٨٢)[١]، ناوچە سنورییەکانی قەسر شیرین بۆ حاجی ئۆمەران بوو بە گۆڕەپانی شەڕ [٢]، بۆیە گفتووگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بوو بە بابەتێکی گرنگ.**

**عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە نیوەی دووەمی ١٩٨٢ دا پێشنیاری گفتوگۆی بۆسەرکردایەتی(ی . ن . ك) کرد، ئەگەرچی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەبووە هۆی توند بوونی هێرشەکانی بەرەی (جود) بۆ سەر(ی . ن . ك) ، و زیاتر بوونی توڕەیی ئێران و بڕینی یارمەتی( لیبیا و سوریا) لە (ی . ن . ك) [٣]، بەڵام سەرکردایەتی (ی . ن . ك) رازیبوو بە پێشنیارەکەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و داواکارییەکانی خۆیان لە سێ خاڵدا نارد بۆ حکومەتی عێراق [٤]. بەڵام حکومەتی عێراق بە بیانوی جۆراوجۆر خاڵی یەکەم و دووەمی رەتکردەوە و تەنها ڕازیبوو خاڵی سێیەم جێبەجێ بکرێت[٥]، کە ئەویش تەنها ڕاگرتنی شەڕی نێوانیان بوو .**

**دواترلە ١٣ تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ دا لەسەرداوای حکومەتی عێراق عەبدولڕەحمانی قاسملوو کۆبوونەوەیەکی لەگوندی "گۆڕەشێر" لەبارەگای سەرکردایەتی (حدکا) ڕێکخست، لەم کۆبوونەوەیەدا جگە لە عەبدولڕەحمانی قاسملوو نوێنەرانی(ی . ن . ك) پێك هاتبوون لە (جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا)، نوێنەرانی حکومەتی عێراقی پێکهاتبوون لەسێ ئەفسەری باڵای هەواڵگری گشتی (عەقید روکن خەلیل محەمەد شاکر یاریدەدەری سەرۆکی هەواڵگری گشتی، عەقید ئیحسان محەمەد ئەلدێری بەڕیوەبەری لقی هەواڵگری کەرکوك، عەقید ئەبو محەمەد بەڕیوەبەری لقی هەواڵگری گشتی هەولێر)، شاندی حکومەت ڕایان گەیاند کە ئەوان تەنها هاتوون ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونەکان بکەن داوایان لە نوێنەرانی (ی . ن . ك) کرد کە سەردانی بەغداد بکەن بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ[٦]. ئەگەرچی ئەم کۆبوونەوەیە بێ هیچ ئەنجامێك کۆتایی هات**

---

[١] بۆ ئەم قۆناغەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بڕوانە :( وفيق السامرائي :حطام البوابة الشرقية وحقائق عن الزمن السيء في العراق (قراءة جديدة في حربي الخليج الأولى والثانية) ، الكويت ، ١٩٩٧،ص٦٩-٧٩ ) .

[٢] دریە عونی : م . س ، ١٧١.

[٣] بۆ زانیینی هەڵوێستی جەماوەر ولایەنە سیاسییەکوردیەکانی باشووری کوردستان و وڵاتانی هەرێمی ( ئێران ، تورکیا، سوریاو لیبیا) ، بڕوانە : (د. سەروەر عبدالرحمن و د . دلێر ئەحمەد: دانوستاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق ١٩٨٤، چ١، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر ، ٢٠١١، ل ٦٨-٨٦).

[٤] هەرسێ خاڵەکە بریتی بوو لە : ١- گرێدانی هاوپەیمانییەتییەکی ستراتیژی لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،٢- داننان و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا ،٣-ڕاگرتنی شەڕی نێوان هەردوولا بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ دانوستاندن . سەبارەت بە خاڵی یەکەم کاربەدەستانی رژێم پێیان وابوو ئەم خاڵە پێویستی بەدراسەکردن و کاتە ، خاڵی دووەمیش لەدانوستاندنەکانی داهاتوودا باسی لێوەدەکەن .( صلاح الخرسان، م . س ، ص٤١١-٤١٢ ؛ برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل٣٨١).

[٥] صلاح الخرسان : م . س ، ص٤١٢.

[٦]صلاح الخرسان : م . س ، ص ٤١٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٢٧٠، ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر کەریم رەئوف، کۆیە ،٢٠١٥/٢/١٣، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی لێوە بکەین گرێدراوە بە ڕۆڵ و هەوڵەکانی دکتۆر

، بەلاّم (حدكا) لە هەوڵەكانی سەركەوتو بوو بۆ رازیكردنی هەردوولا بۆ سەر مێزی گفتوگۆ . پاشان هەمان شاندی حكومەتی عێراق لە( ١٣ شوباتی ١٩٨٣ ) لەڕێگەی (حدكا) وە سەردانی سەركردایەتی (ی . ن . ك)یان كرد لە "ناوزەنگ"، كۆ بوونەوەكان بیٚ ئامادەبوونی (حدكا) دەستی پێكرد ، نوێنەرانی حكومەت داوایانكرد جەلال تاڵەبانی بچێت بۆ بەغداد و لەگەڵ سەدام حسێن كۆببێتەوە و كێشەكانی نێوانیان چارەسەر بكەن[1].

تاڵەبانی لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٣ دا بۆ تاوتویٚ كردنی گفتوگۆ ، لەگەڵ سەركردایەتی و كادرە سیاسی و پێشكەوتوەكانی (ی . ن . ك)دا كۆبوویەوە، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی سەركردایەتی و ڕێكخستنەكانی یەكێتی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دا (ی . ن . ك) بە فەرمی بڕیاری دەستپێكردنی دانوستاندنی دا [2]. یەكێتی لە سیٚ لایەنەوە دەیڕوانییە دانوستاندن ، لەوانە: دانوستاندن پشوویەكی باش دەبێت دوای بەڕیكردنی ماوەیەكی سەخت ، چەسپاندنی مافی گەلی كورد ، و سوود وەرگرتن لەكات بۆ ڕێكخستنەوەی ریزەكانی لەئەگەری شكستی دانوستاندن [3]. (حدكا) تاكە كەناڵی پەیوەندیكردن بوو بۆ (ی . ن . ك) لەگەڵ حكومەتی عێراق ، چونكە (ی . ن . ك) هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ حكومەتی عێراقی نەبوو، بڕیاری گفتوگۆ لەڕێگەی (حدكا)وە گەیەنرایە حكومەتی عێراق ، داوا لە عەبدولرەحمانی قاسملوو كرا كە ڕێوشوێنی چوونی دەستەی نوێنەرانی (ی . ن . ك) بۆ بەغداد دابین بكات [4]. قاسملوو وەك نێوبژیوانێك ڕوڵدەگێڕێت و لە چاوپێكەوتنی سەدام و جەلال تاڵەبانیدا بەشداردەبێت [5]، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دا فەرەیدون عەبدول قادر لەرێگەی قاسملووە وە سەردانی بەغدادی كرد، چاوی بەكاربەدەستانی حكومەتی

---

قاسملوو و(حدكا)وە بۆ نزیككردنەوە و دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حكومەتی عێراقی، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حكومەتی عێراقی و قۆناغ و هۆكار و دەرەنجامەكانی بڕوانە :( مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان : گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری ،چاپخانەی شەهید جەعفەر ، كانونی دووەمی ١٩٨٥ ؛ د. سەروەر عبدالرحمن و د . دلێر ئەحمەد: س . پ)

[1] صلاح الخرسان :م . س ، ص٤١٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٨٤–١٩٨٨، بەرلین ، ١٩٩٩، ل ٧.

[2] رەفعەتی مەلا : ڕۆژە تەماوییەكان ، سلێمانی ، ٢٩٩٨،ل ٧٠ ؛ برایم جەلال : چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە ، ل٤١٤.

[3] دیفد ماكدووال : الكورد شعب أ علیە وجودە، ت : عبدالسلام النقشبندي ، ط١ ، مطبعة آراس ، أربیل ، ٢٠١٢، ص ١٤٨.

[4] رەفعەتی مەلا : س . پ ، ل ٧ .

[5] كریس كۆچێرا: س . پ ، ل٩٥.

عێراق کەوت ، دوای گەڕانەوەی فەرەیدون عەبدول قادر بۆ دۆڵی "بالیسان" ، لە ٢ کانونی یەکەمی ١٩٨٣ دا (ی . ن . ك) بروسکەیەکی بۆ هەموو هێزەکانی لێدا و شەڕ ڕاگیرا [١].

لە کانونی یەکەمی ١٩٨٣ دا دوو کۆپتەری حکومەت کە ( عەبدولڕەحمانی قاسملوو و ابو سرحان) ی تێدابوو دەچنە گوندی "زیخان" ، پاشان لەگەڵ شاندێکی(ی . ن . ك) بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی دەچنە بەغداد ، چاویان بە سەدام حسین دەکەوێت و پاشان لەگەڵ تاریق عەزیز و عزەت دوری و چەند جەنەڕاڵێکی عێراق گفتۆگۆکانیان دەستپێکرد [٢]. پرۆسەی دانوستاندن بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی، ونوێنەری هەردوولا چەندین جار لەگەڵ یەکدی دانوستاندنیان ئەنجامدا [٣] . دواجار یەکێتی لە دانوستاندنەکاندا پرۆژەیەکی خستە بەردەم حکومەتی عێراق [٤].

دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حکومەت زیاتر لە ساڵێکی خایاند ، بێ ئەوەی هێچ بابەتێك چارەسەر و یەکلابکنەوە یان بگەنە ڕیککەوتنێك [٥]. دواجار لە ١٥ کانونی دووەمی ١٩٨٥ دا کۆمیتەی سەرکردایەتی(ی . ن . ك) بەیانێکی بلاوکردەوە و ڕایگەیاند کە گفتوگۆ گەیشتوەتە بنبەست و کۆتایی گفتۆگۆیان ڕاگەیاند، و حکومەتی عێراقیان تاوانبارکرد بەراوەستانی گفتوگۆ[٦]. بێگومان عەبدولڕەحمانی قاسملوو و (حدکا) ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەو دانوستاندنانەدا و وەك نێوبژیوانێك چوونە نێوانی هەردوولا[٧]. هەروەها دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حکومەتی عێراق نەك تەنها (حدکا) بەڵکو لەلایەن هێزو سیاسییەکانی تری ڕۆژهەلاتی کوردستان ( کۆمەڵە، دەفتەری شێخ عزەدینی حسینی، کۆمەڵەی خەبات، کۆمەڵەی یەکسانی[٨]) و کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی پشتیوانی لێوەکرا[١] .

---

[١] مایکل إم غینتر : کورد العراق آلام و آمال ، ت: عبدالسلام محمد رؤف النقشبندي ، دار آراس للطباعة والنشر، ط١ ، أربيل، ٢٠١٢، ص ٦٣ ؛ برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٤١٥ ؛ د. سەروەر عبدالرحمن، د. دلێر ئەحمەد : س . پ ، ل ٣٠-٣١ .

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین :خولانەوە، ل ١٠ ؛ صلاح الخرسان ، م . س ، ص٤١٥ ؛ کریس کۆچێرا: س . پ، ل ٩٥ .

[٣] بڕوانە :( برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٤١٥-٤١٩).

[٤] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان _مەکتەبی سیاسی: ئەو پرۆژانەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویە بە حکومەتی عێراقی.

[٥] میدڵ ئیست ووچ : س .پ ، ل ٩٩.

[٦] بيان الاتحاد الوطني الكردستاني حول قطع المفاوضات مع الحكومة العراقية ،١٩٨٥/١/١٥( ملحق"الشرارة "، عدد (١) كانون الثاني١٩٨٥، ص١.

[٧] هارفی موريس وجون بلوج : لا اصدقاء سوى الجبال التأريخ المأساوي للأكراد، ت :راج آل محمد ،بيروت ، ب . س، ص ١٤٦.

[٨] کۆمەڵەی یەکسانی : لە بەهاری ١٩٧٩ دا لە شاری "سەقز " لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەلایەن چەند تێکۆشەرێکی کوردەوە دامەزراوە ، ئەم کۆمەڵەیە لە (١٩٧٩-١٩٩٧) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە بەردەوام بوون ، ئامانجی بریتی بوو لە بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی گەلی کورد لەسەر چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی

لەساڵی ١٩٨٥ دا یەکێتی لە ڕووی ناوخۆییەوە ڕووبەڕووی بارێکی نوێ بوویەوە ، دوای بەستنی چەند کۆنفرانسێك نەتوانرا کێشەی ناوخۆیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) چارەسەر بکرێت، تا دەهات ململانێ و جیاوازییەکانی ناو(کۆمەڵەی ڕەنجدەران) قوڵتر دەبوویەوە ، سەرەنجام گروپێك بەسەرکردایەتی (مەلا بەختیار، سالار عەزیز، شێخ عەلی، مامۆستا جەعفەر، پشکۆ نەجمەدین ) ڕێکخستنێکی نهێنییان بەناوی ئاڵای شۆڕش (ئاش)[٢] لەناویەکێتی دروستکرد، بەڵام لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا زۆربەی سەرکردەکانی (ئاش) لەلایەن یەکێتییەوە دەستگیرکران [٣].

(ئاش) لەگەڵ چەند لایەنێك پەیوەندیی هەبوو لە هەمان کاتدا بەڵێنی هاوکارییان پێدرابوو ، یەکێك لەو لایەنانە (کۆمەڵە) بوو . (کۆمەڵە) هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری کێشە ناوخۆییەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) بوو، و لە هەوڵدابوو بۆ کۆمەك کردن و گەیاندنی تێبینی و سەرنجەکانیان بە سەرکردەکانی (ئاش) [٤]، سەبارەت بە پەیوەندیی (کۆمەڵە) بۆ (ئاش) ئیبراهیم عەلیزادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (کۆمەڵە) لەڕێگەی مەلا بەختیارەوە پەیوەندیی بەرەوتێکی چەپەوە هەبووە لەناو (ی . ن . ك) دا کە دواتر بە (ئاش) ناسراون[٥]، هەروەها شێخ عەلی یەکێك لە سەرکردەکانی (ئاش) باس لەوە دەکات کە لەسەرەتای دروستکردنی ئەم ڕێکخراوەدا بەنهێنی پەیوەندییان بە(کۆمەڵە) وە کردووە[٦] . وەك سەرکردایەتی (کۆمەڵە) ئاماژەی پێدەکەن (کۆمەڵە) خوازیاری هیچ جۆرە جیابوونەوەیەك لەژێر هیچ ناوێکدا لەناو (ی . ن . ك)دا نەبوو ، و سەرەتای پەیوەندییەکانیشیان لەسەر ئەو بنەمایە بوو ، بەڵام دوورکەوتنەوەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) لە مارکسیزم و بیر وبۆچوونی چەپ لە قازانجی (کۆمەڵە)دا نەبوو ، بۆیە (کۆمەڵە) لە ئەدەبیاتی خۆیدا کە لەباشوری

---

کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو. لەهاوینی ٢٠١٢ دا کارەکانی خۆیان ڕاگرتووە. (کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان جارێکی تر دەبووژێتەوە ، http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=٣٦٨٣&ID_map=٢٣)

[١] مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان : گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری ، ل ٢ .

[٢] ئاڵای شۆڕش : وەك ڕەوتێکی ناڕازی لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی ناکۆکی ناو کۆنگرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(کۆمەڵەی ڕەنجدەران)دا دروست بوو ، لەگەڵ بوونی جیاوازی فکری لە ناوخۆیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)دا، چەندین لایەنی وەك هۆکاری کەسی و هاندان و پشتییوانی هەندێ لایەنی نەیاری یەکێتی بەتایبەت (پ .د .ك) لە پشتەوە بوو (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبوشەهاب) ، سلێمانی ، ١٢/٥/ ٢٠١٥).

[٣] برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٤٤٩ ؛ پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٢٤٥. ( هەریەکە لە مەلا بەختیار ، پشکۆ نەجمەدین ، شێخ عەلی لەلایەن (ی .ن .ك) وە دەستگیرکران و تا دوای ساڵی ١٩٨٨ لە زینداندا مانەوە. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣ ).

[٤] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل٢٣٨.

[٥] بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب٢، ل ٦١٢

[٦] شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٦٩ .

کوردستان بڵاوی دەکردەوە لە هەوڵدابوو بۆ پێشگرتن لەو ڕاستڕەوییەی کە (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) گرتبوویە بەر[1]، بێگومان بیروباوەڕی (کۆمەڵە) کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر (ئاش) و تێکڕای چەپەکانی باشوری کوردستان . پشکۆ نەجمەدین سەبارەت بە کاریگەری بیروباوەڕی (کۆمەڵە) لە سەر (ئاش) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (کۆمەڵە) ئەوسا ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (حکا)[2] بوو، وەك نوێنەری ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کە بەشێکی ئەرك و کاری خۆیان بۆ هەستانەوەی بزوتنەوەی چەپ لە کوردستاندا تەرخانکردبوو، لە ناوچەکەدا ڕێباز و بیروباوەڕیان کاریگەریی لەسەر ڕەوتە چەپەکانی باشووری کوردستان دانابوو ، بۆیە ئیمە وەك هەڵگرانی خەسڵەت و پرەنسیپە مارکسیستەکانی ناو(کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کێشەکانی خۆمان لەگەڵ سەرکردایەتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) دا لەم چوارچێوەیەدا دەبینی ، پەیوەندییەکی نزیك و نهێنیمان لەگەڵ (کۆمەڵە)دا هەبوو[3]. پەیوەندیی (کۆمەڵە) لەگەڵ (ئاش) دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندیی پێشووتری سەرکردەکانی (ئاش) لەگەڵ (کۆمەڵە) ، و زیاتر پەیوەندییەکان پەیوەندییەکی فکری بوو[4]. شایانی باسە پەیوەندیی نهێنی (ئاش) و (کۆمەڵە) جێگەی نیگەرانی (ی . ن . ك) بوو . (کۆمەڵە) بەڵێنی هەموو یارمەتییەکی بە پێی توانا و بەنهێنی بە ( ئاش) دابوو ، لە سەرتادا لە بواری چاپ و چاپخانەدا یارمەتییانی دابوو، شایانی باسە پێش گیرانی سەرکردایەتی (ئاش) چەند پارچە چەکێکیان لە بارەگای (کۆمەڵە) وەرگرتبوو لەنزیك گوندی "مالومە" [5].

دانوستاندنی نێوان (ی . ن . ك) و حکومەتی عێراق هێشتا بەفەرمی کۆتایی نەهاتبوو ، کە یەکێتی بە نهێنی هەوڵەکانی خۆی خستبووە گەڕ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران ، (ی . ن . ك) ناچاربوو لە ئەگەری شکستی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت ئەڵتەرناتیڤی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق بدۆزێتەوە،

---

(1) بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب٢، ل٦١٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢.

(2) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (حکا): ئەم حیزبە لە ٢ ئەیلولی ١٩٨٣ دا کۆنگرەی یەکەم ( کۆنگرەی دامەزراندنی ) گرێدا ، کەچەندین لایەنی چەپی تێدا بەشداربوون وەکو (کۆمەڵە) و یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و هەندێك لە هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوی پەیکار و ڕەزمندگانی ئازادی چینی کرێکار لەگەڵ بەشێك لە کادیران و ئەندامان و لایەنگرانی چریکی فیدائیان . (کۆمەڵە) ئەگەرچی لە هەموو ئەو هێزانەی تر کە بەشدار بوون لە پێکهێنانی (حکا) دا گەورەتر بوو بەڵام بوو بە لقی کوردستانی ( حکا) ، عەبدوڵا موهتەدی بووە سکرتێی(حکا) و سەید ئیبراهیم عەلیزادەش بوو بە سکرتێری (کۆمەڵە). بڕوانە: ( شەیما سەعید حەمەلاو : س . پ ، ل١٧١).

(3) ئەزمون و یاد ، ل ٢٣٨.

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣.

(5) پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل٢٤١.

نەیدەتوانی لەیەك كاتدا شەڕی عێراق و ئێران و بەرەی جود بكات [1]. وەك نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بۆ دەكات (( هیچ ڕێگایەك نەبوو خۆراك و ئازوقە بگاتە ئێمە ، هیچ یارمەتییەك نەبوو بۆ بریندارەكانمان ، هیچ ڕێگەیەكیش نەبوو بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیەی رزگارمان كردبوو . لەبەر ئەوە ئێران تەنها پەنجەرەی ئێمە بوو [2]))، بەڵام یەكێتی تا بە فەرمی كۆتایی بە دانوستاندن نەهێنا نەیتوانی سەركەوتوبێت لە دروستكردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا ، بەتایبەت دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەكانیان لە چەندین شەڕی قورس و گەرمدا گورزی كوشندەیان لە سوپای عێراق وەشاند، ئەمەش دڵنیایی دا بە ئێران كە یەكێتی بە تەواوی پەیوەندیی لەگەڵ حكومەتی عێراق كۆتایی پێهاتووە . دواتر لە سەرەتای ١٩٨٦ بەدواوە چەندین نوێنەری هەردوولا بە نێوبژیوانی (حسك) گفتوگۆیان دەستپێكرد، پاشان لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٦دا هێزی پێشمەرگەی (ی . ن . ك) و نزیكی(١٥٠) پاسداری ئێرانی یەكەم كردەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆسەر دامەزراوە نەوتییەكانی كەركوك، دوای ئەم ئۆپراسیۆنە لەتشرینی دووەمی ١٩٨٦دا ڕێكەوتنی نێوانیان واژۆكرا[3].

لێرەوە قۆناغێكی تر دەست پێدەكات لە پەیوەندیی نێوان (ی . ن . ك) و پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ، چونكە ئێران هەر لەسەرەتاوە مەرجی هەبوو بۆ یەكێتی سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەتایبەت هێزە كوردییەكان و دەركردن و لێدانیان لەناوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكێتی ، كە لە زۆربەی دانیشتنەكانی نێوان هەردوولادا باسی لێوە كراوە [4]. لەسەرداوای مونتەزری كە نامەی بۆ جەلال تاڵەبانی نوسیبوو بۆ دروست كردنی پەیوەندیی نێوان یەكێتی و ئێران ، لە مانگی ئازاری ١٩٨٦دا شاندێكی یەكێتی كە پێكهاتبوو لە (فوئاد مەعصوم ، دارا جەفید[5]، ڕەفعەتی مەلا [1]) ، دەچنە "ڕەزائیە" و

---

[1] شەوكەت حاجی موشیر : كارەساتی كیمیابارنی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨ كورتە باسێكی جوگرافی –ئابووری –كۆمەڵایەتی – سیاسی ، چ ١ ، سلێمانی ، ئازاری ١٩٩٨، ل ٣٢.

[2] وەرگیراوە لە (میدڵ ئیست وۆچ : س . پ ، ل ١٠٨).

[3] سامي شورش : م . س ، ص ١٦٣-١٦٧ ؛ هادی علی : م . س، ص ١٥٠ ؛ محمەدی حاجی محمود : ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕوداوەكانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەكەمان دەكات ١٩٧٦-١٩٩٦ (١٩٨٢-١٩٨٦)، ب٢ ، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٣١٤، ٣٢٢ . هەروەها بۆ پتر پێزانین دەربارەی دروستبوونی پەیوەندیی (ی .ن .ك) و ئێران بڕوانە :( فاروق محەمەد محەمەد ئەمین: س . پ ، ل ٢٢٥).

[4] (ی .ن .ك) و ئێران لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دا چەندین نوینەریان ناردە لای یەكتر و چەندین دانیشتن و كۆبوونەوەیان ئەنجامدا ، و چەندین لایەنیان تایبەت بە ئایندەی پەیوەندی نێوان هەردوو لاو یارمەتییەكانی ئێران بۆ (ی .ن .ك) و هەروەها ڕێكەوتنی هێزە كوردستانییەكان دژی حكومەتی عێراق باسی لێوەكرا ، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە زیاتر باس لەو كۆبوونەوانە بكەین كە بابەتی تایبەت بە پەیوەندیی (ی .ن .ك) و پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان باسی لێوە كراوە.

[5] شێخ دارا كوڕی شێخ جەلال كوڕی شێخ ئەحمەدی حەفیدە لە بنەماڵەی كەسایەتی ناسراوی ئاینی (شێخ مارفی نۆدێ) یە، ساڵی ١٩٤١ لە گوندی "كوڕەدوێ" لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٤ دەبێت پێشمەرگە تاكۆتایی شۆڕشی ئەیلول ، دوتر لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی دەكات بە ڕیزەكانی (ی .ن .ك) ەوە ، لەشاخ چەندین بەرپرسیارێتی پێشمەركایەتی و كارگێڕی پێسپێردراوە ، ساڵی

**لەگەڵ حاجی مستەفوی لێپرسراوی دەزگەی هەواڵگری( ئیتلاعات)ی "رەزائیە"دا کۆدەبنەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا جگە لە باسکردنی گفتوگۆی یەکێتی و حکومەتی عێراق و هەروەها ئەو ناوچانەی کە لە ژێردەستی یەکێتی دا بوو، نوێنەری ئێران باس لە(حدکا) و(کۆمەڵە) و( موجاهەدین خەڵقی ئێران[٢]) دەکات، و داوایان لێدەکات کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان دەریانبکەن، بەڵام نوێنەرانی یەکێتی ئەم داوایەیان ڕەت کردەوە، ڕایانگەیاند کە یەکێتی دڵنیایی ئەوە دەدات بە ئێران کە ئەم هێزانە لە سنوری یەکێتییەوە هیچ چالاکییەك دژی ئێران ئەنجام نەدەن [٣]. پاشان هەمان وەفد وچەند کادرێکی تری یەکێتی لەشاری**

---

١٩٨٥ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی (ی .ن .ك) ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە لێپرسراوی پەیوەندیی (ی .ن .ك) لەگەڵ ئێران کە بنکەیان لە گوندی " یاخسەمەر" بوو ، ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ بە ڕپرسی مەڵبەندی دووی (ی .ن .ك) بووە ، پاشان دەچێتە دەرەوەی ولات و تا ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە کوردستان ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێی (ی .ن .ك)دا دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند ، لە( ٢٠١٢/١٢/٢٥) دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد :(ڕۆژنامەی "کوردستانی نویٚ ": لە یادی سیٚ ساڵەی کۆچی دوایی شێخ دارای حەفید – دا، ژمارە ( ٦٨٦٢)،یەکشەممە ،٢٠١٦/١/٣).

[١] ڕەفعەتی مەلا : ساڵی ١٩٣٧ لە سلێمانی لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە ، خانەی مامۆستایانی ساڵی ١٩٥٨ لە سلێمانی تەواو کردووە ، سەرەتای کاری سیاسی بووەتە ئەندامی ریکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندیی بە (پ . د . ك)ە وە کردووە ،بەشداری شۆڕی ئەیلولی کردووە و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە ، دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول و ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی دەکات بە ریزەکانی (ی .ن .ك) وە، ساڵی ١٩٨١ دەچێتە شاخ و دەبێتە ئەندامی دەزگەی دارایی (ی .ن .ك)، ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی ڕیکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕان ، ساڵی ١٩٨٦ بەشداربووە لە هەوڵ و دانیشتنەکانی نێوان (ی .ن .ك) و ئێران بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوانیان ، هەمان ساڵ لە ئۆفیسی (ی .ن .ك) لە کرماشان دەست بەکاردەبێت ، ساڵی ١٩٨٨ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لە دەرەوەی ولات دەبێت ، دواتر ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە ئەندامی پەڕلەمانی عێراق لەسەر لیستی سەوز ، دواتر ساڵی ٢٠٠٨ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد :( ئینسکلۆپیدیای یەکێتی، ل ٣٥٢–٣٥٣).

[٢] ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران : ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٥ دا لەلایەن (محەمەد حەنیف نەژاد ، ئەسغەری بەدیع زادگان ، سەعیدی موحسن) ەوە و لە زینداندا دادەمەزرێت ، پێشتر هەرسێکیان ئەندامی (نەهزەتی ئازادی ئێران ) بوون ، کە لەلایەن مەهدی بازرگانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا ، لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا کەشێکی پڕ توندوتیژی و خەباتی چەکداری لە کۆمەڵگای ئێرانیدا برەو دەسێنێت ، لەم کاتەدا موجاهدینی خەڵق وەك ریکخراوێکی ئیسلامی – چەپی توندڕە و باوەڕدار بە خەباتی چەکداری توند و تیژی شۆڕگێڕانە دادەمەزرێت ، لەکۆتایی شەستەکاندا گەشەی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت ، لە ئەنجامی گورزە یەك لەدوای یەکەکانی دەزگەی ساواك ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیان دەخرێنە زیندانەوە ، بەلاّم هاوکات چالاکییە سەربازیەکانییان بەردەوام بوو دژی دەسەڵاتی شا ، لەسەروبەندی شۆڕشی ١٩٧٩ دا مەسعود ڕەجەوی و موسا خیابانی دوای هەشت ساڵی زیندانی توانیان ریزەکانی موجاهدین ڕێکبخەنەوە ، دوای شۆڕ لایەنگر و پشتیوانی خومەینی بوون ، ئەم هاوپەیمانییە تا خۆ کاندیدکردنی ڕەجەوی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لە ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو، بەلاّم ڕەجەوی سەرنەکەوت ، ساڵی ١٩٨١ موجاهدین خۆپیشاندانێکی فراوانی چەکداری ئەنجامدا و لەلایەن سوپاوە بە چەك وەلاّم درایەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کوژران و یان زیندانی کران وبەشێکی زۆریشیان هەلاّتن. بڕوانە :( ئازاد مەحمود : سازمانی موجاهدینی خەلق و کوردستان ،گۆڤاری "دۆسیەی ئێران _سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی " ، ژمارە (١١ و ١٢) تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل ٦١ ؛ مهندس علی اکبر راستگو: مجاهدین خلق در آئینه تاریخ، جلد اول، چ١، ١٣٨٢).

[٣] ڕەفعەتی مەلا : س . پ ، ل ٧٩ .

"کرماشـان" ولەگـەڵ قـەرارگای ڕەمـەزان کۆدەبنـەوە، جگـە لـە باسـکردنی یەکخسـتنی هـەوڵی هـەردوولا دژی حکومەتی عێراق ، باس لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش کرا و بە وەفدەکەیان ڕاگەیاند کە:(( هاوکاری ئێمـە لەگـەڵ ئێوە لەسەر ئەو بنەمایە ئەبێت، کۆمەڵە، دیموکرات ، موجاهدین خـەڵقی ئێـران ، لـە سنوری خۆتـان دەربکـەن یان ڕێگە بە ئێمە بدەن خۆمان وایان لـێ دەکـەین سـنووری ئێـوە جـێ بهێڵن ))، بـەڵام نوێنـەرانی یـەکێتی ئـەم داوایـە ڕەتدەکەنـەوە بـە بیـانووی ئـەوەی ئـەوان دەسـەڵاتی بڕیـاری لـەو جۆرەیـان نییـە و پێویسـتە لەگـەڵ سەرکردایەتی یەکێتی دا کۆببنەوە [1].

لە نیسانی ١٩٨٦ دا وەفدێکی ئێران سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی کرد لە گوندی "بەرگەڵو"، لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ، د . فوئاد مەعسوم ، دارا حەفید، ڕەفعەتی مەلا، حەمە تۆفیق )دا کۆبوونەوە ، کێشـەی سەرەکی کۆبوونەوەکان بریتـی بوو لـە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ (حدکا) و هێزە کانی تـری ئێرانـی ، و چـەندین مـانگ پەیوەنـدیی نێـوان هـەردوولای دواخسـت[2]. ئێـران بـە یـەکێتی ڕاگەیانـد کـە ئامـادەن هـەموو یارمەتیـەکییان بـدەن ، بـەڵام بۆدروسـتکردنی پەیوەنـدیی و پێدانی یارمـەتی بـە یـەکێتی مـەرجیان هـەبوو کـە بریتـی بـوو لـە : تاوانبـارکردنی ڕێبـەرانی شۆڕشـی کوردسـتان لـە شـەڕکردنیان بەرانبـەر بـە ئێـران ، لەمـەش بـترازێ (ی .ن .ك) دان بـە هەڵـەی خۆیـدا بنێت بـۆ یارمـەتی (حـدکا) دژی ئێـران ، هـەروەها پێویسـتە هێـزە سیاسییەکانی نەیارانی ئێران (حدکا ، کۆمەڵە ، موجاهـدین ) لەناوچـەکانی ژێردەسـتی یـەکێتی دەربکـرێن ، لێیان بدەن و ئەندامانیان دەستگیر بکرێن و ڕادەسـتبکرێنەوە بەئێران ، یان ڕێگە بدەن سوپای ئێـران لێیـان بدات و لەناویانبەرێت ، بەڵام یەکێتی مەرجەکانی ئێرانی بۆ دەرکردنی لایەنە سیاسیەکانی نەیاری ئێران بەتایبـەت لایەنـە کوردییـەکان ڕەتکـردەوە، ڕایگەیانـد کـە یـەکێتی ئامـادە نییـە هـیچ کارێـك دژی ئـەوان ئەنجامبدات [3].

لە ئەنجامی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی نێوان هـەردوولادا لەسـەر چـەند خاڵێك ڕێککـەوتن ، وەك هاوکـاری ئابووری و سیاسـی و سـەربازی، و بـەردەوام بـوون لـە خـەباتکردن تـا ڕووخـانی حکومـەتی عێـراق [4]، ئـەوەی

[1] وەرگیراوە لە :( ڕەفعـەتی مـەلا : س . پ ، ل ٨٢) . لەکۆبوونـەوەی کرماشـاندا نوێنـەرانی (ی .ن .ك) سـەبارەت بـە دەرکردنـی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەتایبەت هێزە کوردییەکان نەرمیان نواندبوو بۆ ئەم خاڵەی ئێران ، بەڵام دواتر لەلایـەن تاڵەبانییەوە زۆر بەتونـدی بەرپەرچـی ئـەم خاڵـەی دابوویـەوە ، ڕایگەیانـدبوو کـە (ی .ن .ك) بـەهیچ جۆرێك ڕازی نابێت دژی هێـزە کوردییـەکان هەنگاو بنێت (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢).

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین : خولانەوە لە ناو بازنەدا ، ١٠٤- ١٠٥ ؛ ڕەفعەتی مەلا : س . پ ، ل ٨٥.

[3] نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین : خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا ، ، ل ١٠٦ ؛ ڕەفعـەتی مـەلا : س . پ ، ل ٧٩،٨٢ ؛ بـرایم جـەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، ل ٤٦٢-٤٦٣.

[4] ئۆفرا بینگیۆ : س . پ، ل ٢٦٨.

پەیوەندیی بە هەڵوێستی یەكێتییەوە بێت بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێران ، ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی یەكێتی زامنی ئەوەبكات كەهاتوچۆكەرانی ئێرانی پارێزراوبن و لە ناوچەكانی ژێردەستی یەكێتییەوە چالاكی دژی كۆماری ئیسلامی ئێران نەكرێت ، بەرامبەر بەمە سوپا و دام ودەزگەكانی تری ئێران دەست لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نەوەشێنێت و هیچ كردەوەیەك دژی سەركردەكانیان ئەنجام نەدات [1]. پێداگری یەكێتی وایكرد ئێران واز لە مەرجەكانی بهێنێ سەبارەت بەدەركردنی هێزە كوردییەكان لەناوچەكانی ژێر دەستی یەكێتی، وچاوپۆشیان كرد لەبوونی بارەگاكانی (حدكا) لە"گەورەدێ" و (كۆمەڵە) لە"چۆخماخ"، لەكاتێكدا بنكەی ئێرانیەكان لە"یاخسەمەر" بوو[2]. دواتر ئێران هەوڵیدەدا كە لە ڕێگەی یەكێتی وە زانیاری لەسەر پارت و ڕێكخراو و بارەگاكانی پارت و ڕێكخراوە سیاسیەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان وئۆپۆزسیۆنی ئێران بەدەست بهێنێت ، بەڵام یەكێتی هیچ كات ئامادەیی خۆی نیشان نەدا بۆ ئەم داوایەی ئێران و لەكاتی هاتوچۆی نوێنەرانی ئێران دا ، یەكێتی هەوڵیدەدا كە ئەم نوێنەرانە بە جێگە و ڕێگەی تایبەتدا ببات تا نەتوانن زانیاری لەسەر شوێن و هێزی لایەنە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵات كۆبكەنەوە[3]. بەڵام یەكێتی بەڵێنی بە ئێران دابوو كە هەموو جۆرە یارمەتییەك لە(حدكا) ببڕێت [4].

هەر هەمان ساڵ ئاشتەوایی گشتی لەنێوان پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی باشووری كوردستاندا هاتە كایەوە، یەكێتی (حیسك و پاسۆك و حشع) و دواتر لەگەڵ (پ . د . ك) گەیشتنە ڕێككەوتن، شایانی باسە چاكبوونی پەیوەندیی یەكێتی و ئێران ویستی ئێران بۆ دروستبوونی بەرەیەكی یەكگرتووی كوردی فاكتەرێكی گەورە بوو بۆ دروستبوونی ئاشتەوایی گشتی لە نێوان پارت و ڕێكخراوە سیاسیەكانی باشوری كوردستان [5] ، بۆ سود وەرگرتن لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران و سود وەرگرتن لەیارمەتییەكانی ئێران بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، سەرەنجام شەش هێزی كوردستانی لە ٢ ئایاری ١٩٨٨ دا بەسەرپەرشتی و لەژێرچاودێری ئێراندا (بەرەی كوردستان[6])یان پێكهێنا [7]. لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ كۆتایی ١٩٨٨ ڕژێمی عێراق شاڵاوێكی بەرفراوانی دەستپێكرد لە كیمیاباران كردن و ڕاگوێزانی گوندەكانی كوردستان،

---

[1] برایم جەلال : چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە ، ل ٤٦٤.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین : خولانەوە لە ناو بازنەدا ،ل ١٠٦ ؛ ڕەفعەتی مەلا : س . پ ، ل ٨٥.

[3] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری : سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[4] دیڤید مەكداول : س . پ ، ل ٥٧٧.

[5] ئۆفرا بینگیۆ : س . پ ، ل ٢٦٨ ؛ د . عەلی تەتەر نێرەویی : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل ٤١٥ ؛ جیرارد چالیاند: م . س ، ص ٣٥٢

[6] بڕوانە : ( بەیانی بەرەوەی كوردستانی ٢ ئایاری ١٩٨٨) .

[7] Michael M. Gunter: Op. Cit. p81.

دیارترینیان بریتی بوون لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ، و پرۆسەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و زیندە بەچاڵکردنی دانیشتوانەکەی لە ژێر ناوی پرۆسەکانی(ئەنفال) دا کە (١٨٢) هەزار لە دانیشتوانی باشووری کوردستان بێ سەرو شوێن کران[(١)] .

ئەگەرچی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوون ، بەڵام زۆر جار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەك سزایەك بۆ پەیوەندییان لەگەڵ (ی . ن . ك) بارەگە و پێشمەرگەکانیان بەر شاڵاوی بۆردوومان و کیمیاباران کردن دەکەوتن . حکومەتی عێراقی لە هێرشەکانیدا بۆ سەر بارەگەکانی (ی . ن . ك) دەستی لە پێشمەرگەکانی (حدکا) ش نەدەپاراست ، لەسەرەتای هێرشەکانیدا بەچەکی کیمیایی بۆ سەر بارەگاکانی (ی . ن . ك) لە ١٥نیسانی ١٩٨٧ دا نزیکی شەست گوند بەرکەوتن ، کە ژمارەیەك بارەگای (حدکا)شیان تێدابوو[(٢)]، و لە "بۆتێ" بارەگاکانی (کۆمەڵە) بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کران و ژمارەیەك پێشمەرگە کوژران و بریندابوون [(٣)].

دوای ئەوەی ئێران بڕیاریدا بەهەماهەنگی هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان شاری هەڵەبجە ئازاد بگرێت ، لە ١٥ ئازاری ١٩٨٨ دا ئەم شارە بە تەواوی کەوتە دەست هێزە کوردییەکان [(٤)]، لەوەلاّمدا حکومەتی عێراق لە ١٦ –١٨ ئازار دا شاری هەڵەبجە و دەوروبەری کیمیابارانکرد، و نزیکەی (٥٠٠٠) هاوڵاتی ئەم شارەی شەهید کرد[(٥)] .

لەکاتی دانانی پلانی گرتنی شاری هەڵەبجەدا مەرجی یەکێتی بۆ بەشداریکردنی لەم پرۆسەیەدا ئەوەبوو کە ئامانج لە ناوبردنی دەزگەکانی حکومەتی عێراقی بێت نەك ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ، و هەوڵیدا پلانەکە بەجۆرێك بێت بارەگەکانی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات نەکەوێتە بەر شاڵاوی سوپای ئێران ، ئێرانیش بەڵینی دابوو بەهیچ شێوەیەك پەلاماری هێزەکانی (حدکا) و (کۆمەڵە) نەدەن و لەو ناوچانەشەوە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال بڕوانە : ( د . عەلی تەتەر نێروەیی : سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥ _ ١٩٩١ ،ب٢ ، دهۆك ، ٢٠١٠ ؛ زوزان ناسر مستەفا ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە (٢٣ شوبات_ ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨)، ڤەکۆلینەکا مێژوویە، نامەی ماستەر، هەولێر ، ٢٠١٣ ؛ مێژوویی سیاسییە : شۆڕش حاجی ڕەسولێ :الانفال الكورد ودولة العراق ، ت : مديرية الترجمة / وزارة الثقافة ، سليمانية ،٢٠٠٥) .

(٢) پیتر پلیچ: ئیسکۆرت بەرەو تاران د . قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕکێش کرا، و : حەسەن ئەیوب زادە، ب .ش، ب . س، ل ٩٣.

(٣) بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، ل ٢٠٠.

(٤) شەوکەت حاجی موشیر : س . پ ، ل ١٣٧ .

(٥) شەوکەت حاجی موشیر : س . پ ، ل ، ل١٤٦ ؛ د . عەلی تەتەر نێروەیی : سیاسەتی حکومەتی عێراق، ل ١٢٨–١٢٩.

هێرش نەکەن [(١)]. لەهەمان کاتدا یەکێتی نوێنەری ناردە لای هێزە کوردییەکان(حدکا و کۆمەڵە و سازمانی خەبات)، و ئاگاداریکردنەوە لە هاتنی هێزی ئێرانی بۆ ناوچەکە داوای لێ کردبوون کە ناوچەکە بەشێوەیەکی کاتی چۆڵ بکەن ، لەبەر هاتنی سوپای ئێرانی بۆ ناوچەکە و پشتیوانی هێزە کوردییەکان و لێدانی دام ودەزگاکانی حکومەتی عێراق [(٢)]. بەڵام وەك هێزەکانی (حدکا) پێشبینیان کردبوو سوپای ئێران لە یەکەم هێرشیاندا لە شەوی ١٤ ئازاری ١٩٨٨ داپەلاماری بارەگاکانی (حدکا)یاندا لەناوچەکە ، و هێزە کوردییەکان و ئێران گەیشتبوونە سەر پردی "زەڵم" [(٣)].

دوای گرتنی شاری هەڵەبجە و هاتنی سوپای ئێرانی بۆ ناوچەکە مەترسی لەسەر پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات دروستبوو، سەدان پێشمەرگەی (حدکا) کەوتنە گەمارۆی سوپای ئێرانەوە ، پێشمەرگەکانی (حدکا) دوای ئەوەی لە "نەوسود" و ناوچەسنورییەکان لە شەڕدا بوون دژی سوپای ئێران ، بەڵام لە ئەنجامی گەمارۆی توندی سوپا ناچار بوون پاشە کشە بکەن ، نزیکەی ( ٨٠٠) پێشمەرگەی (حدکا) بەهاوکاری و یارمەتی (ی . ن . ك) و (حسك) ڕزگارکران [(٤)]، یەکێتی ژمارەیەك بەڵگەی مۆرکراوی بەسەر هێزەکانی خۆیاندا دابەشکرد تا لەهەرشوێنێك پێشمەرگە و لایەنگرانی (حدکا) پێویستیان پێبوو بیاندەنێ تا نەکەونە دەست سوپای ئێران [(٥)]. ئەگەرچی ژمارەیەك پێشمەرگەی (کۆمەڵە)یش بەهەمان شێوە فشارێکی زۆری سوپای ئێرانیان کەوتبووە سەر، بەڵام نەیان توانی سوود لەیارمەتییەکانی یەکێتی وەربگرن و کەسیان ڕزگاریان نەبوو[(٦)]. سەرەڕای ئەمە هەندێك پێشمەرگە و خێزان و کەسوکارپێشمەرگە لەناوچەکانی هەڵەبجە و هەوراماندا بەجێمابوون ، یەکێتی تێکەڵ بە هێزە کانی خۆیانیان کردوو و لەژێر چاودێری و فشاری زۆری ئیتلاعاتی ئێراندا گەیاندیانییەوە سەردەشت و لەوێوە بۆ ناو هێزەکانی خۆیان[(٧)].

---

[(١)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری : سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩ ؛ شەوکەت حاجی موشیر : س . پ ، ل ٩١.

[(٢)] شەوکەت حاجی موشیر : س . پ ، ل١٠٥-١٠٦.

[(٣)] کاوە بەهرامی : س . پ ؛ هادی علی : م . س، ص ١٥٣.

[(٤)] هەیاس کاردۆ ، س . پ ، ل ٤٠٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.

[(٥)] شەوکەت حاجی موشیر : س . پ ، ل١٢٠.

[(٦)] بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرە و سەرکەوتن ، ب٢ ، ل ٤١١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.( بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کارەساتی کوژرانی پێشمەرگەکانی (کۆمەڵە) و چۆنیەتی ئەم روداوە بڕوانە:( گفتوگویی با حبیب گویلی (کیلانە)، نگاهی با فاجعۀ گردان شوان ، انتشارات روند سوسیالیستی کومەلە ، ١٣٩٠/٢٠١١).

[(٧)] (ی .ن .ك) چەند پێشمەرگەیەکی (حدکا) کە لە هێزەکانی خۆیان دابڕابوون تێکەڵی هێزەکانی خۆیان دەکا و بەڕێیان دەکات بۆ سەردەشت ، لەڕێگا دوو لە پێشمەرگەکان خۆیان رادەستی ئێران دەکەنەوە و ئاشکرای دەکەن کە لە لایەن (ی .ن .ك) وە هاوکاریکراون، ئەمەش دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ (ی .ن .ك) لەو ناوچەیە .(چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٥/١٩.)

سەبارەت بە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ڕەخنە لە هەڵوێستی (حدکا) و بەتایبەت عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەگیرێت بەوەی کە (حدکا) بە هۆی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی عێراق ، بێدەنگ بووە بەرامبەر ئەم کارەی حکومەتی عێراق ، و قاسملوو ڕەتی کردووەتەوە کە گازی کیمیایی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەکارهاتبێت بەڵکوو ڕایگەیاندبوو کە گازی کیمیایی لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بەکار هاتووە [١]. بەڵام لە ڕاستیدا عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە چاوپێکەوتنێکدا لە ئازاری ١٩٨٨دا بۆمبابارانی شاری هەڵەبجەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەرکۆنە کرد، ئەمەش بوو بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان (حدکا) و حکومەتی عێراق [٢]. (کۆمەڵە)ش بۆ پاراستنی بارەگا و گیانی ئەندام و پێشمەرگەکانی کە لە باشوری کوردستاندا بوون ، بڕیاری بێدەنگ بوونیان دا بەرامبەر بە بەکارهێنانی بۆمبی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال ، بەڵام هەوڵیاندا لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیانەوە لە ئەوروپا ناوەندەکانی میدیا و ڕاگەیاندن لە ڕاستی ڕووداوەکان ئاگادار بکەن[٣].

دوای وەستاندنی شەڕی (عێراق _ ئێران) حکومەتی عێراقی سیاسەتی سوتماککردنی باشوری کوردستانی جێبەجێ کرد ، و هێز و لایەنەسیاسییەکانی باشووری کوردستان ناچاربوون بکشێنەوە ناوخاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا جۆرێك لە هەماهەنگی و دوولایەنی بەخۆوە بینی، دوای کشانەوەی هێزەکانی (ی . ن . ك) بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزەکانیان لەباروۆخێکی خراپدا بوون، لەلایەن هێزەکانی(حدکا) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتەوە هاوکاریکران[٤].

دوابەدوای دەستپێکردنی شاڵاوی (ئەنفال) بۆ سەر باشووری کوردستان ، ژمارەیەك پیشمەرگەی(حدکا) کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا بوون ، تێکەڵ بە خەڵکانی ئاوارەی باشوری کوردستان بوون و چوونە ئێران و بەناوی پێشمەرگەی یەکێتیەوە پەنادران ، تا لەکاتی گونجاو دا بیاننێرنەوە ناو هێزەکانی خۆیان[٥].

---

[١] بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب٢، ل ٦١٢.

[٢] پیتر پلیچ : س . پ ، ل ٩٥ ؛ هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : س .پ ، ل ١٢٢.

[٣] بەهمەن سەعیدی : سیٚ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، ل ٢٠٢.

[٤] هەیاس کاردۆ ، س . پ ، ل ٤٠٨.

[٥] لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی : س . پ ، ل ٦٣٢.

## باسی سێیەم / پەیوەندیی یەکێتی و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ١٩٨٢-١٩٨٩:

### قۆناغی یەکەم / ١٩٨٢ -١٩٨٥

لەم قۆناغەدا یەکێتی پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان (حدکا، کۆمەڵە، رێکخراوی خەبات). دوای هەلایسانی شەڕ لەرۆژهەلاتی کوردستان لەنێوان سوپای ئێران و هێزە کوردییەکان، تا دەهات هێزە کوردییەکان لەپاشە کشەدابوون و ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەستیان لە دەستدەدا و سوپا شوێنیانی دەگرتەوە ، بنکە و بارەگەکانیان دەگواستەوە بۆ ناوچەکانی سنوری نێوان باشور و رۆژهەلاتی کوردستان نزیك لە بارەگەکانی یەکێتی.

لە کۆتایی ١٩٨١ دا پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێران ئالۆزی زیاتری بەخۆوە بینی، ئێران نزیکی (٣٠) ئەندامی یەکێتی کە لە ئێراندابوون دەستگیر کرد[١]، لە بەهاری ١٩٨٢دا پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەتەواوی بچڕا ئیدی یەکێتی هیچ هیوایەکی بە یارمەتی و پشتگیری ئێران نەما[٢]. عومەر شێخ موس سەبارەت بە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە یەکێتی دەڵێت: (( سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ئێمە بەلام هەلوێستەکانی دەسەلاتدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران زۆر نامەنتقی و نامەعقول و ناواقعی بوون [٣])). نەمانی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و ئێران زیاتر دەستی یەکێتی والا کرد بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ئەویش بە ناردنی یارمەتی و پشتیوانی بۆیان. لەلایەکی ترەوە دانوستاندنی یەکێتی و حکومەتی عێراق بەهەمان شێوە دەرفەتی زیاتری بۆ پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان رەخساند بۆ پەیوەندیی کردن بە (ی .ن .ك) .

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی (ی . ن . ك) و (حدکا) دەتوانرێت بووترێت پەیوەندییەکی باشیان هەبووە لەم قۆناغەدا، لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٢) ەوە (حدکا) هەوڵیدا (ی .ن .ك) و حکومەتی عێراق لەیەکتر نزیکبکاتەوە، لە هەمان کاتدا لە ئەیلولی ١٩٨٢ دا دوای پەلامار و هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر رۆژهەلاتی کوردستان ، (حدکا) داوای هاوکاری لەیەکێتی کرد، یەکێتی وەلامێکی ئەرێنی بۆ داواکاریەکەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو نیشاندا ودواتر هێزێکی پێشمەرگەی بەناوی هێزی پشتیوانەوە نارد بۆ هاوکاری

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣ ؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود : رۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٣٥٩.

[٢] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٩١ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٦٤ ؛ هەیاس کاردۆ ، س . پ ، ل ٤٠٢ .

[٣] وەرگیراوە لە : (نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٩٨).

هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت (حدکا) . دواتر سەرەنجام توانی دانوستاندنێکی ماوە درێژ لە نێوان هەردوولادا دروستبکات و بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر درێژە بکێشێت[1].

لە ١٩ تەموزی ١٩٨٢دا ( ی . ن . ك _حشع _حدکا) لە سەر داوای (حدکا) لە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوە ، لەم کۆ بوونەوەیەدا نوێنەرانی (حدکا) بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە کوردستانییەکان پێشنیاری چەند خاڵێکیان کرد لەوانە : دانانی پرۆگرامێکی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەرسێ لا ، و دروستکردنی کۆمیتەیەك بۆ جێبەجێکردنی ، و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێتە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی ئازاد هەرسێ لا بەئازادی هاتوچۆی تێدا بکەن ، و لەکاتی پێویستدا هاوکاری و پشتیوانی یەکتر بن [2]، ئەگەرچی نەتوانرا ئەم خاڵانە بچنە بواری جێ بەجێکردنەوە ، بەڵام دەتوانین بڵێین هەوڵی لەم جۆرە بەهێزی پەیوەندیی نێوان (ی . ن . ك) و (حدکا) نیشاندەدات لەم قۆناغەدا .

بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا چەندین کۆبوونەوە لە ئاستی باڵادا ئەنجامدرا ، و نوێنەرانیان بەشداری چەندین کۆنگرە و بۆنەو یادی یەکتریان کرد کە بەڵگەن بۆ پتەوی پەیوەندییەکانی نێوانیان ، بۆ نموونە لە کۆنگرەی دووەمی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کە لە ئابی ١٩٨٢ دا لە هۆڵی "شەهید شەهاب "لە "خڕی ناوزەنگ" گیرا قاسملوو تێیدا بەشداربوو وتارێکی پێشکەش کرد، لەوێدا هانی (ی . ن . ك) و (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)ی دا بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ حکومەتی عێراق [3]. هەروەها لە کۆنفرانسی سێی ی کۆمەڵەشدا لەمێرگەپان قاسملوو بەشداربوو لەوێشدا ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)[4].

لەم قۆناغەدا یەکێتی پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ (حدکا)، وەك جەلال تاڵەبانی ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٨٢ دا لە نامەیەکدا بۆ (عومەر شێخ موس و عومەر دەبابە )، باس لەوە دەکات کە پەیوەندییەکی زۆرباشیان لەگەڵ (حدکا) دا هەیە ، و نوسیوێتی :((ئێستە نێوانی ئێمە و حدکا زۆر خۆشە ، هاوخەباتیمان زۆر باشە ، هیوادارم لەلای ئێوەیش ڕەنگ و دەنگ بداتەوە )) ، قاسملووش بەهەمان شێوە لە وتووێژێکیدا باسی لەوە کردووە کە پەیوەندییەکی ئاشکرا و دۆستانەیان لەگەڵ یەکێتی هەیە[5].

---

[1] بڕوانە باسی دووەمی ئەم بەشە، ١٢٤.

[2] فاتح رسول : چەند لاپەڕیەك ، ب ٣، ل ١٤٤-١٤٨.

[3] برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە،٣٧٢ ؛ شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٦٩" چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢.

[4] ڕێباز : س . پ ، ب٢، ل ١٠٤.

[5] د . هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولرەحمان قاسملوو ، ل ١٥٥.

لە پایزی ١٩٨٣ دا کۆبوونەوەیەك لە نێوان جەلال تاڵەبانی و عەبدولڕەحمانی قاسملوو دا لەگوندی "بنوخەڵەف" ئەنجامدرا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، ئەم کۆبوونەوەیە گوڕوتینێکی تری بەخشی بە پەیوەندییەکانی نێوانیان [١]. (حدکا) لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٨٤ دا شەشەم کۆنگرەی خۆی بەست ، تاڵەبانی وەك نوێنەری بالاّی (ی . ن . ك) بەشداربوو[٢]. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی (موجاهیدینی خەلقی ئێران ) داوایان لە دکتۆر قاسملوو کرد کە دانیشتنێکیان بۆ ڕێکبخات لەگەڵ تاڵەبانی و هاوڕێکانی ، (حدکا) ئەم داوایەی بەجێهێنا و نوێنەرانی موجاهدینی خەڵق (محمد علی جابرزادە، ابراهیم زاکری) و نوێنەرانی (ی . ن .ك) کە پێکهاتبوون لە (تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا) و ( قاسملوو، عەبدولاّی حەسەن زادە ) وەك نوێنەری(حدکا) لە دەفتەری سیاسی (حدکا) کۆبوونەوە، کە ئەمە یەکەم دیداری نێوانی هەردوولابوو، بەلاّم نەبوو بە بناغەیەك بۆ پەیوەندیی نێوان یەکێتی و موجاهدین لە داهاتوودا[٣]. دەکرێت ئەمەش وەك لایەنێکی پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا تەماشابکرێت.

نوێنەرانی (حدکا) بە ئاسانی دەیانتوانی لە بەغداوە هاتوچۆی ولاّتانی دەرەوە بکەن، بۆیە زۆرجار پارە و نامە و بلاّوکراوەیان بۆ (ی . ن . ك)دەهێنایەوە، بۆ نمونە: (ی . ن . ك) لەرێگەی نوێنەرەکەی خۆیەوە لەئەوروپا بڕی یەك ملیۆن دۆلاری لەڕێگەی نوێنەری (حدکا)وە ناردەوە بۆ(ی . ن . ك) لە کوردستان[٤]. هەروەها (ی . ن . ك) دەیتوانی لەڕێگەی (حدکا) وە پەیوەندیی بکات بە ڕێکخستنەکانی خۆیەوە لە دەرەوەی ولاّت بەتایبەت ئەوروپا، و پێداویستییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت وەك (ئامێری پەیوەندیکردن ، ڕۆژنامە ، ڕادیۆ )، جەلال تاڵەبانی لە چەندین نامەدا ئاماژە بۆ بردنی ڕاسپاردە و هێنانی پێداویستییەکانی خۆیان لە ( پارە ، ئامێری پەیوەندیکردن ) کردووە لە ڕێگەی (حدکا) و عەبدولڕەحمانی قاسملوو و نەسرین ی خێزانییەوە ، لەئەوروپاوە بە ڕێگەی بەغدادا بۆ (ی .ن .ك) هێناوەتەوە بۆ کوردستان[٥].

یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٢ تا کۆتایی ١٩٨٣ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ (کۆمەڵە)دا هەبوو، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یەکێتی بەشێك لەو هێزەی کە بە ناوی هێزی پشتیوانەوە ناردییە ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، چوونە لای هێزی پێشمەرگەی (کۆمەڵە) بۆ شەڕکردن دژی سوپای ئێران. بۆیە دەتوانین بڵێین تا کۆتایی ١٩٨٣ پەیوەندیی نێوانیان لە ئاستێکی زۆر بەهێزدا بووە ، بەلاّم لە دوای کۆنگرەی سێی (کۆمەڵە) کە لە ١

---

[١] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل ٢٠٢-٢٠٣.

[٢] جەلیل گادانی : س . پ ، ب١ ، ل ٣٣٥ ؛ د.عبدالرحمن قاسملوو ، عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل ٢٣٠.

[٣] د.عبدالرحمن قاسملوو ، عبدالله حسن زادە : س . پ ، ل ٢٣٣.

[٤] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا ، ل ١٨١.

[٥] نامەی مام جەلال بۆ د.حلوی ( د. فوئاد مەعسوم) ،(١٩٨٢/٩/٢٠)،( گۆڤاری "کەلتور": نامەی مام جەلال بۆ د.حلوی ، ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد، ژمارە (١٧) ، ٢٢ نیسانی ٢٠١٣، ل ٥-٨ .

ئایاری ١٩٨٢بەسترا پەیوەندیی نێوانیان وەکو پێشوو نەما و بەرەو و لاوازی چوو، کە دەکرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێك بدەین بۆ ئەم لاوازیە ، لەوانە : یەکەم / نزیکبوونەوەی (کۆمەڵە) لە چەپرەوە ئێرانیەکان و گۆڕینی (کۆمەڵە) بە لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (حکا) ، یەکێتی ئەم کارەی (کۆمەڵە)ی لا پەسەند نەبوو، وەك لە هەڵوێستی نوێنەرانی یەکێتیدا دیاردەبێت کە لە کۆنگرەی سێدا بەشداربوون ، کە جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی ودەستەیەك لەنوینەرانی (کۆمەڵەی رەنجدەران) (مەلا بەختیار و فەرەیدون عەبدلقادر) بەشدار بوون ، لەم کۆنگرەیەدا تاڵەبانی وتارێکی پێشکەش کرد ، و لەگەڵ پەیوەستبوون بە (حکا) نەبوو[١] ، تاڵەبانی و شێخ عزەدین نیگەرانی و هۆشداری خۆیان بە (کۆمەڵە) ڕاگەیاند بە پەیوەستبوونیان بە حیزبی کۆمۆنیستی سەرتاسەری لەبابەتی ناسیۆنالیستی کوردی دووردەکەونەوە[٢]، و بەڕونی رایگەیەناند کە (کۆمەڵە) بە پەیوەستبوونی بە(حکا) هەمان ڕێکخراوی "قەندیل " نیەو ئاراستەی بەرەو لایەکی ترە[٣]. هەروەها تاڵەبانی رەخنەی لە رەشنوسی پرۆگرامی کۆمەڵە گرتووە و سەبارەت بە مافی پەنابەرێتی بۆ کوردانی بەشەکانی تر لە بری ئەوە داوای کردووە بیگۆڕن بۆ پشتیوانی لە کوردانی بەشەکانی تر[٤]. بەلاّم (کۆمەڵە) بێ گوێدانە نیگەرانییەکانی یەکێتی ، لە ٢ی ئەیلولی ١٩٨٣دا (کۆمەڵە) لەگەڵ گروپێکی کۆمۆنیستی ئێرانی ( اتحاد مبارزان کومونیست/ یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست[٥] ) یەکیان گرت و (حکا) پێك هێنا، لێرە بەدواوە پەیوەندیی نێوانی یەکێتی و (کۆمەڵە) بەشێوە و مانایەکی دیکە تیۆریزەکرا [٦]. دووەم / بەهێزبوونی پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ (حدکا) راستەوخۆ بووە هۆی دورکەوتنەوەی یەکێتی و (کۆمەڵە). عومەری ئیلخانی زادە پێی وایە نزیکبوونەوەی زیاتری یەکێتی و

---

[١] بەهمەن سەعیدی : پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل ٢١٥ ؛ بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل١٢٩، ١٥٣ ؛ حسین مرادبیگی (حمه سور) : م . پ ، ص ٢٢٦.

[٢] حسین مرادبیگی (حمه سور) : م . پ ، ص٢٢٦.

[٣] ایرج فرزاد: زندگی ، و زندگانی من (١) ، ب . ش ، ب ، س.

[٤] بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل١٣٢،١٢٩، ١٣٣.

[٥] اتحاد مبارزان کومونیست/ یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست : ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٩ دا و لەلایەن مەنسوری حیکمەت و چەند هاورێیەکیەوە دامەزرا ، ئەم ڕیکخراوە چەندین بلاّوکراوەیان لە چوارچێوی بیروبۆچوونی مارکسی شۆڕگێڕیدا بلاّوکردەوە ، گرنگترینیان بریتی بوو لە( ئەفسانەی پێشەوەچوونی برژوازی نەتەوەیی) کە مەنسوری حیکمەت نوسیبووی ، زۆربەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لەدەرەوەی ئێران بوون ، بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٨٠ دا لەلایەن مەنسوری حیکمەتەوە نوسراوە ، هەروەها بلاّوکراوەیەکیان بەناوی (بەرەو سۆسیالیزم) وە بلاّوکردووەتەوە ، دوای پەلاماری بەرفراوانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چەپەکان لە ساڵی ١٩٨٢ رویان لەکوردستان کردووە ، اتحاد مبارزان کومونیست، (https://fa.wikipedia.org)

[٦] شەیما سەعید حمەلاو : س . پ ، ل ١٧٠ ؛ ئەیوب ئەیوب زادە : چەپ لە رۆژهەلاّتی کوردستان کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد، ب١، ب . ش ، ٢٠٠٢، ل٤٧ –٤٨.( لەم مێژووە بەدواوە (کۆمەڵە) دەبێتە لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ).

(حدکا) هاوکێشەکەی بەجۆرێکی تر گۆڕی ، وکاریگەریی هەبوو لەسەر پەیوەندیی یەکێتی و (کۆمەڵە) هەر لە بەشداری نوێنەرانی (کۆمەڵە) لە کۆنفرانسی سێی (کۆمەڵەی رەنجدەران)دا ئەم گۆڕانە هەستی پێدەکرا[١]. هەروەها لەکۆنگرەی چواری (کۆمەڵە)دا تاڵەبانی و کۆمەڵێك لە کادیرانی یەکێتی بەشداربوون ، جەلال تاڵەبانی وتارێکی کورتی پێشکەش کرد و دواتر وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دەربارەی هەلومەرجی باشوری کوردستانی دایەوە[٢].

نیگەرانی (ی .ن .ك) لە (کۆمەڵە) بە نزیکبوونەوەیان لە کۆمۆنیستە ئێرانییەکان نەبوو بەهۆی کۆتایی پێهاتنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا ، بەڵکو پەیوەندیی نێوانیان هەربەردەوام بوو ، لە زۆر کات لە رووداوە جیاجیاکاندا هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بوون و بەدەنگی یەکەوە چوون . (کۆمەڵە) سەرەتا لەڕێگەی تارانەوە ئەو یارمەتییانەی کە بۆ یەکێتی دەنێردران و دواتریش عومەر شێخ موس لەئەڵمانیا پارەی دەدا بە (حوسێن سوهەیلی) ئەندامی (کۆمەڵە) و لە ڕێگەی فرۆکەخانەی "بەغداد" ەوە دەینାردەوە بۆ عێراق ، و پاشان (کۆمەڵە) دەیگواستەوە بۆ یەکێتی[٣]. عومەر شێخ موس باس لە هاوکارییەکانی ئەندامانی(کۆمەڵە)دەکات لە ئەوروپا بۆ یەکێتی، بەوەی پێداویستیەکانی( تایپ ، ئامێری پەیوەندیی، ڕادیۆی) لەڕێگەی ئەندامانی (کۆمەڵە)وە کە ئەندازیار و کەسانی شارەزابوون دەکڕیٚ ، پاشان هەر(کۆمەڵە)لە ڕێگەی بەغدادەوە بۆ یەکێتی یان دەگواستەوە ، هەروەها دەڵێت: (( زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەل وپەلانەی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٤) کە پێویستمان بووە برادەرانی کۆمەڵە بۆ گواستنەوەیان یارمەتیان داوین ))[٤]. لە نامەیەکدا ساعید وەتەن دۆست کە بۆ عومەر شێخ موسی ناردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان ئامادەن هەر ڕاسپاردە و نامەیەکیان هەبێت بە نهێنی بۆیان بگوازنەوە[٥]. بەشێك لەو چەکانەی کە (کۆمەڵە) لە ڕیگەی پەیوەندییەکانی خۆیەوە لەحکومەتی عێراقی وەردەگرت بەنهێنی بەشێکی لیٚ دەدا بە (ی . ن . ك)[٦].

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[٢] بەهمەن سەعیدی : سیٚ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل١٩٣.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢ ؛ بەهمەن سەعیدی : خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب٢، ل ٦١٢ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٨٠.

[٤] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل ١٨٣.

[٥] نامەی ساعید وەتەن دۆست بۆ عومەر شێخ موس، ١٩٨٤/١١/٣٠. وەرگیراوە لە : ( هـ . س ، ل ٤٣٣.)

[٦] لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی ، س .پ ، ل ٤٥٧- ٤٦٥ ،٤٧٨ ؛ بەهمەن سەعیدی : سیٚ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە ، ل٢٠٥ ؛ حامید گەوهەری ، رۆژهەڵاتی کوردستان ، ب١، ل٢٩١.

هەروەها (ی . ن . ك) لەگەڵ دەفتەری سیاسی شێخ عزەدین حسێنی دا بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە، شێخ عزەدین لە عێراقەوە هاتوچۆی ئەوروپای دەکرد زۆرجار نامە و بلاوکراوەی چاپکراو و پارەی (ی . ن . ك) لە ئەوروپاوە دەگواستەوە بۆ کوردستان[1]. هەماهەنگی نێوانیان لەم قۆناغەدا، گرنگییەکی گەورەی هەبووە بۆ هەردوولا بەتایبەت بۆ (ی . ن . ك) لەکاتێکدا فشارێکی گەورەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی لەسەر بوو. هەروەها لەکۆنگرەی سێی (کۆمەڵەی رەنجدەران)دا عەبدولڕەحمانی قاسملوو و ئیبراهیم عەلیزادە بەشداربوون[2].

هەر لەم قۆناغەدا یەکێتی وەك نێوبژیوانێك هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ کۆتایی پێهێنانی ناکۆکی و شەڕی نێوان (حدکا) و (کۆمەڵە) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان . (حدکا) و (کۆمەڵە) بەهۆی جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسییەوە کە هەریەکە و خۆی بە نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتی دەبینی، پەیوەندییەکانی نێوانیان هەر لە ساڵی ١٩٧٩ وە جێگیر نەبوو زۆر جار ئاڵۆزی بەخۆوە دەبینی، تەنانەت لە ساڵانی (١٩٧٩ _ ١٩٨٣) چەند شەڕێکی چەکداری لە ئاستی ناوچەیی لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا [3]، پاشان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناکۆکی نێوانیان زیاتر پەرەی دەسەند، سەرەنجام لە شەوی ٦/٥ کانونی دووەمی ١٩٨٥دا (کۆمەڵە) هێرشی کردە سەر بارەگاکانی (حدکا) لە هەورامان ، و ئەم شەڕە بوو بە سەرەتای شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوانیان کە بۆ ماوەی شەش ساڵی تا ١٤ ئایاری ١٩٩٠ خایاند [4]. یەکێتی لە سەرەتاوە دژی شەڕی نێوان (کۆمەڵە) و (حدکا) بوو ، بۆیە هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە ، هەوڵیداوە بۆ نزیککردنەوەی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەی گفتوگۆ، تەنانەت ویستویەتی بۆ ڕێگریکردن لە شەڕی نێوانیان هێزی پێشمەرگە بنێرێتە ڕۆژهەلات [5] . دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ دا شەڕ لە نێوان (حدکا) و (کۆمەڵە)دا لە ناوچەی هەورامان ڕوویدا ، نزیکی سیازدە پێشمەرگەی (کۆمەڵە) کوژران ، دوابەدوای ئەم روداوە هەردوولا لە ١٨ تشرینی دوومدا کۆدەبنەوە و شەڕی نێوانیان ڕادەگرن و بڕیاردەدەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕوداوە دروست بکرێت ، ئەم لیژنەیە پێکدەهات لە نوێنەرانی یەکێتی (برایم جەلال و جەمیل هەورامی )، نوێنەرانی (حدکا) (مستەفا شەڵماشی و مامۆستا گۆران ) ، نوێنەرانی (کۆمەڵە)

---

[1] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ، ل١٨١.

[2] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل١٩٨.

[3] د. هۆشمەند عەلی مەحمود : ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ل ٢٩٧.

[4] شەیما سەعید حمەلاو : س . پ ، ل ١٨٩.

[5] نامەی شەوکەتی حاجی موشیر بۆ شێخ عەلی ، ١٩٨٥/٢/١٠ ؛ شێخ عەلی : س . پ ، ل ٣٤٤. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٦).

(فاروقی بابا میری و فاتحی شەیخو ئیسلام )[1]، نوێنەرانی یەکێتی لەشوێنی رووداوەکە لە ١٧کانونی یەکەمی١٩٨٤ دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و تا ١٠ کانونی دووەمی ١٩٨٥ خایاند، و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان بە راپۆرتێك دا بە جەلال تاڵەبانی [2]. هەروەها نوێنەرانی یەکێتی بۆ رێگریکردن لە دروستبوونی شەڕی ناوخۆ داوایان کردبوو کە پێویستە (حدکا) دان بە هەڵەی پێشمەرگەکانی خۆیدا بنێت و (حەکیمی رەزایی) و پێشمەرگەکانی کە دەستیان هەبووە لەم ڕوداوەدا سزا بدات [3].بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی ئەم ئەنجامەی ڕانەگەیاند. سەرەڕای ئەوەی ئەم هەوڵەی یەکێتی شکستی هێنا لە نێو بژیوانی هەردوولادا هاوکات نوێنەرانی یەکێتی لەلایەن (کۆمەڵە) و (حدکا) وە توشی رەخنە و گلەیی بوونەوە ، ئیبراهیم عەلیزادە ئاماژە بۆ نێوەندگیری (ی . ن . ك) دەکات و دەڵێت :((دوای هەڵگیرسانی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات یەکێتی دەستەیەکی نوێنەرایەتی نارده نێوبژیوانی و نوێنەرانی یەکێتی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆیان بە ئاشکرا بلاْونەکردەوە، بەڵام ئەوان دەیانزانی کە (حدکا) خوڵقێنەری روداوەکانی هەورامان بووە[4])). (کۆمەڵە) نوێنەرانی یەکێتی تاوانباردەکرد بەوەی کە وەك پێویست مافیان نەداوە بەلێکۆڵینەوەکە، و بە نێوبژیوانیەکەیان نەیانتوانی سزای تاوانباران بدەن و رێگر بن لە شەڕی ناوخۆ [5]. (حدکا)ش پێی وابوو کە نوێنەرانی یەکێتی لە لێکۆڵینەوەکەدا لایەنگری (کۆمەڵە)بوون ، چونکە برایم جەلال پێشتر لەگەڵ (کۆمەڵە) کاری کردووە و لەوان نزیکە [6] . هەروەها عەبدوڵای موهتەدیش بەهەمان شێوە ئاماژە بەوەدەکات کە (ی . ن . ك) شەڕی ناوخۆی پێناخۆش بوو، زۆریشی هەوڵدا بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوان ئەم دوولایەنە، بەڵام یەکێتی ئەوکات مولاحەزاتی سیاسی خۆی هەبوو ، بە ڕاشکاوی (حدکا) ی تاوانبار نەکرد ، بڵێن ئەوان تاوانبارن، نەیاندەویست پشتی لایەنێك بۆ لایەنێکی تر بگرن [7].

**قۆناغی دووەم / ١٩٨٥-١٩٨٩**

لە ساڵی ١٩٨٦ دا یەکێتی توانی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبکات و تا کۆتایی شەڕی ( عێراق _ ئێران) بە هاوپەیمانی بمێنێتەوە، و دوای شەڕیش پەیوەندییەکانیان بە پتەوی

---

[1] بێ ناوی نوسەر : کارەسات هەورامان (٢)، لە بلاْوکراوەکانی کۆمەڵە ، ب . ش ، ب . س، ل ٧-٩.

[2] برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٤١.

[3]برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ، ل ٤٤٢.

[4] بەهمەن سەعیدی : سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، ل١٠٨-١٠٩.

[5]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،١٢/٤/٢٠١٦ .

[6] برایم جەلال : چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٤٢.

[7] بەهمەن سەعیدی: پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی ، ل ١١٧.

مایەوە ، کە بێگومان پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ ئێران کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا .

(ی . ن . ك) لە گەڵ دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران نە بوو بە وابەستەی ئێران و سەربەخۆی خۆی لە دەست نەدا لە بڕیاردانیدا [1]. نزیکبوونەوەی هەرچەندە کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی(ی .ن .ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەلام نەبووە هۆی کۆتایی هاتنی پەیوەندیی و هەماهەنگییەکانی نێوانیان ، بەڵکو لە چەندین ڕووداو و کاتی پێویستدا بەدەنگی یەکتریەوە چوون و هاوکارییان پێشکەش بە یەکتر کردووە . بۆ نموونە: یەکێتی هاوکارییەکانی بۆ (حدکا) ڕانەگرت ، ئەوەبوو کە لە هاوینی ١٩٨٥دا کاتێك هێزی پێشمەرگەی (حدکا) لە خڕی ناوزەنگ لە لایەن سوپای ئێرانەوە هێرشی دەکرێتە سەریان ژمارەیەکیان لێ دەکوژرێت و بریندار دەبێت، لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە بەدەنگیانەوە دەچن و هاوکاریان دەکەن [2]. هەروەها (حدکا)ش پێشمەرگەی نەخۆش و برینداری یەکێتی بۆ چارەسەر و نەشتەرگەری دەبردە نەخۆشخانەکانی خۆیان هەندێك جار دەیبردنە نەخۆشخانەکانی سەر بە حکومەتی عێراق و بەناوی پێشمەرگەی (حدکا) وە چارەسەری بۆ دەکرا [3]. تەنانەت لە ساڵی ١٩٨٦ لە سنوورەکانی هەورامان لە "نەوسود و پاوە" ، بەشێك لە بنکە و بارەگاکانی یەکێتی و (حدکا) تێکەڵاوبوون و پەیوەندیی بەهێزی هەردوولا ببوو بە زامنی پاراستنی ئەو ناوچەیە بۆ حەسانەوەی پێشمەرگە و خەڵك [4].

بەهەمان شێوە پەیوەندییەکانی یەکێتی و (کۆمەڵە) ئەگەرچی وەك پێشتر باسی لێوەکرا چەند لایەنێك کاریگەرییان هەبوو لەسەر لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوولا ، بەڵام پەیوەندییەکان کۆتاییان نەهات، هاوکاری هەماهەنگی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو[5]. دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٨٥ دا یەکێتی بڕیاریدا بە هێرشکردنە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی سەر چیایی "دابان هەلاج " ، لە شەوی ١٤ /١٥ی شوباتی ١٩٨٥ چالاکییەکە ئەنجامدرا [6]. وەك بەرپرسانی ئەوکاتی (کۆمەڵە) ئاماژەی بۆ دەکەن کە ئەوان زانیاری زۆریان لە

[1] هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل ٤٠٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا بەختیار ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١١/٢٥.

[2] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل٢٣٥.

[3] حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی : لە شنرویَ وە بۆ ستۆکهۆڵم (چەند لاپەڕەیەکی یادگارەکانم لە شۆڕشی ئەیلول وشۆڕی نویَ ی گەلی کوردستاندا) ، سلێمانی ،٢٠٠٣،ل ١٩٧-١٩٨.

[4] کاوە بەهرامی : تراژیدیای هەڵبجەی شەهید و خۆڕاگریی حیزبی دیموکرات ،١٣٨٩/١٢/٢٦، http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=٨٢٦٠

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[6] ڕەفعەتی مەلا: س . پ ، ل ٧٧ .

سەر سوپای عێراق داوە بە یەکێتی [(١)]. پێش ئەوەی یەکێتی دەست بەم چالاکییە بکات ئێران بەڵێنی بە یەکێتی دابوو کە هەموو هاوکارییەکیان بکات ، بەڵام ئێران بەڵێنی خۆی جێبەجێ نەکرد، و لەجێی ئەمە کەوتە تۆپبارن کردنی بارەگاکانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ، هاوکات برینداو و کوژراوی یەکێتی گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی (حدکا) لەناوچەکە [(٢)]. (کۆمەڵە) بڕێکی زۆر لەو یارمەتییە داراییانەی کە لەحکومەتی عێراق وەریدەگرت لە (چەك و تەقەمەنی و خواردەمەنی) دەیدا بە یەکێتی، و لەبەرامبەر ئەمەدا حکومەتی عێراق هەڵوێستی توندی هەبوو تەنانەت چەکی کیمیایشی بەرامبەر بە(کۆمەڵە) بەکارهێنا[(٣)].

بێگومان بوونی نوێنەرانی ئێران و هاتوچۆکردنیان بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی کە نزیکی بارەگاو بنکەکانی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو ، جێگەی نیگەرانی بوو بۆ هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ، چونکە بوونی ئێران لەم ناوچەیە ببووە هۆی سنورداركردنی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ، تەنانەت زۆرجار دەبوونە زیان و مەترسی بۆ سەر پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات . وەك خدر مەرەسەنە ئاماژەی بۆ کردووە دەفتەری سیاسی (حدکا) لە گوندی "گەورەدێ" بوو نزیك سەرکردایەتی یەکێتی، لەوکاتەدا هێزەکانی ئەرتەش و سوپای ئێران هاتوچۆی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی .ن .ك)یان دەکرد، بۆ ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش دژی سوپای عێراق، زۆرجار سوپای پاسداران لەگەڵ پێشمەرگەی یەکێتی دەچوونە بارەگای (حدکا) دروشمی دژی (حدکا)یان لە ژور و نەخۆشخانەکانی (حدکا) دەنوسی[(٤)]. بەڵام پارت و رێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی بارودۆخی یەکێتیان دەکرد و پێدارگریان بەم ڕێکەوتنەی ئێران و یەکێتییەوە وە کرد و هیچ چالاکییەکیان دژی ئێران لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا ئەنجام نەدا [(٥)].

پەیوەندیی نێوان یەکێتی و ئێران هەندێك جاریش بوو بەهۆی چەند ڕووداوێکی نەخوازراو کە لە هەمان کاتدا جێگەی نیگەرانی (ی .ن .ك) یش بوو ، لە سەروەختی داستانی "ڕزگاری" دا سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی خۆی بۆ یارمەتی هێزی پێشمەرگە نەهێنایەدی، هاوکات بارەگاکانی (حدکا) یان لە "گەورەدێ " توپباران

---

[(١)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە ، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٦.

[(٢)] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل ٢٣٤.

[(٣)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،٢٠١٦/٤/١٢.

[(٤)] خدر مەرەسەنە : س . پ ، ل ٢٢٩.

[(٥)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری ، سلێمانی ، ١٩/ ٥/ ٢٠١٥.

کرد[1] .عەبدوڵای حەسەن زادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زۆر جار بەهۆی ئەوەی بنکەی ڕێبەرایەتی (حدکا) کەوتبوویە نێوەندی گۆڕەپانی شەڕەوە زیانی بەردەکەوت بەهۆی تۆپبارانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر بارەگاکانی (ی . ن . ك) ، هەروەها لە پەلامارێکی سوپای ئێراندا بۆ ناوچەکانی ژێردەستی (حدکا) ژمارەیەك لە سەربازی عێراقی کە لەشەڕ شکابوون پەنایان بردبۆیە بەر بارەگای (حدکا) پاشان (ی . ن . ك) تەنها چەکەکانی لێوەرگرتبوون وڕێگەیاندابوون بڕۆن [2].

بێ گومان تەنها یەکێتی نەبوو کە فشاری ئێرانی کەوتبوویە سەر بەڵکو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە فشاریان کەوتبوویە سەر ، هەموو جمووجۆڵەکانیان و نزیکبوونەوەیان لە (ی .ن .ك) چاودێری خرابوویە سەر ، بەتایبەت (کۆمەڵە) کە حکومەتی عێراق داوای لێکردبوون کە بارەگەکانیان لە نزیك بارەگەکانی یەکێتی بگوازنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئەوان دەیانەوێت[3] .

ڕاستیەکەی تا ئەندازەیەك چ یەکێتی و چ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان سالأنێکی زۆر سوودیان لە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو ولأتی (عێراق _ئێران) وەرگرت ، وەك جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت :(( ئێمەی کورد مافی خۆمانە لە گێرەوکێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانە بە قازانجی خۆمان کەڵك وەربگرین کە ئێمەیان دابەشکردووە و بەسەرماندا زاڵن . دیارە هەتا ئەو ڕادەیەی سەربەخۆیی(سیاسی) ی خۆمان بپارێزین و لە دژی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان شەڕ نەکەین ))[4] . ئاگربەستی نێوان (عێراق _ ئێران) مەترسی لێدەکرا بار و دۆخی سیاسیی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان خراپتر بکات، بۆیە دانوستاندن بابەتێك بوو دەبوو بیری لێبکرێتەوە ، کیمیا باران و ئەنفال هیچ دەرفەتێکی بۆ گفتوگۆی برازاقی کوردیی و حکومەتی عێراق نەهێشتبووەوە ، تەنها (حدکا) دەیویست گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکات[5]. عەبدولڕەحمانی قاسملوو ئەگەرچی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەدام حسین هەبوو ، بەڵام بۆ ئەوەی نەبێت بە داردەستێك بە دەستی حکومەتی عێراقەوە دژی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، نەیویست بگەڕێتەوە بۆ

---

[1] ڕێباز : س . پ ، ب٢ ، ل ١٩٩.

[2] هەیاس کاردۆ : س . پ ، ل ٤٠٤.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە، زرگوێز ،١٢/٤/٢٠١٦.

[4] وەرگیراوە لە :( کارۆل پروونهووبێر: س . پ ، ل ٢٤٠).

[5] پیتر پیلچ : س . پ ، ل ٩٦.

عێراق [١]. جگە لەمە چەندین هۆکاری تر کاریگەریان هەبوو بۆ رازیکردنی قاسملوو بۆ دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ [٢].

هەوڵی جەلال تاڵەبانی و (ی . ن . ك) بۆ نێوەندگیری نێوان (حدکا) و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی یەکێتی و ئێران ، تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٨٦دا سەردانی تارانی کرد و ڕاسپاردەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و سەبارەت بە گفتوگۆ گەیاند بە (هاشمی ڕەفسەنجانی[٣])سەرکۆماری ئێران، دواتر لە کۆتایی ١٩٨٦دا ئێران یەکێتی ڕاسپارد تا (حدکا) ئاگادار بکەنەوە کە ئێران ئامادەیە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ ، بەومەرجەی (حدکا) هاوشانی ئێران دژی حکومەتی عێراق شەڕ بکات، بەڵام (حدکا) ئەم داوایەی ئێرانی رەتکردەوە [٤] . ئەگەرچی ئەم هەوڵە هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە بەڵام بوو بە بناغەیەك بۆ گفتوگۆی داهاتوو .

دوای چوونی عەبدولڕەحمانی قاسملوو بۆئەوروپا بەمەبەستی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی سۆسیالیستی جیهانی ، جەلال تاڵەبانی نامەیەکی بۆ دەنێرێت و نیازی رەفسەنجانی پێ ڕادەگەیەنێت سەبارەت بە گفتوگۆ و کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد ، بەڵام لەلایەن قاسملووە وە بەهەند وەرناگیرێت ، پاشان تاڵەبانی دووەم نامە بۆ قاسملوو دەنێرێت و دووبارە خواست و نیازپاکی رەفسەنجانی بۆ گفتوگۆ و ئاشتی دەخاتە روو ، ئەوجا قاسملوو رەزامەندی خۆی نیشاندەدات بۆ گفتوگۆ ، سەرەنجام بڕیاردەدرێت کەگفتوگۆ لە دەرەوەی وڵات و لە شاری ڤیەننا و بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامبدرێت [٥].

---

[١] کارۆل پرۆونهووبێر: س . پ ، ل٢١٧.

[٢] هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو، ل ١٢٣.

[٣] علی اکبر هاشمی رەفسنجانی : لە ١٩٣٤ لە شاری رەفسنجان ی پارێزگای کرمان لە باشوری رۆژهەڵاتی ئێران لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی بە خوێندنی ئاینی دەست پێکردووە و لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە چوەتە شاری قوم بۆ درێژەدان بە خوێندن ، لەویٚ دەکەوێتە ژێرکاریگەریی بیروبۆچونەکانی خومەینیەوە بەتایبەت دژایەتی کردنی رژێمی شا ، سەرەتای کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١ کە سی نزیکی خومەینی بوو ، یەکێك بوو لەو چوارکەسایەتییەی کە زۆرترین کاریگەریی هەبوو لەشۆڕی ئێران دژی شا ، هەر لەلایەن دەسەڵاتی شاوە چەندین جار زیندانی کراوە ، دوای روخانی دەسەڵاتی شا و لە هەڵبژاردنی ١٩٨٠دا بوو بەیەکەم سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و تا ساڵی ١٩٨٨ لە پۆستەکەیدا مایەوە ، لەماوەی شەڕدا جێگری سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و لە کۆتای شەڕی ئێران عێراقدا بوو بە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئێران . رەفسنجانی دوو جار وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردراوە (١٩٨٩-١٩٩٣/ ١٩٩٣-١٩٩٧) . (علی اکبر هاشمی رەفسنجانی: https://fa.wikipedia.org) ، لەماوەی سەرۆکایەتیدا،هەردوو سەرکردەی کورد ( دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو ودکتۆر سەعید شەرەفکەندی ) لە دەرەوەی وڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆرکران .

[٤] کارۆل پرۆونهووبێر: س . پ ، ل ، ل ٢٤١.

[٥] هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ل١٢٥.

گفتوگۆی نێوان عەبدولڕەحمانی قاسملوو و ئێران دوو خولی جیاوازی بەخۆوە بینی ، لەخولی یەکەمی گفتوگۆ دا لە ٣٠ –٣١ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ دوو کۆبونەوە ئەنجامدەدرێت ، نوێنەرانی ئێران پێکهاتبوون لە( سەحرا روودی ، مستەفا ئەجوادی) و نوێنەرانی (حدکا) بریتی بوون لە ( قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر)، ئەم دوو کۆبوونەوەیە بە نێوبژیوانی جەلال تاڵەبانی و بەچاودێری پاسەوانەکانی کە (١٩) پاسەوانی تایبەتی کە (٧) کەسیان چەکداربوون بۆ پاراستنی تاڵەبانی و قاسملوو کۆبونەوەکان لە ماڵی خەبات مەعروف ئەندامی یەکێتی بەڕێوەدەچێت [١]. لە درێژەی ئەم خولەی گفتوگۆدا دا لە ٢٠ کانونی دووەمی ١٩٨٩ دا بە ئامادەبوونی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوەیەکی ترئەنجامدرا ، و قاسملوو خواستی گەلی کوردی لە دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خستە روو، نوێنەرانی ئێران بێ ڕەتکردنەوەی داواکەی قاسملوو داوایان کرد کە ماوەیان پێبدرێت تا لەگەڵ سەروی خۆیان تاوتوێی داواکەیان بکەن و دواتر وەڵامیان بدەنەوە [٢].

پێش دەستپێکردنی خولی دووەمی گفتوگۆ ئێران هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ تەنیا هێشتنەوەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەگفتوگۆ و کۆبونەوەکاندا، ئێران توانی قاسملوو رازیبکات بە خستنەدەرەوەی جەلال تاڵەبانی لە نێو بژیوانی، بە بیانوی ئەوەی کە تاڵەبانی نهێنی گفتوگۆکانی نەپاراستووە و بووە بە هۆی ڕاگرتنی گفتوگۆکان [٣]، دواتر قاسملوو بە نامە گلەیی خۆی لە تاڵەبانی کردبوو کە کەسانی سەر بە (ی . ن . ك) نهێنییان نەپاراستووە ، دیارە وەك جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بۆ دەکات کە ئێران بۆ ئەم کارە هەموو شتێکی ئامادە کردبوو ، ئەگەر ئێمەیان لەگەڵ بمایذایە نەیاندەتوانی ئەم کارە بکەن ، و ئامانجی ئێرانیش ئەوە بوو کە قاسملوو سوود لە پاسەوانی ئێمە وەرنەگرێت [٤]. پاشان خولی دووەمی گفتوگۆ لە ١٢ تەموزی ١٩٨٩ لە شاری ڤیەننا دەستپێدەکاتەوە ، قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر و لە گەڵ هەمان نوێنەرانی ئێرانی سەحرا روودی ومستەفا ئەجوادیو کەسی سێیەم (ئەمیر مەنسور بزورگیان) وەك پاسەوان و بە نێوبژیوانی (د. فازل ڕەسوڵ) بەشداردەبن ، کۆبونەوەی دووەم لە ئێوارەی ١٣ تەموزی ١٩٨٩دا دەستپێکرد ، و بەکارەساتی تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێکانی کۆتاییهات [٥].

---

[١] پیتر پیلچ : س . پ ، ل ٩٧–٩٨ ؛ هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ل ١٢٦ ؛ هەیاس کاردۆ : سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١١.

[٢] پیتر پیلچ : س . پ ، ل ٩٩ ؛ هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ل ١٢٧.

[٣] هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ل ١٢٨.

[٤] هـ . س ، ل ١٢٨ ؛ کارۆل پڕوونهووبێر: س . پ ، ل٢٤٥.

[٥] هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی : عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ل١٣١.

(ی . ن . ك) و تاڵەبانی  رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە نێوەندگیری نێوان ئێران و قاسملوودا ، وەك ئامـاژەی بۆ کرا خولی یەکەمی گفتوگۆکان بە نێوبژیوانی تاڵەبانی و پاسەوانی یەکێتی ئەنجامدرا ، بەڵام هەڵەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە وەدەرنانی تاڵەبانی لە نێو بژیوانی قاسملووی بێبەش کرد لە پاسەوانی یەکێتی بۆ کۆبوونەوەکە ، ودەرفەتی رەخساند بۆ بە ڕێوەچوونی پرۆسەی تیرۆرکردنەکە . (ی . ن . ك) بێ گوێدانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێکانی سەرکۆنە کرد ، و بە خەسارەتێکی پڕ نەکراوەی هەموو گەلی کوردی وێناکرد [1]. تاڵەبانی لە چەندین چاوپێکەوتنی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا پەژارەی خۆی دەربڕیبوو بۆ تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمانی قاسملوو ، بۆیە ئەم هەڵوێستەی ببوو بە جێی نیگەرانی ئێران ، لە سەردانێکی چەند بەرپرسێکی قەرارگای رەمەزان بۆ لای تاڵەبانی رەخنەی ئەوە دەگرن کە کوژرانی قاسملووی بە خەسارەتێك داناوە بۆ (حدکا) ، تاڵەبانی لە وەڵامدا دەڵێت :(( من وتوومە کوشتنی قاسملوو خەسارەتێکی زۆر گەورەبوو لە دیموکراتییەتی هەموو جیهان کەوت نەك تەنها حیزبی دیموکرات ))، هەروەها ڕاشکاوانە پەنجەی تۆمەتی بۆ ئێران درێژ کردووە تاوانباری کردوون بە کوشتنی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کاتی گفتوگۆدا [2].

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] گۆڤاری "ڕێبازی نوێ": شەهیدبوونی دکتور قاسملو خەسارەتێکە پڕ ناکرێتەوە، ژمارە (٦) ، ١٥ ی تەموزی ١٩٨٩، ل ١.
بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٧).

[2] لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی : س . پ ، ل ٦٥٩.

## دەرئە نجام

١- دامەزرانــدنی (ی . ن . ك) وەك نیمچــەبەرەیەك لەباشــوری كوردســتان گرنگــی و بایــەخی زۆری داوە بــە بزوتنــەوەی رزگــاریخوازی لەبەشــەكانی تــری كوردســتان . پێــی وابــووە كــە بزوتنــەوەی رزگــاریخوازی كــورد لەهەرپارچەیەكی كوردستان بەشێكی دانـەبڕا وپێكـەوە گرێـدراوە ، كـە سـەركەوتن یـان شكسـتی كاریگـەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی لە هەموو بەشەكانی تری كوردستان . بۆیە هەماهەنگی و هاوكاری نێوان پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی لە هەموو بەشەكانی تری كوردستان بە پێشمەرجی سەركەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كورد داناوە لەسەرتاسەری كوردستان .

٢-گۆڕانكارییــەكانی ئێــران و رووخــانی دەســەلاتی شــا بــووە ســەرەتای قۆنــاغێكی گــرنگ بــۆ هێــزە سیاســییە كوردییەكانی باشوور بەتایبـەت (ی . ن . ك) ، هـەروەها بـوو بـە سـەرەتایەك بـۆ دەسـتپێكردنی قۆنـاغێكی نـوێ لـە خەبات و پەرەسەندنی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەكیەكانی (ی . ن . ك).

٣-تایبەتمەندییــەكانی (ی . ن . ك) لــە : هەڵوێستی بەرامبـەر بـە بەشـەكانی تـری كوردسـتان ، دروسـتبوونی لـە كاتێكی سەخت و پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی كە كوردستانی پێدا تێدەپەڕی ، دەستپێكردنی خـەباتی سیاسی و چەكداری جیاواز لە لایەنە سیاسیەكانی پێشوی خۆی بەتایبەت (پ .د.ك)، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ هێزە پێشكەوتنخوازەكانی ناوچەكە و كوردستان ، نەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شـا، هـەموو ئەمانـە وایكـرد كە (ی . ن . ك) ببێتە خاوەن پێگەیەكی جەماوەری بەهێز لەناو خـەڵكانی رۆژهـەلاتی كوردسـتاندا، هـەر ئـەم پێگـە جەماوەرییــەی هۆكــار بــوو بــۆ ئــەوەی ڕۆڵــی خــۆی هــەبێت لــە رووداوەكــانی رۆژهــەلاتی كوردســتاندا بەتایبــەت لەسەروەختی بەشداری گەلی كورد لە شۆڕی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شا .

٤-(ی . ن . ك) هەرلەســەرەتای دروســتبوونیەوە هەوڵیــداوە پەیوەندییــەكی پتــەو دروســتبكات لەگــەڵ پــارت و رێكخراوە سیاسییەكانی رۆژهەلات ، بەتایبـەت (حدكا) و(كۆمەڵـە)، زۆربـەی كـادیرە بالاكـانی (حـدكا) لـەدەرەوەی ولات پەناهەنـدەبوو لـە(عێراق-ولاتـانی ئـەوروپا) ، بۆیـە (ی . ن . ك) پەیوەندییـەكی ڕاسـتەوخۆ و ئـەوتۆی نـەبوو لەگەڵ ئەم حیزبە . (كۆمەڵـە) پێش روخـانی رژێمـی شـا پەیوەندییـەكی راسـتەوخۆی هـەبوو لەگـەڵ (ی . ن . ك)، چەند نوێنەرێكی خۆی نـاردە نـاو (ی . ن . ك) بۆ چۆنیەتی گۆڕینـەوەی هاوكاری هەماهـەنگی نێوان هـەردوولا و بەم كارەیش بناغەیەكی پتەوی دانا بۆ پەیوەندییەكانی نێوانیان لە داهاتوودا .

٥-بە كۆتایی هاتنی دەسەلاتداریی شا گرنگی و بایەخی ئێران بەگشتی و رۆژهـەلاتی كوردستان بەتایبـەتی بـۆ (ی . ن . ك) وەك قوولاییــەكی ســتراتیژی زیــاتر بــوو ، بۆیــە ســەركردایەتی (ی . ن . ك) لەســەرەتاوە هەوڵیــدا ئامادەكاری تەواو بكـات بـۆ ئـەو بارودۆخـە نوێیـە . دوای دەسـتپێكردنی سـەردەمێكی نـوێ لـە بزاڤـی سیاسـی بـە ژیانەوە و دروستبوونی چەندین لایەنی سیاسـی لـە رۆژهـەلاتی كوردسـتان ، (ی . ن . ك) سـەرەرای پشـتیوانی لـە یــەكڕیزی و یەكــدەنگی پــارت و رێكخــراوە سیاســییەكانی رۆژهــەلات، پشــتیوانی هێــزە كوردییــەكان بــووە بــۆ

پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لە ناوچەکوردییەکاندا دروست بووە بە هۆی ڕوخانی شاوە ، و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردن لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا . هەروەها لەکاتی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر شاروشارۆچکەکانی کوردستان ، (ی . ن . ك) لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت بەشداربوو لەبەرگریکردن دژی سوپای ئێران .

٦-(ی . ن . ك) لەکاتی هێرش و پەلامارەکانی سوپای ئێران بۆ سەر ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ ڕاگرتنی هێرش و پەلامارەکانی سوپا بۆسەر ڕۆژهەلاّت ، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی بەچەندین سەرکردەی بالاّی شۆڕشی ئێرانەوە کرد ، سەرەنجام توانی سەرپەرشتی خولێکی گفتوگۆی نێوان دەسەلاّتدارانی ئێران و هێزە کوردییەکان بکات و ببێتە بناغەیەك بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوان هەردوولا. هاوکات یەکێتی بەشێکی ململانێکانی خۆی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوری کوردستانی گواستەوە ناو ڕۆژهەلاّتی کوردستان و ڕۆڵی خراپی هەبوو لەهاندانی خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت دژی سەرکردایەتی کاتی پارتی.

٧- (ی . ن . ك) لە (١٩٧٩- ١٩٨٢) بەمەبەستی ڕزگاربوونی لەو گەمارۆ ناوخۆیی و هەرێمایەتیەی کەوتبوویە سەری ، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاّتدارانی نوێی ئێران گرێبدات ، بەلاّم نەیتوانی سەرکەوتووبێت ، چونکە پێکهاتەی (ی . ن . ك) وەك ڕێکخراوێکی چەپ ، و قایل نەبوون بەمەرجەکانی ئێران تایبەت بە هاوکاریکردنی دژی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت ڕێگربوون لە دروستبوونی ئەم پەیوەندییەدا.

٨- (ی . ن . ك) هەوڵیدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاّت پتەو بکات و تاڕادەیەکی باش توانی سەرکەوتووبێت ، سەرەڕای هەڵبەزو دابەز لە پەیوەندییەکانیاندا بەلاّم زۆربەی کات پەیوەندیەکانیان دۆستانە بوو و یارمەتی وهەماهەنگی زۆریان پێشکەشی یەکتر کرد. (ی . ن . ك) و (حدکا) لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکانیان لە ئاستێکی پێویستدا نەبوو ، هەردوولا بەچەندین بابەتی جۆراو جۆر یەکتریان تۆمەتبار دەکرد ، بەلاّم دواتر بەهەوڵی (ی . ن . ك) توانرا پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان هەردوولادا دروستبکرێت . بەلاّم پەیوەندییەکانی(ی . ن . ك) و (کۆمەڵە) هەر لەسەرتاوە گەرم و گوڕ بوو بە درێژایی ئەم قۆناغە وەکو خۆی مایەوە و لە چەندین بواردا هاوکار و هەماهەنگ بوون . هەروەها (ی . ن . ك) پشتیوانی دروستبوونی حیزێکی سیاسی بوو کە ببێتە لایەنی سیاسی سێیەم لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، بە یارمەتی شێخ عزەدین و عەبدولرەحمان زەبیحی ، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو .

٩- لە پایزی ١٩٨٢ دا (ی . ن . ك) هێزێکی (٢٥٠٠) پێشمەرگەی ناردە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بۆ پشتیوانیکردنی هێزە کوردییەکان و بەرگریکردن لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بەرامبەر بە پەلاماری سوپای ئێران ، ئەم هەنگاوەی (ی . ن . ك) لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا چەندین کاردانەوەی لێکەوتەوە ، لە ئاستی دەرەکیدا بوو بەهۆی زیادبوونی ڕق و تووڕەیی ئێران و ولاّتانی (سوریاو لیبیا) و بەرەی (جود) ، لە بەلاّم لە ئاستی ناوخۆدا ، بوو

بەهۆی پتەوبوونی پەیوەندییەکانی (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیکبوونەوەی (ی . ن . ك) لە حکومەتی عێراق .

١٠- لەماوەی ساڵانی (١٩٨٢ -١٩٨٩) چەندین ڕوودا و گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان ڕوویاندا ، گرنگترینبان بریتی بوو لە شەڕی ناوخۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ، (ی . ن . ك) توانی لەماوەی شەڕی ناوخۆدا سود لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ویارمەتییەکانی حکومەتی عێراق وەربگرێت کە بەشێکی زۆریان لە ڕێگەی ئەم هێزانەوە بەدەستی دەگەیشت . بێ ئومێد بوونی (ی . ن . ك) لە دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران ، (ی . ن . ك) ناچارکرد بە نزیکبوونەوە لەحکومەتی عێراق ، بۆیە (ی . ن . ك) لە ڕێگەی (حدکا)خولێکی دانوستنندنی لەگەڵ حکومەتی عێراق بەڕیوەبرد کەماوەی یەك ساڵی خایاند ، کە (حدکا) ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەم دانوستاندنانەدا ، بەڵام ئەم دانوستاندنە هیچ ئەنجامێکی بەدی نەهێنا.

١١- ساڵی ١٩٨٦ و دوای شکستی دانوستاندنی (ی . ن . ك) لەگەڵ حکومەتی عێراق ، (ی . ن . ك) ناچاربوو و هەوڵەکانی بخاتەوە گەڕ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران ، سەرەنجام توانی سەرکەوتوبێت و هاوکاری ویارمەتی ئێران بەدەست بهێنێت . (ی . ن . ك) چووە بەرەی ئێران دژی حکومەتی عێراق ، و پاشان ئاشتەوایی لەنێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا بەدیهات . لەهەمانکاتدا (ی . ن . ك) ئەگەرچی مەرجی ئێرانی بۆ لێدان و دژایەتی کردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی جێبەجێنەکرد ، بەڵام هەموو یارمەتیەکی لەم هێزانە بڕی . لەدوادوایی جەنگی عێراق ئێراندا کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفال ، دواتر کۆتایی جەنگی عێراق ئێران و کشانەوەی (ی . ن . ك) بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە هۆی برەودان بە گیانی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان (ی . ن . ك) و پارت و ڕێکخراوەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٢- پەیوەندیەکانی (ی . ن . ك) لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی (١٩٨٢ - ١٩٨٩) بە شێوەیەکی سەرەکی بەدوو قۆناغدا تێپەڕی ، لە قۆناغی یەکەمدا (ی . ن . ك) پەیوەندیەکی ئاشکرا و پتەوی هەبوو لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ، بە پشتیوانی کردنیان بەهێزی چەکدار ، نزیکی (ی . ن . ك) و پەیوەندیی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ حکومەتی عێراق کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئەم پەیوەندییە. لە قۆناغی دووەمدا (ی . ن . ك) بەهۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە سیاسیەکان کۆتایی نەهات بەڵام بەتەواوی لاواز و نهێنی بوو .

هەواڵنامەی کتێب

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم : نامیلکەو بڵاوکراوەی پارت و ڕێکخراوەکان:

### ١_ نامیلکە / کوردی


١. ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە ؟ ، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣.

٢. بێ ناوی نوسەر : کارەسات هەورامان (٢)، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە ، ب . ش ، ب . س.

٣. خیانەتەکانی قیادەی موووقت بەنەتەوەی کورد ،لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشارات و تبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ڕەزبەری ١٣٦٠/ ئەیلولی ١٩٨١.

٤. مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان : گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری ،چاپخانەی شەهید جەعفەر ، کانونی دووەمی ١٩٨٥.

٥. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان _مەکتەبی سیاسی، ئەو پرۆژانەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویە بە حکومەتی عێراقی.


### ٢- بڵاوکراوەکان:

### أ – بەزمانی کوردی:


٦. یەکێتی نیشتمانی کوردستان : پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ، ئەیلول ١٩٧٦.

٧. باری ئێستای خەباتمان : لە بڵاوکراوەکانی (ی . ن .ك) نیشتیمانی کوردستان ، کانونی دووەمی ١٩٧٦.

٨. بانگەوازی کوردایەتی : لە بڵاوکراوەکانی (ی . ن . ك) نیشتیمانی کوردستان ، کانونی یەکەمی ١٩٨١.


### ب- بەزمانی عەرەبی:


٩. طريق الحركة التحررية الكوردية : التقرير السياسي للقيادة المؤقتة للحزب الديموقراطي الكوردستاني والمصادق عليه من قبل كونفرانس الحزب المنعقد من (١١ ألى ١٥آب /١٩٧٦)والمتضمن تقييم ثورة أيلول والبرنامج الجديد للحزب الديموقراطي الكوردستاني .


هەواڵنامەی کتێب

## دووەم : یاداشت و بیرەوەری:

### أ_ بە زمانی کوردی:


